وەرگێڕانی ڕووخساری ئەوانیتر

چەند نووسەرێک

# وەرگێرانی

# رووخساری ئەوانیتر

وەرگێرانی لە سوێدییەوە

هەندرێن

حكومەتی هەرێمی كوردستان

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوكردنەوە

بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان

XANECONTACT@YAHOO.COM

- ناوی كتێب: وەرگێڕانی ڕووخساری ئەوانیتر
- نووسەر: چەند نووسەرێك
- وەرگێڕانی لە سویدییەوە: هەندرێن مەهدی
- بابەت: ڕەخنەی ئەدەبی
- پیتچنین: هەندرێن مەهدی
- هەڵەبڕی: محەممەد سالح عەبدوڵڵا
- دیزاینی ناوەڕۆك: نزار نوری
- بەرگ: ئارام عەلی
- تیراژ: ٥٠٠
- زنجیرە: ٢٩٩
- چاپخانە: شڤان
- چاپ: چاپی یەكەم
- ژمارەی سپاردن: (١٨٨٨) ساڵی (٢٠١٠)

بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان (سلێمانی- بەختیاری- نزیك یاریگەی بەختیاری)

ژمارەی تەلەفۆن: ٣١٩٠٥٧٠

# پێڕست


پێشەکی وەرگێڕی کوردیی .................. ٩
بەشی یەکەم..... خوێندنەوەی فەلسەفی بۆ شیعر ................ ١١
پچڕاندن ..... ماوریس بلانشۆ Maurice Blanchot ................ ١٣
کتێبی پرسیارەکان ...................... ٢٧
ناساندنێکی کورت سەبارەت بەماوریس بلانشۆو ئیدمۆند یابیس ......... ٤١
ئەدمۆن یابێس..... نووسینی: ژاک دێریدا Jacques Derrida .......... ٤٥
ئەدمۆن یابێس..... نووسینی: ئێمانوێل لیڤیناس Emmanuel Levinas ... ٤٩
کۆپلەگەلێک لە شیعری ئیدمۆن یابێس ........................ ٥٦
بەشی دووەم..... هزراندنی شیعر ........................ ٦٣
ئەڤینداریێکی شیعر..... پۆل ڤالێری Paul Valèry ................ ٦٥
چامە..... ئۆکتاڤیۆ پاز ........................ ٦٩
پرینسیپی ئاسانکاریی بینراو ........................ ٨٩
بەشی سێیە م..... رەخنە راڤەی ئەدەبی ........................ ١٠١
ئەو هزرڤانە بێسوودە..... نووسینی: ئەندەش ئولسۆن Anders Olsson ... ١٠٣
شیعر لەگەڵ هەستی هاوسەردەمدا..... نووسینی: ئۆسا بێکمان .......... ١١٠
مایاکۆڤسکی..... زمان و مردنەکەی ........................ ١٢٥
کورتەیەک لە ژیانی جۆن بێرگەر........................ ١٤٦
ئەوینی شەپۆل بۆ بزوان ........................ ١٤٨
ئازادی ئازاد ........................ ١٦١
"فەیلەسووفە مەزنەکان شاعیریشن" ........................ ١٨٠
کامیۆ..... لەناو خەیاڵاندنی ئەدەبیدا ئازادی دۆزییەوە ................ ١٩٣
گەڕان بە دوای روناکبیرە نائامادەکان........................ ٢٠٦
ڤانکۆخ دوایین نامە دەنووسێت ........................ ٢١٨
بەشی چوارە م..... روانگەی ئەنسرۆپۆلۆژیی ........................ ٢٢٥

ژن لەناو گەلە جیاوازەکاندا .......................... ٢٢٧
قەدەغەکردنی وێنە لە قورئاندا هیچ پشتیوانییەکی نییە .................. ٢٤٨
فەنتازیای دەسەڵاتی پیاوانە ................................٢٦١
سرووت و ئایین ........................................ ٢٦٣
ئاوێنەیەکی نێگەتیڤ .................................... ٢٦٥
پشتگیریکردنی پەیوەندی دەسەڵات ............................ ٢٦٧
ژن وەک "ئەویتر" ...................................... ٢٦٩
پیتاندنی دوو رەگەز .....................................٢٧١

# پێشەکی وەرگێڕی کوردی

ئەم کتێبە کۆوتارێکە کە لە روانگەی رەخنەی فەلسەفی، تیۆرییەوە سەبارەت بە بابەتی ئەدەبی و کولتوورییەوە نووسراون. بێجگە لە سێ وتار کە لە نەوەدەکاندا لە عەرەبییەوە کوردێنراون، کۆی وتارەکانی تر لە ۲۰۰۰ ەکاندا لە سویدییەوە وەرمگێڕاون.

ئەم کتێبە لە سێ بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم، کە سێ خوێندنەوەی فەلسەفی ماوریس بلانشۆو ژاک دێریداو ئێمانوێل لیڤیناسە بۆ پرسی جوولەکە لە شیعری ئێدمۆند یابێسدا. هەڵبەتە دەکرێ ئەو سێ وتارە، ئەگەر گەرەک بێت کۆستی ئەنفال لە زمانی کوردیدا بهزرێندرێت، ببنە بەهرەیەکی بەرهەمهێن بۆ خوێنەرو رەخنەگری کوردیی. بەشی دووەم، بریتییە لە کۆمەڵێ وتاری هزریی/تیۆریی کە لەمەڕ بابەتی شیعرو کولتووریدا لە لایەن چەند شاعیرو نووسەری ناودەرکردووی جیهانییەوە نووسراون. بەشی سێیەمیش، بریتییە لە چەند لێکۆڵینەوە کە لە روانگەیەکی ئەنسرۆپۆلۆژییەوە جیاوازی ژنی کورد لە ژنانی

رۆژهەڵات، وێنەی پێغەمبەر لە ئاینی ئیسلام و سەیرکردنی ژنی رۆژهەڵات لە دیدی فێمێنیستە ئەنسرپۆلۆژییەکانی رۆژئاوادا راڤەدەکەن.

دیارە بە هۆی بەهای زیندوویەتی ئەم کۆوتارەوە بە پێویستم زانی لە کتێبێکدا پێشکەشی خوێنەری بکەم. چونکە، ئەگەر رەخنەگرو خوێنەری کوردیی حەز بکات فێری رەخنەی تیۆریی یان فەلسەفیی بن، دەکرێ لە نووسینی بابەتگەلی جیاوازی کولتووریدا، سوودیان لێوەربگرن.

**هەندرێن**
**ئەپریلی ٢٠١٠**
**ستۆکهۆلم**

# بەشی یەکەم

## خوێندنەوەی فەلسەفی بۆ شیعر

# کۆکوژیی جوولەکە لە شیعریەتی ئێدمۆند یابێسداو
# سێ راڤەی ماوریس بلانشۆو ژاک دێریداو ئیمانوێل لێڤیناس

## پچڕاندن

**ماوریس بلانشۆ Maurice Blanchot**
**وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە بۆ سوێدی**
**دانییێل برینباوەو سڤێن ئۆلف ڤالنشتاین**

**وەک لە هاوکێشەکاریی رووبەری ماتماتیکیدا (Riemann)**

لە ئاسانترین وتووێژدا پێناسەیەک، واتا ئاسانترین ناساندن، دەکرێ بەمجۆرەی خوارەوە بێت: کاتێک دوو مرۆڤ لەگەڵ یەکتردا دەپەیڤن، هەردووکیان لە یەک کاتدا ناپەیڤن، بەڵکو یەک بە دوای یەکدا دەپەیڤن: یەکێکیان شتێک دەڵێ، وێجا ئەو دەوەستێ، ئەوەکەی تر تشتێکی تر(یان هەمان تشت) دەڵێ، پاشان ئەو دەوەستێ. ئەو وێناندنە لێکچنراوانەی کە هەڵچنراون بریتین لە زنجیرەبەندییەک، کە هەرچەندە ئەگەر ئەوانیش بۆ وەلامدانەوە یەکتر بورووژێنن، ئەو کاتە دەپچڕێن کە ئەوان لە وتوویژەکەیاندا رۆڵەکە دەگۆڕنەوە. کاتێک وشە دەبێ لەوەوە بچێتە لای ئەویتر، یان بۆ ئەوەیە کە (ئەوەکەی تری بەرانبەر)

جەختبکاتەوە یان تاکو بە دژی ئەو بدوێ یانیش گەشە بە وتووێژەکە بدا، کە ئەمەش لە پێداویستی ماوەی پشووی وشەدا دەردەکەوێ. توانای پچڕاندن لە قسەکردندا، وێدەچێ ئەو پچرانەش رۆڵێکی لاوەکی بگێڕێ، یان زیاتر رۆڵێکی لاوەکیانە لە نۆرە گۆڕینەوە بگێڕێ؛ بە دڵنیاییەوە جۆرە رۆڵێکی مەتەڵاوی دەگێڕێ کە دەکرێ وەک مەتەڵێکی خودی زمان راڤەبکرێ: ئەوە پشووەکە لە نێوان دەربڕینێک، پشووەک لە نێوان ئەو کەسانەی کە پێکەوە وتوێژ دەکەن کە ئەمەش چاوەڕوانییەکە، پشووەک کە وەک ئەو تێگەیشتنەیە کە توانای ئاخاوتن تۆکمەتر دەکا.

من لەوە دڵنیا نیم کە مرۆ بە جوانی سەرنجی ئەو واتا جودایانەی پشووی دابێ، چونکە تەنیا ئەو پشووەیە کە دەتوانێ وەک وتووێژ، بگرە وەک وشەش، وشە دابڕێژێ. ئەوەی کە بێ پچڕان دەپەیڤێ لە کۆتاییدا بەوە سەری گەرم دەبێ (با مەنەلۆگە سامناکەکانی هیتلەر بە یاد خۆمان بهێنینەوە، راستییەکەی هەموو سەرۆکەکانی دەوڵەت بە هەمان شێوەن؛ بۆ ئەوەی تەنیا خۆیان قسە بکەن سوود لە پایەکەی خۆیان وەردەگرن، هەروا ئەو سەرۆکانە چێژ لە نەبوونی وشەیەک لە بەرانبەرەکەی خۆیانەوە وەردەگرن، کە بە بێ ئەوەی هەست بە بەدڕەوشتی خۆیان بکەن وەک بالاترین و بە دەسەلاتدارترین خاوەن قسە خەڵک ناچاری گوێگرتن دەکەن؛ ئەو سەرۆکانە هەموویان بە هەمان شێوە

بەشـداری لـە توندوتیژی مەنۆلۆگـە، بـۆ خـۆ قسـەکردنە دووپاتەکانی قەیسەریی). دەبا ئێمە لە دەرەنجامی باشترین ئەو مشتومڕانە بڕوانین، ئەو مشتومڕانەی کە زیاتر خۆی لە ملکەچکردنی سەر راوەشاندن ئازادکردووە رابمێنین؛ وێڕای ئەمەش ئەگەر ئەو وتووێژە هاوئاهەنگیش بێ بەڵام کاتێک ئاخێوەرە سـەرەکییەکان نۆرەکانیـان دەگۆڕنـەوە؛ کاتێـک نـۆرەی ئاخـاوتن لـە نێوانیانـدا جێگـۆڕکێ دەکا وتووێژەکـە دەپچـڕێ: پچڕانەکـە ئـەو جێگۆڕکێیـە دەسـازێنێ، دەبـێ ئاخاوتنەکانیان ریزبەند بکرێ. بۆ ئەوەی تێبگەی وتووێژەکە بچڕێنە، تێبگە بۆ ئەوەی بئاخڤی.

هەر چۆنێک بێ ئەوە تشتێکی روونە کە راوەستانەکەی ئـەوان بـۆ ئەوەیـە کـە خاڵێـک دابنـێن، نـەواو زوڵاڵـی بـە گفتوگۆیەکە ببەخشن، کە ئەمەش هەمیشە بە هەمان چەشن نییە. جۆرە راوەستانێک هەیە کە وتوویژ دادەخا. کافکا لە خۆی دەپرسی کاتێک کە هەشت کەس پێکەوە دەپەیڤن بۆ ئەوەی هـەر کەسـە و رۆڵـی خۆیان بگێڕن و تاکو مرۆ وەک بێدەنگێک ئاخاوتنەکـە نـەپچڕێنێ دەبـێ چەنـد جـار و چـۆن هەوڵبدا رۆڵـێ خـۆی بگێڕێ. بەڵام ئەو چەشنە بێدەنگییە، بگـرە بێدەنگییـەکی نـەخوازراویش، دەشـێ سـۆز وروووژێـن بـێ، ئـەو بێدەنگییـە سـەرچاوەی وتـویژ گەرمـدەکا: ئـەو بێدەنگییە بۆ ئەوەیە تاکو بئاخڤێ، لەگەڵ ئەو ریسکەی کە مرۆ دوای وتوێژەکە رەنگە لە خۆی بپرسێ تۆ بڵێی من بە

هەڵە لە هەڵوێستی ئاخێوەرەکان گەیشتبم، کە ڕەنگە ئەو تەواو لە گەیاندنی قسەکانی سەرنەکەوتبێ (هەروەک مرۆ لە دۆخیکی تردا لۆمەی خۆی بکا کە لە کاتی وتوویژەکەدا ئاوی خواردۆتەوە – وەکو تر ئەوە هەمان سەر گێژییە). سەرباری ئەمەش کاتێک کەڕیی دەبێتە ڕەتکردنەوە، کە ئەمە بە دەگمەن لە هیکرڕا ڕوودەدا، بەشێک لە وتوویژەکە دادەگرێ، ئەوە بە ڕێگای جیاوازییە بچووکەکانیەوە جۆرە چەمانەوەیەک دروستدەکا، ئەو کەڕییە بەسەر کەش و هەوای کۆتاییەکەدا کایەی ئومێدەواری یان بێئومێدی دروستدەکا. کەڕیی تەنیا وشەیەکی نرخێنراوە، یان هاوکاتیش بریتییە لە حەزێکی لاملانەی چەقیو کە دەخوازێ جیاواز بێ.

پچڕاندن بۆ هەر ڕەوتێکی وشە پێویستییەکە؛ پشوودان زەمینە بۆ بوونادن دەڕخسێنێ؛ ڕەوتێکی پچڕاو (دیسکۆنتینویتێت) ڕەوتێکی بەردەوام (کۆنتنونێت) زامندەکا. مرۆ لەمەوە دەتوانێ گریمانەگەلێک هەڵبهێنجێ. لێ من لە پێناو نیگایەکی خێرادا دەخوازم ئەوە نیشانبدەم کە ئەو پشوودانە لە ڕێگای کام گوتارەوە دەبێتە گفتوگۆ، مەبەستمە بێژم کە دیس-کورس/ئا-خاوتن، لە دەستپێکدا لە دوو ئاراستەی تەواو جیاوازدا دەگۆڕێت.

ئاراستەی یەکەم دەکرێ وێستێک- ماوەی پشووەک لەگەڵ پشوودانێکی ئاسایی بەراورد بکەین کە ڕێگە بە نۆرە

گۆڕینـــەوەی وتـــوویژ دەدا. بـــەمجۆرە رەوتێکـــی پچـــڕاو کاکڵەییـــە، چونکـــە جێگـــۆڕکێ زامنـــدەکا – کاکڵەییـــە بـــەلام ریژەییـــە: ئـــەوەی کـــە ئـــەو مەبەســـتییەتی راگەیانـــدنی ئـــەو یەکاتییەی راستینەییە – کەواتـە رەوتێکی پچڕاو دوایـی یـان هەرگیز خۆی بەدەستەوە نادا، هاوکاتیش هەر لـە ئێستاوە – لەوێـدا ئـەو گوتـارە لێکچنـراوە چیتـر ناپچڕێت، لـە رێگـای ئەمـــەوە لەگـــەڵ رووی دواوەی بێدەنگییەکـــەی هـــاوڕەوت دەبێ. لەو روانگەیەوە دابڕان هێشتا لەو هاوبەشییەی وشـەدا بەشـــداریدەکا؛ هەرچەنـــدە ئەگـــەر کـــە ئـــەو پـــۆلێنبکرێ، پێچەوانەکـەی بێ و دژی ئـەو یەکاتییـەی راسـتینەکەش بێ؛ ئەو دابڕانـە هـەر تـەنیا مانـا نابەخشـێ، بـەڵکو وەک ئاسـۆیەک ئەو مانایە باوە بەدیار دەخا. دابڕان هەناسەی خودی گوتارە. لەو پۆلێنکردنەوە مرۆ دەتوانێ رەچاوی گشـت ئـەو شـێوانە بکا کە لە ئەزموونە دیالێکتیکییـەکانی بـوون و مێژووەوە لـەو قسـانەی رۆژانـەوە بگـرە هـەتا دەگاتـە ئـاوەز، تەمەنـە بـە سـالاچووەکان و قۆناغـە بالایـەکانی پیادەکـاریی هەڵدەقوولێن. بۆ ئەوەی تێبگەی ئاخاوتنەکە بپچڕێنە.

لێ پچڕاندنێکی تـر هەیـە، زیـاتر مەتـەڵئامێز و گرنگە. ئەو پچڕاندنە رووبەڕووی ئەو چاوەڕوانییە دەبێتەوە کە مەودای نێوان هەردوو وتوێژکارەکە دەپێوێ، ئەو مەودایە چیتـر بـۆ بەرتەنگ بوونەوەییـەک نییـە، بـەڵکو ئـەوە جـۆرە مەودایەکە کە بەرتەنگ نابێتەوە. من هەمیشـە لـە نووسـینەکانمدا ئـەوەم

کـردووە، لێـرەدا مـن پـێم خۆشــە جـارێکی تـریش ئـەوە ئەنجامبدەمــەوە. لــە گــەردوونی پەیوەندییــە گشــتییەکاندا دەتوانم بە چوار شێوازی جودا ئالۆگۆڕی پەیوەندی لەگەڵ کەسێکدا بکەم: یەکەمیان وەک ئۆبژەیەکی جیهانیی لەبارو بە پێـودانگی پێوانــە بابەتەکییەکانــەوە لــەو کەســەوە دەڕوانــم؛ دووەمیان وەک منێکی تر، وەک منێک کە رەنگە زۆر جیاواز بـێ، دەمــەوێ بێـژم ناسـنامە لــە دوو بوونــەوەردا کــە لــە ئاستێکی بـاڵادا بـڕوای بـەوە بێت لـە کەسـی یەکەمدا بپـەیڤێ، لەو کەسەوە دەڕوانم، بەڵام لەوێدا ئەو جیاوازییە لـە رێگای یەکـەم ناسـنامەوە رادەکا؛ سـێیەمیان، ئیتـر لـە پەیوەندییـەکی **گەیەنــەری** زانیارییــە بـێ کەسـایەتییە یـان ئـەو تێگەیشـتنە کەسـایەتییەدا نییـە، بـەڵکو وەک هـەولێک تـاکو پەیوەندییـەکی راستەوخۆ دەستەبەر بکەم، کە لەوێدا لە روانگەی نزیکایەتی هاوپەیڤینەکــەوە کــە مەودایەکــە فــەرامۆش دەکــرێ یــان دەیســـڕێتەوە هــەمان کــەس و ئــەویتریش بانگەشــەیەک دروستدەکەن بەوەی کە لە ناو یەکتر یان لە نزیکبوونـەوەی یــەکتردا خۆیــان لــە دەســتبدەن. ئــەو ســێ پەیوەندییــە هاوبەشــییان هەیــە کــە هــەموویان دژی یەکایەتییــەک تێدەکۆشـن: "من" دەیـەوێ ئـەویتر ئاوێتـە بکـا (لەگـەڵ خۆیـدا پێناسـەی بکا)، ئەمەش بە رێگای ئەوەی کە ئەو کەسـە بکاتـە تشتێک بۆ خـۆی یان وەک تشـتێک ئـەو بخوێنێتـەوە، یانیش ئەو منە دەیەوێ لە ئەویتردا خودی- منێکـی تـر بدۆزێتـەوە،

ئەو پەیوەندییەی کە بە رێگای ئەو دانپیانانە ئازادانەوە یان بە رێگای تێکەڵاوبوونی راستەوخۆی دڵەوە دەستەبەر دەبێ. لێ دەرفەتێکی دیکە هەیە. ئەوجارە پەیوەندی بە گەڕان بە دوای یەکاتییەوە نییە. من ناخوازم چیتر لە ئەویتردا هەست بە پێوانەیەکی هاوبەش، یان وابەستەبوون بە گەردوونێکی هاوبەشانە، یان تشتێک کە زامنی رەوتێکی نەپچڕاو یان ناسنامەیەک لەگەڵ منی خۆمدا، بکەم. ئەوەی کە ئێستا لە نێوان ئێمەدا رۆڵ دەگێڕێ نامۆییە، جا ئیتر نەک هەر تەنیا ئەو نادیارییە وەک دەربازبوونێک لە زانیاری هاوبەشماندا سەفەری کرد، تشتێک وەک نادیارییەک لەو منەدا ـ ئەو منەی کەسی یەکەمی تاکە ـ ، نامۆییەک کە هێشتا رێژەییەکی باڵایە (منێک کە هەمیشە لە نزیک منێکی ترەوە وەستاوە، کە هەرچەندە لە لێکتر جیاوازی، پێشبڕکێ، مەیل و پێویستیشدایە). ئەوەی کە ئێستا لە یاریدایە و کە دەبێ گوزارەی لێ بکرێ، گشت ئەمانەیە کە من لە ئەوانیتر جیادەکاتەوە، واتا ئەو ئەویترەی کە وەک منە خۆی بە تەواوی لەو جیادەکاتەوە. لێکجوودابوونەوەیەک، درزبردنێک و مەودایەک کە ئەویتر وەک رووبەرێکی بێکۆتایی بەجێدەهێڵێ، لێبەڵێ هاوکاتیش لە خودی ئەو پچڕانەدا، کە پچڕانێکە هی خودی بوونایەتییە، مەرجێک بۆ پەیوەندی من لەگەڵ ئەودا دروستدەکا. لە رێگای ئەو ئێگۆیەوە دەکرێ ئەویتر بۆ من منێکی تر بێ، بوونێکی تر

بـێ، بنەمایـەک لـە دەسـتپێکێک یـان قۆناغێـک لـە بـوونێکی گەردوونیدا، یان بوونێکی بالاتر، خوا یان نا-خـوا، بێ، بـەڵکو ئەو لە مەودایە بێکۆتاییەکەیدا نائاشنایەکە.

ئـەو منێکـی تـرە (ئـەلیتێر) وەک بێلایەنییـەک (نیـوترال) ناودێر دەکرێ.

دەبـا بـۆ ئاسـانکردنەوە بڵێـین کـە فـامکردنی ئامـادەیی ئەویتر وەک بێلایەنییەک بناغەیەک بە بێزارکردن دەبەخشێ کـە لـە بـواری پەیوەندییەکانـدا لەمپـەر دەخاتـە پـیش هـەموو هێڵێکـی ئـالوگۆڕیی و یەکایـەتی گشـت پەیوەندییـەکان، تـاکو پاشان ئەوە بە بێ ئەوەی کە بانگەشـەی پشتڕاستکردنەوە بکا یان ئەوە تۆمار بکا. لێ وەڵامی چاوەڕوانی پچڕاندن لـە بەرانبەر ئەو (هیەتۆس) – نـامۆیی، بێکۆتاییـەی نێوان ئێمـەدا – لـە خـودی زمانـدایە. بـەڵام ئێمـە دەبـێ لـەوە تێبگـەین کـە لێـــرەدا وەســـتانەکە وەک پێداویســـتییەک نوێنەرایـــەتی بێدەنگییـەک، رۆشـناییەک یـان شـوێنێکی بـۆش (جـا ئەگـەر زبریش نـەبێ) ناکا، بـەڵکو لـە گـۆڕانێکی شـێوەی زمانـدا یـان سـتروکتۆر کـە ئێمـە دەتـوانین وەک هاوردەیـەک لەگـەڵ گۆڕانکارییەکی وەک هاوکێشـەکاریی گیـومێتری رووبـەرێکی ماتمـاتیکی کـە لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ ئۆکلیـدیێس بـەراوردی بکـەین (ڤـالێری ئـەوەی بـۆ ماتماتیکناسـێک بەجێهێشـت کـە- نووسـینی بـە گرنگـەوە وەرگـرت کـە لـە "هاوکێشـەکاریی

رووبەرێکی ماتماتیکیانەدا" بئاخڤێ[١]. ئەو گۆڕانکارییە بریتییە لەوەی کە ئاخاوتن چیتر ئەرکی ئەوە نییە روو بکاتە

---

[١] من سەبارەت بەوە ئاماژەیەکم لە کتێبەکەی یودیت رۆبینسۆن:
("Lànalyse de Lèsprit dans les Cahiers de Valèry", Judith Robunsons, Èditions Jose Corti ). M.,
دۆزییەوە. مۆنتێل ئەم سەرگوزەشتە دەگێڕێتەوە: "ماتماتیککارەکان ئامرازێک بەکاردەهێنن کە ئەوان بە رووبەرێکی یومێتری ئەندازەیی (رایمانیوتە) ناودێری دەکەن: ئەوە دەفتەری یادداشتێکی ئایدیالییە کە بە گوێرەی پێویست چەند لاپەڕەیەکی وەکو یەک بە خۆیەوە دەگرێ، دەفتەرێک کە تەواوی چڕایەتییەکەی هەمیشە سفرە، لاپەڕەکانی ئەو دەفتەرە بە گوێرەی هەندێ رێسا پێکەوە چەسپ دەکرێ. ئەو ماتماتیککارانە ئاخاوتنگەلێکی جودا لە رووبەری ئەو لاپەڕانەدا دەنووسنەوە، لەوێدا زۆرێک لە ئاخاوتنەکان جێگەیان لە لاپەڕەی جودادا وەردەگرن. ڤالێری لە کاتی ئاخاوتنێکدا بە منی وت: "ئێوە پێتان وا نییە کە وتوێژکردن بە شێوەی پێوانی رووبەری ماتماتیکی (رایمانئوتا) دەگۆڕێ؟ من تشتێک بە ئێوە دەڵێم؛ ئەمەش لە لاپەڕەی یەکەمدا بنووسرێ، بەڵام هاوکاتیش ئەوەی کە من پاشان دەیڵێم لە لاپەڕەی دووەمدا تاووتوێ دەکەم، هەروا ئەوەی کە دوایی دەیڵێم لە لاپەڕەی سێیەم دەینووسمەوە. ئێوەش لە کاتی ئەوەی کە ئەو تشتانەی کە بە نیازن پاشان بیڵێن لە لاپەڕەی دووەمدا پاشەکەوت بکەن، بۆ خۆتان وەڵامی من لە لاپەڕەی یەکەمدا بنووسنەوە." بە دڵنیاییەوە ئەو وێنەیە دەبێتە ئەوپەڕی نارازیبوون، چونکە لێرەدا وێناندنەکە تەنیا پشت بەوە دەبەستێ کە مرۆ دەتوانێ ئەوە بە پرینسیپی وشەی ئاوێزان بە دواوە، نەک ئاوەڵابوونێکی تەواوی زمان، ناودێری بکەین.

یەکاتییەک، پەیوەندییەکانی وشەش بواری شێوەیەکی پەرتەوازەی گەوهەری پێکدەهێنێ کە لەوێدا رەوتە پچڕاوەکە (دیسکۆنتینوتێت) بالاْدەست دەبێ. ئەمەش وەک ئەوەی کە مرۆ بە رێگەی رەتکردنەوەی توانستی ئەو گوتارە هاوئاهەنگە نەپچڕاوە ئاستێک لە زمانەکەی رزگارکردووە کە لەوێدا مرۆ لە باریدایە کە نەک هەر تەنیا بە شێوەیەکی پچڕاو خۆی دەرببڕێ، بەڵکو هاوکاتیش وشەش بداتە دەست پچڕاندن، وشەیەک کە تێکەڵ نابێ، بەوە رازی دەبێ کە چیتر نەبێتە رێگای پەڕینەوە یان پردێک، وشەیەک کە جۆرە پردێک بەخۆیەوە ناگرێ، کە لە تاکە دیوێکەوە بۆ دیوێکی تری بۆشاییەکی بێ بنەماوە بتوانێ هەنگاوێکی فراوان وەربگرێ، بەڵکو ئەو بۆشاییە بە هەر چییەک پڕ بکرێتەوە یان جارێکی تر لێکترازانەکانی پێکەوە ببەسترێنەوە (بە بێ ئاماژەکردن بە یەکایەتی).

لە نێوان ئەو چەشنە پچڕاندنانەی، کە من پێناسەم کردن، جیاوازییەکی تیۆریی روون هەیە. ئەو جیاوازییە وەلاْمی دوو جۆرە ئەزموونی وشە دەداتەوە، یەکێکیان دیالێکتیکییە، دووەمیشیان نا-دیالێکتیکییە: ئەوەی یەکەمیان وشەیەکی گەردوونییە کە بە دوای یەکاتییەوە وێڵەو کۆمەکی خەملاْندنی گشتایەتی دەکا، ئەوەی دووەمیشیان وشەی نووسینە کە هەڵگری پەیوەندییەکی بێکۆتایی و نامۆییە، هەروەک ئەو وشەیە بەر لە هەموو تشتێکیش لە دیمەنێکی

شـیعرییانە (یـان ئـەدەبی)دا دەردەبـڕدرێ. لـێ سـەرباری ئەمەش ئەو جیاوازییە یەکلاکارە لە ئەرکە یەکلاکارییەکەیدا هەمیشە دووانە مانایە: کاتێک دوو کەس پێکڤە دەئاخڤن ئەوە بێدەنگەکەیە کە لە وتووێژەکەیاندا رووخسـەتی نۆرە گۆڕی دەدا کـە ئەمـەش لـە دەسـتپێکی وتووێژەکەیانـدا دەبێتـە پشووەکی سەرگێژکەرانە، لێ لەو جێگۆڕکێیەشدا ئەو پچڕانە دەتـوانێ ئامـاژە بـۆ ئـەو چالاکییـە نەناسـراوە بکـا[١]. بـەڵام پچڕانێکـی دیکـەی زۆر گرنگتـریش هەیـە. کاتێـک توانیـت قسەکردن بچڕێنی، ئەوا مرۆ نازانێ- کە هـەرگیز نـاتوانێ بە تـەواوی ئـەوە بزانـێ – ئـەوەی کـە دەگـۆڕێ، ئەگـەر ئـەو پچڕانەی کە دەرفەت بە نۆرە گۆڕینەوەی قسەکردن دەدا، یان ئەو پچڕانـەی کـە وشـە دەگەڕێنێتـەوە تاکو لـە ئاسـتێکی تردا دروستی بکاتەوە، یان رەتکردنـەوەی ئەو پچڕانـەی کە دووره لـەوەی کـە ببێتـە ئـەو وشـەیەی کـە هەناسـەدان دروستدەکا. بۆ نموونە کاتێک پچڕاندن بەند دەبێ بە ماندوو

---

[١] یان دەکرێ بە ئاسانترین شێوە بڵێین: لە گفتوگۆیەکدا ئەکتـەرە سەرەکییەکان بە شێوەیەکی دابەشکراو دەپەیڤن، کە ئامانجەکە هاوبەشـییە، ئەمـەش بـۆ ئـەوە نییـە کـە کەسـایەتی یـەکتر بڕووشـێنن، بۆچـوونی سنووردار جیاواز لـە بەرانبـەر یـەکتردا دەرببڕن، (ئەوەش روانگەیـەکی دیالێکتیکییە)، بەڵکو بۆ ئەوەی کە وشـە وەک جیاوازییـەک بـۆ زمـان ئامـادەیی هـەبێ، واتـا بـۆ ئەوەی خـودی ئەو پچڕاندنـە وەک تەنیاییـەکی توانـادار بناخـەی جیاوازییەک مینا وشە بەرجەستە ببێتەوە.

بـوون، نارەحـەتی یـان ناخۆشـییەوە (ئـەو شـێوانە ئاسـایین)، ئەوکات ئێمە دەزانین کە ئەو پچڕاندنانە لـە کـام ئەزموونـەوە سـەرچاوەیان هـەڵگرتووە؟ دەکـرێ ئێمـە لـە کایـەی ئـەو پچڕاندنە دڵنیا بین، سەرباری ئەوەی کە ئەگەر ئەو پچڕاندنـە بـە نـەزۆکیش کرابێت، تـۆ بڵێی پچڕانـدن لـە خـودی خۆیـدا نـەزۆک بـێ؟ نـا، نـاتوانین وا بڵێـین (ئـەوە ماندوویـەتی و نارەحـەتیش دەگرێتـەوە)؛ بـەڵکو راسـتییەکەی ئێمـە گومانمـان هەیـە کـە، نارەحـەتی (یـان ماندوویـەتی یـان ناخۆشـییەک) لـە نێوان بوونەکاندا بۆشاییەکی بێکۆتایی ئاوەڵا بکاتـەوە، رەنگـە ئەوە زۆر گرنگ بێ کە ئەو بۆشاییە، بە هـۆی جێهێشـتنی بۆشـاییەوە، ببێتـە دروسـتکردنی دەربـڕین، بـەمجۆرە ئـەو ئاخاوتنـەی کـە لـە ماندوویـەتی، نارەحـەتی یـان ناخۆشـیدا گـۆڕانی تیـادا روودەدا دەکـرێ بـە پێـودانگی رەهەنـدی بێکۆتایی زماندا ببێتـە ئاخاوتنێک. ئاخۆ ئێمـە نـاتوانین فرەتـر بـڕوانین؟ دەبـا جـۆرە پچڕانـدنێک وەربگـرین کـە پڕاوپـڕ بێلایەنـە؛ کـە چیتـر لـە رووی درەکـی زمانـدا نییـە، بـەڵکو لـە دەرەوەیـەتی و لـە پـێش هـەموو وشـەیەک و هـەموو بێدەنگییەکیشـە؛ ئێمـە دەتـوانین ئـەو پچڕاندنـە بـە پچڕانـدنێکی بێڕادەو ئەوپەڕی مانا نـاودێر بکـەین. ئێمـە بـەوە ئـەو خاڵـەی پچڕاندنەمان پێکا کە دەکرێ ئێمە رزگار بکا، ئەگـەر مانایـەکی لەم جۆرە بالایـە، کە نـەک هـەر لـە هـەموو ئاوەزێکدایـە (کـە زۆر نییـە)، بـەڵکو هاوکـاتیش لـە هـەموو نائاوەزەکانیشـدایە،

دەمەوێ بیڵژم ئایا ئەو ئاوەزە وەک شێتایەتییەک هێشتا لە ئارادایە؟ ئێمە لێرەدا ناچار نین لە خۆمان بپرسین کە ئەو جۆرە پچڕاندنە چۆنە - ئەوەی کە خۆی دەستەمۆ نییە - بەوە خۆمان تووشی مەرجێک دەکەین کە ئێمە دەبێ لە رێگای ئاخاوتنەوە دژی بین، وێڕای ئەمەش کە ئاخاوتن هەمیشە مەرج لەسەر ئەوە ناسەپێنێ کە دەبێ لە خودی زماندا هەموو دەربڕینێکی زمان ماناهەڵگر بێ؟ دەمەوێ بیڵژم کە ئاخۆ لە ناوەکی زمانەوە ئەو دەربڕینە ببێژە، وەک ئەوەی لە دیدی ئەو "دەرەوە"یە بئاخڤی، هەروەک لەو رێگایەوە لە گشت وشەیەکدا ئەوە بدۆزییەوە کە ئەمەش مەترسییەک دروستدەکا کە بە دژی ئەوەی بە هەموو ئاخاوتنێکەوە بەستراوەتەوە هەڵگەڕێتەوە؟ کە بنووسی، کە لە ناوەوە بازنەیەک رابکێشی کە هەموو دەربڕینێکی بازنەیی تیایدا بنووسرێتەوە...

رێگامان بدەن لێرەدا بووەستین و ئاکامگیرییەک دەستەبەربکەینەوە. لە بەرایدا ئێمە دوو لێکجوو داکردنەوەمان هەیە کە وەڵامێکە لە بەرانبەر مەرجێکی دیالێکتیکی و نا-دیالێکتیکی وشەدا: ئەو پشووەی کە رێگە بە نۆرە گۆڕینەوە دەدا؛ ئەو چاوەڕوانییەی کە ئەو مەودایە بێکۆتاییە دەپێوێ. بەڵام ئەو چاوەڕوانییە هەر تەنیا خاڵی پچڕاندنێکی هاوئاهەنگ راناگەیەنێ کە ئەو دیمەنە شیعرییە ئامادەکا، بەڵکو هاوکات شێوەی پچڕاندنەکانی

دیکەش رادەگەیەنێ، کە زۆر قوولْ و ناساغە، زیاترو زیاتر ناساغە، لەو جۆرە پچڕاندنانەش هەمیشە لێجیاوازییەکانیان زالْ نین بەڵکو فرە مانایی دەرەخسێنن. ئێمە سێ جۆری پچڕاندنمان لێکتر جوداکردەوە: لە یەکێکیاندا بۆشایی دەبێتە هۆ– لەوێدا بۆشایی ماندوویەتی و ناخۆشییە – پچڕاندنێکی بالاو ئەوپەڕی ماناهەڵگر، لەوێدا نەمانی خودی هۆ دەپێکرێ (رەنگە ئەوە بیرکردنەوەکە بێ). پچڕاندن بۆ ئەوەیە تاکو تێبگەی. تێگەیشتن بۆ ئەوەیە کە بئاخڤی. لە کۆتاییشدا: بئاخڤە بۆ ئەوەی بچڕێنی و تاکو ئەو پچڕانە مەحاڵە مسۆگەر بکەی.

## کتێبی پرسیارەکان

ئەو تێڕامانانە ئەبستراکتن. لێ ئەگەر کەسێک بخوازێ ژیانیان پێ ببەخشێ، ئەوە من پێشنیاز بۆ ئەو کەسە دەکەم کە کتێبێک بخوێنێتەوە کە لە یادەوەریی مندا ماوەتەوە، هاوکاتیش کە من خۆم هەوڵمدا شێوازێکی زۆر گشتی ببەخشمە ئەو تێڕامانانە. من پەیمانم بە خۆمدا بوو کە لەسەر ئەو کتێبە هیچ تشتێک نەڵێم. هەندێ بەرهەم هەیە پشت بە کارامەیی ئێمەوە دەبەستێ. ئێمە کە ئاماژە بەو کتێبانە دەکەین، یان باشترە بڵێین کە ئێمە لەو گەردوونە، گەردوونێکی دەمکوتکراو هاوڕێیانە، دەریان دەهێنین کە هی خۆیانە، کارێکی ناڕاست دەکەین. بەڵام گۆشە نیگایەک هەیە کە دواجار ئەو خەمگینییەی کە لە ناوەخنی هەر کتێبێکی گرنگدا هەیە، بۆ ئەوەیە تاکو باسی ناسکترین یان ئازاراویترین کتێب بکا، کتێبەکە لە ئێمە رزگار بکاو بازنەکە بچڕێنێ. ئیتر لەمە بە دواوە کتێب بە هیچ تشتێکەوە پابەند نییە؛ هەر ئەمەشە کە کتێب دەکاتە کتێب.

من لە کۆی کۆپلە، هزر، گفتوگۆ، بەردەوامیی، جووڵانەوەی داستانبێژی و وشە سەر گێژەکاندا کە تاکە رێگایەکی ناڕاستەوخۆی شیعریی پێکدەهێنێ، گشت توانایەکانی پچڕاندن لە بەرهەمێکدا دەبینمەوە، کە ئەمانەش هەموویان ئامێز بۆ نووسین – ئەو منگە منگە بێ پچڕانە، ئەوەی کە لە وەستان بەدەرە– دەکەنەوە، کە پێویستە بە

پچڕاندن تیایدا بنووسرێ. لێ لێرەدا، لە "کتێبی پرسیارەکاندا " – لە پاڵ ئەمەشدا ئەو وزە نادڵنیاو ئازارانە– نەک هەر بەرێگەی ئەو کۆپلە شیعریانەی کە لە هەموو ناوەڕۆکانەوە پچڕاندنەکان تۆمار دەکا، بەڵکو وەڵامیان دەداتەوەو تاقیشیان دەکاتەوە، ئەمەش تاکو پاشان دیسان بیچنێتەوەو بیکاتە ئاخاوتن، کە هەمیشە دووکەرەت لە هەر کەرەتێکیشدا دووجار روودەدا: ئەو مێژووەی کە لەو نووسینەی کە لە پەراوێزەکانیدا هەیە؛ لەو مێژووەی کە لەوێدا سێنتەری پچڕاندن بە ئایینی جوولەکە ناودێر دەکرێ؛ لەو نووسینەی کە بۆ شاعیر ئاستەنگێکە، ئەو مرۆڤەی کە دەخوازێ دادپەروەرانە بئاخڤێ؛ لێ هاوکاتیش دادپەروەریی سەختییەکە، قانوونی ئایینی جوولەکە، وشەی نووسراو کە مرۆ ناتوانێ یاریی لەگەڵدا بکا، کە تاکیشە چونکە بنەچەکەو ماندوویەتی پیتە.

ئەمەش خاڵی پچڕاندنێکە کە ئێمە لە مێژوودا تاقیدەکەینەوە، بەمجۆرە لێرەدا کارەساتێک دەئاخڤێ کە ئێستا لە پێش چاوی ئێمەدایە– کۆکوژیی– زەبروزەنگییەکی شوومی بێکۆتایی: ئەمەش خاڵی پچڕاندنێکی دڕندەیی دەسەڵاتە کە ئامانجی ئەوەیە رۆژگارێک بئافرێنێ و ناودێریشی بکا. دوای ئەو خاڵی پچڕاندنە، خاڵی پچڕاندنێکی سەرچاوەیی هەیە کە بەر لە مێژووەو چیتر تاقیناکرێتەوە بەڵکو پێکهێنەری مەرجێکە، هەروا بە نیشانکردنی مەودایەک

بۆ هەموو دەسەڵاتێک ماوەی ئەو پشووە سنووردار دەکا کە لەوێدا ئایینی جوولەکە خۆی رادەگەیەنێ: ئەو خاڵی پچڕاندنە کە ئەو "برینەی ... کە سەرەتایەکەی نادیارە" نیشاندەدا، "ئەو برینەی کە لە رەگەزێک لە دایک دەبێتەوە کە سەرچاوەکەی لە کتێبەوە هاتووە"، ئەوە هەر ئەو برینەیە کە رابردووو رەوتە بەردەوامە تێکەڵاوەکەی لەگەڵ نووسیندا دەتوێتەوە". ئەمەش ماوەی ئەو پشووە، ئەو مەودایەیە کە لە پەیوەندی لەگەڵ فشاری تشت و باڵادەستی پێشهاتەکاندا خۆی رادەگەیەنێ، هاوکاتیش ئەو شوێنە دەستنیشان دەکا کە لەوێدا ئاخاوتن دروستدەبێ، ئەو ئاخاوتنەی کە چیتر بۆ ئەوە داوەتی مرۆڤ ناکا کە خۆی لەگەڵ دەسەڵاتەکەیدا پێناسە بکا. وشەیەکی مەحاڵ. مرۆ دەکرێ لە مێدیتە شیۆنە/ خەڵوەتەکەی (ئێدمۆن یابیس)ی شاعیر لەو دیمەنە شاعیرییەوە تێبگاو هاوکاتیش دەکرێ مەرجانەکانیشی لەگەڵ مێدیتەشیۆنێک بەسەر هاوپشتە راگئاژۆو راماوەکەی لە رەوشی جوولەکەکاندا هاوڕەوت بن، کە ئەمەش تشتێکی هاوچەرخە بەڵام هەڵبەت مەحاڵە مێژووەکەی بزانرێ(١)."من بۆ ئێوە باسی ئەو سەختییەم کرد

(١) لێرەدا من مەبەستم تەنیا لاتەریکییەکان نییە لە کەسایەتییەکی مێژوویدا، بەڵکو مەبەستی من جۆرە راستییەکی ترە: "کە تۆ جوولەکە بووی" چیتر مانای شوومی (یان بەهایەک) – وەک رەگەز، بایۆلۆگی یان ناوبردنێکی بیۆگرافیی ناگەیەنێ – بەڵکو

کـــە هـــەموو جوولەکەیـــەک، نووســـینەوەیان وەک خـــودی نووسین سەختە، لەبۆیە ئایینی جوولەکەو نووسین بێجگە لە هەمان چاوەڕوانی، هەمان ئومێد، هەر هەمان شەکەتی، هیچی تر نین". هـەر بۆیـە "کتێبی پرسـیارەکان" هەمیشـە دوو جار نووسراوەتەوە؛ ئەو کتێبەی کە جوولانەوەی دابڕان بە زمان دێنێ کە ئەمـەش کتێب سازی دەکا، لەوێ ئەو کتێبەی کە ئەوەی دەستنیشـانکرد کـە "تـەرزە وشـەیەکی قالبۆوەیـە کـە سـەر بـە مێژووەو لـە لای گەلێکدا کـە بۆ نـاو خـودی خۆی

---

مانای توانستێکی ئازادی بێمەرج دەگەیەنێ. مرۆ دەکارێ بلێ کە بـێ دوودلـی پەیوەسـتبوونی ئێمـەش بـە "مرۆڤایـەتی" هـەر بـە هـەمان شـێوەیە: هـەر بۆیـە وا دیـارە هـەردوو پەیوەسـتبوون بەندن بە جیگۆڕکێی هـەمان چارەنووس. مرۆ بە حـەزی خۆی نابێتـە جوولەکـە. مـرۆ بـەر لـەوەی جوولەکـە دەبێتـە جوولەکـە، بوونی ئەو بەر لەوەیەی کە دەکەوێتـە پێش بوونایـەتی، هـەروا مێـژووش، مرۆڤێـک لـە سروشـتێک (لـە زانینـی ناسـنامەیەکی سروشـتیدا) رەگئـاژۆ ناکـا ، بـەڵکو لـە ئێگۆ (من)ێکدا کـە پێشـتر داڕێـژراوە وەلـێ هاوکـاتیش هـەرگیز نەگیشـتۆتە جـێ، کـە مـرۆ پێویستـە بـە بـێ ئـەوەی کـە بەرپرسیارەکەی خۆی رەتبکاتـەوە وەلام بداتەوە. بۆیـە "سروشتی مرۆڤی جوولەکە" یەکجار زۆر "خـۆ پارێزییـە"، دەچنـەوە نـاو خۆیـان، جـا دەبـێ بـە رامـانێکی راماوانەی بێکۆتاییەوە دەرکی بکەین کە هەمیشـە رەنگدانەوەیە جەختکردنەوەیەکـە کـە لـە سروشـتیش زیـاتر رەگئاژۆیـە، مەرجەکەی لـە سروشت بـاڵاترە، مـەرجێک کـە مرۆ، هەرچەنـدە رەتیشی بکاتەوە، ناتوانێ خۆی لێ رزگار بکا.

گەڕاوەتــەوە لــە نوێــوە دەســتپێدەکا"- ئــەو جوولانــەوە دووانەییــە کــە (ئێــدمۆن یــابیس) بەرجەســتەی کــردەوە، ئەوەبوو کە یەکاتییەک بەوە ببەخشێ یان تاکو بتوانێ لەگەڵ خۆی ئاشتی بکاتەوە.

بـەمجۆرە ئەوە دەبێتـە راستییەک کـە ئـەو چاوەڕوانییـە بــەتاڵ و چارەنووسســازەش ئــەوە دەهێڵێتــەوە کــە لەســەر تەختەی بنـەوەی کتێبەکـەدا دەنووسـرێتەوە، نووسـەرەکەش دەکات بە پاسەوانی تەختەکە، نووسینی نووسـەرەکە دەکا بـە بیابــان و ئەمــەش وا لــە مــرۆڤ دەکــا کــە ببێتــە بۆشــایی و نائامــادەیی پەیمانەکــە؛ ئەگــەر ئــەو چاوەڕوانییــە وەڵامــی چاوەڕوانییەکی دیکە بداتەوە (وەڵامی بیابانێکی تـر بداتـەوە)، کە لەوێدا ئەو دە وشە قەدەغانە لە ئاستێکی باڵای نەبینراودا دەربڕدران، کەواتە بە دڵنیاییەوە لە نێوان ئەواندا بۆشاییەک، مەودایـەک و پچڕانـدنێک هـەیـە. چونکـە پـێش هـەموو تشـتێک تــابلۆی قانوونــەکان، دوگمــە بزوێنەرەکــەی ئــەو نیشــانە خواوەندییە، تێکدەشکێ (کۆستەکە بۆ سزادان نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیــە کــە پەیامەکــە بهێنێتــەوە) و ســەر لــە نــوێش دەینووسێتەوە، لێ ئەمەش بۆ ئەوە نییـە کـە دیسـان لـە کاتـە بنەچەکەکەیــەوە بیخولقێنێتــەوە: مــرۆڤ دەبــێ لــە وشــەی شـکاوەوە خۆی ئـەوە فێـر بکـا کـە ئـەو مەرجـە بگەڕێنێتـەوە تــاکو بـۆی بئاخڤێ: ئەمـەش بـە مانـای وشـە بـاس لـە یەکـەم تێگەیشــتن یــان وشــەیەکی بنەچەکــەیی و ســاغ و ســەلیم ناکــا؛

ئەمە هەروەک مرۆ هەمیشە بۆ دووەم جار گوتبێتی، دوای ئەوەی کە رازی نەبوو گوێی لێ بێ و تێبگات، دوای ئەوەی کە لەگەڵ بنەچەکەدا مەودای وەرگرت. لە لایەکی تریشەوە - رەنگە ئێمە بتوانین ئەو رێسا بنەڕەتییانە لەو "وشە قالبۆوە"وە بهێنین- یەکەمین دەق بەمجۆرەیە (کە هەرگیز یەکەمین دەق نییە) وشەیەکی نووسراو (جا ئەو وشەیە چەندیش خواوەندی نەبێ، جا ئەو وشەیە هەر چییەکمان پێ ببەخشێ کە وابکا بیری لێنەکەینەوە، ئەو وشە سەرەتایە کە جگە لە خۆی پێش هیچ وشەیەکی تر نییە، تاکە واتایەکەشی سزادارەو مەرجەکەشی هەمیشە لە سزادار زیاترە)، لە یەک کاتیشدا دەقێکە بە تێبینییەوە کە ئێمە نەک تەنیا ناسنامەکەی دووبارە دەکەینەوە، بەڵکو فێری لێکجیاوازییە بەتاڵ نەبووەکانی "وڵاتی دایکی جوولەکەکان"مان دەکا، ئێدمۆند یابێس لەمەڕ ئەو دەقەوە دەڵێ: "دەقێکی پیرۆز بە تێبینیگەلێک گەمارۆدراوە کە هەر خۆشی بەرهەمیهێناوە". بەهای شرۆڤەکردنی بیبل (ئینجیل) بریتییە لەو سەنگینییەی کە نەریتی رابینی دانی پیا ناوە: واتا ئەو رێسایە نووسراوە، ئەو دەقە بنەچەکە نابنەچەکەیە، پێویستە هەمیشە بەو دەنگەی کە تێبینی لەسەر ئەو دەقە یادداشتکردووە بگوترێتەوە – بەو تێبینییە زارەکییەی کە دوای ئەو نایێ، بەڵکو ئەو دەقەی کە هاوچەرخە، دیسانەوە

دەرببڕدرێتەوە[١] بەمجۆرە ئەو دەنگە، ئەو دەقە، ڕێسایە نووسراوانە دەگەڕێنێتەوە، لێ بەو ڕێسایە لێکجوودایانەوە یەکایەتییەکی بۆ دروست ناکا کە پێودانگێکە بۆ کۆتاییەکانی. بەمجۆرە ئەو دەقە هاوچەرخە، کە دەقێکی پیرۆزە، وشەی نووسراو و ناوکۆیی ڕاڤەکراو بەو شێوە لاوەکییەوە پێشکەش دەکرێ، کە ئەمجارە بە توانستە ڕاستەوخۆیەکەی، کە مەودایەکی لەگەڵ خۆیدا هێشتۆتەوە، هاوکاتیش ڕەنگە بوێری بێت.(*ex-ècrè* ) کە مرۆ بڵێ، کە ئەو دەقە، (رق)ێکە.

بەو ئەزموونە سەخت و تووڕەییەی کە لە ئایینی جوولەکەدایە - پچڕاندنێک کە هەمیشە حەودالە بە دوای

---

[١] لەوێدا ئیمانوێل لیڤیناس لە کتێبی
" Difficile Libertè " (Albin Michel) بە شکۆمەندی و قووڵاییەک لەسەر ئایینی جوولەکە دەدوێ، لەسەر ئەوەی کە پەیوەندی بە هەموومان هەیە دەدوێ، لەو کتێبەدا مرۆ لە تەک زۆر رامانگەلێکی گرنگدا ئەوە دەخوێنێتەوە: "ئەو ڕێسایە ناوبراوە بە نووسراوەکەیەوەو بۆ هەتا هەتایە هاوچەرخە. لە نێوان ئەو رامانگەلەدا پەیوەندییەکی بنەچەکەیی هەیە، تێگەیشتنێک لەو رامانگەلەدا خودی ئەتمۆسفێری ئایینی جوولەکەیە. کایەی هەر یەکەیان یەکتر دەپارێزن یان یەکتر مەحف ناکەنەوە، بەڵکو دەرفەت دەرەخسێنن کە پیادەیان بکەی و بیانخوێنییەوە. ، لەوTora چوونە ناو ئەو بۆچوونە ڕۆژانەییەکانی ئەمەوە، لەوێدا تێخوێندنەوەیەکی ناسراو لە ناودارەی کە شوێنێکی کاکڵەیی لە ژیانی ئایینی جوولەکەدا هەیە ئەنجامدەدا."**lernen**"ە.

رابردوویـــەکی دوور، ئـــەو گەڕانەوەیـــەش تـــەنیا بـــە دوای تـــابلۆی **ڕێســـاکانەوە** نییـــە، بـــەڵکو هاوکـــاتیش لـــە تـــەک خووڵقێنەرەوە (عەشق وەک کەمایەسییەکان) بگرە حەودالە بـە دوای بەرزیشـــەوە؛ وێـڕای ئەمـەش حەودالـە بـە دوای ئـەزموونێک لـە شـرۆڤەکردنی نـەریتێک کـە سـوومبوولەکە هـەڵناهێنێ، بـەڵکو لـەو میانەیـەدا جێگـەی خـۆی دەگـرێ کـە ئەوان لەوێدا نیشانیدەدەن –، بە ڕێگەی ئەو ئەزموونـەی کـە خاوەن وشـە – شاعیر – وروووژاندی، جەختیکردەوە هەسـت بـە خـۆی دەکـا، بـەڵام هاوکـاتیش خسـتییە ژێـر پرسـیارو بەخۆشی خۆی خستە ژێر پرسیارەوە. مرۆ هـەرگیز نـاتوانێ پچ-ڕاندن بکا بە دادپەروەر. بە دیـوێکی تریشـەوە ، نـاتوانێ وەڵامی ڕەخنەگرێکی تووڕە، پاسـەوانێکی سـەرخت بداتـەوە، کاتێـک کـە ئـەو شـیعرییەتێکی شـایەدحاڵ ڕەتدەکاتـەوە، ئـەو وشـە بێلایـەن و سـەربەخۆیەی کـە وێدەچـێ نـەتوانێ تشـتێک تۆمـار بکـا، کـە وێـدەچێ نـە دان دەنـێ و نـە شـوێنپێیەک بەجێدەهێڵێ و نـە بشـبێتە بـێ زامنکردنێـک. لـێ لـە لایـەکی تریشەوە، چۆن شاعیر ، بە بێ ئاکتۆریتێت و زاڵبوون – کە شـاعیر ڕازی بـووە بەوپـەڕی بەرپرسـیارییەوە وەڵامـی ئـەو پچڕانـە بداتـەوە کـە هەمیشـە وشـەکەی دەپچڕێنـێ و لـە نائەمەکدارییەکەیـەوە دەیکـات بـە ئەمەکـدار – بتـوانێ ئـەو وشـەیە بەرەو یەکەم پەیامەکەی، لە سـەرچاوەکەیەوە بـەرەو ڕەسـەنەییەکەی، لە ڕاگەیاندنـە ترانسـێندێنت/پابەندی بوونێک

بە بوونێکی تری بوونایەتییەکەی کە بە مەودای نێوان خولْقێنەرو خولْقاوەوە دێتەدەرەوە تاکو بتوانێ مامەڵە لەگەڵ رەهەندە راستییەکەی پچڕاندندا بکاو هاوکاتیش بەو شێوەیە بنەماڕێژی بکاو بیوەستێنێ، بگەڕێنێتەوە؟ هەروا بێگومان شاعیر نە هەڵگری واتاگەلی خوایەکانەو نە جێگرەوەی خوایەکانیشە، هاوکاتیش شاعیر ئەو رووخسارە نییە کە چاوەکانی لە بەرانبەر نائامادەیی ئەواندا نووقاندبێت. هەروەک شاعیر ئەو کەسە نییە کە - وەک خۆ تەرخانکارێک بۆ وشە – تاکو ئەو بانگڕاهێشتنە وەربگێڕێ و ئەو کەسەش نییە کە خۆی بۆ ژیانی ئەبەدی تەرخانکردبێت، توانادارێکی خاوەن راستی، وێنایەکی خواوەندی نییە کە جادووگەریی بکا، جادوویەک کە بتوانێ بالاترین رۆڵی ئازادی بگێڕێ، هەرچەندە ئەگەر ئەمەش لە بازنەی خەیالاندن رووبدات. شاعیر نە سەربەخۆیە و نە ناسەربەخۆشە، یان بە واتایەکی تر: شاعیر ئەو ناسەربەخۆیە نییە کە شوێنی ئەوە خاوەن ئاکارێک نییە. دیسکورس/گوتاری شاعیر دیس-کورسێکە. ئەو دیس-کورسە لە گشت ئەو ئاستانەدا – وەک بەرهەم – وەک ماندوویەتی، ئازار، ناخۆشی – وەک بێ کارییەک لە ئامادەیی بەرهەم، ئەو دەکاتە بەرپرسیاریی پچڕاندن. ئەمەش ئامۆژگاری شاعیر دەکا کە بێوچان بپچڕێنێ (پچڕانێک کە زانیارییەکە لەسەر ئاواز)، چونکە شاعیر دەزانێ کە تەنانەت

وشەش دەتوانێ ببێتە دەسەڵات و زەبر و زەنگ، دەسەڵاتێک کە هەرچەندە قەدەغەیە و هەڵگری پەیامێکیشە، مەترسی لێدەکرێ کە بتوانێ ببێتە ئەو توانستە رووتەی کە قەدەغە بێ (کە لە هەموو ئەخلاقێکدا روودەدا)

"هەرگیز ئەوە لە یاد مەکە کە تۆ شانەی لەناو پچڕاندنێکدا." ئەو دوو ئەزموونە، ئایینی جوولەکەو نووسین، کە ئێدمۆن یابێس توانی پێکەوە لە یەکگرتن و لێکجیاوازییەکانیانەوە، هاوکاتیش بە بانگهێشتنە دووانەییەکەیەوە بە شێوەی رازیکردن و چاوتێرییەکەشییەوە، دەریانببڕێ و نمایشیان بکا، بەمجۆرە بنەچە هاوبەشەکەی لەو پچڕاندنە واتاگەلەدایە، پچڕاندنێک کە، بە بروسکەدانی بۆ پێشەوە، لە سێنتەرەکە (شانەکە، یەکایەتییەکە)وە بێ پسانەوە دادەبڕێ، لەوەش زیاتر ئەمە بەدیاردەخات، بەڵام رەنگە ئەو پچڕاندنە تێکشکاندنی سێنتەریش بێ، کە تەنیا ئەو خاڵە بزۆکەشە کە سێنتەرێک دەشکێنێ. "ئەو رێگایەی کە من هەڵمبژارد هەڵدێرتیانە... ئەو رێگایە لە سەختییەوە دەستپێدەکا کە نەنووسراو بێ – لەو سەختییەشەوە دەچێتە دەرەوە." ئێدمۆن یابێس سەرکەوتووانە لەو ئاستەنگەدا توانی ئاراستەیەکی راست بگرێ، بە بێ ئەوەش لێی کەمبکاتەوە. رەنگە لەو کتێبەدا گرنگترین کارێک کە ئەنجامی دا ئەوە بێ: کە ئێدمۆن بچێتەوە ناو خۆی، سەرباری ئەوەش کاتێک کە پێویستە

وەڵامی ئەو ئازارە مەزنەش بداتەوە. ئەو کتێبە حەزی لە خۆ دەرخستن نییە، ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی کە بێدەنگ بێ لە گشت ئەو تشتانەی کە دەبێ بیانبیژێ، بەڵکو تاکو خۆی لە شوێنێک یان لە ئەو کاتەی کە لە نێوان وشەدایە بهێڵێتەوە، کە لەوێدا **رێسایەکە**، پچڕاندنە چاکەکەی پەیامەکە، سەرسەختییەکەی نەرمتر دەکاتەوەو هاوارەکەش دەبێتە "بەرگەگرتن"، "هاوارەکە بۆ وەرگرتنی بڕیارێک دەبێتە هەڵوەستەیەکی خێرا کە سەرەتا بناخەیەک بە پرسیارێک دەبەخشێ، پاشانیش دەستەبەرکردنی خوێندنەوەیەکی ئەزبەریانە هەڵوەستەیەک دەکا، بەمجۆرە ئەو دوو گەوهەرە لێکدابڕاوە کە بە جادوویەکی خواوەندیانە، ساراو یوکل (ئەو دوو کەسە لێکدابڕاون چونکە هەردووکیان هەڵگری هاوبەشییەکی قووڵن: ئەوان لێکجیابوونەوە چونکە ئەوان تێکەڵ یەکتر بوون)، کاتێک ئەوان خۆشیان ئامادەش نین بە شێوەیەکی زۆر پارێزراو ناودێر دەکرێن، کە بە کتێبی ئاگادارکردنەوە پێکەوە تێکەڵاوی یەکتر دەبن، دەبنە وێنایەکی خواوەندیی، سەرباری ئەمەش لە چاوەڕوانی پێکگەیشتن و جیابوونەوەدا دواخراوە ئەبەدییەکەیاندا لە یەکاتییەکەیاندا دەمێننەوە. لێرەدا دەبێ ئێمە لەسەر ئەوە کۆک بین – کە هەر بۆیە وێدەچێ ئیدمۆن یابێس نەکەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەوانەوە - ئەو حیکایەتە موستیک/سۆفیگەرییە دڵگیرانەی ئایینی جوولەکە، کە

سـيحرەكانيان زوو لـە كتێبەكـەی "ی مـارتين بوبـەر جێگيـر بوون (ئێستاش ئێمە دەتوانين ئەو "Gog und Magog حيكايەتانـەی كـە ئـەو لـە بەرگێكـدا كۆيكردوونەتـەوە بخوێنينەوە، كە لای منيش تشتێكی نايابە)[1] ئەو پەيوەندييە

---

[1] مارتين بوبـەر لەمـەڕ تـاووتوێكردنی كارەكـەی بـەمجۆرە دەدوێ: "مـن ئـەو حيكايەتـە سـۆفيگەرييانەم لـە ئـەدەبی فۆلكلـۆريی، يادداشتە تۆماركراوە جيا جياكانەوە وەرگرتووە، بەڵام هاوكاتيش من لەو مرۆڤانەی كە هێشتا لە ژياندا بوون، ئەو مرۆڤانەی كە لـە تيرەكانيـان وەريـان گرتبـوو، بيسـتوومن. مـن وەك هـەر جـۆرە بەرهـەمێكی ئـەدەبی و حيكايـەتێكـی ئـەخلاق ئـامێز دەسـتكاريم نـەكردوون: مـن وەك منـداڵێكی لاو ئـەو داسـتانە سـۆفيگەرانەم گێڕاوەتەوە... من تـەنيا بـەردەبازێكی ئەو زنجيرە داستانەم، من مێژوويەكی كۆنم دووبارە گێڕاوەتەوە، ئەگەريش بە داستانگەلی نوێ دەچن، ئەوە بەندە بـەوەی كە ئەو نوێيـە لـە دەستپێكدا كە بێژراون هەبووە.

هاوكـاتيش مـن دەخـوازم ئێوە كتێبەكـەی رۆبـەرت ميسـراهيس بخوێننەوە، بە تايبەتيش ئەو بەشەی كە ناوی:

"La condition rèflexive de lòmme juif (Julirad"

"واتای ئەنتيسميزمی نازيی وەك بنەچەكەی ئەزموونی جوولەكە". لێرەدا من كۆپلەيەكی ئەو كتێبـەتان بۆ دەنووسمەوە كە جێگەی خۆيەتی مرۆ بيری لێبكاتەوە: "ئەو كارەساتە قەبەيـەی نازييەكان بۆ جوولەكـەكان مانايـەكی قـووڵ نمـايش دەكـا كـە رەگـەكـەی لـە ئەنتيسـميزمدايە، كـە ئـەوەش وەك شـيانێكی بـەردەوام خـۆی دەردەخـا كـە ئاراسـتـەی جوولەكـە دەكـرێ... بـە ئاگـابوون لـەو **كارەساتە** وەك دەستپێكێك بۆ نوێكردنـەوەی ئاگايی جوولەكـە،

هێشتا سەرنج نەدراوەی نێوان ئەو شاعیرە نوێگەرو شۆڕشگێڕانەی کە لە داستانە شەڕو کۆست ئامێزەکانی رۆژهەڵاتدا دەبینرێن، واتا ئەو داستانانەی کە لە چوارچێوەی وێنەکێشانی رووداوەکانی ژیان و داب و نەریتێکدا بەرجەستە دەبنەوە. من دەتوانم بە ناسینی ئەو دوا رابەرە سوفیگەرەی جوولەکەکان، کە مارتین بوبەر بە ئێمەی ئاشنا کردن، ئەو داستانانە روونبکەمەوە، کە ئەو سۆفیگەرە بە تەنگژەشەوە هاوچەرخ بوو – تەنگژەیەک کە تایبەتمەندییەکی هەیە بەوەی هەمیشە هاوچەرخ بێ: ئەو

---

چەشنە هەڵگەڕانەوەیەکی تاریکە، نەک بۆ رۆناکی، بەڵکو بۆ شەو. دەستپێکی ئەو سەرسەختییە، ئەو ئەزموونە بنەچەکەیە کە مرۆ ناتوانێ لە پشتەوەیڕا بۆی بچێت، بۆ ئاگایی جوولەکەکان هەستێکی ئایینی خەمگین پێکدەهێنێ: کە خۆیان فێری دانایی و ترس بکەن... کە (ببی بە جوولەکە) وەک مەیلەو نەبوونێک تێکەڵاو نەبوونێکی بە رۆشنبیرییکراوەیان بۆ پێکدەهێنێ کە تەنیا دەکرێ وەک پەرادۆکسێک پێناسە بکرێ و دواجاریش ئەمانە دەبنە هەڕەشەیەکی بەردەوام بۆ ئەوان. هەروا رۆبێرت میسراهی بەردەوام دەبێ و دەڵێ: "ئەنتیسمیزمی نازی هەر تەنیا دیاردەیەک نییە کە بکرێ لە روانگەیەکی سۆسۆلۆجیانەوە بڕیار لەسەر هۆکردو ستراکچەرەکەی بدرێ... هەرچەندە ئەگەر مەسەلەکە بەمجۆرە بێ، کەواتە هاوکاتیش تشتێکی تر هەیە: مانیفستێکی تەواو زەبرو زەنگانە هەیە کە بە بێ هاندەرییەک ئاراستەی ئەوانیتر دەکرێ، هەر بۆیە جوولەکە سکاندالێک دروستدەکا کە ئەمەش بوونایەتییەکی ترە..."

سۆفیگەرە جوولەکەیە، بە بێ دوعایەك، لێ سەرباری بێکۆتاییەکەی،لە توانایدابوو شەرمنێکی بێدەنگ بێ. لەو بێدەنگییەدا ئاکتۆریتێتی/شکۆمەندی بوونایەتی یان دوعای نوێژ گوزارەی لێ ناکرێ، بەڵکو تەنیا "هاوارێکی بێ دەنگ"،و "فرمێسکە لاڵەکان" دەردەبڕدرێ کە دەگەڕێنەوە دواوە. هەروا مارتین بووبەر (فەیلەسووفی جوولەکەی ئەڵمانی، و.کوردی) لەسەر ئەو هاوارە بێ دەنگە دەڵێ، کە ئەوە بەرتەکی گەردوونیانەی جوولەکەکانە لە هەمبەر ژانە مەزنەکانیاندا: لە تەك ئەو چرکەساتەی کە "گشت تشتێك وردو خاش دەبێ" ئەو هاوارە "ئێمەش بە هاوار دەخا". هەروا هەمیشە ئەو هاوارە ئەو وشەیەی کە وادەکا شیعریش هاوار بکا، وشەیەك وێڕای هانابەخشییە راستگۆییەکەی، هاوکاتیش وەك هاوڕێیەکیشە.

لە وشەیەکەوە بۆ وشەیەکی تر
بۆشایەکی مسۆگەر

**سەرچاوە:**

**گۆڤاری**"Kris"**، ژمارە ٣٨، ساڵی ١٩٩٨. شایەنی باسە گۆڤاری ناوبراو، گۆڤارێکی گۆڤاری هزریبوو کە لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو کۆمەڵێ نووسەری هزرڤانی سوێدی سەرپەرشتیان دەکرد.**

# ناساندنێکی کورت سەبارەت
# بەماوریس بلانشۆو ئیدمۆند یابیس

**ماوریس بلانشۆ Maurice Blanchot**

لە ساڵی ١٩٠٧ لەQuain, Saône-et-Loire لە دایکبووەو لە ٢٠٠٣ کۆچیکردووە.

بەشێک لە تێزی خوێندنەکەی لە زانستگا لەسەر فیلۆلۆگی ئەڵمانی بوو. شایەنی باسە، بلانشۆ لە بیستەکانی سەدەی رابردوودا لە سمینارەکانی هایدگەر لە شاری فریبۆری ئەڵمانیدا ئامادەبووە. لە کۆتایی شەڕی جیهانی دووەمدا لە جەزائیر سکرتێری ئەندرێ جید بوو. لە ١٩٤١دا بە درەنگییەوە وەک یەکەم کتێب رۆمانێکی بە ناوی (تۆماسی بێفیگیور) بڵاوکردەوەو لە چل و پەنجایەکاندا دوو رۆمانی دیکەی چاپکرد. هاوکاتیش زنجیرەیەک وتاری لە گۆڤاری جودا بڵاودەکردەوە، کە پاشان ئەو کۆوتارەی بە کەمێک وردەکارییەوە لە کتێبێکدا بەناوی (کۆوتار) بڵاوکردەوە. بلانشۆ هەم وەک نووسەرو فەیلەسوف خاوەن چاندان کتێبی هەمەجۆری رەخنەیی، ئێستێتیکیی، فەلسەفیی سەرنجکێشی دیکەیە. یەکێک لە هاوڕێیە نزیکەکانی بلاونشۆ گۆرگی باتالی بوو. هاوکاتیش سەرچاوەی بیرۆکەی بێلایەنی (نیوترال) کە لە دەقەکانی

بلانشـۆدا ئامادەیـەکی گەشـاوەی هەیـە سـەرچاوەکەی لـە هزرەکانی ئێمانوێل لیڤیناسەوە هەڵدەقووڵێن. دەکرێ بێژین، کە بلانشـۆ بە یـەکێک لـە گرنگتـرین نووسـەرانی فەرەنسـی دوای جەنگ دەناسرێتەوە. ئەوەی بلاونشـۆ بناسێ دەزانـێ کـە شـێوازێکی ئـەدەبی، یـان شـیعرییەت لـە وتـارو کتێبـە هزرییەکانیـدا ئامادەیـە. وێـڕای ئەمـەش بلانشـۆ بەرهەمـە ئەدەبییەکانی بە شێوازێکی سـەخت و ئەبستراکت، هاووێنـەی بەرهەمە فەلسەفییەکانی دەنووسێ.

ماوەتەوە بزانین کە بلانشـۆ بە کەسێکی زۆر گۆشـگیر ناسـراوەو لـە ئاکـامی ئـەو خەسـڵەتەوە بـەوە رازی نـەبووە کۆڕو سمینار بۆ جەماوەر بکا، لە زانستگایەکان وانە بڵێتـەوە، چاوپێکـەوتن بکـا یـان لـە تیڤی قسـە بکـا. هـەر بۆیـە بلانشـۆ بێجگـە لـەو دوو وێنـەی کـە لـە ١٩٢٩ گیـراون، تـەنیا چەنـد وێنەیەکی دیکەی لـە پایزیی تەمەنیدا بـەرچاو دەکـەون. ئەو خەسڵەتەش دەگەڕێتەوە بۆ جیهانبینییەکەی خۆی کە ئەو بە گومان بوو لەوەی کە نووسـەر وەک دامەزرێنـەرێکی رۆڵـی کۆمەڵایـەتی بگێـڕێ، ئـەو بیرکردنەوەیـەش لـە شـێوازە دانسـقەکانی رەفتـاری ژیـان و نووسـینەکانیدا رەنگدەداتـەوە. وێـڕای ئەمانـەش، دەڵـێن بلانشـۆ لـە ژیانیـدا تـاکو بتـوانێ بنووسـێ سـیانزە سـاڵ لـە ژوورێکـی دەنگبـڕدا گۆشـەگیر دەبـێ. بۆیـە رەنگـە کەسـایەتییە گۆشەگیرییەکەشـی وەک ئاکامگیرییـەک هـەر لـەو جیهانبینییەیـەوە سـەرچاوەی

هەڵگرتبێ.

لە کۆتاییدا دەخوازم بێژم، کە ئەوەی هانیدام کە ئەم وتارە بە کوردی بکەم، ئەو شێوازی مەنۆلۆگە سەرگێژکەرە، ئاخاوتنە خوتبە ئاسایە بوو، کە من بە گرفتێکی وێرانکەری زمانی نووسەرو سیاسەتمەداری کوردی دەبینم، کە بە واتای بلانشۆ، خەڵک ناچار دەکەن گوێ لە خوتبە دووبارەکانیان بگرن. هاوکاتیش، وێڕای شێوازە ئێستێتیکییەکەی بلانشۆ، ئەو رامانە سەرنجکێشە بوو کە ئەو لە نێوان بیرۆکەی پچڕاندن و پرسی کۆکوژیی جوولەکەکان وێنای دەکا. ماوەتەوە بڵێم، کە من هەوڵمداوە دەست بەو شێوە دەربڕینەی بلانشۆوە بگرم، کە بەشێکی بنەڕەتی ئەو شێوازە، بریتییە لە رستەی هەناسە درێژو چڕو شیعریانە، ئەمەش لە بنەڕەتدا بەندە بە خودی زمانی فەرەنسییەوە. هەر بۆیە وەرگێڕە سویدییەکان، کە هەردووکیان دەیان وتار کتێبی هزرییان لە فەرەنسیی و ئەڵمانی کردووە بە سویدی و وانەبێژی فەلسەفەشن لە زانستگایەکانی سوید، بەهەمان شێوە لە وەرگێڕانەکەیاندا ئەو شێوازەی زمانی فەرەنسییان پاراستووە. کەواتە ئەگەر وەرگێڕانەکە سەخت دەنوێنێ، وێڕای کێشەی وەرگێڕانی بەشێک لە چەمکەکانیش، ئەوە پەیوەندی بە خودی زمانی سەختی دەقەکەوە هەیە.

## ئێدمۆن یابیس Edmond Jabès

شاعیرێکی جوولەکەی فەرەنسی زمانەو بە یەکێک لە شاعیرە ناسراوو دانسقەکانی دوای جەنگی جیهانی ناسراوە. یابێس لە ١٧ ئەپریلی ١٩١٢ لە قاهیرە لە دایکبووەو لە ٢ی ژەنیوەریی، لە پارییس کۆچی دوایی کردووە. لە ساڵی ١٩٥٦ دا لە کاتی شەڕی سوێسدا لە قاهیرەوە ئاوەرەی فەرەنسا بوو. هەر زوو بووە برادەری سووریالیستەکانی پاریس، بەڵام نەبووە ئەندامی ئەوان. شایەنی باسە یابێس لە شیعرەکانیدا بە شێوەیەکی سەرنجکیش بیرۆکە موستیک/سۆفیگەرایی ئایینی جوولەکە مشتوماڵ دەکا. "کتێبی پرسیارەکان"، کە بلانشۆ لەو دەقەدا باسیدەکا، کۆپەخشانێکی شیعر ئامێزی سەرنجکێشی ئێدمۆن یابێسە، کە لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوودا بڵاویکردۆتەوە. وێڕای ئەمەش ئێدمۆن یابێس خاوەنی زیاتر لە پانزە کتێبی شیعریی، رەخنەیی و ئەدەبییە. بۆیە من، بۆ ئەوەی خوێنەری کورد بتوانێ کەمێک تامی شیعرەکانی ئەو شاعرە بچێژێ، کۆپلەیەکی چکۆڵە لە کۆپەخشانی "کتێب پرسیارەکان" دەکەمە کوردی. ئەو کۆپلانەش هەر لە گۆڤاری "کریس"دا وەرگیراون. (و.کوردیی)

# ئەدمۆن یابێس

نووسینی: ژاک دێریدا **Jacques Derrida**

وەگێڕانی لە فەرەنسییەوە بۆ سوێدی:
ئاریس فیۆرێتۆس **Aris Fioretos**




لە ۱۹٦۳ دا (ئەز مێژووەکە تۆمار دەکەم) "کتێبی پرسیارەکان"م وەک سندووقێکی چکۆڵە کردەوە _ لە چاپخانەیەکی بچووکدا چاپکراوە ـ ئەو سندووقە چکۆڵەیە جوولەیەکی بوێرانە یان خەیاڵاوی بوو بە دژی گالیمارد ـ نووسەری کتێبەکە بۆ من نەناسراو بوو.

بۆ ئەوەی لەوێدا ئەو نەگوتراوە _ واتا ئەو زیاترین چەپێنراوانە، زیاترین ئاشنایە، یەکجار نزیک و ناسراوە، زیاترین چاوەڕوانییە بدۆزییەوە _ بۆ ئەوەی لە پێشڕا بەر لەوەی کات تەلارێکی هێماهەڵگر بئافرێنێ ئەو سندووقە چکۆڵەیە پێشکەشکراوە ببینینەوە.

کەواتــە ســندووقێکی چکۆڵــە، لــە چەشــنە کەرەســەیەک، کراوە/داخــراو، بــێ بــن زەنگــین ئــاڵتوون درەختێکــی گــران گۆڕێکی داخراو داوەتکردنی ئەشکەوتێکی هێماهەڵگرانە ژانی زایەندەیـــەکی راخـــراو پەنهانییـــەکی پیـــرۆز نـــاو دەمـــی سەردابێکی داخراو قووڵایی ئاسمان دەقێکی نهێنی درزێک نووســـینێکی پیـــرۆز هەناســـەیەکی روحـــانی رووشـــاو قاڵکردنـەوەی شـێوەی ماددەیـەکی زەرد رۆچـوو لـە زەوی هەناسەدان سارایەکی زیندووە.

پرسیار لەمەڕ نووسین _ کە هێشتا باو نەبوو، کە هێشـتا ناونیشـانەکانی نـەبوو، گۆڤارەکـانی نـەبوو، ریزبەندییـەکانی نـــەبوو، نرخـــی پـــارەی نـــەگۆڕا بـــوو، جووڵـــەی دەمـــە نائومێدەکەیی و رەفتارە بە زۆرەکییەکەی نەبوو؛ لەوێدا من بە دیداری ئەو کتێبە گەیشتم، پێشتر کۆکرابۆوە، رەمەکیانـە بیر لێکراوە، بوێر، لە پێشـڕا لـە هـەر گەردیلەیـەکی کتێبەکـەدا مەترسی لە پێشدا بوو. لـە گشـتایەتی و هـەموو جارێکش لـەو کۆپلە چڕکراوەی ئاقیق و دوعای ئەو کتێبە کۆنینە بێ تەمەنە رادەمام. لێ ئەو کۆپلـە چڕە بریقـەدارە زیاتر خـۆی حەشـار دەدا، تــەنیا بــە رێگــای تریفــەوە دەگەشــایەوە و تــاکو ئــەو پاشماوە بچووککراوە، ئەو نۆتـە زێدە دابەشکراوە، سـەخت، ئــازاد و رەق، ئــەو چنــراوە شــفرەدارەی کــە لەرزییــەوە، لوولدرایـەوە، واتـا ئـەو پەرتەوازەییـە مردووە چنراوە، ئـەو هەڵدێرە شـەق بووە، بدزم.

گشت ئەمانە، کە دەرفەتیان دا بەوە کە لە دەستپێکی رۆژگارەوە بگەڕێنێتەوە کە مرۆ توانی لە ماوەی دە ساڵدا بەشێکی لەوە ببات _ بەڵێ، ئێستا ماوەی دە ساڵ _، گشت ئەمانە مانەوە، جارێکی تر پارێزتنی، لە پەراوێزی ئەو بەشە ئەدەبییە گڕگرتووە ناوەندە نەبینراوەی: کە گشت ئەو تشتانەی کە خۆیان بە رووی ئەو هەڕەشە مەترسیدارەو کۆششە بێ سنوورەوە ئاوەڵا دەکەنەوە.

پاشان ئەوانە هیچی "لە بەرهەمی ئەو ئەدەبە هاوچەرخە"دا نییە، کە مرۆ دەتوانێ بڵێ، بە جۆرێک شێوەی خەملیووە کە پێشتر لە دەقی ئەدمۆن یابێسدا لە هیچ شوێنێکدا هاووێنەی نییە. هەندێک، یەکجار کەمێک، ئەو سندووقە چکۆڵەم ناسییەوەو کە لە تەنیشتەوە خۆی تاڵانکردووە.

**یابێس** خۆی، کە هەموو کەس دەزانێ، جوولەکە نییە.

ناسنامەی جوولەکە ـ تەواو بڕوای بە خۆی هەیە کە تاکو بۆ لێپرسینەوە ملکەچی دەق بێ، تاکو ئەو ئامۆژگاری بکا کە لە بەرانبەر ئەو ناسنامەیەدا وەڵامبداتەوەو خودی خۆی لە پەیوەدنی لەگەڵ "مەرجی جوولەکە"دا بناسێنێ ـ ئەو جۆرە ناسنامەیە لە نووسینی **یابیسدا شوێنێک بەدیناکا.**

بە لای کەمییەوە ئەو تشتانەی من مەزەندەم دەکرد کە من دەمتوانی ئەو ناسنامەیە بخوێنمەوە کە لە شەقبووندا دەستپێدەکاو ئەو بەدیارکەوتنە بەلێبووردنەوە رەتدەکاتەوە،

بۆ ئەوەی بەو گواستنەوە رازی بێ، راگوازینێکی پێشتر کە بە تەواوی هی ئەو نەبوو. بەمجۆرە دەقێکی تایبەتمەند لە زەبرو زەنگ کە چیتر لە کۆکردنەوە باوەکاندا نەیتوانی خۆی لەگەڵ خۆیدا ببەستێتەوە.

لەو **خەیاڵاندنەدا**، کە لەو ژینگەیەی یابێس رێگا بە رابین/قەشەکان دەدا بەرەو رووی هەڵشاخێن، ئەو لەوێدا رێبەری رستە/مانایەکانیان دەکاو بە زۆریش ناوەکانیان دەسەپێنێ، هەروا مرۆ دەبێ گەلێکی ناسراو، بەشێک یان پەرتەوازەیی **کە دیاسپۆرەکەیان** بخوێنێتەوە (دەشێ _ ئەگەر رێگەم بدەن بەو جۆرە وەریبگێرم _ کوکردنەوەی نەتەوایەتی ئاینی جوولەکە، دونیایی و رادیکالیەتەکانە) رەنگە ئەمەش یەکەم و ئاسانترین برینەکەیان بێ.

لەوێدا جوولەکە لێکگرێدەرێن، دەپێچرێنەوە، دادەپۆشرێن و خەتەنە دەکرێن.

یابێس جارێکی تر دەیکاتەوە و لێدەگەرێ خوێنی لەبەربرِوات.

ئاقیقەکە لەسەر نینۆکەیە.

1973 / 1972

# ئەدمۆن یابێس

نووسینی: ئێمانوێل لیڤیناس[1] Emmanuel Levinas

وەگێڕانی لە فەرەنسییەوە بۆ سوێدی:
ئاریس فیورێتۆس Aris Fioretos



---

[1] ئێمانوێل لیڤیناس لە ساڵی ١٩٠٦-١٩٩٥، یەکێکە لە نموونەی فەیلەسووفە سەرنجکێشەکانی زانستگای "ئێکۆلا نۆرمالا"ی فەرەنسی و هەر لە ١٩٤٣و ١٩٤٤ دا لەو زانستگایەدا بەڕێوەبەر بووە. پاشانیش لە زانستگای سۆربۆن و نانتێرێ لە کۆتایی شەست و حەفتەکاندا وانەبێژ بووە. لە ناساندنی فێنۆمێنۆلۆگی هورسل و هایدگەردا رۆڵێکی دیاری هەبوو و پاشان ئاراستەی تیۆری خۆی گرتۆتەبەر. لیڤیناس خاوەن کتێبگەلێکی فەلسەفی بەهادارە. لێرەدا تەنیا ئەوەندە لەسەر ئەو فەیلەسووفە بڵێین، کە چەمکگەلێکی وەک "ئەویتر"، "رووخسار بەرانبەر رووخساری ئەویتر"، "شوێنپێ"، "بەرپرسیاری ئێتیکی لەبەرانبەر ئەویتر، " ئازادی میوانداریی" و...تاد، کۆڵەکەی گەردوونی فەلسەفەی لیڤیناس پێکدەهێنن.
(و. کوردی)

**یەکەم:** داخۆ راستە کە شاعیرێک شوێنێک دەتەنێتەوە؟ داخۆ ئەو (شاعیرە) ئەو کەسە نییە کە بە مانای زۆر تایبەتی واتاکە – **شوێنەکەی لە دەستدەچێ**، بە تایبەتییش ئەوە کۆتایی پێدێ کە لەو شوێنەدا نیشمەن بێ و بۆیە هەر خۆی ئاوەڵاییەکە لەو شوێنەی کە لەوێدا وێدەچێ هێشتا تەنکی(دوو دیو) یان بۆشایی – هەروەک شەو یان رادەی دەنگی بوونەوەرەکان – بێ-بنییە، یان پایەکی بەرز، ئاسمانێک کە دەشێ لەوێ بێ،

"سەیلومنیتێت"ێک یان "سیڵێستیتێت/لێکۆڵینەوەی شێوەی ئاسمان"ێک بێ (ئەگەر مرۆ بتوانێ ئەو چەشنە بنیاتنانە نوێیانە بەکاربهێنێ)؟ بێ- بنی یان بەرزایی، کە بە واتای یابێس- لەوێدا هەموو ناوەکییەکان بە هۆی دوو کەرتکردنی هەواوە خۆیان بە تاڵ دەکەنەوە، کە زیاتر رووە دەرەوەییەکەیەتی تا دەرەکییەکەی، لە نزیک کاکڵەکەیەک؛ کە هەروەک ئەوە هەناسەدانێکی مرۆڤانە بێ لە هانکە هانک زیاتر نەبێ، هەروەک ئەو گێڕانەوە شیعرییە لە نزیک ئەو هەناسەدانە قووڵە کۆتاییەدا هەناسە سوارییەکەی تێپەڕاندبێ، لە تەک ئەو ئیلهامەی کە نووشتانەوەی هەموو تشتەکانە لە زیندانەوە، کاکڵەی هەبوونایەتی – یان ئەو بان بوونەی /ترانسێندێنسانەی – کە لە هاودۆستی مرۆڤانە زیاتر پێویستییەکی تری نییە. یابێس دەڵێ، "من لە ئاخاوتن زیاتر هیچی تر نیم"، "من پێویستیم بە رووخسارێک هەیە"ئەو

ئاوەڵاکردنەوەیە بە ریگای ئەوەی کە رستەسازییە رازیبووەکانی دەمێننەوەو هەروەک پەیڤەکانیش ئاوەڵادەکاتەوە نێوان تێزەکانی یابێس بەرهەمدەهێنێ، ئەمەش نەک تاکو ئەوانە واتایەکی نهێنی هەڕاج دەکەن، بەڵکو تاکو ئەوانە بە پەرتەوازەییەوە بناڵێنن و رستەو پیتەکانیان وردو خاش بن و لە ئاسمانێکدا بێ- شوێنێ ئازاد بکەن کە ئەو ئاسمانە تەواو بێ چاوەدێرییە، چەشنە ئاقارێکی ئەتۆمی بێ وێنە، بێ خەیاڵ، بێ پێوانەو بێ ئەندێشە ئامێز بۆ سێرەگرتنێکی بەرین کۆدەکاتەوە، بێ ئاقارێکی ژێر رکێفی خوا – سەیری ئەوە بکە ئەوەی واملێدەکا بێژم کە هیچ شوێنێک لە بەرهەمی یابێس جێنیشین نییە. سەبارەت بە خۆشمەوە من خۆم لە بەرانبەر دەقەکانییەوە دەبینمەوەو ئەوە لە یاد دەکەم کە ئەو خۆی نووسینێکی وەک بابەت بۆ نووسین هەیە (هەروەک ئەو شوێنە دڵنیایە جارێک بۆ بابەت بێ کە هێشتا زامنی ئەوە بکا کە دەکرێ بەردەوام لەو جۆرە نووسینانەدا دەستەبەری بکەی)؛ من ئەوە لە یاد دەکەم کە یابێس بەشی خۆی لە جیهان و لە تەوژمە کولتوورییە جیهانییەکاندا هەبێ.

**دووەم:** ئەو ئاوەڵاکردنەوە لە فەزایەک– ئاوەڵاکردنەوەیەک لە پەیڤینە شکۆدارە- کە دەمامکدارانە ئیلهامێکی خودگەرایانەی بەخشی خۆی نمایشکرد (تا ئەو رادەیەی ئیلهام بەخش بوو کە ئەوەی پەیڤی خۆی وەک

رستەیەکی دەسکەنەکراو دەردەبڕێ: یان لە (***Dieu***) نێوان رستەی وەرگیراوی ناو کەوانە یان پێشتر وتراو یان وتەیەکی پچڕاوی لە "ئەو وتی" یان "وتی ئەو" )و وشەی باڵا دەبێ، وەک وشەی "چاو" یان نووسی وەک ("چاوێک") دەستگیر دەبێ. "تۆ دەزانی"، ئەو دەڵێ، "کە دوا خاڵی کتێب چاوێکە، کە ئەو چاوە بە بێ پێڵوە؟" لەو ئاوەڵاکردنەوەیەدا ئەوە لە بیرکردنەوەیەکی راستدا باس لە پەنا بردن بۆ وشەیەکی کۆنی شۆخیانەی ئابڕووبەر ناکا، بەڵکو باس لە دەربڕینێک دەکا – بەر لە هەر سەرەتایەک کە دەکرێ بە یادبێتەوە - لەوێدا خوا دەبیسرێ. لوولدان لە زیندانێک کە بەخشینێکە بۆ **چاوێکی** بێ پێڵو، لێ لە "مەیلێک کە دەبینرێ" لەوێدا هەرچەندە یابێس وشەی "قانوون" دێنێتەوە پێشەوە: پەردە لەسەر هەڵماڵین، بە بێ داکۆکیکردن، بە رووی خولیایەک کە دەربڕینە زێدەڕۆیەکەی ناچارکردنە. گەلۆ ئەمە لای "پاسەوانی ئیسرائیل" خولیایەکی "بە بێ خەو" نییە؟ بەهەمە حاڵ لێرەدا لە بەرهەمی یابێسدا قۆناخێکی جوولەکەیی هەیە؛ ئەز دەخوازم بێژم قۆناخی هێما مرۆڤانەییەکانی ئەو. پێویستە ئایەت/پاسەلمی ١٣٩ بهێنینەوە، کە لە کتێبی پیرۆزی جوولەکە (تالمود) دا بە شێوەیەکی سەیر پوختکراوەتەوە، لەوێدا (ئادەم) لە دوو رووخساردا؛ سەرێک – رووخسارێکی تەواو– بە بێ کێڵگەی سێبەرێک، بە بێ سێبەر کە تانەلێدان یان رێگای دەرچوونێکە، بە بێ

شیانی دابڕانێک لەگەڵ ئەو خوایەدا، تەنانەت بە ڕێگای هەڵبژاردنی ئەو خراپەیەدا، دروستکراوە؟

تاراوگەی ئاینی جوولەکەو سەرگەردانی لای یابێس؟ تاوتۆکردنێک لەوە یان ئەو خاڵە لە نەریتی جوولەکەدا کە ئەویشی پێکا؟ دەشێ. ئەوەیە بابەتەکان. ئەوانە کەمتر سەرکەوتنی شاعیرەکان پێکدەهێنن. لە کن یابێسدا ئەوانەی کە هێشتا خۆیان لوولدەدەن لەو وڕێنانەوە سەرچاوە هەڵدەگرن کە ئەو بە " کتێبی سەرەگێژەی شوێن" ناودێریان دەکا.

1973 - 1972

**سەرچاوە: گۆڤاری، . *Kris*، ژمارە ٣٨، ١٩٨٩**

## سەرنجێكی كورتی وەرگێڕی كوردیی:

گۆڤاری "Kris" ئەم ژمارەی خۆی بۆ خوێندنەوەجیهانی فەیلەسووفی بە رەگەز جوولەكەی فەرەنسی ئێمانوێل لێڤیناس و دەق و لێكۆڵینەوە لەسەر شاعیری سەرنجكێشی فەرەنسی بە رەگەز جوولەكە ئەدمۆند یابێس تەرخانكردووە. ئێمەش بە هۆی بەهای ئەو شاعیرە و خوێندنەوەكان هەردوو خوێندنەوەی دێریداو لێڤیناس لەسەر ئەزموونی شیعری یابێس، وێڕای كۆپلەگەلێك لە شیعری ئەو شاعیرە پێشكەشی خوێنەرانی كورد دەكەین. لێرەدا دەمەوێ ئەوەش رابگەیەنم، كە رەنگە ئەو دەقە كورتەی دێریداو لێڤیناس بە زمانی كوردی ئاسان بنوێنن، وەلێ دەقە سوێدییەكەی، بە هۆی زمانە تووناوتوونەكانی ئەو دوو فەیلەسووفە و ئەو چەمكگەلە فەلسەفی و هێما مێژوویی و تەورات ئامێزانەی كە ئەو فەیلەسووفانە جومگەی دەقەكانیان پێدەچننەوە، بە كوردی كردنیان زۆر سەخت بوون. هەر بۆیە وەك دەبینن، تەنانەت بۆ زمانی سوێدیش، شێوازی دارشتنەكانی هەردوو دەق، لە هەندێ كۆپلەدا، ئاسایی نیین. بۆیە بە هۆی ئەوەی كە وشەكانی ئەو دوو دەقە وەك لاولاوێكی لێكئالاّو تێكچرژاون، وەرگێڕانیان ئاسان نەبوون. هیوادارم خوێنەر بتوانێ لەو شێوە زمانە چێژوەرگرێ. هاوكاتیش پێویستە بێژین، كە گەردوون و

خەمــە شــیعرییەکانی یــابێس و خوێندنــەوەکانی بلانشــۆ و دێریــداو لیڤینــاس کــە هەرســێکیان بــە رەگــەز جوولەکــەن گەرەکە بۆ مرۆی کورد مایەی تێهزرین بن. چونکە مرۆ دەتــوانێ لــە میانــەی ئــەو دەقــە دانســقانەی یــابێس و راڤەکارییــەکانی ئــەو فەیلەســووفانەوە کۆســتی ئــەنفال و برینــەکانی کــوردی بــە یادبێتــەوە. لێــرەوە دەکــرێ بــە کــوردیکردنی ئــەو ئەزموونــە لــە وێنــاکردنی کۆکــوژیی جوولەکەکان لە لایەن شاعیر و رۆناکبیری جوولەکەوە ببنە ورووژاندنی ئاگایی شاعیر و روناکبیری کورد.

دیارە مرۆ کە پێ دەنێتە ناو گەردوونی شیعرەکانی ئەو شاعیرەوە، بە جۆرێک مەست دەبێ، کە دەرچوون لەو گەردوونەدا فەرامۆش دەکا. (وەرگێڕی کوردیی)

# کۆپلەگەلێك لە شیعری ئیدمۆن یابێس

**لە "کتێبی پرسیارەکان"و " Yael " ەوە کە لە ساڵی ١٩٦٤دا چاپکراوە، وەرگیراوە.**
**وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە بۆ سوێدی: مەریا ترۆتزیک**






## کۆپلەی یەکەم:

### کۆپلەگەلێك لە: کاتێکی خۆشەویستدا

یوکل: لاپەڕەیەکی سپی هەنگاوێکە لە هەراو زەنا بە ڕێگاوەیە کە سەر لە نوێ شوێنپێیەکانی خۆی بدۆزێتەوە.
ژیانێک، گۆکردنی نیشانەیە.

سارا: خەون، یوکل، ئایا ئەوە مەرگێکی زووتر نییە؟ تۆ بە پەراوێزەکان، بە هەورەکان دەستپێدەکەی. مرۆڤ کات هەڵگرە. ئێمە دژ بەوە یاری دەکەین. کات بووناندنە، کڵپەی ئەو چرکانەیە کە هەر جارەو سەر لەنوێ لە دایکدەبنەوە.

یوکل: مرۆڤ فرۆشیاریکە لە خۆڵەمێش. من لە دەرەوەی جیهاندا ساتەکەم، بەشە ئەبەدییەکەی خۆم دەپارێزم.

سارا، سات و ئەبەدییەتەکەی منە.

سارا: وشە مەودا پاشەکەوت دەکا، شوێن گومانـاوی دەکا. ئایا وشە ئەوەیە کە دایدەڕێژین، یان ئەوەیە کە شێوەی ئێمە وێنا دەکا؟

یوکل: سەعاتەکان مرۆڤ فێردەکا کە ئەو، لە هەر کوێیەکە یان لە هەر کوێیەک بێ یان وەستاو بێ، وەک بەندۆلی سەعات سووڕدەخوات - کە نازانێ ئەوان سووڕدەخۆن. کیژە خەیاڵێنڕەوەکان، هەرچەندە تیکێکی چکۆڵەی ونبوون لە بەشێکی بچووکی گەردوون، لە ئارەزووەکانی ئەواندایە کە چەند رووبەرێکی گەردوون، هەوەسی دڵڕاکێشانە جوانەکانیان، دڵپیسی ژنە پاسەوانەکانی زیندان، رۆشنبکەنەوە.

ئەو سپێدەیە یەک کاتژمێر دڵکێشانە دەبریقایەوە. خۆر رابەرێکی تاریکی بوو. من بەر لە کازیوە لە خەو رابووم تاکو سەیری سەرکەوتنێک بکەم، ئەو رابەرە بە بێ دوو

دڵی هەر زوو لە ئامادەباشیدا بوو، وەلێ مەحاڵە کە پێشبینی وردەکارییەکانی بکا. من لەگەڵ رمانی شەودا بووم، بەسەر هەموو پارچە سێبەرە ئاوێزانەکانی . تا بڵێی مەکرێکی بێ مەزەندە. تا بڵێی ئامادەکاری کاری بەدانە لە نهێنیدا.

وشە پەنجەرەیە، دەرگایەکی نیوە کراوەیە بە رووی فەزایەکدا؛ من گومان دەکەم کاتێک ناولەپمان دەخەینە سەر پەنجەرەکە، سەر ئەو شوێنپێیانەی کە لەوێدا بەجێیان هێشت.

**تێبینی: یوکلو سارا دوو کەسایەتی روحی ناو تێستەمێنت/بیبلی کۆنینەی جوولەکەکانە. ئەوان هەردووکیان پێکەوە دەژیان.**

## کۆپلەی دووەم:

(ئەگەر زەریا شەپۆلەکانی نەبووایە تاکو دایانمرکێنێتەوەو وایان لێبکا بۆ زەریا بیانگەڕێنێتەوە؛ ئەگەر زەریا شەپۆلێکی زۆری هەبووایە – وەلێ نەک پڕاو پڕ – تاکو ئاسۆ لێی بڕژێتەوە؛ پڕاو پڕ – وەلێ تەنیا کەمێک – تاکو زەوی راڕا بکا؛ ئەگەر زەریا راڕا نەبووایە تاکو زەریا گوێ بۆ زەریا رادێرێ، چاوی نەبووایە تاکو هەتا هەتایێ ببووایە نیگای زەریا؛ ئەگەر زەریا خوێ یان کەفی هەبووایە، ئەوە مەرگی خۆڵەمێشی زەریا لە ناوەڕاستی هەتاودا لە

رەگەکانییەوە دەپچڕا؛ ئەوکات زەریای مردوو لە ناوەڕاستی هەتاوی لق و پۆپ پچڕاودا دەبوو، جا تەقینەوەی زەریای مینرێژکراو بە یادەوەرییە نابەخشندەکەیدا هەڕەشەی لە جیهان دەکرد . لێ مەترسییەکان. مەترسییەکان چییان لێدێ؟ لێ مرۆڤەکان. مرۆڤەکان چییان لێدێ؟) (١٩٦٣)

## رووناکی زەریا

ئەگەر تۆ کتێب بسووتێنی، لە بڵێسەکانەوە بە رووی نائامادەبووندا خۆی ئاوەڵادەکاتەوە؛ ئەگەر تۆ کتێب بخنکێنی ئەو بە شەپۆل خۆی لوولدەدا؛ ئەگەر تۆ کتێب لە گۆڕبنێی ئەو پرسەی سارا خامۆش دەکا؛ بۆیە هەموو پەیڤێک ئاوێکی پاکی لە گوناح پاکژ بوونەوەیە.

لە درەختێکی دایساودا زەوی هاووێنەیەکی ئاسمانە لە میوە.

ئەوە پەیوەندی بەوەیە کە چیتر نەبی، لە دڵەوە لەوەی کە هەیە تاکو بەسەر کۆسپەی هەقیقەتەوە هەڵکشێ.

مرۆڤ و سروشت سێبەرو ژیان دەگۆڕنەوە.

گەردوونی سێبەرەکان لە گەردوونی چاوی راکێشراوی چەمێکی تیژڕەوی گەردوونە.
ئەستێرەیەکی مردوو ئاگایی شەوە.

نائامادەبوون، ئەوکاتە بێکۆتایی بوونەوەرەکان فامدەکا.

چاو، لە پێوانەی خولْقێنەردا، مەمکێکی زەبەلاحە.
جیهان بۆ نیگا منداڵێکە کە شیری مەمکی دەداتێ.

لە هیچ فرسەتێکدا خانوو لەمپەر نەبوو.
کەڤر کۆڤانە؛
قاپییەکی لە ئاوەز.

خۆت لادە لە تێکەڵاوکردنی رووخسارو سیمایەکان.
رووخسار هێمایە؛ سیمایە، قەدەرە.

باڵندەی دەریا، نەورەسی زەریا، ئۆقیانووس بەهاری خۆی هەیە.

کتێب، دەبا مرۆ بە خۆشییەوە دانی پێدا بنێ، زیاتر لە کۆکردنەوەی بەڵگەنامە نزیکترە تا لە چامەی داستانی.

## وتووێژی لەو کەڤر

### (١)

جیهانی کەڤرەکان بەردی تاشراوی جیهانی دیوارەکانە؛
جیهانێکی رەش بە بوێرییەوە بەناو رووناکیدا وەر بوو.
جیهانی تونێلگەل لەوێدا سکەکان لۆچەکانن.
ئێمەش، ژانە دوو قاتەکانمان، بەسەر بەدییە دڵرەقەکانمانەوە

خلۆر دەکەینەوە.

("ئێمە خلۆر دەبینەوە"، رێب زولێ وتی، "اوەلێ کێ مەزەندەی پێچکەکانمان دەکا کاتێ ئەوان ئێمە دەبینن دەڕۆین؟
کاتێ جوولەکە لە نوێژەکەیدا لەسەر پەنجەی پێی هەڵدەستێتەوە تاکو یەکسەر بەرەو خوارەوە بچەمێتەوە، ئەمەش چونکە ئەو خۆی دایە دەست رێگایەک کە پێچکەی بڕواداری ئەو دەبێتە یەکایەتییەک لەگەڵیدا.")

سبەینێ رۆژی کەڤر پێدەگا.

من سەفەرەکەم دەستپێدەکەم.

## (٢)

-شایەدحاڵی کاتی من. کات لاجانگی سپی بە من بەخشی.
من سپییەتی ئاڵتوونم. ئاڵتوون کە شاراوەیە شین هەڵدەگەڕێ با گەنجایەتی منە.

گەنجایەتی لە مندا هەڵدەکا ، لێ من بە روویدا هەڵدەکاڵێم.
من لە زاڕۆکایەتی زوودا پیرم

شایەدحاڵی فێرکارییەکانی من. تۆ کەڤری قەڵایەکان و ئەو پەیکەرە دیقەتدارەی. تۆ کەڤری پرد و بەربەستەکانی.

ئەز تۆوی هەتاوم کە ئاسمان چاندی.

ئەز دوور لە لێوەکانمەوە ، دەستەکانم ژیام. پەیڤی من بن زەمینییە. لێ قرچۆکی لەشم لە ئەڤیندا یان لە جەنگدا ئاگر دەئافرێنێ.

ئەز بۆ نائامادەیی، سەرچاوەکانی باران دەپەیڤم. پەیڤی من مەزنە توانایە.

ئەز گرێدانێکی نەبزواوم، دیلێکی مەودام
ئەز بنی زەریایەکی فەرامۆشکراوم. ئەز خەونی مەیاڵی ئەو ئاوە ماندووەم.
ئاسمان لمی لەناو قژیەتی.

ئەز چاوم لەناو زەریایەکی بە بێ بن یان ئاسمان، بۆ ناوەکەی سنووردارە.
ئەز زەریا دوای زەریام، شەپۆل لە شەپۆل پچڕاوە.
ئەز تەنکە هەوری وێنەییم. --

لەوێدا کەڤر خۆی دەداتە دوای کەڤرو لمیش بۆ لم ئەز ئەو خەڵاتە زووەم. -

ئەز لە بەردەم بەفردا، لەبەردەم گیادا کەڤرم لێ لە نزیک دەنکە لمدا بە رێگای هەتاو و خوێ و بە رێگای باوە.

تۆ بۆ بەڵگەی ئێمە کەڤری و بەڵگەکەش ئێمە هەتا دەگاتە ئەو سەرچاوانە دابەش دەکا.

# بەشی دووەم

## هزراندنی شیعر

# ئەندازیاریی شیعر

پۆل ڤالێری Paul Valèry [1]

وەرگێڕانی لە سوێدییەوە



ئەگەر من لە هیکرا لە بیرکردنەوەی خۆمەوە رابمێنم، ئەمە واملێدەکا کە بێ خەمڕەوێنێک خەمی ئەو ئاخاوتنە ناوەکییە بێ خاوەنە یان بێ بنەچەیە؛ ئەو وێنا بێ مانایانە؛ ئەو ئەرکە بێکۆتاییانە هەڵبگرم کە لە توانای خۆیاندا پچڕاون،

[1] پۆل ڤالێری (١٨٧١-١٩٤٥) ئەو شاعیرەیە کە بە یەکێک لە زرینگترین شاگردو نزیکترین هاوڕێی مالارمێی شاعیر دەناسرێت. دەڵێن ڤالێری لە کاتی بە خاک سپاردنی مالارمێدا هێندە گریا بوو هەتا نەیتوانیبوو ژێربێتەوە. سیمبوولیزم لە شیعری ڤالێریی گەنجەدا دەگاتە ترۆپک. ڤالێری لە ساڵی ١٨٩٢ەوە کە ئەوکات تەمەنی بیست و یەک ساڵ دەبێ واز لە شیعر دەهێنێ و لە بری شیعر بیست ساڵ لە تەمەنی خۆی، وەک خۆی دەیگوت، بۆ "خەملاندنی بیرکردنەوەکەی" تەرخاندەکا. پاشان، وەک ئەوەی هیچ تشتێک روونەدابێت، دەستدەکاتەوە بە نووسینی هەمان شیعرە زرینگاوە جوانەکانی خۆی. دواجاریش لە ئاکادیمیای فەرەنسیدا هەڵدەبژێردرێ.

کە لە تشتێکەوە بۆ تشتێکی تر دەگۆڕێن، بێ ئەوەی هیچ گۆڕانێکیش رووبدا. ئەو بیرکردنەوەیە لە سروشتی خۆیدا، پەرش و بڵاوە، بێ ئەوەی وا خۆشی بنوێنێ، یەکسەر لە چاوتروکانێکدا نەک رەمەکییانە، ئەو بیرکردنەوەیە شێوازێکی گەرەکە.

لێ من هەموو رۆژێ لە توانامدا نییە کە تواناکانم بۆ بەشێک لە شێوەکانی نیشانبدەم، یان ئەو بەرەنگارییە روحییە رابگەیەنم، کە لە بری سەرهەڵگرتنە لە توانابەدەرەکەم، توانی لە دەسپێکدا کاریگەرییەک، دانسقەییەک، کۆتاییەک ببەخشێ.

شیعرێک چەشنە شوێنکاتێکە، کە من وەک خوێنەرێک، بە هاوئاهەنگییەک لەگەڵ قانوونێکی ئامادەکراودا هەناسە دەکێشم؛ من هەناسەو چۆنییەتی دەنگم؛ یان تەنیا وزە ناوەکییەکەی پێدەبەخشم، کە وا لە خۆی رادەبینێ لەگەڵ بێدەنگیدا یەکبگرێ.

ئەز بەناو بزوانێکی ئەسپ ئاسای دڵڕفێندا دادەڕمێم: بخوێنەوە، لەو شوێنەدا بژی کە پەیڤەکان سەنگی خۆیان هەیە. شێوەی بەرجەستەکراویان نووسراونەتەوە. دەنگە لێکچووەکانیان مشتومالکراون. لەرینەوەکانیان دوای رامانێکی پێشتر لێکچنراون، لە کۆپلە کۆپلەی جوانرێژییاندا یان پاکییاندا، لە زرینگانەوەکاندا دەگەشێنەوە. تەنانەت ناچاوەڕوانییەکانیشم روودانیان شیاوە: پێشتر حەشاردراون،

بەشێک لە یەکاتییەکەی پێکدەهێنن.

ئـەو نووسـینە چارەنووسسـازە وزە بەخشـە، ئەگـەر یادوەرییەکەشـم بیرێزانـە بـە ئاییندەیـەکی هەمیشـەی کێش و سـەرواکان بەنـد بـێ، ئـەوا مـن وشـە لـە دۆخـی هێـزە کریێتییەکەشـیدا ئـەزموون دەکـەم، چونکـە مـن دەمێـک بـوو چاوەڕوانی ئەو لە پێوانە بەدەرییەم دەکرد. ئەو پێوانەیە، کە من رەنـگ دەکـەم مەسـتم دەکـا، لـە راسـت و چەوتیـدا پـەنام دەدا. گومـان دوو لـەتم ناکـا، بگـرە ئـاوەزیش ئـازارم نـادا. رێککەوت نییـە، وەلـێ بـەختێکی دانسـقەیە کـە تـەنیا تۆکمـەتر دەبـێ. مـن بـۆ ئـەو سـەرکەوتنە بـێ هەولـدان زمـان دەدۆزمـەوە؛ بـە کۆمـەکی کەرەسـەوە دەهـزرم، بیرکردنەوەیـەکی بـێ دوودڵـی، زانایـەکی کارامـە، -لەگـەڵ لەبەرچاوگرتنێکی پێشتری دەریچەکان، دوور لە سێبەرە بێ مەبەسـتەکان، کـە لەگـەڵ ئاراسـتەکەیاندا ناچارم دەکـەن و تـا لێوانرێژم دەکەن: بیرکردنەوەیەکی نموونەیی دانسقە .

دەقێکی ڤالێری



**سەرچاوە:**

**گۆڤاری** "Pequod"**، ژمارە ٤٠، ٢٠٠٧. گۆڤارێکی ئەدەبیی و هونەرییە بە زمانی سوێدی دەردەچێ. ئەم دەقەی ڤالێری لەلایەن دەستەی نووسەرانی ئەو گۆڤارەوە لە فەرەنسییەوە کراوە بە سوێدیی.**

# چامە [1]

**ئۆکتاڤیۆ پاز**

**وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: محمد الظاهرو منیە سمارە**

**- چامە دژەبەرکێیەکی هاوشانە: لە پەیڤە خاوەن مێژوویەکاندا چنراوە. بۆ هەر مێژوویەکیش کارێکی پێشینەیە.**
**- ئەوەی هۆمیرۆس بۆمان دەگێڕێتەوە مێژوویەکی رابردوو نییە، بەڵکو ئەوانە پۆلە پەیڤێکی هۆگرو گونجاوی زەمەنین. ئەم پەیڤانە بە رێگەی زەمەنەوە بەرەو ئاقاری ئەمێستا رێگاکانیان شەق دەکەن.**
**- شیعر هەست ناکات، بالام مرۆڤ دەیبێژێ، چاکترین رێگاش بۆ هەستکردن بە شیعر ئاخاوتنەکەیەتی، خوێندنەوە لە گوێگرتن جودایە.**

ئەگەر بڕوامان بەوە هێنا کە کاری شیعریی لە کارەکانی ترەوە جیاوازە، ئەوە من دەمەوێ ئەوە روونبکەمەوە، کە چۆن دەکرێ ئەو کارە نەشیاوە بۆ تواندنەوە لەگەڵ دونیادا تێکەڵاو بکرێ. شیعر، ئایین، یان هزرێک و یانیش سیحرێک نییە، بۆیە دەبینین دەسازێ بۆ ئەوەی لە چامەدا دابین بێت، لەوەدا تشتێکی نامۆ، هەڵبەت تشتێکی نامۆ دێتەکایەوە، بەلام شیعر بەبێ ئەوە ناتوانێ بەرجەستە بێتەوە. چامەی شیعر، کەچی دیسان ئەوەیان تشتێکی دیکەیە و جیاوازی هەیە لەگەڵ

---

[1] چامە: لە بری چامەی عەرەبی دانراوە.

شیعردا. ئەو تشتەی دیکەیەش، زیادکردن و زێدەگۆیی نییە، بەڵکو بەشێکە لە قەوارەی چامەکە جودا ناکرێتەوە. دانەپەیڤەکان –مفردات-ی چامەی پوخت و تەواو، مانا و ئاماژە و سەرچاوە و دەلالەتە تایبەتەکانی خۆیان لە چامەدا دەئاخنن و مەبەستی خۆیان دەگەیەنن، بۆ ئەوەی بێجگە لە رەفتاری شیعریی زێتر تشتێکی تر نەگەیەنن. لە ئاکامی ئەوەدا چامە بزر دەبێ، چونکە ئەو دانەپەیڤانەی کە هەن تەنیا مانای ئەم تشتانە یان ئەوانی دیکەن، یاخود پەیڤەکان مانایەکی رێژەیی و مێژوویی لە رەهەندی تشتەکان رادەگەیەنن. چامەی تەواو ناتوانێ هەر بە دانەپەیڤەکان بخەملێ، چونکە تێگەشتنێک دەستەبەر ناکانەوە. لە هەمان کاتدا ئێمە دەبینین ئەو چامەیەی کە ململانێ لە دژی سروشتی دانەپەیڤەکان ناکا، ناچار دەبێ لە پشت خۆی و لە پشت مانا رێژەییەکاندا رێبکات. ئەو چامەیەی کە دانەپەیڤەکانی بۆ دەربڕین خۆیان بەدەستەوە نادەن و ملکەچی دەربڕینیان نەکات، ئەوە تەنیا دەبێتە گەمە بە وشە کردن و تشتە سەرزارەکییەکان.

ئەو تشتە هەرە گرینگەی کە چامە جودا دەکاتەوە، ئەو پەیوەندییە گەرم و گوڕەی نێوان دانەپەیڤەکان و ململانێیەکانییەتی لە پێناو ئەوەی کە دانەپەیڤەکان بۆ بوونەوەرێکی زیندوو وەرچەرخێنێ، تاکو تواندار بن بۆ فراژان. چامە بە تاکە رواڵەتێک بۆ تواندنەوە و تاوانەوە خۆی

بەدەستەوە نادات، لە هەمان کاتیشدا ناکرێ دەربڕینی کۆمەڵایەتی لە دەربڕینە مێژووییەکانی تردا دووتا بکرێ. چامە بوونەوەرێکە لە دانەپەیڤەکان، لێ تا ئەوپەڕی دوورنمایی دانەپەیڤەکان رۆدەچێ. ئەگەر مێژوو نەتوانێ چامە وەلانێ، یاخود بەبێ ئەو لێکترنجانەی کە چامە فرچکدەدا، یان ئەو سەرچاوەیەی کە چامە لێیەوە خۆراک وەردەگرێ. ئەوکات چامە بەبێ مێژوو بوونی نییە.

پەیڤەکانی شاعیر، وەک خودی پەیڤ، موڵکی شاعیرن، لە هەمان کاتدا ئەو دانەپەیڤانە لە شاعیر نامۆن، هەروا لە روویەکی مێژووییەوە ئەو دانەپەیڤانە بۆ خەڵک، بۆ ساتێکی مێژووی دەگەڕێنەوە، یاخود رەها دەبن.

لەسەر نموونە هێنانەوەی ئەو پەیڤانە دەڵێین: ئەگەر سەرتاپای ئەو دۆخە ساز بووەی کە بە "گریێک" ناودەبردرێ، ئەوە ئەو کاتە ( بێ ئەو پەیڤانە)، لەوێدا نە ئەلیادەو نە ئۆدیساش دەبوون، بەڵام ئەو راستییە مێژووییەی کە گریێک پێی دەنازێ ، گەر ئەو دوو داستانەی نەبووایە، نەدەکرا بەردەوامی و درێژ بوونەوەو هەبوونی خۆی بسەپاندبایە.

کەواتە چامە ئەو دژەبەرکێیە هاوشانەیە: لەو پەیڤانە چنراوە کە خاوەن مێژووی خۆیانن، کە بۆ هەر مێژوویەکیش کارێکی پێشینەییە. کارە رەسەنایەتییەکەی چامە ئەوەیە، کە دەچێتە ناو ناخی مێژووی بە کۆمەڵی و تاکایەتییەوە. لە هەمان کاتدا گوزارشتکردن لە کۆمەڵ مەرجێکە بۆ بوونی کۆمەڵگە.

یاخود شیعر بەبێ زمانێکی هاوبەش لە ئارادا نابێ، هەروا بەبێ زمانێکی شیعریی نە کۆمەڵگەو نە دەوڵەت و نە کلێسەش، یان هەر کۆمەڵگەیەکی تر هێ لەم زمانە شیعرییە لە گۆڕێدا نییە. زمانی شیعرییەت دووانە مانایەو هەریەک لە مانایەکان یەکتر تەواو دەکەن، دووانە مانایەکان وێکڕا ناتەبان، لێ لە هەمان کاتدا لێکجوودا بوونەتەوە: مانای دووەمیان مەرجێکە بۆ هەر کۆمەڵگەیەک.

زمان لە چامەدا، لە سەرئەنجامدا هەر تەنیا مێژوو و دەلالەت و ئاماژە بۆ جیهانێکی داخراو ناگەیەنێ، بەڵکو لە چوارچێوەی نموونە بەخشینێکی ناوەندیدا ماناکانی بەکاردێنێ: تاکەکەس یان کۆمەڵێ کەس دەگەیەنێ. کۆمەڵێ دانەپەیڤ و تشتەکان و دۆخ و کەسەکان، کە حیکایەتێک دادەهێنن، لە زمانەکەدا مانایەکەی هەڵدەهێنجرێ کە ئەوە زمانە یەکیاندەخاو وێکڕا کۆیان دەکاتەوە. ئەم زمانەش مێژوو نییە، هەروا هیچ پەیوەندییەکیش ناتوانێ بە رابردوو کۆتایی بێ، بەڵکو هەمیشە ئامادەیە و هەر لە تازە بوونەوەدایە. ئەوەی کە هۆمیرۆس بۆمان دەگێڕێتەوە تەنێ مێژوویەکی رابردوو نییە، هاوکاتیش هەر تەنیا خودی رابردوو نییە، بەڵکو پۆلە وشەیەکی زەمەنین کە دەگەڵ یەکتردا هۆگر و گونجاون. ئەم وشانە لە ماوەی زەمەنەوە بەرەو ئاقاری ئەمێستا رێگای خۆیان شەق دەکەن. ئەوانە تشتێکن هەمیشە خۆیان تازە دەکەنەوە. بەوەی کە لێوەکانمان بەو شەشەکییە کۆنانەوە

راهاتوون بۆ ئەوەی ئەو تشتە خۆی زیندووبکاتەوە، کە بوونی خۆی هەمیشە دەسەپێنێ.

چامە بارێکی تێڕاماندنە، لە پەیوەندی ئەزموونێکی رەسەندا، لە پەیوەندی کار و تاقیکردنەوەیەکی داهاتوودا، کە ماناو پێوەندییەکان بە خۆوە ناگرێ، تەنیا بە گەڕانەوەی بۆ ئەزموونەکەی یەکەمجاری نەبێ کە چامە هاتووە بۆ ئەوەی ئەو ئەزموونە رەسەنە بەرجەستە بکاتەوە.

ئەو دەربڕینەش بۆ چامەیەکی داستان ئامێز و چامەی گۆرانی و دراماتیکی لەبارە.

ئەو زەمەنە مێژوویەش، کە لە زمانێکی هاوبەش و کۆ و تاکدا پێکهاتووە و وەرچەرخانێکی دژوار لەناویدا دەقەومێ: ئەوکاتەی ئەگەر لەسەر ئەوە وەستابێ کە ببێ بەرامبەرکێ و بەردەوامی، هەر ساتێک لەو ساتانەی کە دەکەوێتە پێشەوەی و ئەو ساتانەی کە لە دواوەی دێن، ئەو ساتانەی کە پێیەوە بەستراونەتەوە. لێرەدا بەو رێگەیەی کە چامە شەقی دەکا، نێوان ئەو ساتە تایبەتییە و زەمەنە مێژوویەکە بە دوو تا دەکا. گەر لەوێدا تشتێک لەسەریدا کاربکا بە قاڵکردنەوەی رەگەکانی ئەو ساتە تایبەتییە: ئەڤین، کردەی قارەمانانە، تێڕامانێکی خواوەندییانە، وەستانێکی حەپەساویانە لە بەرانبەر درەختێک، یان لە بەرانبەر هەنییە نەرمەکەی "دیانا"[1]، کە

---

[1] دیانا: لە میتولۆژیای یۆنانی کۆندا، خوا ژنی مانگ بووە. شەو بە دارستان و هەردەکانا، بە تنجی و عارەبانەی زیوینەوە، بۆ

وەک دیـوارێکی بریقـدارە. کەواتــە ئـەم سـاتە خەرمانەیـەکی تایبەتی خۆی دروستدەکا، کە بە دەوریدا دەئاڵێ.

لێرەدا، وەک قووڵترین ئەرک کە بکرێ، ئەوە بۆ شیعر تـەرخانکراوە. چامـە لەگـەڵ تخـوبی وەرزشـکاران، هەقیقـەتی زاناکانی سروشت، هزری فەیلەسوفاندا لە دژایەتیدایە. چامە بە تاقیکردنـەوە بـەرزەفت نـاکرێ، تـا بکـرێ بـە تاقیکردنەوەیـەکی رووت، بـەڵکو ئـەو ئەزموونـە پێشـینەی کـە لـە ژیانـدا هەیـە دەیگوازێتەوە، جوداوازیە تایبەتییەکانی چامە ئەوەیە، کـە تـا لـە توانایدا بێ ساتە تازەکان و ئەزموونەکان پرشنگدار بکاتەوە.

ئـەڤینبازیی - ئێرۆتیـک - "سـافۆ"[١] و خـودی "سـافۆ"ش، هــەرگیز لــە مێــژووی زەمەنیــدا دووبــارە نابێتــەوە، بــەڵام شــیعرەکانی ئــەو هــەر بــە زینــدووی دەمێننــەوە، چونکــو "پارچەیەکـە" کـە لـە زەمەنـدا دابـڕاوە. شـیعرەکانی سـافۆ نـەوا ئامێزن و ئەو نەواو ئاوازانەی کە لە شیعرەکانی ئەودا هەن، لە هەموو زەمەنێکدا ئامادە دەبن و بەرجەستە دەبنەوە، هـەروا بە شێوەیەکی هەمیشەش بۆ بەرجەستەکردن لەبارن. ببوورن کـە شـیعرەکانی سـافۆم بـە "کۆپلـەگـەل" نـاو بـرد، چونکـە شیعرەکانی خۆی لە خۆیدا جیهانێک و زەمـەنێکی دانسقەیە. نـە

---

راوکردن دەسووڕایەوە. (و. کوردی)

[١] سافۆ Sappho: لە کۆتای سـەدەی حەوتـەم و سـەرەتای سـەدەی شەشـەمی بـەر لـە زایین ژیاوە. بە یەکـەم ژنـە شـاعیری گرێکـی دادەنرێ و شیعرەکانی بە ئێرۆتیک بەناوبانگن. (و. کوردی).

ئاکاری رابردوو و نە داهاتووش بە خۆوە دەگرێ، بەڵکو هەمیشە ئامادەن. هەر ئەو تایبەتییەشە کە وا دەکات چامە هەمیشە لە ئامادەبوونی دەهێڵێتەوە، بەمەش لە جەدەلی پێشکەوتنی مەرزی زەمەنی مێژوودا دێتەدەرێ. هەر خودی چامەشە کە لەگەڵ مێژوودا پەیوەندی مکوم دەکاو ئەمەش وایلێدەکا کە بەهێزترین پەیوەندی بە مێژووەوە هەبێت. کاتی هەنووکە ناکرێ بەبێ ساتە هەنووکەییەکەی هەبێ، یاخود دەبێ ئەو هەنووکەیە لەناو خەڵکدا هەبێ، بۆ ئەوەی ئەو چامەیە لەناو ئەم ساتە هەنووکەیە بوونی هەبێ، دەبێ لەناو خەڵکدا ئامادە بێ، هەروا لەناو مێژووشدا خۆی بەرجەستە کردبێتەوە.

چامە وەک هەر پرۆسەیەکی داهێنەرانە و خولقێنەرانە، بەرهەمێکی مێژووییە، یاخود بریتییە لە دەربڕینی شوێن و رۆژگارێک، بەڵام لە هەمان کاتدا تشتێکە بە مێژوو ناوی رۆیشتووە، لە بەرایی هەر مێژوویەک کە هەبێ شوێنی خۆی دەگرتەوە. کەواتە چامە لە سەرەتای سەرەتایەکاندا بەر لە مێژووە، هاوکاتیش لە دەرەوەی مێژوودا نییە. چامە بەر لە مێژووە، چونکو لەسەر مێژوودا، نموونەیەکی نەمر و عاسێیە. چامە دەستپێکردنێکی رەهایە و هەر خۆشی زەمەنێکی گشتگر و خودی هاوتایە، چامە لە مێژوودا، یان بە واتایەکی وردتر، چامە هەر خۆی مێژووە، چونکو ئەگەر بەرجەستەکراو نەبێتەوە ناژی، ناشتوانێ بژی ئەگەر هەمیشە

بۆ تازەبوونەوە لەدایک نەبێتەوە، هاوکاتیش ناژی ئەگەر لەناو ئەو ساتە دەرباز بوونانەی نێو دووبارە بوونەوەی شیعریدا ئامادە نەبێ.

کەواتە بەبێ مێژوو، یان بەبێ ئەو خەڵکانەی کە کاکڵەی مێژوو پێکدێنن، چییەتی-ماهیەتی-و مەبەستایەتییەکەی چامە لە دایک نابێ و بەرجەستە ناکرێتەوە. وێجا لە دەرەوەی چامە، مێژوو بوونی نییە، چونکو ئێمە بەبێ چامە، سەرچاوەو سەرەتایەکانمان وندەکەین.

بە هۆی دوو لەبەر چاوگرتن دەکرێ بێژین چامەی مێژوویی: یەکەم، چونکە خودی چامە بەرهەمێکی کۆمەلایەتییە. دووەم، چونکە ئەفراندنێکە مێژوو بەرەو چڵەپۆپەیی بەرزدەکاتەوە، بەلام بۆ ئەوەی چامە بەهانەی هەبێ بۆ کاریگەریی، دەبێ لە نوژەندا خۆی لە ناو مێژوودا بخەملێنێ و لەناو خەڵکیشدا خۆی دووبارە بکاتەوە، وەلێ لەبەرچاوگرتنەکەی دووەم ، ئاکاری واقیعیانە بە چامە نابەخشێ، تەنیا ئەگەر ئەو هەنووکەیە بەو رۆژگارو شوێنە دیاریکراوە ئاشکرایە دیاریکراوبێ.

خودی چامە، زەمەنێکی نموونە بەخشە، لەم روانگەیەوە ئەو زەمەنە لە ئەزموونێکی ئاشکرای گەلێک بەرجەستە دەبێتەوە، یان لە ئەزموونی کۆمەڵێ کەس، یاخود قوتابخانەیەکی هزریانەی دیاریکراودا بەرجەستە دەبێتەوە. توانستداری بەرجەستە بوونەوە لەناو خەڵکدا، چامە دەکاتە

کانییەکی تەقیووی پڕژاو، ئاوی هەنووکەیی تازە دەبەخشێ، کە لە ناخی رابردووەوە هەڵقوولاوەو دەڕژێتە ناو ناخی داهاتووش. بەڵام روخسارە دووەمەکەی چامە، چونکە بۆ خۆی مێژووییە، ئەم روخسارەی چەند دیویکی هەمەجۆرو ناکۆکن، لێ ئەوەی کە چامە دەکاتە کارێکی دانسقەو لە نێوان کارەکانی مرۆڤایەتی و نێوانەکانی دیکەدا هاویری دەکا، وەرچەرخانە چلۆنایەتیەکە ئەو زەمەنەیە کە تێیدا دەژی، کە چامەکە لە روخسارێکەوە بۆ روخسارێکی تر وەردەچەرخێ، بێ ئەوەی خۆی بزربێت. خودی ئەو پرۆسەیە چامەکە والێدەکا کە لە ساتی وەرچەرخانەکدا بتوانێ زەمەن ببەزێنێ.

لە دەرەوە سەیرکردن لە پەیوەندی نێوان مێژووو چامەدا، پەیوەندییە لێکجوداکانی نێوان چامەو مێژوو و نێوان مێژووشمان بۆ بەدیارناکەوێ، هەروەک لە کۆنی بەجێماودا چامە ئاکامێکی جڤاکی، یان گرۆیی بووە، تا لەو کاتەوە هەر لەو کاتەوە ئەو لێکجوودا بوونەوە ئاشکرایەی نێوان شیعرو جڤاتی تێیدا ببینین، هەروەک لەم رۆژگارەماندا شیعر لە کۆمەڵ سوڕگووم کراوە. ناکرێ چامە لە مێژوودا پەراوازە بکرێ، چونکە هەر لەوێدا دەمێنێتەوە.

لە کۆمەڵگەیەکی پچڕکاویشدا، دەبێ شیعر وەک شیعری ئێمە بێ. دەوڵەت و کڵێسە بە درێژایی رۆژگار نەیانتوانیووە شیعر بۆ مەبەستە تایبەتییەکانیان ملکەچ بکەن، ئەوەشیان بە رێگەی هێزەوە رانەدەپەڕاند، بەڵکو خودی شاعیران بە خۆیان

بەو مەبەستانە رازیبوون، بۆیە هەرگیز لەوە دوودڵ نەدەبوون کە شیعرەکانیان بۆ خزمەتی ئەو مەبەستانە تەرخان بکەن، بەو کارە هەڵدەستان ئەزموونەکانی سەردەمەکەی خۆیان دابیندەکرد.

یوحەننا دۆلاکەروای قەشە دەیویست خزمەتی باوەڕەکانی خۆی بکا، بەراستیش بە رێگای شیعرەکانییەوە خزمەتی باوەڕەکانی خۆی کرد، بەڵام ئەو پرسیارەی کە لێرە قووت دەبێتەوە ئەوەیە، کە ئەو چۆن توانی ئەم جوانییە بێسنوورانە بۆ ئەو مەبەستە تەرخان بکات. هەروا ئەگەر "باشۆ" لە سەدەی حەڤدەدا لە ژاپۆن نەژیابایە نەیدەتوانی ئەو نووسینانە بنووسێ، بەڵام بۆ ئەوەی سەرمان بسووڕێ، پێویست ناکات بە بوزایەتی "زن"[1] باوەڕ بهێنین. کە دیمانەی مێژوومان بۆ دەردەکەوێ، هەردەڵێی یەکەیەکی گشتییە و لەسەر هەموو کارەکان توانای پێبەخشینی هەیە. چامە دوو مانایی، هاوجووتیەکەی پێشکەش ناکا، بەڵکو ئەوەی کە دەستەبەری دەکا خودی چامەکەیە، واتا لەگەڵ چوارچێوەی ئەو هێڵە هاوجووتەی کە پرۆسەی شیعر لەسەریدا دەگوزەرێ دەستەبەر دەبێ: ئەو زەمەنە مێژووییە بۆ زەمەنێکی نموونەدار وەردەچەرخێنێ. ئەو نموونەدارییەش لە

---

[1] زن: (بودیزم) قوتابخانەیەکی بوزییە لە ژاپۆن دروستبووە. لە سەدەی یازدەوە لە چینەوە هاتۆتە ژاپۆن و کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر ئەدەبی ژاپۆنی بەجێهێشتووە. (و. کوردی).

زەمـەنێکی مێژوویـی دیـاریکراودا بەرجەسـتە دەبێتـەوە. هـەر خــودی ئــەو بزاڤــە هاوجووتەشــە کــە قــەوارەی شــیعر دەخـەملێنێ: رێگایـەکی تایبـەت و ناتەبایـە، بـەڵام رەوتـی هێڵـە شیعرییە مێژوویەکە، ئەمەیان جەدەلییە. ئەو جەختکردنەوەی کە رەتیدەکاتەوە: زەمەن و زنجیرە یەکبەدوای یەکەکانە.

شـیعر هەسـت ناکـات، بـەڵام مـرۆ دەیبیێـژێ، چـاکترین رێگـاش بـۆ هەسـتکردن بـە شـیعر، ئاخاوتنەکەیـەتی، کـاتێ کـە هەر ئاخاوتنێک خـۆی لـە خۆیدا ئاخـاوتن بێ لـە تشـتێک، بۆیـە هەرگیز لـە کەرەسـەکانی دیکـەی ئاخاوتنـەکان جودا نییە. ئەو تشـتانەی کـە شـاعیر لەسـەریان دەئـاخڤێ، ئـەو تشـتانە هـی خۆیەتی، هەروا کە لە جیهانەکـەی خـۆی دەئـاخڤێ، هاوکات لـە جیهانـەکانی تـریش دەئـاخڤێ، وێنـە شـەوانەییەکانی بەشـێکە لـە وێنەی رۆژەکـانی، بەڵام ئـەم وێنانـە لـە دیدی یاسـایەکی تـردا دەخولقێنرێنەوە.

ئەوکاتــەی کــە شــاعیر مێــژووش رەتیدەکاتــەوە یــان پشتگوێی دەخا، ناتوانێ لێی بێتە دەرەوە. ئەو تاقیکردنەوانە تـا حــەز بکــەی نهێنییــە، تــا حــەز بکــەی گــەرم و ســۆزاوین، تــا حــەزیش بکــەی تایبــەتن، بۆیــە دانەپەیڤـەکانی کۆمەڵایــەتی و مێژوویـی وەردەچـەرخێن. شـاعیر دەوکاتـەدا، بـە هـۆی ئـەو دانەپەیڤانـەوە تشـتێکی دیکـە دەڵـێ، ئـەو مـرۆڤ رادەگەیـەنێ، ئەم راگەیاندنەی مـرۆڤ خـۆی لـە خۆیدا لـە هـەموو چامەکـەدا گرنگتــرین مانــاو تێگەیشــتنە. شــاعیر زۆر جــار لــەم کــارەدا

شێوەی شرۆڤەیی پەیڕەو ناکا، بەڵکو ئەوە لە بنەچەدا بۆ شیعرەکە دەمێنێتەوە. بە هۆی وێنەو نەواو ئاوازەکانی چامەکە، بە چەشنێک لە شێوەیەکی سەیرو سەمەرەدا ئاشکرا دەبێ، کە دانەپەیڤەکان دەئاخڤن هەوەس و ماخولیاکە ملکەچیان نابن، بەڵکو بە تشتێکی پێشینە ملکەچ دەبن، دانەپەیڤەکانی چامەش لەسەر ئەو هەوەس و ماخولیایە چەقگیر دەبن. ئەوەش لە بالاترین حاڵدا دۆخی مرۆی ناوبراوە، هەر ئەم کارەشە کە مرۆ بەرەو پێشەوەو هەروا بەرەو عەدەمی دەبات. ئەمەش لە پێناو ئەوەدایە تا بوون و نازناوێک بە مرۆ ببەخشێ، خاوەن ئەو توانستەی بکا کە بتوانێ هەمیشە دەڤەرە تازەکان داگیر بکات، بەلام کە خودی مرۆ قاچی خستە ناو ئەو دەڤەرانەوە ببنە خۆڵەمێش، ئەمەش پرۆسەیەکی فراژاوە بۆ مەرگێکی تازەو لە دایک بوونەوەیەکی تازەتر. ئەو هەوەس و ماخۆلیایەی کە شاعیران رایدەگەیەنن، بە تەرزێکی هەمیشە لە چامەدا بەرجەستە دەبنەوە، بە تایبەتی ئەو دانەپەیڤە هەستدارانە بۆ ئەم چامەیە یان ئەویتر کۆڵەکەن، ئەمەش نە بەو مانایەی بەشداریکارێکی نەپساوەی شیعریین، بەڵکو بۆ ئەوەی پەیڤەکان لەسەر تشتێکی تر توانای ئاخاوتنیان هەبێ، کە هەر چامەیەک لە بارەیەوە دەئاخڤێ، هەروا ئەو پەیڤانە دەبێ لەمەڕ ئەو تشتە یان ئەوەی تر بۆمان بئاخڤن.

لەناو هەموو چامەیەکدا ئەو هاودژییە شارەوەیە، بۆخۆی

مەرجێکە لە سروشتەکەی، ئەمەش، هەروەک هەندێ کەس کە سەرچیغ تێیدەگەن، لێکپچڕاندن، یان رەمەکیەتی نییە، بەڵکو چامە یەکێتییەکە، ئەم یەکێتییەش، گەر ئەو هاودژیانە نەتوێنێتەوە ناتوانێ قەوارەکەی خۆی وەربگرێ. ململانێی ناو چامە، لە نێوان ئەو دوو جیهانە لێکجوودایە نییە، بەڵکو لەگەل خودی خۆیەتی. لەم روانگەدایە کە چامە نەمرە، ئەم ململانێیەش کۆتایی بۆ نییە، بەمە سیمای ئەم یەکێتیە نەمرە پێکدێنێ، سیمایەکی لووس و تورت، شەکەتدراو و لێکچڕژاو بۆ ئەوەی کە هێڵی شیعری روویتێکرد، بلوورین و کریستالیی بکات. شاعیر کە بۆ خزمەت شوێنی سەدەقەی قوربانییە کۆمەڵاتیەکە لە پێشەوە دەڕوات، هاوکاتیش بە ئیمانێکی تەواو بە بڕوایەکانییەوە، پشکداری سەردەمەکەی خۆیدەکات، وەلێ ئەو وەک بوونەوەرێک هەر بە تاقی تەنیا دەمێنێتەوە، بۆ ئەوەی بە توانستی کارەکەی، تشتێکی تر بڵێ، لەوکاتەش بە هەمان ئەو تشتانەی کە خەڵکان دەیڵێنەوە، ئەو تشتێکی تر دەڵێ.

ئەو هۆشدارییەی کە لە هەڵسوکەوتی دەوڵەت و کڵێسەکاندا لە بەرانبەر شیعر بەرچاو دەکەوێ، لە نیازی ئیمپریالیزمانەی ئەو دوو دەسەڵاتە رەسەنەدا لە دایک نەبووە، بەڵکو خۆی لە خۆیدا لە ئاخاوتنی شیعریدا بەرهەمهاتووە، سروشتی ئەو ئاخاوتنە شیعریانەی شیعر هەر خۆی هۆشداری و وریایی وروژێنن. وریا بوون لەو تشتانەی

کە شاعیر نایانبیژێ،، ئەوانە لە ناو خۆماندا لە دایک دەبن، دەبا هەر لای خۆشمانەوە بەسەر ئاخاوتنی شاعیر بیانرۆخێنین. ئەو تشتەش لە دوو روخساری توونـدو دژوارییەک بەرهەم هاتووە کە لەدەست دەرناچێ، تامو بۆی ئەزموون بە دانەپەیڤەکان دەبەخشێ .

ئەم تۆمەتە دمگۆیانەی کە ئاراستەی شاعیران دەکرێن، کە شاعیران سەرمەستن، بێئاگایانەو بە شێوەیەکی بەردەوام لەم جیهانەدا ئامادەن نین، رەنگبێ ئەو بەرتەکانە پەیوەندییان بە سروشتی خودی ئاخاوتنە شیعریانەوە هەبێت، وشەی شیعریی هەمیشە لەم جیهانەدا ناسرەوێ. بەڵکو ئەو وشانە هەمیشە دەمانبەن بۆ جیهانە مێتافیزیکیەکان، بۆ شوێنەکان، بۆ ئاسمانە تازەکان و راستییە تازەکان، بۆ ئەوەی شیعر- هەروەک خۆی وا دەنوێنێ- لە دەرەوەی یاسای مێژوودا بمێنێتەوە، چونکە دانەپەیڤە شیعرییەکان بە شێوەیەکی تەواو، نە دەبنە مێژوویی و نە بە شێوەیەکی تەواویش بوونەتە مێژوو. وێنە ی شیعری هەر تەنیا ئەوەو ئەمەی تر ناگەیەنێ، بەڵکو هاوکات ئەوەو ئەمەی تریش دەگەیەنێ، هەروا لەوەش زیاتر، هەر دەڵێی ئەمەو ئەو نهێنییەش دەگەیەنێ.

ئەو مەرجە جووت لایەنییەی شیعریی ناکرێ هەرگیز لە مەرجی سروشتی ئادەمیزاد دووتا بکرێ، مرۆ بوونەوەرێکی زەمەنی رێژەییە، هەر ئەو مرۆڤەیە کە بە رەوتە هەمیشەییەکەی بەرەو رەهایی و بەرهەڵدراوی رێدەکا — ئەو

ململانێییەی کە مێژوو دەخولقێنێ، لەم روانگەیەوە کە مرۆ ناکرێ بە تەنیا وابەستەی بێت.

ئەگەر کاکڵەی مێژوو لە وابەستەیی ساتەکان پێکبێ، ئەو ساتە یەک لە دوا یەک هاتووانەو بە دوایەک هاتنی ئادەمیزاد، مرۆ بە دوای مرۆ، یەک بە دوای یەک هاتنی ژیارەکان، ژیارێک بە دوای ئەویتر، واتا لێرەدا گۆڕانکاری لە تەک یەکدا بڕوات، لە کۆتایشدا مێژوو دەبێ بە سروشت. جیاوازیەکانی نێوان تشتەکان، جیاوازییە جۆرایەتییەکان هەر چۆن بن، درەختی سنەوبەر هەر بە بەری درەختێکی سنەوبەری تر دەمێنێتەوە، سەگیش زادەی سەگ.

بەڵام پێ بە پێی مێژوو، ئەم کارە پێچەوانانەی کە روودەدەن، هەرچەندیش ئاکاری نێوان تشتەکان هاوبەش بن، کەچی یەکسانی نێوانیان هەر بە مەحاڵی دەمێنێتەوە، یاخود یەکسانی مرۆ بە مرۆ پێوانە ناکرێ، یان ساتە مێژوویەک بە ساتە مێژوویەکی تر یەکسان ناکرێ- ئەوەی وا لە ساتیک بۆ ساتێکی تر دەکا، زەمەنیک بۆ زەمەنێکی تر دەکا، ئەوە خودی مرۆڤە، کە تێیدا دەتوێتەوە تا بتوانێ تاکایەتییە بەرهەڵدراو و رەهایەکەی خۆی تێبترنجێنێ.

مێژوو بزاڤە، کارە قارەمانەکان مێژوو، مێژوو خۆی تەقینەوەی دەلالەتی گشت ئەو ساتە گرژە شپرزاوانەیە، مرۆ لە تەواوی ئەو ساتەنەدا تشتێکی لێ قووتدەکاتەوە، بەمجۆرە ئەمڕۆ لە دوێنێ هاوێر دەبێ، مرۆ لەو هەموو ساتانەدا

هەوڵـدەدات خـۆی دابـین بکـات، هــەروا هەوڵـدەدا هــەموو سـەعاتێک چوارچێوەیـەک بـۆ ئەبـەدێکی کاتینـە بکێشـێ. تاکـە دەربازبوونێک لەم حاڵەتە زەمەنییەدا، کە لەبەر دەست هـەبێ، ئەوەیـە کـە لـەناو زەمەنـدا خـۆی نقـووم بکـات، یـاخود تاکـە ڕێگایــەک بــۆ زاڵبــوون بەســەر زەمــەن، ئەوەیــە کــە تێیــدا بتوێتـەوە. مـرۆ کـە دەرکـی کـرد ئەبەدییـەت نـاپێکێ، لـە تاکـە ساتەکەیدا تەنیا بە ئەفراندن واز دێنێ، ئەو سـاتەش کـە نـاکرێ دووپاتە ببێتـەوە، بـەم کارەشـە کـە بـوار بـۆ لـە دایکبوونـەوەی مێژوو ئاوەڵا بکاتەوە.

ئەم دۆخە وایلێدەکا ببێتە تشتێکی تر، کاتێ کە بووە ئەو تشـتەی تـر، بـە خـۆی پێـدەگرێ، مـرۆ، هــەر لــە ســەر ئـەو بەســەرپێکەوتنە ڕاوەســتاوییە نامێنێتــەوە، بــەڵکو دەبــێ بــە وێنەی خۆی .

خوڵقانـدنی شـیعرییەت، خـۆی لــە خۆیـدا ئـەزموونێکی سـەربەستانەی مرۆڤایەتییـە، ئـەوەی کـە ئیلهام- بـەهرە نـاوی دەبـەن، ئەمـە تـەنیا شـکۆفەکردنی ئـەو سەربەسـتییە. خـودی ئەزموونی شیعریی بەدیارخستنی بارودۆخی ئادەمیزادە، هـەر مرۆڤیشە کە لـە نـاو خـودی بارودۆخەکـەدا ئەو نـاو بەخشـینە ڕەهایــە ســەربەســتییە ڕاســتینە دەســازێنێ. کەواتــە ئـــەو سـەربەسـتییە مرۆڤایەتییـە، بزاڤـی ئـەو بوونەوەرەیـە. ئـەوە شـیعرە کـە ئـەو نـاوە هەمیشـەییەی بـە مـرۆڤ بەخشـیوە. لـە کۆتـادا پێویسـتە لەسـەری هەمیشـە بـۆ تشـتێک پشـتگیری بکـا،

هاوکات ئەویش بۆ بەهایەک یان ئەزموونێکی دیاریکراو دەکۆشێ، کە شیعر ئەو یاسایە نابەزێنێ، چونکە ئەوە کارە جوداوازەکەی شیعرە، ئاخاوتنەکەیەتی، ئاخاوتنی گشت خۆی لە خۆیدا تشتێکە. گەلۆ دەبێ ئەو تشتە چی بێ؟

ئەو تشتە مێژوویە کە دەکرێ (مێژوودار بکرێ- بەرواری لەسەر دابنرێ). ئەوەی شاعیر دەیبێژێ، جا ئەو گوتنە کە ئەڤینبازی- ئرۆتیک کردنەکەی کە "گالا" دەیکا، یان مەرگی "هاملێت"ە یاخود گەمارۆدانی "تراودە"یە، یانیش تەمێکی سەر دەریایە، کە شاعیر دەیبێژێ.

شاعیر تایبەتمەندییەکەی خۆی بە ئەزموونە مێژووییەکەی دەبەخشێت، تایبەتمەندی کەسایەتیەکەی خۆی، یان کۆمەڵێ کەس، یان هاوکات هەردوولا بە ئەزموونە مێژوویەکەی پێشکەشدەکا. وەلێ کاتێ کە لەسەر ئەو رووداوانەو ئەو سۆزو ئاتیفە گەرمانەو ئەزموونکاری تاکە کەسەکان دەدوێ، هەروا هاوکات لە تشتێکی تریش دەپەیڤێ، یان لەو کاتەدا بە خۆی چی دەکا، وەیا ئەوکاتەی کە لە دایکبوون لەناوماندا روودەدا، یان رووداوەکانی بەرچاومان، لە یەک کاتدا لە هەموویان دەپەیڤێ، هەروا شاعیر لە هەمان چامەدا لەسەر کردەی خوڵقاندن و ناوپێبەخشینەکە بۆمان دەئاخڤێ. بەڵکو لەوەش زیاتر، هانیشمان دەدا بۆ سەر لە نوێ خوڵقاندنەوەی چامەکەی خۆی کە ناونیشانیشی لەسەرداناوە، شاعیر بەمەوە گەوهەرەکەی خۆی بۆ ئێمە ئاشکرا دەکا.

لێرەدا من نامەوێ بڵێم: شاعیر دەبێ شیعر بە خودی شیعر بخولْقێنێ، یان لە کاتی پەیڤاندنی شیعردا، لە هیکرا بپچڕێ، بۆ ئەوەی ئاخاوتنە تایبەتیەکەی پێشکەش بکا. لێ دەمەوێ بڵێم ئێمە و ئێوە کە دەیخوێننەوە، کارەکەی ئەو لە نوژنەوە دەخولْقێنینەوە، لەگەڵ شاعیردا سەرکێشیەکانی زیندوو دەکەینەوە، بەم سەربەستییە رەفتار دەکەین، بە رێگەی ئەمەوە ناوێک بە دۆخە مرۆڤایەتییەکەمان دەبەخشین. یاخود ئێمە لەناو ئەو ساتە شیعرییەدا دەتاوێینەوە تا شێوەیەکی باشترمان لێ دروست بێت، ئەوکات وا هەست بکەین کە ئێمە خۆمانین، هاوکات هەستدەکەین بووین بە ئەوانی تر.

ئەو هاودژییە شاراوەی ناو هەموو چامەیەک، مەرجێکە بۆ مەرجەکانی رواڵەتەکەی. چامە یەکێتییەکە، کە تەنیا بە توانەوەی ئەو هاودژییەوە قەوارەکەی دەخەملێت.

ئەم ئەزموونەی کە پێشتر نیشانماندا، ئەوەی کە خوێنەر دووبارەی دەکاتەوە، هەڵبەت ئەم دووبارە گەڕاندنەوەیە لەگەڵ هەمان واتای شاعر وێکناچن، ئا لێرەوە بەهای چامەکە دەردەکەوێ. تشتێکی ئاساییە گەر خوێنەر کتومت وەک خودی چامەکە تێینەگات، ئەم چامەیە کە چەندان ساڵە، یان چەندان نەوە بەر لە ئێستادا نووسراوە، بەوەش زمانەکەی ئاڵوگۆڕی تێکەوتووە، یان رەنگە لە هەرێمێکی جوگرافی دوورو خاوەن زمانێکی جیاوازدا نووسرابێ. بەڵام گشت

تشتەکان گرنگییەکی ئەوتۆیان نییە، چونکە بەرسڤەکە خودی شیعرە خەملیوەکەیە، چامەکەش توانای پشکنینەکەی بەردەوام پاراستبوو، گەر خوێنەریش توانی بۆ ناو کرۆکە ئەفسووناوییەکەی شۆڕبێتەوە، وەک هەر دووبارە خولقاندنەوەیەک، ناکرێ دووبارە خولقاندنەوەکەی خوێنەر خشت وەک دانەکەی شاعیر بێت، ئەو چامەیەی کە ویکچوونێک قبوول نەکا، ئەوە بە خودی کاریگەری خولقاندنەکەی خۆیەوە ئاوێزنە، لێرەوە خوێنەر ساتەکە دووبارە دەخولقێنێتەوە، هەروا خودی خۆشی دەخولقێنێتەوە.

چامە هەمیشە کارێکی نەخەملیوە هەمیشەش لەگەڵ هەر خوێنەرێکی تازەدا بۆ خەملین لە بارە. مەزنایەتی شاعیرە گەورەکان، هەمیشە تازەگەرییان، توانستیان لەوەدایە، کە دەبن بە کەسانی تر بێ ئەوەی بشزانن کە خۆیانن.

بۆ ئەوەی ئەو تشتانەی کە شاعیر لە بارەیانەوە دەپەیڤێ، "بۆ ئەم، یان ئەو: گوڵ، مەرگ، نیوەڕۆیەکی هەتاویی، دەستبەسەرداگرتنی گێژەنی ئالآیەکی ئاپۆڕەی گەلەکۆمەکی تێکسمڕاو"، هاوکات هەموو ترسێک لەم تشتەی کە لە پەیڤینی شیعری هەیبووە، بە خوێنەر پێشکەشدەکا، خۆشی لەگەڵ ئەم دۆخەدا ئاشتدەکاتەوە.

ئەو دۆزینەوەیە نە چەشنە ئێنسیسکلۆپیدیانەو نە بەتشتێکیشەوە بەندە، چونکە کە گەیشتە ئەو پلەیە ئەوە

دەبێتــە فەلســەفە. بــەڵكو ئــەوە گەڕانەوەیەكــە بــۆ هەقیقــەتی بوونەكەمان، كە شاعیر دەیدۆزێتەوە، هەروا شاعیر شێوەی حوكمڕانی وەرناگرێ.

شــیعریش كارێكــە بــەبێ خــودی خــۆی شــرۆڤە نــاكرێ، شــێوەیەكی ئــەبســتراكت وەرنــاگرێ، شــیعر شــرۆڤە كردنــی هــەلومــەرج نییــە، بــەڵكو ئەزموونێكــە تــەنیا بارودۆخەكــەمان دەدۆزێتــەوەو لەســەر خەملاّنــدنی یارمــەتیمان دەدات. بۆیــە شیعر شێوەیەكی هاوسۆزو ئاتیفە ئامێزو بە گوتەی بەرچاو ئاوێزانەو بە ئەمە یان ئەویترینیان خۆی گرێداوە.

ئــەزموونی شــیعریی جــا گــەر رەســەنایەتی بــێ، یــان لــە خوێندنەوەوە بەرهەم هاتبێ، نەفێرمان دەكاو نە تشتێكیشمان لەمەڕ ئازادی بۆ دەبێژێ، چونكە شیعر هەر خودی خۆی ئازادییە، ئەو ئازادیەی كە والاّی دەكاو ئازادییەكەی ئەم ساتە بە مرۆ دەبەخشێ. ئەم هەمە چەشنیایەتییە بۆ چامە دیاریكراو نییــە، كــە مێــژووی نــەمر كــرد، هــەروا هــەر بــە ئامادەباشــی دەیهێڵێتەوە، كە خۆشی لە لایەكی دیكەدا ئەزموونی ئەمەو ئەوەكەی ترە.

شیعر لە جیاوازی نێوان ئەم تشتەو ئەو تشتەی تردا، كە دۆخــی ئێمەیــە ســەرهەڵدەگرێ و بەرجەســتە دەبێتــەوە، گــەر بێجگە لە خودی خۆی لە خودێكی تریش خۆی بەرجەستە نەكات، قەوارەكەی تەواو نابێت.

**سەرچاوە: گۆڤاری" الفرسان"، ژمارە ٢٢.**

# پرینسیپی ئاسانکاریی بینراو

ی‌ن‌ی‌نووس: ریچارد سۆرمان Richard Sörman [1]
وەرگێڕانی لە سویدییەوە

**دەکرێ بنەماکانی ئەدەب پراوە بکرێ تاکو تێبگەین کە دەقێک گوزارە لە چی دەکاو واتایەکانی چین. ئەوە "داستانبێژ"ی بەرهەمێکە کە نیشانمدەدا دەقێک گوزارە لە چی دەکا – واتایەکانی چین پاشان ئێمە دەتوانین بە شێوەی جودا ئەو دەقە فامبکەین. سەختییەکانی دەق هەمیشە لەوەدایە کە بتوانین ئەوەی زۆر ئاشکراو بەرچاوە ببینین.**

رەنگە جێگەی بایەخ بێ لەوە بهزرین کە هەندێ جار، لە بنەمای ئەوەوە کە تشتێکی زۆر ئاسان بێ، سەخت نەبێ لە دەقێکی ئەدەبیی، کارێکی هونەریی یان فیلمێکدا تشتێکی کاکڵەیی بدۆزینەوە. دەکرێ تشتەکان بێڕادە بینراو بن تاکو چاو تۆمارییان بکا.

فەیلەسوفی ئەمێریکی Cavel Stanley ستانلی کاڤێل لە کۆوتارەکەیدا "Must we mean what we say دەبێ ئێمە مەبەستمان ئەوە بێت کە دەیڵێین؟"دا دەنووسێ لە نێو لێکۆڵینەوەی ئەدەبدا دۆزینەوەی سەختییەکە بە سووکی سەیر دەکرێ. مرۆ وەک خوێنەرێک کە داخوازی زۆر لە

---

[1] Richard Sörman – ریچار سۆرمان دکتۆرای لە زمانی رۆمانیدا هەیە، لە زاسنتگای ئۆپسالا وانە دەڵێتەوە.

(the obvious) روونی دەقێک دەکا یان بە هۆی ئەوەی کە پێی وایە کە نێوەڕۆکە گەوهەرییەکانی وەک مەرجێک دەبێ سەخت، ئاڵۆز یان حەشاردراو بێ، بە ئاسانی تووشی هەڵە بێت.

ئەو بیرۆکەیە بە شێوەیەکی وردبینانە لە چیرۆکەکەی ئێدگار ئالان پۆ "نامە دزراوەکە"وە، لە ١٨٤٤، بە گۆ هات. وەزیرێک لە حکومەتی فەرەنسیدا نامەیەکی دەکەوێتە بەر دەست کە نێوەڕۆکەکەی زانیارییەکی زۆر ئابڕووبەری لەسەر شاژنی فەرەنسیدا لە خۆیدا هەگرتبوو. ئێستا وەزیرەکە لە پێناو دەستەبەرکردنی دەستکەوتی سیاسیدا نامەکە بۆ مەبەستی فشار بەکاردەهێنێت. پۆلیسەکە دەزانێ کە هەتا ئێستاش وەزیرەکە خاوەنی نامەکەیە چونکە هێشتا نێوەڕۆکەکەی بۆ گشت ئاشکرا نەکراوە. هاوکاتیش مرۆ لەو روانگەیەوە پێی وایە کە هێشتا وەزیرەکە لە ماڵەکەیدا نامەیەکەی هەڵگرتووە چونکە ئەو دەسەڵاتەی کە نامەکە دەیدات ئەوە پێشمەرجێکە کە ئەو دەتوانێ پیشانیبداو نێوەڕۆکەکەی بە کۆپلەیەکی زۆر کورت بکاتە تشتێکی گشتی. لە کاتی شەودا بە نهێنی بە وردەکارییەکی زۆرەوە تەواوی گۆشەکانی ماڵەکەیان پشکنییەوە. تەنانەت لەناو قەنەفە، کتێب و پشت کارتۆنی دیوارەکەدا گەڕان نامەکەیان هەر نەدۆزییەوە. کەواتە دەبێ نامەکە لە ماڵەکەی ئەو بێت، بەڵام وێدەچێ مرۆ هەرچەندە بە دوایدا بگەڕێ

نەدۆزرێتـــەوە. پۆلیســـەکە وەک دوا رێگـــا رووودەکاتـــە هەڵێنجانەکەی ئۆگۆست دوپین.

بۆ پۆلیسەکە ئەمە هەڵگری بیرۆکەیەکی تەواو نەوازەیە، کە هەندی جار سەختی کێشەیەک دەکریٚ بریتی بێت لە ئاسانییەکان. ئۆگۆست دوپین پێی دەبێژیٚ، کە مەتەڵی چارەکردنی ئەوە رەنگە زۆر بەڵگەنەویست بێت بۆ ئەوەی پۆلیسەکە نامەکە ببینیٚ. واتا دوپین لە مەسەلەی وەزیرەکە ئاگادارەو دەشزانیٚ کە کەسێکی زۆر زرینگە. رەنگە وەزیرەکە وای مەزەندە کردبیٚ کە پۆلیسەکە ماڵەکەی زۆر بە وردی دەپشکنێتەوە، بۆیە بە میتۆدێک نامەکە دەشارێتەوە کە پۆلیسەکە لە توانای ئەوەدا نییە لێی تێبگات.

هەڵبەتە وا دیارە کە دوپین راستی بۆ چوو بوو. واتا ئەمە پرسیارێک بۆ خانووی وەزیرەکە دروست دەکاو لەوێدا لە رۆژانی ئاوەڵادا سەرنج بۆ بەڵگەیەکی بەرچاوی ناگرنگی فڕێدراو لەسەر مێزێکدا رابکێشریٚ. دوپین رۆژی دوایی، بەو بەهانەیەی کە ئەو لەوێدا پاکەتی جگەرەکەی لە یادکردووە، دەگەڕێتەوە ماڵی وەزیرەکە. ئەو توانی لە چاوتروکانێکدا رووی وەزیر وەربگێڕیٚ و بەمەش کاغەزەکە لە دەستی بستێنیٚ و بە یەکێکی تر بیگۆڕێتەوە. پاشان دوپین نامەکە بۆ پۆلیس رەوانە دەکاو هاوکاتیش پسوولەی ٥٠٠٠٠ فرانسس زامن بکا. کەواتە پۆلیسەکە، لەسەر ئەو بنەمایەی کە مرۆ پێی *وابوو نامەکە حەشار دراوە*، نامەکەی

نەدۆزییەوە.

"نامە دزراوەکە" دەقێکە کە بڕێ جار لە ناوکۆیی تیۆریی ئەدەبیدا ئاماژەی بۆ دەکرێ. ئەمەش بە زۆری بەندە بە خوێندنەوەیەک لەمەڕ چیرۆک کە دەروونشیکاریی فەرەنسی ژاک لاکان لە یەکێک لە کۆڕەکانی ئەنجامی دا، کە بە شێوە دەربڕینێکی تایبەت باس لە زمان دەکا (واتا نامەکە دەبێتە هێمایەک بۆ پیت، زمان) بالاٌدەستی بەسەر مرۆڤەوە، هەڵبەتە دەقەکەی لاکان بۆ خوێنەرێکی سادە لە تێگەیشتن بەدەرەو راستییەکەی هێندەش پەیوەندی بەو بیرۆکەوە نییە کە ئێدگار ئالان پۆ دەخوازێ رایبگەیەنێ.

بەلای کەمییەوە بۆ ئەدەبناسێک دوو چەشنە تێگەیشتنی لە چیرۆکەکەی ئالان پۆوە هەیە کە باسی لێوە بکرێت. یەکەمیان ئەوەمان بە یاد دێنێتەوە کە لە هەموو لێتۆژینەوەیەکدا خولیایەکی سروشتی هەیە کە مرۆ چەقی لەسەر ببەستێ کە کراوەو ئاشکرا نییە. دەخوازم بێژم کە لە خودی لێتۆژینەوەدا گەوهەرێک هەیە کە پیادەکارەکان بە دوای ئەو تشتەی کە پەنهانە دەگەڕێن، دەکۆڵنەوە. ئەرکی لێکۆڵەر ئەوەیە کە ئەوەی واقیعیو راستییە لەمدیوی روونییەکی گۆڕاودا دەستنیشانبکا. هەڵبەتە ئەمە تشتێکی لەبارەو لە بنەڕەتیشدا پرینسیپێکە ناکرێ پشتگوێ بخرێ، لێ کێشەکە بۆ ئەدەبناسێک ئەوەیە کە کرۆکی بیرۆکەی دەقێک یان فیلمێک مەرج نییە شاراوە بێ بەڵکو دەشێ وەک نامەی

چیرۆکەکەی ئالان پۆ زۆر راشکاو بێ. هاوکاتیش لێرەدا ئەوە مانای پەنهانی یان سەختی تێگەیشتنیش دەگەیەنێ. واتا وێڕای ئەمەش کە ئێمە ئەوەی کە ئاشکرایە لە دەقەکەدا ببینین و درکیش بە ئامادەییەکانی بکەین، کە دەکرێ بڕوا بە خۆمان بێنین کە ئەوە تشتێکی بەهادار نییە کە خۆمان پێیەوە خەریک بکەین، ئەمەش چونکە بەلامانەوە دەقەکە هێندە ئاوەڵایەو هاوکاتیش "روون" و "بەڵگەنەویستە".

لێرەدا مرۆ دەتوانێ لە چیرۆکی ئالان پۆ دا خوێندنەوەیەک بۆ ئیشی گەڕانی پۆلیسەکە لەناو کتێبەکانی کتێبخانەی وەزیرەکەوە بەدوای نامەکەدا بکاو بەراوردییەکیش لەگەڵ ئەو ئەدەبناسانەی، کە لە بری ئەوەی رۆبچنە ناو ناوکۆیی، کەچی خودی دەقەکە پشتگوێ دەخەن کە لێیان چاوەڕێ دەکرێ، ئەوە بکەن. مرۆ پێی وایە واتایەکە (پیتەکە، نامەکە) لە ژیانی نووسەرەکە، ژیانی کۆمەڵایەتی ، مێژوویی نووسەرەکەدا یاخود لەو ژینگە ئەدەبییەی کە بەرهەمەکەی تیادا نووسراوە، لە سەرچاوەکانی نووسەرەکە یان کەسێکی نموونەیی لای نووسەردا هەیە کە بدۆزرێتەوە، وێڕای ئەمەش زۆر بە ئاسانی ئەو دەقە بەلاوە بنرێ تاکو ئەوە نیشانبدەین کە ئەوە بۆ ئێمە شاراوە نییە. بێگومان ناوکۆیی بۆ قووڵکردنەوەی واتای دەق سوودمەندەو ئەمەش دوورە لەو تشتە بەڵگەنەویستەی کە بزانین "دەق وەک خۆی" چییە،

لـێ دەشـێ ئەمـەش بـۆ سەرنجکێشـانمان ببێتـە ئاسـتەنگێک کاتێک ناوکۆییەک نەک دەقێک ببێتە ئامانجێک بۆ پێشینەیەک.

دووەمیـان دەمڕاسـتەکە لــە چیرۆکەکـەی ئـالان پـۆ دا، دوپین، لەسـەر ئەوە سووره کە پۆلیسـەکە توانـای ئـەوەی نییـە کـە نامەکـە بدۆزێتـەوە، چونکـە ئـەو تـەنیا بـە گـوێرەی میتۆدەکانی خۆیـەوە بـە دوای دۆزینـەوەی نامەکـە دەگـەڕا. کەواتـە هەڵـەی پۆلیسـەکە تـەنیا بریتـی نییـە لـەوەی کـە لـە نامەکەڕا بڕوانێ کە دەبێ نامەکە شاراوە بێ بەڵکو هاوکاتیش بریتییە لەوەی کە لە میتۆدە راهاتووەکانیش سوود وەرگرێ لـە بـری ئـەوەی هەوڵبـدا بەڕاسـتی بهـزرێ. دوپـین دەڵـێ، وەزیرەکــە لــەوە تێگەیشــتبوو کــە پۆلیســەکە پیشــەیەکی بریندارکـەری هەیـە کـە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە بـە مانـای راسـتی وشـە نـەتوانێ ئـەو ئاسـتەنگانەی کـە تووشـی بـووە **شیبکاتەوە.** پۆلیسـەکە میتـۆدە حـازر بەدەسـتە لـە قاڵبدراوەکان پیادە دەکا. ئەمانەش دەکرێ هەندێک جار زۆر کاریگـەر بن، لـێ هاوکـاتیش دەکـرێ کارەکـە لـە پۆلیسـەکە سـنووردار بکـا چونکە ئەوانە بە گوێرەی پرینسیپی میتۆدەکانەوە تەنیا ئەوە دەدۆزنەوە کە حەشاردراون.

ئەگــەر ئێمــە بــۆ توێژینەوەیــەکی راڤــەکاری ئەمــە وەربگێڕین، هەڵبەتـە ئەمـە واتـا کـە مرۆ دەبـێ بـەو هـەموو شێوەگەلە لە مانا بڕیاردراوانەوە سـەرهەڵبڕێ کە دەبێ چـی بدۆزرێتــەوەو چــۆنیش بدۆزرێتــەوە. ئاســانە کــە کــاری

توێژینـەوە بـە خـاو و خیچـی و بـە هـەمان پرینسـیپەوە بـڕوا. بێگومـان ئـەو ریسـکەی کـە مـرۆ هەیـەتی ئەوەیـە کـە مـرۆ وێدەچێ لـەو روانگانـەی کـە پێشـتر لـە بـەرایڕا رەچاوکراون سەرنج بەو تشتانە نەدا. مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەو کەسەی مرۆ دەیەوێ تێیبگا کەچی رەنگە ئێمەش فریوبدا (وەزیرەکە لـە چیرۆکەکـەی ئـالان پـۆ، نووسـەرێکی ئـەدەبناس)، کـە دەکـرێ ئـەو کەسـە جیـا لـە بـڕوای خۆمـان بـە گـوێرەی پرینسیپگەلێکی تـر بگـونجێ و بهزرێ قبـووڵی بکـەین. ئەگـەر ئێمـە هـزری خۆمـان بـە تـەنیا لەسـەر ئـەویتر پیـادە بکـەین، بەمەش تووشی ئەو ریسکە دەبین کە ئەو بیرۆکە گرنگانەی کە ئەو کەسە پێمان دەڵێ لە دەستبدەین، لە بری ئەوەی کە بە هەستێکی ئاوەڵاوە هەوڵبدەین گوێ لەو کەسە بگرین کە ئەو چی دەڵێ:

هەڵبەتـە لێـرەدا ئـەو مشـتومڕە زۆر مەزەندەکاریانەیـە و هاوکاتیش دەبێ وەک کارێک بـە دیقـەت جودا بکرێتـەوە بۆ ئـەوەی راسـتییەکەی بپێکـین. لێـرەدا ئـەوەی کـە دەتـوانین بچینــە ناوییــەوە ئەوەیــە کــە بــۆ نموونــە ئــەویش ئــەو ئاستەنگەیە کە بە ڕاستی چۆن دەقێکی ئەدەبی بدۆزینـەوە. تشتێکی راشکاوە کە خاڵێک هەیە لە بەراوردکردن لـە نێوان چیرۆکی ئالان پۆ و ئەو توێژینەوە راڤەکارییەوە کە هـەرگیز لـەبار نییـە. ئـەو نامـەی کـە دزراوە بابـەتێکی سـەلمێنراوی قــەبوولکراوو دانپێنــراوە. دوپــین دەیتــوانی نامەیــەکی

هاوچەشـنی نامەکـەی شـاژن بدۆزیتـەوە، لـێ راسـتییەکەی نامەیــەکی دیکــە بــووو وێــڕای ئەمــەش رەنگــە لــە رووی سیاسییەوە سەرنجکێشیش نەبێ. کەواتە پۆلیس و شاژنەکە دەکرێ بێنە ناو رەوتەکە و جەخت لەوە بکەنەوە کە دوپین بە هەڵە نەچووە. بێگومان نموونەی دەرەکی ئەو رووداوە راستییە کە نامەکە (پیتەکە، واتاکەیە) تاکە راستییەکە کە لە لە ناو زانستی ئەدەبدا شیاو نییە. هیچ کەس، بگرە خودی نووسەریش، بۆ جارێکیش بێت ناتوانێ ئەوە بسەپێنێ کە راڤــەکردنی دەقێــک یــان فیلمێــک تــەواو کتومــت راســتە. ئەدەبناسێک دەتوانێ پاساو بۆ راڤەکردنەکەی بهێنێتەوە، دەکرێ راڤەکردنێک لە دەق "سەرکەوتوو بێت" بە جۆرێک کە ئەو تێگەیشتنە وەک ئەنجامدانێک و گرێدراو بە کەسانێکی راستینە و هاوکاتیش لە چوارچێوەی دڵسۆزی و گفتوگۆیەکی نەپساوەدا بەهایەکانیان جەختبکرێتەوە. بەڵام ئەگەر هاوکات ئەگەر مەبەستمان لە واتایەکی بێ کە دەبێ راست و دروست بێ، ئەوە هەرگیز رەوا نییە کە پێمان وابێ دۆزینەوەی دەقێکی "واتادار" تشتێکی ئاسانە.

بەمجۆرە رەنگە کەمێک کەمتەرخەمی بێ کە ئەگەر تەنیا بڵێین کە ئێمە هەوڵدەدەین "واتا"ی دەق بدۆزینەوە. واتا دەستەواژەیەکە کە زۆر سەختە بەرجەستە بکرێتەوە، دەکرێ باشتر بێ کە دەستەواژەی "ئاخێوەر"، (**داستانبێژ**) پەیڕەو بکەین. داستانبێژ دەکرێ ئەوە بێ کە **بەندە بە**

دەقەکـەوە ، ئـەوەی کـە دەق لەسـەری دەدویٚ و پەیوەنـدی پێوە هەیـە. وێجـا دەکـرێ "واتـا" بـە تـەرزی جـودا فـامبکرێ، ئەمڕۆش هـیچ وەڵامێکـی راسـت و رەوان نییـە کـە پێمـان بڵـێ کتومـت دەق لـە چـی پێکهـاتووە. دەکـرێ بگـوترێ رێگایەکـە بەرەو داستانبێژ یاخود دەکرێ بگوترێ کە واتا شێوەیەکە کە داستانبێژ بینراو و نمایشی دەکا. هاوکاتیش واتا بریتی بێ لـەوەی کـە ئێمـە لەمـەڕ داسـتانبێژەوە دەهـزرین یـان ئـەو وێناکردنـە بـێ کـە ئێمـە لەسـەر واتـا وێنـای دەکـەین. هـەر چۆنێک بێ رەنگە گەرەکە ئێمە وا بهزرین کە واتا کتومت ئـەوە **داسـتانبێژگەلی** بەرهەمەکەیـە نـەک واتایەکەیـەتی کـە دەکرێ بۆ پێناسەکردن مەیلە و ئاسان بێ. واتا دەمەوێ بێژم کـە هەنـدێک ئاسـان بـێ کـە دەشـێ پیـادەکردن بەشـێک لـە داستانبێژە بنەڕەتییەکان لە دەقێکدا پێناسە بکا، بەڵام بێگومان پاشان دەکرێ زۆر سەختر بێ کە بە راشکاوی واتای ئەو دەستنیشانکراوانە رابگەیەنرێت.

مـن بـە خـۆم وەک مامۆسـتایەکی ئـەدەبی فەرەنسـی لـە زاسنتگای ئۆپسالادا لە ژمارەیەک لە بەشە کۆرسەکاندا وەک ئەرک داوام لـە خوێندکاران کردووە کە چەند جار دەقێک بخوێننـەوە وێجـا بـە روانگـەی خۆیانـەوە ئـەوەی کـە لـە دەقەکاندا دیارترین داستانبێژی بەرچاون پێناسە بکەن. ئەوە بۆ من مایەی سەرنج بوو کە ئەو خوێندکارانە کۆرس بە دوای کـۆرس لـە پرینسـیپدا هەمیشـە هـەمان کاریـان

ئەنجامدەدا. تشتێکی ئاسانە کە بڵێین خوێندنەوەی ئەدەب هەمیشە خوێندنەوەیەکی سۆبژە/خودییە، ناکرێ پێوانەیەکی ئۆبژە/بابەتەکی دەستەبەر بکەین بۆ ئەوەی بزانین کە دەقێک باسی چی دەکا. وەلێ راستییەکە ئەوەیە کە ئێمە بە شێوەیەکی رێژەیی لەسەر ئەوە کۆکین کە دەقێک ئاماژە بە کامە داستانبێژی سەرەکی دەکا. پاشان کاتێک ئێمە کە بە واتای جودا ئەو داستانبێژانە دەنووسینەوەو لە گۆڕانگەلی جودای مێژووشدا ناوی جیاواز بەو داستانبێژانە دەبەخشین، کە ئەمانەش بۆ ئەدەب تشتێکی تایبەتی نین. دەکرێ ئێمە هەمووومان لەسەر ئەو تشتە کۆک بین کە ئەمڕۆ ئێمە ئەوەی کە رۆژانە بە نەگریس ناودێری دەکەین، لێ بێگومان کەسانێک لە کولتووورە جیاوازو بە جیهانبینی جوداوازیشیانەوە بە هەمان شێوە لەو تشتەی کە ئێمە بە نەگریس ناودێری دەکەین و ئەوانیش بە هەمان شێوەش لە واتایەکەی دەڕوانن. جیهانی ئەدەب و ئەفراندن گەلێک لە جیهانی واقیعی فرەرەهەندترەو تێگەیشتنیش لێی سەختترە.

بۆ ئەوەی بە نموونەیەک کۆتایی بەو باسە بێنین، ئەویش ئەوەیە، رۆژگارێک پێش هەنووکە مرۆ لە تیڤی بەرنامەیەکی دەبینی کە سەبارەت بە کارل میشال بێلمان[١]

---

[١] کارک میشال بێلمان شاعیرێکی میللی سوێدییە، لە ٤ی فێبریوەری ١٧٤٠ لە ستۆکهۆڵم لە دایک بووەو لە ١٧٩٥ کۆچی دوایی کرد. شیعرەکانی زیاتر گۆرانی ئامێزن و گوزارە لە

بـــوو. ئـــەو بەرنامەیـــە لـــە روانگـــەی مۆدیلـــەکانی چەنـــد پرۆفیسۆری ئەدەبەوە نمایشدەکرا. ئەو بەرنامەیە باسی لە ستۆکهۆڵمی ١٧٠٠، سەبارەت بە نموونەی ئەو کەسانەی کە فیگیورو تایبەتمەندییەکانی شیعری بیڵمان بوون، دەکرد، کە ئەو بەرنامەیە دکتۆرێکی ئەلکهولی نمایش دەکرد. رەنگە ئەو بەرنامەیـە وەک تایبەتمەنـدی و کارامـەیی لـە بیڵمـان نـاودێر نـەکرێ، لـێ بـە جۆرێـک لـە جۆرەکـان زانیارییـەکی قـووڵی لەسـەر بیڵمـان تـەرخانکرد کـە گرنگتـرین و یـەکلاکارترین داســتانبێژەکان بــوون لــە شــیعرییەتی بیڵمانــدا: مەســتی ئەلکهول و کاریگەرییەکانی لەسەر وێنای کات لە تێگەیشتنی ئێمەدا. شیعرەکانی بیڵمان بەشێکی زۆری باس لە مەستی دەکەن، کە ئەمەش دەکرێ بڵێین تشتێکی "بەڵگەنەویستە"، لێ هەرچەندە ئەوە پێویستی بە "نا- پسپۆڕ" هەبوو چونکە ئـەو بەڵگەیـە دەبـوو نیشـانبدرێ و بەهایـە راسـتییەکانی تۆمـاربکرێ. بـەڵام بێگومـان لـە شـیعری بیڵمانـدا دکتـۆرە ئەلکهولەکە پسپۆڕ بوو، چونکە ئەو کتومت لە یەکێک لە بــەرچاوترین داســتانبێژی شــیعرەکانیدا پســپۆڕ بــوو. راستییەکەی "تێگەیشتن لە شیعرێک" هەمیشە بریتییە لەوەی کـە "لـە داسـتانبێژەکانی تێبگـەی" : مـرۆ بـۆ نمایشـکردنی داستانبێژ بە پەیڤەوە دەستپێدەکاو هاوکاتیش لەوە حاڵی بین

---

سەرمەسـتی خـۆی دەکـەن. شـیعرەکانی ئاوێنەیەکـە بـۆ ژیـانی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی سوید. (وەرگێڕی کورد)

کە ئەو دەقە "باسی چی دەکا". دواجار ئەگەر مرۆ لەسەر داستانبێژەکە زانیارییەکەی قووڵ بکاتەوە هاوکاتیش مرۆ دەتوانێ زانیارییەکی قووڵ لەسەر "دەق"ەکە دەستەبەر بکا.

کارێکی سەخت نەبوو لەوە تێبگەین کە شیعرەکانی بێلمان گوزارە لە مەستی و کایەکانی دەکەن، لێ ئەو ئەدەبناسە پیشەکارە خۆ فێرە زانیاریی کردووانە نەیانخوازیی ئاوڕ لەو راستییە بەڵگەنەویستە بدەنەوە و گرنگیشی پێبدەن، بۆیە دەستیانکرد بە قسەکردن لەسەر تشتگەلێک کە مرۆ راشکاوانە بڵی کە زێتر تشتگەلێکی تروهات بوون. دەشێ ستانلی کاڤێل و ئێدگار ئالان پۆ بیانوتبایە کە ئەوە خودی ئاسانەکە بوو کە سەخت بوو. هەڵبەتە لە شیعری بێلماندا هیچ نامەیەک بوونی نییە کە بدۆزرێتەوە، لێ بیرۆکەیەکی گرنگ و تەواو راشکاو هەیە کە تیایدا رۆبچی و گفتوگۆی لەسەر بکردرێ. هەندێ جار بینینی ئەو تشتەی کە بە تەواوی لە بەرچاوانە وەک بینینی تشتێکی تەواو کاکڵەیی و یەکلاکەرەوە وایە. رەنگە ئەوەی کە ئەمرۆ لە زانستگاکاندا زیاتر پێوست بێ کە ئەویش کارامەییە کە دەبێ زیاتر جۆشبدرێ و پراوەبکرێ.

٢٠٠٦/١١/١٤

**ستۆکهۆڵم**

**سەرچاوە: بەشی کولتووری، شەممە ٢٠٠٦/١١/١١. Svenska dagbladet**

# بەشی سێیەم

## رەخنە راڤەی ئەدەبی

# ئەو هزرڤانە بێسوودە

**نووسینی: ئەندەش ئولسۆن Anders Olsson [1]**

**وەرگێڕانی لە سوێدییەوە**



لە ٢ی دیسێمبەری ١٩٨٧دا نامەیەکم لە ژاک دێریدا پێگەیشت، کە لەو نامەیەدا سوپاسم دەکات سەبارەت بە کتێبی"ئەو دەقە نەناسراوە"ی کە لە زستانی ١٩٨٧ دا چاپمکردو بۆ یەکەم جاریش بوو کە لە شێوەی کتێبدا هزری ئەو بە خوێنەری سوێدیی پێشکەش بکرێت.

بەلاّم کە من باسی ئەو نامەیەی دێریدا دەکەم هەر تەنیا بۆ بە بیرهێنانەوەی مێژوو نییە. بە راشکاوی بلێّم نامەکە سەرسامی کردم، نەک لەبەرئەوەی چونکە دێریدا دەلێ کە ئەو هەولێدا بە هۆی دەقێکەوە "رێگایەک بگرێتەبەر" ، ئەو دەقەش بە زمانێک نووسراوە کە بۆ ئەو نامۆ بوو. دێریدا

---

[1] Anders Olsson پرۆفیسۆرە لە زانستی ئەدەبدا، لە زانکۆی ستۆکهۆلم و ئێستا ئەندامی ئەکادیمیای سوێدییە.

ئەو دەقە لەگەڵ شیعرێکی چکۆڵەدا دەنێرێت، کە بە قەڵەم پانـــدانی مەرەکـــەب نووســـرابوو، هـــەروا مێـــژووی ٢ی دیسـێمبەری ١٩٨٧ی لەســەر تۆمـارکرابوو. شـیعرەکە زۆر کورتەو بە شێوەی زمانێکی ئاسان خۆی دەنوێنێت کە تیپی بەرایی پەیڤەکان بە گەورەیی نووسراون و جارێکی تریش بە تۆخکراوی نووسراونەتەوە. دەستپێکی وشەکان بە وێنەی E, L, N و S وەک چەشـنە کۆدێک دەسـتپێدەکەن، بـەڵام مـن نـــەمتوانی ناوەڕۆکـــەکانیان شـــیبکەمەوە. مـــن تـــا ئـــەمڕۆش نەمهێشـــت ئـــەم شـــیعرە بڵاوبکرێتـــەوە، چونکـــە هـــەرگیز شـوێنێکی گونجـاوم بـۆ ئـەم شیعرە نەدۆزییـەوە. دڵنیـام کـە دێریداش شیعری تری نەنووسیووە. هـەر چۆنێـک بێـت ئـەو لە نامەکەی دواتریدا کە بـۆی نـاردم نووسـیبووی کـە چۆنـت پێخۆشـــە وا لەگـــەڵ دەقەکـــەدا مامەڵـــە بکـــە. شـــیعرەکە بەمجۆرەیە:

**Encore aime**
**de main**
**Le trait qui dans le jour**
**Passè**
**N'aura**
**Même pas ètè d'une promesse**
**Sauvè**



دەکرێ وەک هەوڵێک وەرگێڕانە کوردییەکەی ئەوها بێت:

**کە بەردەوام ئەڤینداری بکەی**
**بە دەست**
**وەک سیمای ئەو رۆژەی**
**کە بەسەرچوو**
**تەنانەت نە**
**پەیمانی _ ئازادبوونێک**
**هات**

بەمجۆرە ئەم شیعرە باس لە سەرکەوتنی نووسین دەکا، کە بریتییە لەوەی لە رێگای چالاکی دەستەوە ئەڤین ئاراستەی ئەو کەسایەتییە رابردووە بکرێت، کە پێویست ناکات گوێ بە رێکخستنی پەیمان بدات. سەرەڕای ئەمەش لەگەڵ ئەو جوڵانەوەیەدا بە نێو کاتی هەنووکە، رابردوو و دەرفەتێکەوە بەڵام نەک ئایندەیەکی بانگکراو، رزگار بوونێک دێتە ئاراوە. ئەمەش بە پرۆسەی نووسین دەچێت، رەنگە زۆرینەی نووسەرانیش ئەو بارەیان بە یادبێتەوە. هەڵبەت ئەوەی کە وادەکات ئەو گۆڕانە لەو شیعرە سادە ئاڵۆزە، هەروا زۆر دێریدە ئاسایە رووبدات، دوو تشتە. یەکەمیان دێڕی دووەمی "de main"ە، کە بە لێکجوودا کراوەیی نووسراوە و هەڵبەت مانای "بە دەست" دەگەیەنێت. بەڵام کاتێ مرۆڤ بەهۆی لێکچوونی دەنگەکانەوە پێکەوە بیخوێنێتەوە، پەیڤی "demain" دەبێتە " بەیانی" لە دۆخێکی وادا ئاراستەی

سـەرتاپای شـیعرەکە بـەرەو پێشـەوە، رووەو رێکخسـتنی پەیمانەکە رێدەکات، کە هێشتا نیشانەی لێ نەگیرابوو.

ئەوەی کە زیاتر وادەکات ئەو دووانە روون و ئاشکرایە ئامادەبێـت ئـەوە کـرداری "sauve "ی کۆتـایی کۆپلـە شـیعرەکەیە، کـە هاوکـات دەکـرێ مانـای "رزگـاربوون" بگەیەنێت، هەروا دەکرێ پەیوەندی بە سیما،"le trait" ی هەوە هـەبێت، بـە هـەمان شێوەش پەیوەندی بە منی نووسینەوە هەبێت. لەو بارەدا نووسین بە دیمەنی رزگاربوون دەچێت، کـە بـە واتـای والتـەر بێنیـامین ئـەوە ئـەرکی رەخنـەگرە ئـەو کارە ئەنجامبدات. ئەو ئاوڕدانەوە بەرەو رابردوو پاشماوەی پارچـە وردیلـەکان بـۆ ئایندەیـەکی بـەڕێوە دەربـاز دەکـات. رەنگە پەیمانەکە لەوەی پێشوودا ئامادە نەبووبێت، وەلێ گەر ئـەوە لـە شـێوەی نـەرێتی بگوترێـت _ "تەنانـەت نـە" _ پێویسـتییە گرنگ و شیانی گەڕانـەوەکان نیشـاندەدا. روانینی دێریدا بۆ زمان زۆر نزیکە لە بێنیامینەوە، هەروا نزیکە لـەو تێڕوانینەی ئەو کە پێی وایە زمان بە بەردەوامی لـە مێژوودا کاریگەری هەیە. بەمجۆرە پێویستە من وەرگێڕانەکەی خۆم دووبارە بکەمەوە:

**کە بەیانی بەردەوام**
**ئەڤیندار بیت**
**وەک سیمای ئەو رۆژەی**
**کە بەسەرچوو**

## تەنانەت نە
## پەیمانی _ ئازادبوونێکیش
## هات

لێرە ئەوە سیمای رابردووە کە بە نووسین ئازادبوو. شیعرەکە مەبەستێکە شیعرییەتێک لە خۆیدا هەڵدەگرێت. رەنگە ئەو شیعرە وەک شیعر هێندە تایبەت نەبێت، بەلاّم ئاماژە بە تشتێک دەکا کە زۆر جار هەمیشە کە مرۆ لەسەر دێریدا دەئاخڤێت فەرامۆشدەکرێت. من ئەمڕۆ خوێندمەوە کە خەڵک لە ئەمریکادا لەسەر ئەوەی کە کێ دەبێتە میراتگری دوای دێریدا بە شەڕ دێن. ئایا ئەو بەڕاستی فەیلەسوفێکی گرنگ بوو؟ دێریدا هەمیشە هزرڤانێک بوو لەناو گفتوگۆیەکاندا ئامادەبوو، ئەمەش ئەوی رێزدارکرد. بەلاّم ئەوەی کە دەبێت بگوترێت ئەوەیە کە هەڵوەشاندنەوەگەریی/deconstrction هەرگیز مێتودێک نەبووە کە دەقی ئەدەبی بخوێنێتەوە، بگرە جۆرە تیۆرییەکیش نەبووە. بەڵکە وەک هزرکردنەوەیەکی هەندێک بێسوود خۆی نیشاندا، بەلاّم وێڕای بێسوودییەکەی ئەرکێکی گرینگی هەبوو ئەویش پەنجە درێژکردن بوو بۆ سەر سنوورەکانی ئەو سیستەم و هەرارکیانەی، کە لە کوولتوری ئێمەدا دەسەلاّتداربوون.

هەڵوەشاندنەوەگەریی لە بری ئەوە تیۆری و مێتود بێت، بەڵکە وەک ئەفراندن (creation) دەهزرێ، هەڵبەتە

فەیلەسوفانێکی زۆر خۆیان بۆ ئەو پرسیارە تەرخان نەکردووە. هێراکلیتۆس/Herakleitos، هێگڵ، نیتشە، هەروا هایدگەریش ئەو کارەیان کرد، بەڵام گەر مرۆ وەک بوون بهزرێ ئەوکات سەخت دەبێت کە وشەی "هەبوون/is " بەکاربێنێت. ئەمەش رەنگە باشترین شرۆڤەکردن بێت لە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەگەریدا. دێریدا جارێک نووسیبووی کە هەڵوەشاندنەوەگەریی "ئەوەی کە روودەدا"، لەمەش راشکاوتر "ئەوەی کە ئەمڕۆ روودەدا". ئەوەی کە روودەدات و ئەوەی کە دەبێ بە بوون/creates، گەورەترە لەو هەبوو؛ هەیە/is.

با بگەڕێمەوە بۆ خودی ئەو شیعرەی کە دێریدا بۆی ناردبووم. رەنگە ئەو کۆدە دەکرێ وەک تشتێک کە "لە روودانە/happening"، خودی ئەفراندن/creation بخوێنرێتەوە: ELNS لە "Elle naisse" دەچێت، "ئەو (Elle) دەزێ؛ منداڵی دەبێت". زمان، نووسین، شیعر، واقیع، ئەوانە هەموویان لە زمانی فەرەنسیدا راناوی مێینەن: ژنێک منداڵی دەبێت؛ دەزێ (واتا ئەوە لە کاتی ئێستادا روودەدات، و.کوردی) ...

## سەرنجێک:

شایەنی باسە، ئەندەش ئۆڵسۆن ئەم وتارەی بە بۆنەی کۆچی دوایی ژاک دێریدا نووسیوەو لە بەشی کوولتوری

رۆژنامەی رۆژانەی Dagens nyheter، 17 ئۆکتۆبەری 2004 دا بڵاویکردۆتەوە. هەندێک لە پێشەکی نووسەرم پشتگوێخست، چونکە باس لەو زانیاریانە دەکا، کە کەی و چۆن هزری دێریدا بە خوێنەری سویدیی ئاشناکرا. وەرگێڕانی ئەو دەقە لای منەوە پەیوەندی نییە بەوەی کە چۆن ئەو نووسەرە سویدییە ستایش و سەرەخۆشی خۆی بۆ دێریدا نووسیوە، بەڵکە، لە کن من، وەرگێڕانی ئەو دەقە دەگەڕێتەوە بۆ چڕی شیعرەکەی دێریداو خوێندنەوە راڤەکارییەکەی ئەندەش ئۆلسۆن. بۆیە حەزمکرد لە رێگای ئەو وەرگێڕانەوە ئەو یارییەی کە لە نێوان فەلسەفاندنی شیعرو شیعراندنی فەلسەفەوە لەو دەقەدا ئامادەیە بگوازمەوە ناو زمانی کوردیی. بە واتایەکی تر، حەزمکرد، بۆ چێژی خۆم، بە زمانی نووسین ئەو دەقە بخوێنمەوەو دواجاریش پێشکەشی ئەو خوێنەرانە بکەم رەنگە(؟!) ئەوانیش، بە هەمان چەشن، یان بە چەشنێکی جیاواز، چێژی لێوەربگرن. دەبا ئەوەش جەختبکەمەوە کە من لە نووسین و وەرگێڕانی ئەمجۆرە دەقانەدا، بێجگە لە چەند خوێنەرگەل و نووسەرگەلی "ناسراو" و "بینراو"، کە مەزەندە دەکەم هاوچێژی منن، ئەگینا ئەوانیتر لە زەین ناگرم. چونکە ئەمڕۆ ئەو خوینەر/نووسەرگەلە باوانەی کە لەو رەوشە ئاڵۆزو بێبەهاکراوەی نووسینی کوردیدا بەختەوەرن، بێجگە لە لاساییکردنەوەو کاسبی، هیچی دیکەیان بۆ گرنگ نییە.

# شیعر لەگەڵ هەستی هاوسەردەمدا



**ئۆسا بێکمان Åsa Beckman**(1)

**وەرگێڕانی لە سوێدییەوە**

ڕەنگە کەسێک نەبێت هەستی بەوە نەکردبێت کە ڕۆمانی سوێدیی لەگەڵ کەمێک چوونە ناو ٢٠٠٠ەکانەوە زیاترو زیاتر خولیای جڤاک بووە. پۆلێک نووسەر بابەتی دارایی جیهانی، خێزانە مۆدێرنەکان، بەرخۆریی، کاری

---

(١) خاتوو ئۆسا بێکمان (Åsa Beckman) لە ١٩٦١ دا لە دایکبووە. یەکێک لە ڕەخنەگرە کاراکانی ئێستای سودییە لە بەشی"کولتوور"ی ڕۆژنامەی "داگنس نیوهێتەر"دا. ئۆسا لە نێوان ساڵانی ١٩٨٧-١٩٩٠ سەرنووسەری گۆڤاری ئەدەبی "BLM" بوو.

ئۆسا کتێبێکی بەناوی "Jag själv ett hus av ljus – من خۆم خانوویەکم لە رووناکیدا" لە ٢٠٠٢ بڵاوکردۆتەوە. لەوێدا تایبەتمەندییەکانی چەندین ژنە شاعیری سوێدیی راڤە دەکا، کە بەشێکیان لە هەشتاکان و بەشێکیشیان لە نەوەدو دوو هەزارەکاندا وەک ڕێچکەهەڵگری ئەوانەی پێش خۆیان شوێنپێی تایبەتییان لە شیعری سوێدیدا هەیە.

رەشی ناو ماڵ و جووداسازیی نەژادیی وێنادەکەن. ئەو نووسەرانە بە شێوازی گێڕانەوەکانیانەوە راستەوخۆ و رۆژنامەوانیی بابەتەکانیان بەرجەستەکردۆتەوە و بابەتەکانیشیان هەمیشە خشت لە بەرنامەی مشتومڕی سەر مێزی دانووستانەکانی تیڤیدا گونجاو بوونە. بەمجۆرە ئێمە بووین بە خاوەن پەخشانێکی راشکاوی هاوسەردەم.

لێ هەمان هەستی هاوچەرخی لە شیعریشدا هەیە- شیعر تەنیا بە شێوەیەکی دیکە بەرجەستەی دەکاتەوە. ئێستا هیچ کۆشیعرێک "خەڵاتی ئاگۆست"ی ئەمساڵی وەرنەگرت (خەڵاتێکی ناسراوی ئەدەبی ساڵانەیەی سویدییە) ، لێ ئەوە رێککەوت نەبوو کە سێ لەو شەش ناونیشانی ئەو کتێبانەی کە بۆ ئەو خەڵاتە دەستنیشانکرابوون، کۆشیعر بوون.

شیعر لە ماوەی ئەمساڵدا، هەرچەند کە ناشفرۆشرێت، بەهێز بوو. یان رەنگە: هەر لەبەر ئەمەشە؟ شیعر بۆ ئەوەی بە سەربەخۆیی بە شێوەیەکی هێورو جوان بفراژێت، خۆی لە هەموو بازنە بازرگانیی و مێدیاییەکانەوە بە دووردەگرێت. شیعر تاکو ئەوەی دەیخوازێت بە گوێی بێنێت، دەتوانێت کەمێک لێرە، کەمێک لەوێ تاقیبکاتەوە، گریمانەی ئەو شێوازە دەکا کە پێویستە. مرۆ کە کۆشیعرێک لەسەر رەفەی کتێبفرۆشێک هەڵدەبژێرێت چانس زۆرە کە ئەو کۆشیعرە هەڵگری نێوەرۆکێک بێت کە لە یەکەم چاوخشاندندا بە پەخشانێکی لێکپچڕاو یان دراماتیکێکی

تەقیوو بچێت.

مخابن هاوکات کێشەی ئەو تەرزە شیعرە ئەوەیە کە بۆ خوێنــەرە نەریتییــەکانی شــیعر ســەختە تێیبگــەن. دوای پێشکەشکردنی بابەتێک لەسەر شیعری هاوچەرخدا ژنێکی پیر بۆ لام هات و لاپەڕەکانی یەکێک لە کۆشیعرەکانی میکایل راتما (Lars Mikael Raattamaa) هەڵدایەوە. ئەو ژنە دوای هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەک سەری بەرزکردەوەو گوتی: "ئاخر بۆ؟؟؟" لە بیرکردنی نیگای ئەو ژنە ئاسان نییە. بەڕاستی خەمبار دیاربوو.




**بەرگی یەکێک لە کۆشیعرەکانی (میکایل راتما).**

نـاکرێ ئـەو راتەمایـە بـە تـەک شـیعری سـاڵی ٢٠٠٨ تێبپـەڕێت. ئـەو شـاعیرە لـە شـیعری سـوێدیدا چەشـنە گۆڕانکارییەکی سەرسەختی پیادەکرد، بەڵێ گۆڕانکاریی لە

زمانی سویدیدا هێنایەئاراوە.

ئەو بە دەگمەن گومڕاکاریی دەکا، بە دەگمەن براوەیە، لێ بێشیمانە لاملە. من هەندێک جار ئەوها ئەوم دێتەبەرچاو کە لەو کاتەی کە ئێمە دەخەوین ئەو وەک بێئومێدێک بە قورسی بەو دەوروبەرەدا دەڕواو شەقامەکان بە کراوەیی دەهێڵێتەوە. میکایل راتما بە گەشەی بەرهەڵدراوی شارە مۆدێرنەکان، یان بە "sprawlar" گیرۆدەیە کە چەمکێکە لە بواری تەلارسازیی و نەخشەدانانی شاردا بەکاردەهێنرێت. بە چۆنییەتی گەشەی قەراغ شارەوە گیرۆدەیە کە چۆن وزەو دەسەڵات لە سێنترۆمی شارەکاندا رادەکێشێت.

ئەو سەرنجکێشییەی میکایل راتما بۆ شارەکان و مۆدێرنیی، ژیانی شارنشینی، لەگەڵ چەندین شاعیردا نزیکایەتی هەیە. لە شارەکاندا- بەهەمە حاڵ بەر لە ئێستا!- ژینگەی ئابوورییە باڵادەستەکان هاوچەرخی لێکدەترازێن. راتما دەنگ بە قەراغ شار دەبەخشێت. بەڵام بۆ ئەو گرنگە کە شیعرەکانی سۆبژە (خود)ێکی سەقامگیریان نەبێت، ئەو خودە بە فرە دەنگێکەوە بپەیڤێت کە لەوێدا هیچێک لەو دەنگانە بەهای لەویتر زیاتر نەبێت. وێڕای ئەمەش لە رووی قۆناغەوە بە خۆی کەوتۆتە ناو تەڵەو قەراغ شار؛ هێزەکان، پاڵەوانەکان، کۆلێکتیڤ (ژیانی بە کۆمەڵی) بە رۆمانتیکی کردووە. راستییەکەی ئەوە تەنیا شێوازێکی نوێیە لە سازاندنی ناسنامەدا.

راتما لەگەڵ کۆشیعری:

mallamerik, mallammer, malameri, mallame, amerik, "
دا"mallameka, merikka,

کە لە پاییزی ٢٠٠٨دا چاپکراوە کۆتایی بەمە دەهێنێت. ئەو لەو کۆشیعرەدا بە دیمۆکراسیکردنێکی مسۆگەر پێڕۆ دەکات.

کتێبەکەی بەسەر دوو بەشی سەرەکییدا دابەشکراوە لەوێدا بەشی یەکەم کاراترین بەشە. ئەو بەشە بریتییە لە نیوە دێڕی تاک، دێڕی بەرسڤدانەوەو بانگەشەکان، کە لە ١١٠ لاپەڕەدا پێکدێت. دەقەکان لە ژێر ناونیشانەکاندا بونیاتنراون وەلێ مرۆ لەو داڕشتنانەدا سوودێکی ئەوتۆ وەرناگرێت. رستەکان هێندە لە یەکتر جیاوازن، سەربووردەکان وەها لەیەکتر ناکۆکن، کە دەتوانین بێژین ناکرێ ئەو دێڕانە بە هەڤرا لە بۆتەی فۆرمێکدا بخوێنینەوە.
لە ژێر ناونیشانی شیعری "Kartanskan" دا ئەوها دەبێژێ:

"کەڤری مەلەوانی سەکۆی سەرئاو، تشتێک بوو کە نەبوو نۆبەیەک لە نهۆمەکەی تر، گەراجی پایسکل لەوبەری حەوشەکە دەبوو تێبگات ئەوە کێیە کە هەموو شەوانی هەینیی بۆ لای ئەو بەرەو ماڵ دێتەوە، مارشاڵ لە ماتماتیکدا باشترینیانە لە پۆلەکەیدا، بەڕای من پەشۆکاوی وشەیەکی پێویست نییە، راستییەکەی من هەرگیز تێنەگەیشتم پەشۆکاوی چی دەگەیەنێت"

مرۆ هەرچەند ئەو کۆپلە شیعرە هەڵگێڕو وەرگێڕ بکا وێناکردنێکی لێ دەرناچێت، هیچ کەسێک، لێ بگرە هیچ گرووپێکیش نییە. بیرۆکە لەمەڕ کەسێک، ناسنامەیەک، کە ناچار بووە لە قەراغی باشووری شار (مەبەستی بەشی باشووری ستۆکهۆڵمە. و. کوردیی)، وردو خاش دەبێت. هیچ تشتێکی **هاوبەش** نییە. دەکرێ نزیکبینی بێت کە سەیری ناونیشانی خانووو ژمارەی پۆستەکان بکرێت. لێ میکایل راتماو هۆزانڤانەکانی تر ناسکوێژییەکی نائاسایی بەهێزیان هەیە چونکە ئێمە لە جڤاکێکی بە سەرمایەداریکراودا دەژین، کە لەوێدا لەوە سەخترە ئەوە ببینی کە چۆن ئابووری، سیاسەت و پلانسازیی شار لێکگرێدراون.

هیچ دڵنیاییەکت نییە کە تۆ مرۆڤێکی بەهای مرۆڤایەتیت مەیسەر کرابێت. تۆ بە گوێرەی ئەوەی کە چتۆ توانایەکت بۆ بەرخۆری (کۆنسمشۆن) هەیە ئەوە حاسڵدەکەیت. بۆ دەستکورتەکان سەختر دەبێت کە داوای قوتابخانەی باش، چارەسەرییەکی باشی بیمارخانەو ژینگەیەکی باش بکەن. کاتێک بیانیی و رێکخراوەکانی حەزکارانی هاوڕەگەز (گای) بەر لە چەند ساڵێک ویستیان مافەکانیان باشتر بێت سەرنجامەکەی ئەوە بوو کە ئەوان جەختیان لەسەر ئەوە نەکردەوە کە هاووڵاتین بەڵکو راستییەکەی بۆ ئەوان گرنگتر بوو کە کە کڕیار (مەسرەفکار) بن تا ئەوکاتەی کۆمەڵگە فامی بکەن.



**(ئەننا هالباری)**

لە کن خاتوو ئەننا هالباری(Anna Hallberg )ی شاعیر وێنەی هاوچەرخ نزیکایەتی لەگەڵ میکایل راتمادا هەیە. کۆشیعرە بەهارییەکەی "Mil " بە هەمان شێوە لە ژینگەی قەراغ شاردا چڕدەبێتەوە. شیعرەکان بە وشەی زەنگینی رستەکان دەفراژێن، هەر لاپەڕەیەک لە هەشت دێڕی خشتدا پێکهاتووە. دێڕەکان تژین لە وشەی رۆژانە: ئوزۆن، لیگۆبیتەر، لیندکس، کاپال، دینسکو، دارفور، سودان، یۆران گریدەر (بەشێک لەو وشانەی سەرێ ناوی ناسراوی چەند دوکانی جلوبەرگ و پێڵاون و یۆران گریدەر شاعیر و رۆژنامەڤانێکی سیاسی ناسراوە لە سوێد. و. کوردیی). لێرەدا کورتە رستەکان لەناو راپۆرتی ئاڵوگۆڕی ئاووهەوا، دانگوباسی تیڤی و حەشاماتی گۆڕەپانی قەراغ شار دەپچڕێن. بە چەشنە بەکرەی شریتێک دەچن. هەندێک جار ئەو بەکرەیە دەچەقێ و دەبێتە یەک یان دوو تیپ پێکەوە ون دەبن، لێ هەر زوو جارێکی تر دێڕەکان لە تەنیشتەوە دەخزێن. مرۆ لە شیعرەکاندا بەراستی کورتە دیمەنەکانی

ژیانی رۆژانە دەبینێت.

وەلێ ئەننا هالباری هەرگیز پێی وا نییە کە ئەو بە هەمان شێوە پێویستی بە تۆمارکردنی قەراغ شارەوە هەبێت. هالباری لە دیدێکی تەواو بەڵگەنەویست و شوێنی یارییەوە دەنووسێت. هالباری جمە جمی هاوچەرخە راگەیەنراوەکان بەکاردەهێنێت کەمێک زیاتر بە هەستەوە مامەڵە لەگەڵ رووداوەکانی رۆژانە دەکات، هەندێک جار وەک بە زۆرەکی لەگەڵ ئەو رووداوانەدا ژیاوە، کە دەکرێ پەیوەندی بە ژیانی مۆدێرنی شارەوە هەبێت، لێ هەروەک بە خۆشییەوە پەیوەندی بە تولەڕێگایە کۆن و ئاساییەکانی یادەوەریی و کاتەوە هەیە.

دیارە لەوەش زیاتر بەشێوەیەکی سەرچڵانە: بۆچی ئەو تەرزە شیعرە لێرەدا خۆی نمایش **ناکات**؟

هەر چۆنێک بێت زیاترین کۆشیعری چاوەڕوان نەکراوی ئەمساڵ (٢٠٠٨) لە لایەن یوهان یۆنسۆن (Johan Jönson) ەوە نووسراوە. ٨٠٠ لاپەڕەی "دوای خشتەی کار- Efter arbetsschema" ەکەی ئەو وەک قونبەلەیەکە. لێرەدا یادداشتی رۆژانە، پۆرتەرێت، دیمانە و کورتە بەرسڤەکان تێکەڵاو دەبن کە وەک شانۆی کورتیلە کورتیلە دەنوێنن.



**(یوهان یۆنسۆن)**

ئێمە بە دیمانەی مرۆڤگەلێک دەگەین کە بە مووچەیەکی کەم لە کارگەی پیشەسازیی و لە بواری نەخۆشخانەی خزمەگوزاریی کاردەکەن، بە جۆرێک مرۆ لەوە تێدەگات کە خودی یوهان یۆنسۆن ئەو کارانە دەکات یان کردوونی. ئەو شیعرێکی بە کۆمەڵ (کۆلێکتیڤ) ی دەئافرێنێت ئەو لەوێدا، بە پێچەوانەی هەم میاکیل راتماو هەمیش ئەننا هالباری، کێشەیەکی لەگەڵ ئەوەدا نییە کە بە شێوەیەکی راشکاوانە لە خۆیەوە دەستپێبکا، لە خۆی بدوێت. ئەو کتێبە دڵڕەقترین کتێبە کە من خوێندوومەتەوە.

مرۆ بە دەم فرمێسکە گڕگرتووەکانی ئەمدیوی پێڵوەکانییەوە دەیخوێنێتەوە. ئەو کۆشیعرە ئەزموونی رۆژانی کار لەناو جەستە نەخۆشەکان، پیرەکان و ئەوانەی تووشی نەخۆشی فەرامۆشین، ئەوانەی کە باری دەروونیان نەخۆشە، کەمئەندامەکان وێنا دەکات. کۆی ئەو لەشانە کە دەبێت بشۆردرێن و تاو توێ بکرێن. هەموو پیسایی، بەڵغەم، رشانەوە، خوێن و میز فەحسکردن. دیوێک لە

شیعرەکان بەمجۆرە دەنوێنێ کە لەوێدا دەنگێک بەرسڤی پرسیارەکان دەداتەوە، کە خەتێک (تەقەڵێک) جێگەی لێدەرکردنەکە قەرەبۆ دەکاتەوە، سەبارەت بەوەی چی دەقەومێ کاتێک مرۆڤێک گەدەی کار ناکات:

"بەڵێ. ئەودەم کە گەدە سستەکەی کاتێکی درێژتر بوو. بەمجۆرە من تێگەیشتم. ئەودەم مەزەندەکە رەشە.

..........

ورتکە پڕپۆڵە (بەڵغەم) ، تاریک، بەڵغەمێکی بە زەحمەت لابردراو. کە سەختە شۆردرێت و خاوێن بکرێتەوە. من جارێک بەوە رشامەوە. دەبوو دەرمانی بدەمێ. ئەو (راناوی مێ) لەسەر پێخەوەکە درێژ بوو، لەسەر تەختەی نەخۆشخانە، لەسەر ئەوەی کە چۆنییەتی لێدانی دڵی پێدەڵێن. لەسەر رۆخی تەختەکە رۆنیشتم و هەوڵمدا هەموو دەرمانەکانی پێبدەم. هەروا لە هیکرا رشانەوەکە هات. بە دەفەی سینگم و سکم بە لایەکی رووخسارم، بەسەر لاگوێیەکمیدا کرد.

..........

خۆم شۆرد. هەموو جلەکانم فرێداو خۆم شۆرد.

..........

نەگریام. بیرمکردەوە کە بۆ ئەمە مووچەم پێنەدراوە. پاشان نەمتوانی بیربکەمەوە. ئەوە وەک سپی وابوو."

لە دەقەکاندا هەرگیز هیچ نەرمکردنەوەیەک نییە. بە

پێچەوانەوە ویستێکی سەرسەخت هاندەری وێناندنەکانە، هەروەک کتومت تشتەکان بە بێباکیی و کۆنکرێتی وەک خۆیان باسکراون. هەروا وێنەی خودی شاعیریش بە هەمان شێوەیە. یوهان یۆنسۆن ئەوە وێنا دەکا کە چۆن جەستە دادەهێزرێت، چۆن نارەحەتی بۆ پارەو هەستی بێهێزیی ئەو دادەڕمێنێت. ئەو کتێبە تژییە لە رق و کینە، شەڕەنگێزیی و گومانکردن. مرۆ بە هەمان شێوە وەک خودی ئەو کەیف خۆش دەبێت کاتێک ئەو کۆمەکییەک لە ئەنجوومەنی یەکێتیی نووسەرانەوە وەردەگرێت.

ئەوە کۆشیعرێکی کارتێکەرانەی جڤاکییە. مرۆ کە دووبارە ئەو کۆشیعرە دەکاتەوە ئەژنۆی دەشکێت. ئەو ٨٠٠ لاپەڕانە پێویستن تاکو کاریگەرییەکەی رابگەیەنێت. ئەو کتێبە ئامێرێکی بێفۆرم، دژوارە. مرۆ لەو ئامێرەدا هەلا هەلا دەبێت.

رەنگە ئەوە شیعر بێت کە کتومت دەکارێ ئەوها بکات. رۆمانی هاوچەرخی سوێدیی خێراو کارامەیە لە راوکردنی ئەوەی کە ئێمە بە راشکاوی دەیبینین. لێ شیعر دەتوانێ ئەوە راو بکا کە ئێمە نایبینین. یان رەنگە شیعر ئەوەی کە ئێمە دەبینین تێیناگەین، ئەوە راودەکا. شاعیرەکان دەتوانن ئازادانەتر بجوولێنەوە، دەتوانن خەیاڵی بزۆک، دۆخەکان، شانۆ بەرزەفت بکەن. سەبارەت بە جڤاکێکی وەک ئێمەوە کە بە پەلەپروزێ، دەمارگرتن و سەرنجکێشانێکی نەبینراوەوە

کار دەکەین شیعر راشکاوانە هەنگاوێک لە پیشەوەیە.

بۆ من هیچێک لە رۆمانە سوێدییەکان وەک ئەو سێ کۆشیعرە نەیانتوانیووە ئەوها بەهێز ئەو جیهانەی کە من تێیدا دەژیم راوبکەن، بەرجەستە بکەن.

**ژێدەر:**

**"Kultur, Dagen Nyheter"، رۆژی شەممەی ٢٠٠٨/١١/٢٩**

## سەرنجێکی کورتی وەرگێڕی کوردیی

راستییەکەی مەبەستی وەرگێڕانی ئەم رەخنەیە، هەرچەندە رۆژنامەوانییە، بۆ ئەو دەنگۆیە بێ سەرو بەرانە دەگەڕێتەوە کە ماوەیەکە لەسەر زارو نووسینی کوردیدا لە ئارادایە. وەک دەزانین، نووسەری کوردیی باس لەوە دەکا، کە گوایە هەنووکە شیعر لە رۆژئاوادا باوی نەماوەو رۆژ رۆژی رۆمانە. جێگەی سەرنجە، نووسەری کورد کە بە دوای ئەو قسانەوە کەوتووەو دەکەوێت، بێ ئەوەی ئاوڕێک لە دۆخی ئێستای مرۆڤ و ناوکۆیی زمان و مێژوویی کوردیی و رۆژئاوا بداتەوە کە سەرمایەداریی کردوویەتی بە مەکینەیەکی بازاڕیی و بەرخۆریی، بێ ئەوەی بە پەرۆشییەک لە زمانەوە دەست بە گەوهەری خودی شیعرەوە بگرێت کە

بــــە هـــۆی سروشـــتی بەرهەڵســـتکارییە ئێســـتێتیکیی و نادیاربیژییەکانییەوە بە جەماوەریی و بارزگانی ناکرێت و ... تاد. لەوەش خەمینتر، ئەمڕۆ کورد هەموو تشتێکی لە چەندایەتی جەماوەر، مێگەلاندن و کڕین و فرۆشتندا کورتکردۆتەوە. هەروەک بەهاو چییەتی شیعر بەردەوامییەک بێت لە کالای بازاڕیی یان کلیپی هەڵپەڕکێ یان خێڵ ... ئەمڕۆ ئەو بەناو نووسەر، شاعیر، بلاڤۆکەوانە بازاڕدۆست و کوشتەی جەماوەرییانەی کورد ناتوانن بیر لەوە بکەنەوە، کە کێشەی کەمبوونەوەی خوێنەری شیعر و لاتەریکبوونی خودی شیعر لە جیهان و کوردستانیشدا، پەیوەندی بە خودی ئەو دۆخە بازاڕێنراو، بە رەواجکردنەی دیاردەی ئەو جۆرە گۆرانیی و شیعرە مینا فیلمی هیندییەی کە بە "کلیپ" و "مۆبایلە شیعر" ەوە ناو دەبرێت، هەیە. هەروەک پەیوەندی بەو دۆخە کالاگەرایی و تەکنیکگەرایی، دیجیتاڵییەوە هەیە کە ئەمڕۆ روحی کوردیان جلەوکردووە. لەو دۆخە میدیاییە دیجیتاڵیی و کالاسالارییەدا مرۆڤ چیتر چێژی هەست، توانای چڕبوونەوە یان ئەو بیرکردنەوە شێنەییەی لە دەستداوە، بۆیە ناتوانێت دەقێکی شیعریی بخوێنێتەوە. دیارە شیعریش پێویستی بە توانستی بیرکردنەوەو ئامادەیی روحییەوە هەیە. بەڵێ، دوای رمانی سەدام و بوونی کوردستان بە بازاڕی مەکینە و کالا پووچەکانی سەرمایەدارییەوە ئیتر هەرچی شاعیر و

نووسەری کورد هەیە، کە ئەوە قەدەری ئێمەی کوردە کە زوو بۆ هەموو مۆدەکان هەڵدەپەڕین، وەک چۆن ئەمڕۆ بە سەرمەستبوون بە مۆبایل و ئۆتۆمبێلەوە رۆژانە دەیان کیژ، ژن و خەڵک هەتک دەکرێن و دەمرن، ملی بە رۆماننووسینەوە ناوە، کە کەسیش نازانێت سەرچاوە و بابەتی ئەو رۆمانانەی ئەوانە سەر بە کام جڤاک و زمانن. خۆشی لەوەیە، وەک بیستم، "چاپخانەی ئاراس" وەک گاڵتەجارییەک، بایکۆتی لە شیعر چاپکردن کردووە! گوایە ئەو تەرزە چاپخانە مجگێز سیاسیی و بازاڕ دۆستە و ئەو بەناو رۆماننووسانەی ئەمڕۆ خەریکن بە چاپکردنی "کتێبە بازرگانی، سیاسیی و "رۆمان"ەکانیانەوە نەک هەر کورد لە جیهاندا ئامادە دەکەن، بەڵکو کورد و زمانەکەی دەکەن بە شار، ژیاریی و بگرە دەوڵەتی کوردییش دەسازێنن! ئەو دەقە راو هەڵوێستی یەکێک لە رەخنەگرە ئەدەبییە کاراکانی ئەمڕۆی سویدییە لەمەڕ شیعر بە گشتیی و شیعری سویدیش بە تایبەتی. لەوەش بترازێین، گوایە نەریتی شیعر لە زمانی کوردیی بەهێزترە تا لە زمانی سویدیدا؟! ئەو لەو وتارەدا، کە وەک جۆرە هەڵسانگاندنێک لە دۆخی شیعری سویدیی لە ساڵی ٢٠٠٨دا نووسراوە، وێڕای شێوازی رۆژنامەوانیی و سادەییشی، بە وردبینییەک لە ئاگایی شیعریی و رەخنەییەوە، کە ئەرکی رەخنەگری کارامە دەبێ ئەوها بێت، نەک هەر دۆخی شیعری ئێستای سویدیی

نماییشـدەکا، بـەڵکو ئـەو تۆمـەت و هۆکردانـەش پووچـەڵ و ڕۆشـندەکاتەوە کـە بـاس لـە بێبایـەخبوونی شـیعر دەکـەن. لەوەش زیاتر، بەهای هـەرمانی شیعر لـە بەرانبـەر ڕۆمانیش بەرجەسـتە دەکاتـەوە. هاوکـاتیش جـارێکی تـریش ئـەو نووسینە لەسەر شیعر ناچارمان دەکا ئاماژە بەوە بکەینەوە، کـە شـیعر خـاکی بوونەکـەی، ڕوحـی زمـان، جڤاکەکـەی بەرجەسـتەدەکاتەوە، نـەک وەک بەشـێکی زۆر لـەو تشـتە هـەڵیت و پەڵیتانـەی ئـەمڕۆ کـە بـە نـاوی "شـیعری مۆبایـل" دەنووسرێن کە فریان بە ئەزموونی ژیانی ئەمڕۆی کورد و خۆیانەوە نییە یان ئەو شاعیرە ئیدۆلانەی کە کتومت ئاواز و وێنە و کۆپلەی شاعیرانی فارس و عـەرەبیان تـالآنکردووە. بـە کورتی زۆرێک لە شیعری ئەمڕۆ ئەزموونی شـاعیر و جڤاکی ئێمە نین، بەڵکو هی ئەوانیترن و وەرگیراون.

هەڵبەتـە ئۆسـا بێکمـان، لـە ڕوانگـەی خۆیـەوە، لەگـەڵ وتارەکەیدا بە چەند کۆپلەی چڕ نۆ لە کۆشیعرە هیدڵییەکانی ئەمساڵی سوێدیی پێناسـە دەکا. لێ من بـە پێویسـتم نـەزانی ئەو پێناسانە لەسـەر ئەو نۆ کۆشیعرە وەربگێڕم. ئومێدەوارم ئـەم وتـارە لـەناو ئـەو ژاوە ژاوەی کـە لـە کـن چاپخانـە پـارەخواز و نووسـەرانی ئەشـقە ڕۆمـان ناوبـانگخواز لەمـەڕ هەرزانکردنی شیعری کوردیی لە ئارادایە، گومانێکی چکۆڵـە دروستبکا، یان هەرنا بۆ ئەوانەی کە هیشتا لـە بـەهای شـیعر تێدەگەن، هانا بەخش بێت.

# مایاکۆڤسکی

## ژیان و مردنەکەی

نووسینی: جۆن بێرگەر
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە

**"گورگەکان بە پێدزکێ هەتا بەر ماڵ دەهاتن. بە کۆمەڵ دەخولانەوەو دەیان لووراند. تا بڵێی لوورەیان ناخۆش و ترسناک بوو. لەویٚ بۆ یەکەم کەڕەت بوو ئەو لووره کاسکەرو دژوارەم گویٚ لیٚ بیٚت. زارۆکەکان شەوانە نەیاندەتوانی بنوون، دڵنیام دەکردن و دەمگووت: (هەترەشتان نەچێ، سەگی دڕمان هەیە نایەڵن گورگەکان نزیک ببنەوە!."**

ئا بەو جۆره دایکی مایاکۆڤسکی بە دارستانی جۆرجیای رووسیادا هەڵدەڵێ کە ڤلادیمێرو خوشک و براکانی چاویان تێدا هەڵێنا.

لێرەدا سەرەتا مەبەستمان لە سەقامگیرکردنی ئەو پێداهەڵگوتنە وەبیرهێنانەوەی ئەوەیە، کە تا بزانین ئەم دنیایەی ئێمەی لەگەڵ ئەو دنیایەی کە مایاکۆڤسکی تێدا گەورە بووە، زۆر جودایە.

کە مرۆڤێک لە تەندروستییەکی باشدا خۆی دەکوژێ، دوا لێکۆڵینەوە ئەوەیە کە دەڵێ مایاکۆڤسکی گەیشتە ئەو رادەیەی هەستیکرد کە کەس تێیناگات. ئەم تەرزە تێگەیشتنە

زۆر جاران تا دوای مردنیش هەر بەردەوام دەبێ. چونکو زیندووەکان بەجۆرێک لەسەر باسلێکردنی چیرۆکی خۆکوشتن سووردەبن کە لەگەڵ مەبەستەکانیان بگونجێ.

ئا بەم چەشنە لەسەر ئەو دوا ناڕەزاییەی تێنەگەیشتن، وسکوتی لێدەکرێ. بە ماناکردنی دیاردەی مایاکۆڤسکی، بۆ هەر تێڕامانێکی نێوان پێوەندی سیاسەتی شۆڕشگێڕو شیعر، دیاردەیەکی ناوەندییە، ئەم دیاردەیەی لە ناو شیعرەکانی و هەروەها رەوتی ژیان و مردنەکەیدا، بەرجەستەکرد، دەخوازێ بەم مانایە چارەسەری بکەین .

لە راستیدا لەکن مایاکۆڤسکی هەموو تشتێک بەو زمانەوە دەستپێدەکات کە بەکاریدێنێ، ئەوەش وامان لێدەکات کە بەڕاستی رێزی بگرین، هەتا گەر زمانی رووسیش نەزانین. رەوتی مایاکۆڤسکی، هەوەک کارەساتەکەی، بەو پەیوەندییە جیاوازەی نێوان خۆی و نێوان زمانەکەیەوە حوکمدارە. ئەوەش مانای ئەوەنییە دیاردەکەی مایاکۆڤسکی لە نێوەڕۆکی سیاسی بەتاڵ بکەین، بەڵکو دەبێ بەدیاریکردن دان بەو نێوەڕۆکە جیاوازەدا بنێین .

## سێ خاڵ سەبارەت بە زمانی رووسی

**یەکەم:** لە ماوەی سەدەی نۆزدەدا، جوداخوازی نێوان زمانی روسی داسەپاو و زمانی نووسیندا، لە چاو هەموو وڵاتانی ئەورووپای رۆژئاوادا، ناڕەزایی کەمتر هەبوو.

سەرباری ئەوەش زۆرینەی خەڵک نەخوێندەوار بوون. هەروەها هەر چینی حوکمڕان بەتەنیا ئەو زمانەی بۆ بەرژەوەندیو چێژەکانی تەرخان نەکرد، تا وای لێبێ، کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم سەرەتایەکی جیاوازی لەنێوان زمانی خەڵکو زمانی چینی ناوەندی شارنشینی تازەی هێنایەگۆڕێ. لەناو ئەوانەدا مایاکۆڤسکی بەڕاشکاوی دژی پرۆسەی (خەساندنی زمان) راوەستا. هەرچەندە، ئەوکاتو ئێستاش دەشێ. هەروا ئاساییە، شاعیرێکی رووس خۆی بە بناغەی زمانە زیندووەکەی خەڵک بزانێ.

هەر تەنێ لەبەرئەوە نەبوو کە مایاکۆڤسکی بە کەسایەتییەکەی دەنازێ، چونکو دەیتوانی بە زمانی رووسی بئاخڤێ. کە خۆشی لەگەڵ پۆشکین بەراورد دەکرد، لەپێناوی ئەوە نەبوو تا تاکایەتی بلیمەتە گۆشەگیرەکان رابگەیەنێ، بەڵکو مەبەستی ئەوەبوو لە زماندا دوو شاعیر جیابکاتەوە کە هێشتا لەبارە بۆ ئەوەی ببنە موڵکی سەرتاپای نەتەوەیەک.

**دووەم:** زمانی رووسی زمانی لەرینەوە (نەوادار)و پلەکانی دەنگی جیا جیایە، بۆیە زۆر دەوڵەمەندە، بەتایبەتیش لە سەرواو هارمۆنییدا. ئەوەش یارمەتی رووسەکانیدا کە وەک دیاردەیەک شیعر ئەزبەر بکەن.

شیعری رووسی، بەتایبەتی شیعری مایاکۆڤسکی، کە بە خۆشی دەیخوێنێتەوە، لە مۆسیقای (رۆک)ەوە لەوێوە بۆ

شیعری (میلتۆن) نزیکدەبێتەوە. گوێ رادێرن مایاکۆڤسکی بۆ خۆی لەمەڕ ئەمەدا دەدوێ:

"بۆ نەوا ئەو هاژە سەرەتاییە لەکوێوە دێ؟ لە زەینمدا هەموو جۆرە دەنگ و بزوانەکان دووبارە دەبنەوە، ئەوەش هەر دیاردەیەک بێ دەتوانم دەنگێکی دیاریکراوی بۆ بسازێنم. هاژەی ئەو دەریایەی کە بێکۆتایی دووبارە دەبێتەوە، دەکرێ بکرێتە سەرچاوەیەکی نەواو ئاواز. یا ئەو ژنە خزمەتکارەی کە هەموو بەیانیان بە توندی لە دەرگا دەدات، دەنگێکە دووبارە دەبێتەوەو لە دەروونمدا سوڕدەخوات و لە ناو ناخمدا تێهەڵچوونەوەی هەیە، یاخود سوڕانەوەی زەوی کە ئەزموونی خۆمە، یا لە شوێنی بازرگانەکاندا کە بە کەرەسە بینراوەکانیان دەکەنە زەنا، گڤەبای دژوار وریا دەکەنەوەو ئاوێتە دەبن."

ئەو هەمە چەشنە ئاوازانە بۆ زمانە رووسییەکەی مایاکۆڤسکی چالاککارو بەیادهێنانەوەیە، ناکەونە سەر نێوەڕۆک. رەنگە ئاوازەکان تێکەڵاوبن، بەڵام ماناکانیان بە وردییەکی دەراوێتەیی جودادەبنەوە. جوانی دەنگەکان دڵنیامان دەکەنەوە، کە ئەگەر مانا تیژو کتوپڕەکان یەکانگیریان بن.

زمانی رووسی لە نۆبەرەو تازە پێشکەوتنەکەشیدا لە دووانە وشەکان پێکهاتووەو مانای توندو ئاشکرای هەیە. ئەوەش بۆ شاعیرێک دەرفەت دەڕەخسێنێ کە لە داهێناندا

بیخەملێنێ. بەڵام شاعیرێکی مۆسیقاو قارەمان. ئەگەر لەسەر جۆلانەی ئەو قارەمانە باریکە رێیەکی لێزان هەبێ، رەنگە بتوانێ لە دیار ئەکتەرێکی تراژیدیدا فرمێسک نەڕژێ.

**سێیەم:** وێڕای سەرکەوتنی شۆڕش، بەهۆی فرە هێرشی لەناوبردنی نەخوێندەواری. هەموو نووسەرانی رووس، هەستیانکرد خوێنەرێکی زۆر بەرەو دروستبوون دەچێ. هەرچەندە ئەو دروستکردنە قەبارەی پرۆلیتاریای زێدەکرد، بۆیە پرۆلیتارە تازەکە بۆ توێژێکی خوێنەری (پێڕاگەشتوو) وەرچەرخا، کە خوێندنەوە بازرگانییەکان نەیشێواندبوون، یەکسەر ئەو نووسەرانە لەوە ترسان کە چینی شۆڕشگێڕ وەک هەر مافێکی شۆڕشگێڕانەیان، کە داواکردنیشی مافی خۆیانە، داوای وشەی نووسراو، بەکارهاتوو دەکەن. بەم شێوەیە لەدایکبوونی پرۆلیتاریای خوێندەوار لە یەکێتی سۆڤیەتدا مۆژدەی دەوڵەمەندکردن و فراژانی ئەدەبی نووسراوەی راگەیاند، نەک ئەو هەژارکردنەی کە دەسەڵاتەکانی سەرمایەداری لە رۆژئاوا ئەنجامیدا.

دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئەو بڕوادارییە، هەمان بڕواداری مایاکۆڤسکی بوو. ئەو نوێکارییەی شیعرەکانی بە رەنگێک لە رەنگەکانی چالاکی سیاسیدا ناز دەکرد. چونکە بە خۆی لە جێگەی پڕوپاگەندەی میری رۆستا Rosta دروشمەکانی دادەهێنا. یان کە لە سەرتاپای پان پۆڕی یەکێتی سۆڤیەتدا دەسوڕایەوەو لە ناو جەماوەرێکی قەبەی

کرێکاراندا کۆڕی شیعری دەگێڕا، بەهۆی وشەکانییەوە، لەوە دڵنیابوو کە تشتی تازە ساز دەکات. بەو ڕێگایەشەوە چەمکی تازە بە زمانی چینی کرێکاران دەبەخشێ. سەرباری ئەمەش، ئەو سوڕخواردنانەی لە ماوەی دوو ساڵدا تەندروستی کەنەفت کرد، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی بۆنەکان، ژیان بۆ خۆی ئەوەی سەپاند کە ئەو بۆ خۆی کردە نوێنەری ئەو گەمەیە. جەماوەر لە پەیڤەکانی دەگەیشتن. ڕەنگە مانا حەشاردراوەکان لە پشت ئەو پەیڤانەوە بووبن کە لە زەینیدا ئامادەییان نەبوو، ڕەنگە ئەو گرنگی بەوە نەدابێ کە (لەوێ) دەیخوێنێتەوەو ئەوانیش گوێیان ڕاگرتووە. هەروەک کە (لێرە) بە ناچاری لەو تۆمارکردنە بێکۆتاییانەی کە لەگەڵ چاپەمەنیو بەرپرسە حیزبییەکان لە بواری ئەدەبدا ئەنجامی دەدا. لەوێدا جەماوەر، یان بەشێکی ئەو جەماوەرە، هەستیانکرد، کە تاکایەتی مایاکۆڤسکی بە تاکایەتی ئەو شۆڕشەوە بەندە.

زۆرینەی شاعیرانی ڕووس وەک شینو واوەیلا شیعریان دەخوێندەوە، کەچی مایاکۆڤسکی لە ناو مایکرۆفۆندا وەک دەریاوان بەرەو کەشتییەکی تری دەریایەکی هەڵچوو دەینەڕاند.

لەو ساتە مێژوویەدا زمانی ڕووسی لەو بارەبوو، کەوایە ئەو کات زمانی ڕووسی خوازیاری شیعر بوو، نەک هاوردنی زمانێکی زێدەڕۆیی، چونکە پێویستی بەوە بوو کە

بە چەند وشەیەک ئەو ساتە مێژووییە پوختەبکرێتەوە .

بەڵام کاری لایەنەکانی ئەوانی تر لەو پەیوەندییەدا چییە – مایاکۆڤسکی شاعیرە؟ ئەوانی تر چ چەشنە شاعیرێک بوون؟ هەر مایاکۆڤسکییە وەک تاکێکی بە توانا دەمێنێتەوە، بۆیە دەبێ لە کاتی بەراوردکردنی لەگەڵ شاعیرانی تردا وریای ئەو بین. دەبێ وەک شاعیر بە پشکنینی سەرنجەکان شیعرەکانی پۆلێن بکەین، هەرچەندە ئەو کارەش بۆ تەرازووی توانایەکی تر بشکێتەوە، بەڵام دەبێ بزانین کە ئەو پێناسەیە پاڵەپەستۆیەکی رووتە کە شاعیر بە درێژایی ژیان تووشی ئەو پاڵەپەستۆیە بووە. هەروا ئەوەش وریامان دەکاتەوە کە تێیدا هۆکاری خۆیەتی لە هۆکاری مێژوویی جیابکەینەوە.

## مایاکۆڤسکی ئاوا تێبینییەکانی خۆی بەرەو رەوتی شیعرەکانی دەکاتەوە

"ئەمڕۆ شیعرێکم نووسی، باشترە بڵێم: پارچە شیعرێک، کە خراپە، "شەو" لە شەقامی ستریتنسکی بۆ لیۆرلیۆک شیعرەکەم خوێندەوە. گوتیشم: ئەوە برادەرێک نووسیویەتی، داڤید سارد بووو تێڕاما: (تۆ خۆت نووسیووتە!) ئەوسا هاواری کرد: (تۆ بلیمەتی!) بەو پەسندانە خۆشە شادبووم کە شایەنی نیم. پشتم بە شیعر قایم کرد. لە هیکرا لەو شەوەدا بوومە شاعیرێکی تەواو."

هەرچەندە ئەوە گوتنێکی سەرزارەکییە، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە ئەو بوو بە شاعیر، چونکە خۆی بۆ ئەو ئەرکە تەرخانکرد. هەڵبەت، هەر لە بنەچەدا ئەو توانا بلیمەتە لە خۆیدا حەشاردابوو. جا هەر دەبووایە رۆژێک ئەو توانایە بتەقێتەوە. بەڵام حەوسەڵەکەی وا رەخسا کە ئەو توانایە بۆ داوایەکی دیارکراو بتەقێنێتەوە.

پاش ئەوە، ئاماژەکردنەکە بەردەوام دەبێ، بەو پێیەی ئەرکێکە بۆ ئەو (داوا کۆمەڵایەتییە) دیاریکراوە پێویستە کە بەرەو رووی بێتەوە، ئەو داوایە راستەوخۆیە شیعر هەڵدەقولێنێ. خاڵی هاوبەشی نێوان خەملێنی رابردووی شیعرەکانی و داهاتووی شیعرە سیاسییەکانی بە دیاریکردن لە شێوەی قسە ئاراستەکردندایە. لەوەدا مەبەستمان شێوەی بەرەورووبوونەوەی شاعیرە بۆ ئەو (تۆ)یەی کە قسەی ئاراستە دەکا. جا رەنگ بێ ئەو (تۆ)یە ژن بێ یاخود بەرپرسێکی حیزبی بێ.

لە ژیانی ئەم (من)ەدا بێهوودەیەدا لەو (تۆ)یە دەگەڕێ. ئەوە مانا فراوانەکەی شیعرە کە لە ژیانی شاعیردا لە حالەیەکی تردا دەبینرێ. رەنگە بگوترێ ئەم قسەیە، بەڕادەیەک، بەتەواوی لەسەر شیعردا جێی خۆی دەگرێ. ئەو هزرەی کە دەڵێ، شیعر شێوەیەکی ئاڵوگۆڕکردنە لەنێوان ژیانی شاعیرو ئەو داخوازییانەی کە چالاکییەکانی تر دەیخاتە سەر شانی، کاریگەری خۆی دادەنێت، لە

دیاردەکەی مایاکۆڤسیەتدا ئەو هزرە بە چەشنێکی تایبەت رسکاوە. گەر ئەوە لەسەر ئەو پرەنسیپەدا بشکێتەوە کە دەڵێ، شیعر بەپێی شێوەی پێشوازیکردنی خەڵک، بیانۆیەکانی دەگەیەنێ، یان ناگەیەنێ. لێرەدا رووبەڕووی ئەو کێشە گرنگە دەبینەوە کە جێگەی رێزی شاعیر بوو. خاڵە گرنگەکە لێرەدا زمانەکەیە، کە کاکڵە سەرکیەکەی تیادا بەخۆ گرتووە. دوا بڕیاریش کەسانی ترن دەتوانن بڕیار لەسەر ئەوە بدەن، کە ئەو چۆن لەو بارودۆخە دیاریکراوەدا ئەم زمانەی بەکارهێناوە. مایاکۆڤسکی هێندەی بە زمانەکەی بەخشی، وەکو ئەوەی بە جەستەکەی خۆی دەبەخشی. رێگەی بە کەسانی تر دا، کە بڕیاربدەن ئاخۆ ئەو جەستەیە بۆ ژیان مافی هەیە یان نا.

بەراوردکردن لەنێوان بەرهەمهێنانی شیعریی و بەرهەمهێنانی پیشەسازی، یەکێک بوو لەو بەراوردە هەرە گرنگانەی مایاکۆڤسکی، بەڵام پوختەکردنەوەی مانای ئەو هێما وەرگرتووەی کە باسی پێشبینینەکانی تەکنەلۆژیای نوێ دەکەن، کە ئەمەش لایەنگیری راستینەیە لای ئەو. بەلای مایاکۆڤسکییەوە شیعر دروستکردنی ئەزموونی کەسایەتی و وەرچەرخاندنە.

لێرەدا هەر بەخۆی لەسەر ئەزموونی شاعیریەتی دەئاخڤێ کە بابەتە خاوەکانی شیعر چین، کاتێک کە شیعر دەبێتە بەرهەمێکی کۆتایی و داخوازی کۆمەڵایەتییەکەی

بەجێدەگەیەنێ:

"هەر بۆ خۆی هەوڵێکی ئامادەکراوە بۆ تەواوکردنی دەقێکی دیاریکراو کە ئەو بەشە کاڵبووەم پێدەبەخشێ و دەرفەتم بۆ دەڕەخسێنێ. خودی شاعیر ئەو بوونەوەرەیە کە هەموو خڕبوونەوەیەک یا ترافیکێک و هەر ڕوودانێک لە ڕووداوەکانی، دەبینێ، جا ئەو ڕووداوانە لە هەر بارودۆخێکدا ڕوودەدەن، بۆیە هەر خودی ئەو ڕووداوانە دەبنە بابەتی وشە داڕشتن".

مەبەستی ئەو لە هەوڵی ئامادەکراو داڕشتنی سەروا، وێنە و دێڕە شیعرەکانە، لەپێناوی ئەوەی لە داهاتوودا بەکاریان بێنێ.

شیعر (سازکردن) بە چەند خولێکدا تێدەپەڕێ، هەروەکو لە وتاری (شیعر چۆن ساز دەکرێ) بەڕاشکاوییەکی دەگمەن دەڵێ: "لە بەرابەریدا هەوڵە ئامادەبووەکە دێ کە بە ئەرکی چۆڕاندنەوەی ئەزموون و وشەکان هەڵدەستێ و ئەو کۆپڵە ئاخاوتنانە بە ڕێژەیەک ئامار دەکا."

"لە دەوروبەری ساڵی ١٩٣٦دا، لە ساراتۆفەوە بەرەو مۆسکۆ دەگەڕامەوە، بۆئەوەی دڵسۆزی خۆم بۆ ئەو ئافرەتەی کە لەگەڵمدا بوو بسەپێنم، پێم گووت: "من لە ئادەمیزاد ناچم، بەڵکو پەڵە هەورێکم لە ناو پانتۆڵدا"، ئافرەتەکە بەو دەربڕینەم پەشۆکا، ئەوە وای لێکردم لە

شـیعرێکدا بـە کـاری بێـنم... دوو سـاڵان بەسـەر ئـەو رووداوەدا گـوزەرا، پەڵـە هـەورێکی نـاو پـانتۆڵم، کـردە ناونیشانی شیعرێک کە بەدوای ناونیشانێکدا دەگەڕام".

پـاش ئـەوەی شـاعیر لەسـەر بابـەتێکی دیـاریکراوی داخوازییـە کۆمەڵایەتییـەکان دەرک بـە شـیعرێک دەکـا، دەکارێ هەموو ماناکانی ئەو پێویستییە ئاخنراوانەی پشت ئەو داخوازییە تێبگات. لـە کۆتاییدا، پرۆسـەی دارشتنەوەی ئـەو شـیعرەی، کـە هـاوکوفی داخوازیەکەیـە، دەسـتپێدەکا. لێرەدا، شاعیر دەکۆشێ هـەموو مانـا کاکڵـەدارەکان لـە وشـە چڕکراوەکانـدا رابگەیـەنێ، بـەڵام ئـەم پرۆسـەیە ئەزموونـە یەک لە دوای یەکەکانی گەڕەکە. تا دەگاتە خەملینی کۆتـایی، ئەوسا هێزی تەقینەوەی ئەم شیعرە روودەدا :

**ئەی هاوڕێی جابیە باج وەرگرەکە**
**بە شەرەف سوێند دەخۆم**
**سەروا بۆ شاعیر**
**زیاتر لە فلسێک یا دوو فلس ناکا.**
**گوێت لەم دەستەواژەیە بێت :**
**سەروا**
**نارنجۆکە**
**نارنجۆکی دینامێتە.**
**دێڕە شیعریش فتیلەیە**
**فتیل گڕ دەگرێ و**
**نارنجۆکەکە دەتەقێتەوە.**

**لاشەی شار لە هەوادا پەخشدەبێتەوە:**
**ئەوەیە شیعر**
**باج**
**بەسەر سەرواکانەوە چییە**
**کە شیعر ئامانج دەپێکێ و**
**یەکسەر دەکوژێ!**
**گەر ئەو**
**بەو ساردییە نەمێنێ**
**تەنیا پێنج سەروا دەچەرخێ.**
**هەرچەندە ئەوە لە سارایەکانی فەنزویلاش بووایە**
**بە دوایدا دەچووم**
**بێئەوەی گوێ بە گەرمەسێرو زۆزانەکان بدەم**
**شانم بە قەرزو قەرزکاری گرانکرد و**
**گەڕام بەدوایدا.**

**تۆ ئەی هاوولاتی**
**نرخی بلیتی سەفەرکەت پاشەکەوت بکە!**
**هەر شیعرە – شیعر**
**کۆچێک لە نادیاریدا .**
**شیعر**
**وەک ریچکەیەکی شوون هەلگرە و**
**دەمامکی بەرهەمێکە،**
**دیداری سالێکی کارە.**
**لەپێناوی دەرامەتی پەیڤێک**
**دەبێ هەزاران تەن**
**وشەی ناو ساز بکەیت.**

**بەڵام، تریسکەی**
**ئەو پەیڤە**
**لەسەرخۆ بە ستوونێک**
**بە وشە خاوەکان بەراورد بکە!**
**ئەو پەیڤانە**
**هەزاران ساڵ دەچۆڕێنەوەو**
**هەزاران دڵ دەلەرزێنن!**

کە شیعر هۆنینەوەکە تەواو دەبێ، دەخوازێ خوێنەران بیخوێننەوە یان خودی شاعیر بیخوێنێتەوە. مایاکۆڤسکی، لە کاتی کۆڕە شیعرییە گشتییەکاندا، وەک شوفێری ئۆتۆمبیلی پێشبڕکێ یان فڕۆکەوانی پرۆڤەکردن. کارە جیاکارو بەرهەمەکانی پیشاندەدا، وێڕای جوداوازیش، چونکە پێشانگای شیعرەکانی نە لەسەر زەوی و نە لە هەواشدا پیشاندەدا، بەڵکو لە ناو زەینی گوێگرەکانی پیشاندەدا.

وێجا ئەو کار هەر چۆنێک بێت، نابێ حەزی ئاواز ئامێرەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنانی شیعر لای مایاکۆڤسکی فریومان بدات، بەو مانایەی گوایە شیعرەکانی حەشارگەیەکی نهێنیەکانە، بەپێچەوانەوە شاعیر تێڕامانە شیعرییەکانی هەمیشە لە ناخە چرۆگرتووەکانیدا بوون.

**کەون وێژەنگ دەدا و**
**گوێچکە بەهێزەکانی**
**پڕبووە لە کێچ**
**ئەوە ئەستێرەیە و**
**لەسەر لەپی پاڵ کەوتووە.**

ویـــڕای ئەمـــەش، مایاکۆڤسـکی وەک پرۆسـەیەکی ئـاڵۆگۆرکردن سـەیری شـیعری دەکـرد، پرۆسـەیەک کـە وەرگێڕانی ئامانجێکە بۆ کردنە ئەزموونی شاعیرێک کە بشێ لە بەرامبەر کەسانی تر بەکاری بێنێ. ئەو بڕوای بە کیمیای زمـان هـەبوو. لـە خـودی نووسـینەکانیدا ڕووداوی سەرسوڕهێن ڕوویدەدا.

کـاتێ کـە لـە سـاڵی ١٩٢٥دا لەسـەر خۆکوژییەکـەی یەسـنینی نووسـی، نـەیتوانی تاکـە بیانۆیـەکی بڕواهێنـەر پێشکەش بکا، کە بۆچی دەبووایە شاعیر لە ژیاندا بمێنێتەوە، گەر ئەوەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکە زانیبێت، لێ کۆپلەکانی سەرەتای پرسەنامەکەی کاکڵەی مەبەستن: گەر لە ژووری یەسـنیندا تـەنیا مەرەکـەب هەبووایـە، نـەدەچوو دەماری مەچەکی ببڕێ و خۆی هەڵواسێ، گەر هەر تەنیا بیتوانیبایە بنووسێ، ڕەنگە لەسەر ژیان بەردەوام بووایە. کە بنووسێ واتا لە ناو خۆتدا خۆت دەشارییەوە و لە هەمان کاتیشدا دەچییە پاڵ کەسانی تر.

مایاکۆڤسکی لە هەمان شیعردا لەمەڕ گەلی ڕووس (کە زمانەکـەی لەناویـدا دەژی و هەناسـە دەکێشـێ) دەئـاخڤێ و هێـرش بـۆ سـەر هـەموو بـەکارهێنانێکی شـەرمنۆکی یـان ئەکادیمییانەی زمان دەکا (لەهەمان کاتدا گەر یەسنین بەخۆی لـە کـاتی شـاردنەوەی تەرمەکەیـدا گـوێی لـە هوڕاکێشـە لاساییکارەکان ببووایە، داوای لێدەکردن کە پرسەنامەکانیان

لە قنگی خۆیان رابکەنەوە. لە هەمان وەختدا، ئەو دان بەوە دەنێ، کە زەمەنێکی شەکەتدراو کەوتۆتە سەر نووسەران. وێڕای ئەمەش بەخۆی دەپرسێ، بەلاّم چ زەمەنێک لەسەریان شەتەکدراو نەبووە؟ ڤێجا دەڵێ:

**هەر پەیڤەکانە**
**پێشەنگی**
**ئەو ئادەمیزادە خشکاوە.**
**پێشکەون!**
**پشتمان**
**زەمەنێکە**
**وەک لوغمێکی زەوی دەتەقێتەوە.**
**بۆ رابردوو**
**تەنیا**
**کەزیەکانمان جێدێڵێن**
**هەست و خواستمان**
**لە – با – ئاڵۆزکاوە.**

لەگینە یارمەتیدەر بێ بۆ روونکردنەوەی هزرەکەمان، کە ئەگەر مایاکۆڤسکی بە نووسەرێکی تر بەراورد بکەین، کە ئەویش شاعیری هاوچەرخی یۆنانی یانیس ریتسۆسە، کە ئەو وەکو مایاکۆڤسکی، شاعیرێکی سیاسی و کۆمۆنیستە، بەلاّم سەرباری ئیلتزامی هاوبەشانەی هەردوو شاعیر، لە شیعردا ریتسۆس بە بەراوردکردن لەگەڵ مایاکۆڤسکیدا

دەکەوێتە کەنارێکی تر.

لەلای ریتسۆسدا کاری نووسین بە دروستکردنی وشە لە دایک نابێ، کەچی لای مایاکۆڤسکی شیعر وەک سەرەنجامی بڕیارێکی سیاسی، کە هیچ پەیوەندی بە شیعرەوە نییە لە دایک دەبێ. لەجیاتی ئەوەی شیعر بەرهەمی کۆتایی پرۆسەیەکی توندو ئاڵۆزی بەرهەمهێنان بێت. وێدەچێ وەک بەرهەمێکی یەک لایەنی بەرهەمەکان بێ. دیدی ئەوتۆت بە زەیندا دێ کە شیعرەکانی ریتسۆس بەر لە کەڵەکەبوونی وشەکانەوە هاتبن، کە ئەوان، واتە شیعرەکانی ئاوڕێژی هەڵوێستەکانیەتی، یان بڕیارێکی پێشوون. ریتسۆس نەک تەنێ بە شیعرەکانی هاوکاری سیاسی خۆی جەختدەکاتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەی ئەوە. بەهۆی هەڵوێستی سیاسییانەی، لای ئەو هەندێ رووداو سەرپۆشێکی شیعریی دەپۆشێ:

**رۆژی شەممە، سەعاتی یانزدەی بەر لە نیوەڕۆ**
**ژنان لەسەر رستەی جل شووشتن**
**جلەکانیان کۆدەکەنەوە**
**خاوەن ماڵەکە لەبەر ئاستانەی**
**ماڵەکەی وەستاوە.**
**پیاوێک جانتا هەڵدەگرێ و**
**یەکێکی تر شەپقە رەشەکەی لەسەر دەکا،**
**مردووەکان کرێ نادەن.**
**هێڵی تەلەفۆنیان لە ئیلین بڕی**

**کولیچەفرۆشەکە بە ئەنقەست بانگ رادەدێرێ:**
**(کولیچەی گەرم)**
**کەمانچەژەنە لاوەکە لە پەنجەرەکەوە**
**دەڵێ:**
**(کولیچەی گەرم و نەرم)،**
**کەمانچەکەش بۆ سەر شۆستە فڕێدەدا.**
**بەبەغایەکە لەسەر شانی نانەواکەدا چاوەدێری دەکا.**
**خاوەن ماڵەکە بە کلیلەکانی خش خش دەکا.**
**هەر سێ ژنەکە دەچنە ژووری و**
**توند دەرگا دادەخەن.**

ئاماژەکردن بە ریتسۆس لەگەڵ مایاکۆڤسکی

مەبەستمان رووبەڕووکردنەوەیان نییە، یاخود بەپێچەوانەوە. ئەوانە هەر یەکەیان دوو چەشنە شاعیری جودان و لە دوو دۆخی جیاوازیش تشتیان نووسیووە. شیعری ریتسۆس (بەهۆی بلیمەتە شیعرییەکەی، بەشە بەرهەمێکە لە بەرهەمهێنانە هەڵبژاردراوەکەی کە ئەو خۆی بەرهەڵستی و بەرەنگارییەکە هەڵدەبژێرێ. شێوەی شیعریی لەلای یەکێکیان ئاشکرایە، لای دووەمیان نهێنییە. لە رووخساریشدا بەپێچەوانەوە دەنوێنن، یەکەمیان لە دووەمیان زێتر گۆشەگیرترە.

با هەنووکە بۆ لای مایاکۆڤسکی بزڤڕینەوە. دەکرێ بڵێین زمانی رووسی داوای شیعری جەماوەریانەی دەکرد، بەر لە شۆڕش و لە ماوەی سالانی یەکەمیدا شوێن پێی شاعیرە

نیشتمانپەروەرەکان دەکەوتن. ویڕای ئەوەش مەحاڵە ئەو مەسەلەیە یەکلا بکەینەوە، گەر تەنیا بڵێین بلیمەتییەتی مایاکۆڤسکی بەو داواکارییەوە بەندە یان ئەو هەر تەنیا لەو زەمینەیەدا پەروەردە بوو، ئەو هاوکاتییەی نێوان بلیمەتیەکەی و نێوان باری زمانی سەردەمەکەی لە بەرهەمهێنانی شاعیر بەدرێژایی ژیانی و رەنگە هەتا لە مردنەکەشیدا، رەگەزاێنکی یەکلاکەرەوە بن، بەڵام هاوکاتییەک زۆر درێژەی نەکێشا.

ویڕای دەستپێکردنی (سیاسەتی تازەی ئابووری – نیپ – Nepزمانی شۆڕش دەستی بە گۆڕانکاری کرد. لە بەراییدا ئەو گۆڕانە لاواز بوو، بەڵام بۆ شاعیرێکی وەک مایاکۆڤسکی تشتێکی شاراوە نەبوو. هاوکات، ئەو پەیڤانەی کە بە کاری دەهێنان، ئەو واتا راستەوخۆیەیان نەدەگەیاند کە دەیگوتن. (بە راستگۆیانە لە لینین ئاخاوتنەکەی کارێکی زێدە فرە بوو) لەو دوورنمایانەو ئەو تشتانەی تریش کۆچکردنەکەی کارێکی یەکلاکارە بوو). وردە وردە هەر چەندە پەیڤەکانی فراوان دەبوو ماناکانیشیان واتای خۆیان دەگەیاند. تا وای لێهات پەیڤەکان دوو رووخسار بنوێنن: روخسارێک هی تیۆری و ئەویتریش هی رەفتار بوو، بۆ نموونە، وشەی (سۆڤیەت) بوو بە وشەیەکی رۆیشتوو و باوی نیشتمانپەروەری و سەرچاوەی رێزی نیشتمان. چونکە ئەم وشەیە لە چوارچێوە دیاریکراوەکەی دیمۆکراسیدا هەر تەنێ

لــە تیۆریــدا مانــادار نەمایــەوە. بــەم تــەرزە جــەماوەر بــۆ مەودایــەکی دوور بــوو بــە خوێنــەرێکی (خــەملّیو)، بــەڵام جەماوەرێکی فریودراو. مایاکۆڤسکی بەر لەوەی دیاردەکەی بکاتـە کەڵـەگای نـرخ دابـەزینی کێشـی زمانـە رووسـییەکەی ،کۆچی دوایـی کـرد، بـەڵام تیڕامانـە گاڵتەجاڕییـەکانی لـە دوا ساڵانی ژیانیدا زێدەبوون، هـەر وەک لـە نووسینەکانی وەک (مێرو (پێشووله)و (گەرماو) ئەو گاڵتەجاڕیانـە دەبینـرێن، ئـەو نووسینانە هەموویان پێشوازییەکی خراپیان لێکرا. بـەجۆرێک پەیڤەکانی مانا پێدەبەخشین ئەو راستیو راستگۆییانەیان لـە دەستدا. بـا گـوێ بـۆ سـەرەنجامی بەشـی سـێیەمی (گـەرماو) بگرین:

"باشــە! ئێســتا پیاوەکــان لەســەر شــانۆن، لەســەر تاکــە ئەژنۆیـــەکتان بچەمێنـــەوە، پشـــتتان کـــوڕو ســـەرتان شۆڕبکەنەوە: دەبێ کۆیلایەتی بنوێنن، تەواو؟ دەی وەرن بە خاکـەنازی وەهمـەکانتان لـە خـەڵوزە بـەردی وەهمـەکانتان بدەن، کلۆڵییەکی بەهێزە، تۆ لەوێی، دەبێ بـەهێزترین کلۆڵی بنوێنی، ئەوە هێزی تاریکییە دەتچەوسێنێتەوە. (تۆش لـەوێی بـا تـۆ نوێنـەری – سـەرمایە- بنـوێنێ. لـەوێ راوەسـتا، ئـەی هــاوڕێی ســەرمایە- . ئەوســا ســەمایەکمان بــۆ دەکــردیو نوێنەرایـەتی – چەوسانەوەی چینایـەتی – دەکـەی).... ژنـان ئێستا لە شانۆن، تۆ دەبیتە – ئازادی – رەوشت بەرزی ئەو رۆڵـەت لێدێ، تـۆش دەتـوانی رۆڵـی – یەکسـانی – بگێـڕی،

گرنگ نییە هەر یەکێ ئەم رۆڵە بگێرێ، وانییە؟ تۆش، ئەزیزەکەم، رۆڵی – برایەتی – بگێرە، هەقت نییە لە هەستەوە بۆ ئەو خاسڵەت ئاماژە بکەی! هەمووتان ئامادەن؟ دەی! ئەو جەماوەرە وەهمییە بە حەماسە وەهمییەکانتان جۆش بدەن! باشە! باشە!))

ئا لەو دەمەدا مایاکۆڤسکی چیماوە تەواوی بکات؟ ئەو ئافرەتانەی خۆشیان دەوێ ماڵئاواییان لێدەکات. بەرهەمەکانی دەکەونە بەر شالاوی رەخنەیەکی توند. بەو پێیە (لە خودی خۆیدا) دوورە لە چینی کرێکاران، دکتۆرەکان پێی رادەگەیەنن کە چیدیکە بە ئومێدی ئەوە نەبێ ژێیەکانی دەنگی چاکبێتەوە، چونکو کاتێ شیعری دەخوێندەوە دەنگی دەنوسا. کە کار گەیشتە ئەوە هەستا وازی لە کۆمەڵەی ئەدیبانی (لیف/ Lef )کە ناوەکەی کرا بە "نیف/ Nef"هێناو هاوکاری خۆی بۆ کۆمەڵەی نووسەرە (زۆرەکان) کە ناوە رەسمییەکەی "راپ/Rapp بوو، راگەیاند، کە هەمیشە رەوتی نالەبار بوو. لە ئاکامدا لەو کۆمەڵە تازەیەش گۆشەنشین بوو. ئەوسا دۆستە دێرینەکانی بە هەڵگەڕاوەناویان دەژمارد.

لەلایەکی تریشەوە، پێشەنگای بەرهەمەکانی، وەک شیعر، شانۆ، فیلم و هەڵواسراوەکانی پاشەکشەیان کردو ئەو سەرکەوتنەیان بەدەست نەهێنا کە بۆ خۆی چاوەڕوانی دەکردن. تەمەنی سی و حەوت ساڵ بوو – پۆشکینیش لە تەمەنی ئەودا بوو کە کوشتیان – کەچی پۆشکین هەر تەنیا

خۆی زمانە شیعرییە تازەکەی ڕووسی دامەزراند.

کێ هەبوو ئەو ڕۆژە زمانی شیعری شۆڕشگێڕی ڕووس کە مایاکۆڤسکی بڕوای پێیهێنا هەڵبووەشێتەوە؟

ئەگەر نووسەرێک ژیان وەک ماددەیەکی خاو سەیر بکاو بۆ هاتنە ناوەوەی زمان چاوەڕوانی بێ، هەروا بێ پەرواش بە دروستکردنی ئەزموونەکەی مژۆڵ بێ، بە پلەی یەکەمیش وەک پرۆسەیەکی ئاڵوگۆڕکردن سەیری شیعر بکاو ئەو نووسەرە لە ناو سامناکییەکاندا هەڵێنجێ و پاشانیش کە لە جەماوەرە ڕاستەوخۆکەی بێبەشکرا ژیانی خۆی مەحف بکاتەوە. ئیدی ئێمە ئەو ژیانەمان لەبەرچاو نەمێنێ و تەنیا ئەو پەرش و بڵاوییەی سەر درێژایی تەمەنەکەی بکاتەوە. وەکو ئەوەی گورگەکان توانیبیان، سەرباری هەموو تشتێک، لاشەکەی تیتاڵ تیتاڵ بکەن.

"هەترەشتان نەچێ، سەگی دڕمان هەیە. لێناگەڕێن نزیک ببنەوە". کەسێک هەبووە پەیمانەکەی شکاندبێ، گورگەکانیش هێرشیان هێنا.

# كورتەیەك لە ژیانی جۆن بێرگەر

جۆن بێرگەر لە ساڵی ١٩٢٩ دا لە لەندەن لەدایک بووە. بە نووسەرێکی مارکسی، رۆماننووس، شاعیر، وتارنووس، تەحقیقنووس، رەخنەگری هونەری، ئەدیب، شانۆنووس، سیناریۆ و فیلمنووس ناسراوە. هەروا بە یەکێک لە رەخنەگرە بەناوبانگەکانی دنیا ناسراوە. وێڕای ئەمەش وەک رۆماننووسێکی گەورە، هزرمەندێکی وروژێنەریش ناودارە. شایانی گوتنە جۆن بێرگەر تا ئێستاش لە ژیاندا بەردەوامە و بەخۆی ژیانی مەنفای هەڵبژاردووە.

**بەرهەمەکانی نووسەر:**

- 🕮 رۆمانێک لە سێ بەرگدا کە لە ساڵی ١٩٧٩ دا چاپی کردووە بەناوی (زەوی) بوو. رۆمانێکی تر بە ناوی (ئەو جارەی لە ئەوروپادا) کە لە ساڵی ١٩٨٢ دا بڵاوبۆتەوە. دوا کتێبی (روخسارمان، ئەی خۆشەویست، وەک وێنە بچووکە) ساڵی ١٩٨٤ بڵاوبۆتەوە.
- 🕮 وێنەکێش لە سەردەمەکانماندا، ساڵی ١٩٥٨ نووسیویەتی .
- 🕮 سەرکەوتن و کەوتنی بیکاسۆ، ساڵی ١٩٦٥.
- 🕮 هونەرو شۆڕش، ئەرنست نییزفستنی و رۆڵی هونەر لە

یەکێتی سۆڤیەتدا ساڵی ١٩٦٩.

📖 ساڵی ١٩٧٢، رۆمانی بڕگەی دووەم (ج) چەند خەڵاتێکی پێبەخشرا، لەوانە خەڵاتی ((بروکرماک کونیل)، کە بەناوبانگترین خەڵاتی ئەدەبی بەریتانییە.

📖 ساڵی ١٩٧٥ کتێبێکی تەحقیقی بەناوی (پیاوی حەوتەم) دەرکرد.

**سەرباری ئەمانە بێرگەر چەندان نووسین و کتێبی فرەلایەنی هەیە لە بواری ئەدەبی و هونەریدا.**

## سەرچاوە:

**ئەم وتارە لە کتێبی (وجهات فی النظر)م وەرگێڕاوە کە (مرکز الابحاث والدراسات الاشتراکیه فی العالم العربی) بڵاوی کردۆتەوەو (فواز طرابلسی) وەریگێڕاون.**

# ئەویینی شەپۆل بۆ بزوان

## میشۆ لە نێوان رۆژهەلآت و رۆژئاوادا



نووسینی: ماریا وینسترۆم وۆرنێ
Maria Wennerström wohrne [1]
وەرگێڕانی لە سوێدییەوە

[1] ماریا وینسترۆم وۆرنێ، لە ساڵی ١٩٦٧ لە دایکبووەو لە ئینستۆتیتی زانستی ئەدەبیی، لە زانستگای ئۆپسالا، ساڵی ٢٠٠٣ دۆکتۆرای لە زانستی ئەدەب، وەرگرتووە، بابەتی دۆکتۆرایەکەی بەناوی "وەرگێڕانی جیهان"، لەسەر زمانی هینری میشۆ، نووسیوە. ویڕای ئەمەش، ماریا وینسترۆم لە زۆر گۆڤارو رۆژنامەکانی سوێدیدا، وتارو بابەتی رەخنەیی لەسەر شیعرو ئەدەب، بڵاودەکاتەوە. رەنگە، شایەنی وتن بێ، کە ماریا وینسترۆم نووسینێکی لەسەر کۆشیعری من، "سکاندیناڤیا دوورگەیەکی تر لە بخوور"نووسیبوو و لەو گۆڤارەی کە ئەم وتارەم لێ وەرگێڕاوە، بڵاویکردۆتەوە، هەر دوای ئەو وتارەش بوو ئاشنای ماریا بووم. ئەم وتارەش، "ئەویینی شەپۆل بۆ بزوان" بە ئاگاداری خۆی، وەرمگێڕاوە.

**تێبینی!** هینری میشۆ، "بەربەرێک لە ئاسیا"دا، بە سوێدی یەکەم وەرگێڕانی لە ساڵی ١٩٤٨ چاپکراوەو دواجاریش چاپە نوێیەکەی لە ١٩٨٥دا بڵاوکراوەتەوە. جێگەی سەرنجە تابلۆیەکانی میشۆ، کە تایبەتن بە جیهانبینی و شێوازی میشۆ، بوونە مایەی نووسینێکی فەلسەفییانەی فەیلەسوفی خۆکوشتووی فەرەنسی، ژیل دۆلوز. (و. کوردیی)

ئـــەو ( هینـــری میشـــۆ) لـــە دەرەوەی ســـنوورەکانی ئەوروپادا، بەرەو ئێکوادۆرو بەرازیل، هیند، چین و ژاپۆن، هەمیشە لە سەفەردا بوو. بۆ ئەو باشتر بوو کە لە باڵکۆنی ماڵەکەیەوە دیمەنی گومەزی ئەیفل بە لاولاو بشارێتەوە.

هێنری میشۆ ساڵی ١٨٩٩ لە شاری نامور لە بەلژیکا، لە وڵاتێکـی دەشـتایی کـە بـای شـەماڵ "توونـد و زاڵ/.../ وەک چەقۆیەکی راستەوخۆ بەسەریدا دەخشێ"، لە دایکبووە، لە ساڵی ١٩٨٤یش لە پاریس کۆچی دوایی کرد. ئەو هەرچەندە لـە بەشـێکی زۆری ژیـانی لـە فەرەنسـادا وەک نووسـەرو هونەرمەند چالاک بوو کەچی هەرگیز لەگەڵ کولتووری فەرەنسی و بگرە رۆژئاواشدا هەستی بە هۆگریی نەکرد. بەمجۆرە ناوبانگە ئەدەبییە مەزنەکەی، وەک وەرچەرخانێک، لە ئاکامی ئاراستەگەلێکدا بە گەشتنامەیەک لە کیشوەرێکی باڵادەستەوە:" Un Barbareen Asi –بەربارێک لە ئاسیادا"، لە ١٩٣٣دا، دەرکەوت.

"باربار– barbar"ەلە بنەڕەتدا بە گوێرەی فەرهەنگەوە لە وشـەی" barbaros–بـەربارۆس" ی گریکییـەوە هـاتووە، لـە رۆژگاری ئەنتیکدا مەبەستییان لەو مرۆڤانە بوو کە گریکی یان رۆمانی نەبوون و بە "زمانێک کە بۆ گریکییەکان لە تێگەیشتن بەدەر بوو" قسەیان دەکرد، مانای "بڵمە بڵم"ی دەگەیاند. کاتێک کە میشۆ خۆی لە وێناکردنی خەڵکی ئاسیادا، بە تایبەتمەندییەک لە ئەوروپی، رۆڵی بێگانەو

"بەربار" دەگێڕێت، وێنای خۆچەسپێنەری قووڵی ڕۆژئاوایی لە چەشنی نۆرمی پەیوەندیی لەگەڵ جیهانێکی ڕەتکەرەوەدا، دەخاتە ژێر پرسیار. لێرە لە ئاسیادا ئەوروپا کێشوەرێکی دوور دەگەیەنێ. لە چاوی نووسەردا، هەمیشە کتومت ئەو "کەم و کوڕییە لە کولتووردا بە شێوازی ژیانێکی بێگەردکراو" خۆی نیشاندەدا کە لە لای "بەربەریانی"دا بۆتە نێوەڕۆکی ئەوەی دوایی. ئەو لە پێشبینیکردنی لە شەڕێکی جیهانی دیکەدا کە لە ئەوروپادا هەڵدەگیرسێ، کتومت وەک خولیایەکی باکووریی لە رووخساری ئەو مرۆڤگەلە وە شرۆڤەی دەکا- کە خودی خۆی و خوێنەران گوێبیستی بوون:

**تۆ بڵێی شەڕێکی تر رووبدا؟**
**بە خۆ لە خۆتان رابمێنن، ئەوروپییەکان، بە خۆ لە خۆتان رابمێنن.**
**لە رووخسارتاندا هیچ تشتێک لێوانڕێژ نییە لە هێمنی. هەمووی بەربەرەکانێیە،**
**مەیل، چاوبرسییە. تەنانەت نیازەکانی ئاشتی**
**ئێوە شێوازێکی زەبرو زەنگانەی هەیە.**



ئەو وەک گەلێک لە نووسەرانی ئەو رۆژگارە، یەکسەر لەدوای ١٩٢٠ەوە، ئومێدی بەوە دەخواست کە کاریگەرییەک لە رۆژهەڵاتەوە دەشێ وزەو زەنگینییەکی نوێ بە هونەرو ژیانی هزرینی رۆژئاوا ببەخشێ. لە کن ئەو کولتووری ئەوروپاو ئەمریکی بە بەراوردکردن لەگەڵ ئەو زێدە رەسەنیی، هێزە ژیان بەخشەی، کە ئەو لە ئاسیادا پێیگەیشت، وەک کاولکاریی و بەتاڵییەک دەبینرێ:

**لە نێوان ئەوروپیی و هیندییەکاندا هەمان تشتە**
**وەک جیاوازی نێوان پشووو دوا نەوای پیانۆیە.**
**هیندیویستەکان هەمیشە ئاوێتەو چڕن، حەسانەوەکەی کارایە.**
**حەسانەوەی پیاوی سپی هیچە، یان بە مانایەکی تر:**
**٥.X ناقس**
**سیستەمی فەلسەفەی رۆژئاوایی**
**سەر کەچەڵو ژیانی کورتکراوەیە.**
**فەلسەفەی رۆژهەڵاتی وادەکا پرچ گەشە بکا و**
**ژیان درێژ دەکاتەوە.**



بەمجۆرە کاتێک میشۆ، بووە خاوەن پارەیەکی دیاریکراو کە سەفەرەکەی بۆ مەیسەر کرد، رۆژێک لە پاییزی ١٩٣١دا فەرەنسای جێهێلاو سەری بەرەو رووەکەی ئەودیوی گۆی زەوی هەلگرت، بۆ ئەوە نەبوو لە شارستانییەت هەلبێ. ئەو لە بنەڕەتدا بە دوای ژیانی سروشتی و تەنیایی نەچوو. بەلکو بە پێچەوانەوە ئەو زەریا لە خەلکگەلەی ئاسیا سەرنجی راکێشا. یەکەمین وێستگەی "کەلکووتە" بوو، کتێبەکە بەوە دەستپێدەکا: "من لە بیست پایتەخت زیاتر دەناسم. فشەیە! لێ ئێمە کەلکووتەمان هەیە! کەلکووتە، پڕ مەسترین شاری گەردوونە."

رەنگە ئەو ئەشقە بۆ تێکقژانی مرۆڤگەلی رووەو رۆژهەلات پەیوەندی بە بڕوای میشۆ هەبێ لەسەر فرەیی وەک نرخێکی کارا. ئەمڕۆ دەکرێ ئەوە وەک دەربڕینێکی سیاسی بوودەلە ببینرێ، بەلام ئەو فرەییە بۆ ئەو زیاتر نوێنەری تێڕوانینێکی فەلسەفی لەمەڕ مرۆڤ وەک جۆرە مانەوەیەک لە پێناو چەندان ئەلتەرناتیڤی بوونایەتی بێکۆتایی دەگەیاند. کە ئێمە بەشێک ناسنامەی خۆمان و یەکتر دەنووسینەوە زیاتر ناسنامەی یەکێکی تر دەنووسینەوە، ئەمەش ئاکامێکە لە پرۆسەی هەلبژاردنێکی پەیماننامەیی لەگەل یەکتردا. لە راستیدا هیچ راستینەیەکی رەچەلەکی لەسەر ئەوە لە گۆڕێدا نییە کە راستینەیی ئێمە هەیە، بەلکو ئێمە خودی خۆمان و ئەوانەین کە خۆمان لێ

دوورخستۆتەوە کە ببین. دواجار هەر یەکێک لە مرۆڤەکانی تر دەکرێ وەک پەیامێکی چاوەڕوانکراو لەو منەی خۆی ببینرێ، سنووری نێوان تاکەکەسەکانیش دەسڕدرێتەوە. ئێمە پێکڤە چەشنە نەخشەیەک لەسەر بەهایە جودایەکانی ژیان دەکێشینەوەو ئێمەش هەرچی زۆرتر بین ئەوە شێوازی نووسینەکە جوانتر دەبێ، وردەکارییەکان، بە کورتی داستانخوانییەکە، دەبێتە نەخشە. بە بڕوای خودی میشۆ بەر لە هەموو تشتێک دوای ئەو نەخشەیە کە ئەو کاتێک خۆی بۆ ئامادەکرد لەوێوە بەناو هیندستان، چین و دواجاریش مالایسیاوە سەفەریکرد. واتا "پیاو (مرۆڤ) لەسەر شەقامدا"، لە گشت شێوەی پەیامی نێرو مێیەک، کە بەو دڵگیر بوون و ئەویش لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی تر کەوتە دوایان. ئەو لە پێشەکییەک بۆ چاپێکی نوێ لە "بەربەرێک لە ئاسیادا" لە ١٩٦٧دا دیمانەی لەگەڵ ئەو مرۆڤەدا بەمجۆرە دەنووسێتەوە:

**کاتێک من ١٩٣١ هەنگاوم نا لەوێ، بێ ئەوەی کە زۆر**
**بزانم/.../ پیاوەکەم لە شەقامدا دۆزییەوە.**
**ئەو منی گرت، ئەو کلۆری خستە ناو من،**
**من تەنیا ئەو دەبینم. من ئەو دەگرم،**
**من بە دوای ئەو دەکەوم، بڕوام کرد**
**بە لەگەڵ ئەودا بوون، بە تایبەتی ئەو و**
**ئەو پیاوەی کە نای دەژەنی و ئەو پیاوەی**

**کە لە شانۆیەکدا یاری دەکا، ئەو پیاوەی کە سەما دەکاو لەشی دەجووڵێنێ، من گشت تشتێک کە پێویستم پێ هەبێت هەیە بۆ ئەوەی تێبگەم... یان بە جۆرێک.**



تێگەیشتن لە شێوەی بوونگەلێکی بێکۆتایی و لە بەردەست تەنانەت بۆ میشۆش ئەکامگیرییەکەی رامانێکی ئایینیانەی پۆشی. لە بەرانبەر ئەو ئایینە مەزنانەی کە بڕوایان بە تاکە خوایەک هەیە - ئایینی مەسیحی (مرۆ لە بیریەتی کە چۆن بای شەماڵ جارێکیان "ساردو زاڵ"، وەک باوکی بایەکی ستەمگەرو دڵڕەق، بەسەر زاڕۆکایەتی نووسەر لە بەلژیکا هەڵیکرد...)، ئایینی جوولەکە، ئیسلام – ئەو لە کەژو هەوایەکی روحییانە لە ئاسیایەکی دووردا، بۆ نموونە زەمینەی لەباری خزمەتکاری هیندۆیزم کە لە ناو رێبازەکانی خۆیدا بڕوایەکانی تریش، هەروەک خواگەلێکی بەخۆیەوە گرتووە، بە باشتر دانا.

پاشان ئەو ژیانە تێکقژان و ئاپۆڕەی خەڵک لە کارە هونەرییەکانی میشۆ، لە پێشەوەشیان هێڵکاریەکانی " " کە ئەو لە ١٩٥٠ ەوە دروستیکردن، رەنگیدایەوە. Les encres de Chine" بە مەرەکەبی چینی:



Encre de Chine sur papier d'Indochine, vers 1958, 37,5 x 47,5 cm

ئەو کارە هونەریانە کە نیوەیان بریتین لە چەشنی مرۆڤ ، نیوەی لە چەشنی هێڵە وێناندنە جولاوەکان، لە هاوڕێیاتییەکی بە کۆمەڵی لەگەڵ چەندان وێنەی خەیاڵییانەی لێکنزیکدا، تێکەڵاوی یەکتر دەبن، هەڵدەزنێن، ناسک و باریک دەکشێن یان گرژانە تێکدەچرژێن. لە هەمان کاتدا ئەو هێڵە مەرەکەبییە سەماکردوو، خەتکێشە لێکپچڕاوانە یان مەرەکەبە پرژاو و پارچە لێکترازاوانە، دەتوانن بەرەو ئەو بیرکردنەوانە رێنیشاندەری بکەن کە چۆن "پیاوێک لە

شـەقام"دا بـەر لـە بیسـت سـاڵ پێشـتر بـە دەم سـەفەرەوە ئەوی بە زمان، جوڵەی لەش و موسیکەکەی شێت و شەیدا کرد.

بۆ ئەوەی ئەو شێوازە جودایانە پێناسە بکرێن کە بە رای میشـۆ خـەڵکانی ئاسـایی بەشـێکیان لەگـەڵ یـەکتردا جیاوازن، بەشێکیشیان لە نەتەوەکانی رۆژئاوایی جیاوازن. میشۆ لە پەیوەندی لەگەڵ ریزێک ئافراندنی راشکاوانەی مرۆڤانـە: ئایین، ئەڤین، شـانۆ، نووسـین، ئاخـاوتن، ئـەدەب، وێنەکێشی، تـەلارسـازی، فیلم، ئەوەی هـەڵبژارد کە وێنەی "پیاوێک لە شەقام"دا بکێشێتەوە. بەمجۆرە میشۆ، بۆ نموونە، ئـەوەی نیشـاندا کـە ئامـاژەی هونـەر نوێنەرایـەتی وێنـای جیهانبینییـەکی چینـی بکـا بـۆ جیهـان. وێنـاکردنی ئـەو لـەو توانایـە لەوەدایە کە لە هونـەردا بە کۆمـەکی لـەو چەشـنە هێڵکێشـییەدا ئـەو بـوون ئامێزییـە رابگەیـەنێ، وەکـو تـر هزرەکان بەرەو ئەو ئاراستەیە برۆن کە چۆن خودی میشۆ هەتا بکرێ وێنەکانی بۆ بزوان و هێڵەکان چڕبکاتەوە.

**لە کاکڵەدا شێوەکاری چینی دیمەنی سروشتی دەکێشێتەوە. جوڵەی تشتەکان نیشاندەدرێن، نـەک قورسـی و قەڵەوییـەکانیان، بـەڵکو دەکـرێ بڵێین، هێڵکارییەکانی نیشاندەدرێن. چینییەک خاوەنی ئەو توانستەیە کە چییەتیـەک بـۆ چییەتییـەکی پێناسـەکراو (تشـتێک بـە شـێوازێک لەگـەڵ ماتماتیکی یان لێزانییەکی جەبریانە {ئەلجەبرا}) پوختبکاتەوە.**

بە هەمان شێوەش ئەو بڕوادارانی ئایینی هیندیویزم و ریزی *ئەوان* بۆ تشتە پیرۆزەکان، نوێنەرایەتی کاراکتێری تایبەتی خۆیان بکەن، هەروەک ناتەبایی ئەوانی لەگەڵ لاوازی روحیانەتی لای ئەمریکییەکان رادەگەیەنێ:

**هیندییەک ئاینداره، ئەو هەستدەکا**
**پابەندە بە هەموو تشتێک.**
**لەگەڵ ئەوەشدا ئەمریکییەکان پابەندن بە کەمێک تشت.**
**هەرچەندە ئەمەش گەلێک زۆرە.**

هەڵبەتە میشۆ ژیانی ئایینیانەی هیندیویستەکان بەرجەستە دەکاتەوە کە پێی وایە لە بنەڕەتدا بوونیان زەنگینترو واتادارترە لە بوونی رۆژئاواییە بێ ئایینەکان. هەر چۆنێک بێت هەندێ جار ئەو کە بڕێک دەربڕین یان ئاکامگیرییەکانی راژەدەکرد شێوە دەنگێکی گاڵتەجارانەی هەبوو – بۆ نموونە لە وێناندنی مانگا پەرستەکان لە کەلکوتەدا دەڵێ:

**ئەوان لەگەڵ مانگادا لە یەکێتییدا پەیمانیان بەست، لێ مانگا نایەوێ لەسەر ئەوان بزانێ. مانگاو مەیموون: ئەوانە هەردووک لاسارترین ئاژەڵن لەناو ئاژەڵە پیرۆزەکان. مانگاگەل لە هەموو شوێنێکی**
**کەلکووتەدا هەیە. ئەوان لە شەقامەکاندا دەڕۆن، بە درێژاییان بەسەر**

**شۆستەکاندا پەرتدەبن کە ڕێگە لە چوونە پێشەوە دەگرن، لەبەرچاوی جێگرەکەی پادشا پیسایی دەکەن،**
**دوکانەکان دەپشکننەوە، هەڕەشە لە پەیژەی کارەبایی دەکەن، لەسەر دوا پلیکانەکانی خەڵک پاڵ دەکەون،**
**ئەگەر هیندۆیستەک بۆ خواردن لەبار بووایە ئەوە بە دڵنیاییەوە مانگا لرفی دەکرد.**



میشۆ بە گشتی کە دەستی برد بۆ شێوازی گاڵتەجاڕیی مەبەستی ئەوە نەبوو دڵڕەقانە وێنەی هەڵبەستراو لەسەر ئەو تشتانەی کە بۆ ئەو نامۆ بوون لەو کۆمەڵگایانەی کە سەردانی کردن دابڕێژێ.
بە تایبەتی ئەو بە چاوێکی ڕەخنەگرانە سەیری شارستانیەتی ژاپۆنی دەکرد: "میللەتێک کە زیندانە لە دوورگەکەی خۆی، لە پشت دەمامکەکەی، لە ڕێککەوتنامەکەی، لە پۆلیسەکەی، لە دیسپلینەکەی، لە تیپی سەربازەکەی و ریزبەندی پۆلیسکەی، خۆی بەند کردووە."

بەڵام بە دەر لەو پێشەکییانەی کە لە هەر چاپێکی نوێدا لە "بەربەرێک لە ئاسیا"دا، نووسیویەتی، کە لەوێدا گەشتنامەیەکی دەخاتە بەر رەخنە، بەڵام بە بەراوردکرن لەگەڵ هەڵوێستی بێڕێزانەی ئەو لە دژی ئەوروپادا، قورسایی رەخنەی ئەو دژی کولتووری ئاسیایی سووکتر بوو.

میشۆ هیچ گرنگی بە گۆڕانکارییە بەردەوامە سیاسییەکانی ئەو وڵاتانە نەدا کە ئەو سەفەری تیادەکردن. ئەو لە پێشەکییەکەی ساڵی ١٩٦٧دا ئەو راستییەی وەک نیشانەیەک لە کوێری و بێبایەخی پێناسەکرد. هاوکاتیش ئەو پێی وابوو کە ئەوە رەوتێکی سروشتی بوو لە خۆزگە گەرمەکانی ئەو لەسەر ئەوەی کە ئاسیا لە بەرانبەر ئەوروپادا بێتە وێنەیەکی پێچەوانەی سەرمەدیی. پاشان هەرچەندە هەر لە کاتی جێنشینبوونی ئەو لەو کۆمەڵگەیانەدا ناچار بوو لەوە تێبگات کە لە ژێر کاریگەریی کولتووری رۆژئاواییدا گۆڕانکارییەکی زۆریان بەسەردا هات. وەلێ نووسینەوەکەی وای لەو کرد، بە دراوێتەکردن لە هەندێک پەراوێزە زۆرەکانی لە چاپەدانەوە نوێیەکانیدا، ببێتە کەسایەتییە رەسەنەکەی خۆی: "لێرەدا مرۆ بەربار بووو دەبێ مرۆش بێتە بەربەریی."

میشۆ نە ئاسیایی و نە ئەوروپیش بوو. یان راستر بێژین: ئەو ئەوروپییەک بوو کە لە ماوەی ئەو کاتانەدا بەنێو

ئاسـيادا سـەفەريكردو بـە زۆر شـێوەش هەسـتيدەكرد كـە خزمايەتی هەيە لەگەڵ مرۆڤەكانی ئەوێ.

Barbar–بـەربارو بێگانەيـەک هاوكـاتيش ئـەو بـە نيگايـە ئەوروپييانەكەيەوە بۆ جيهان بووبە

لـە كۆمەڵگەيـە رۆژهەڵاتييەكانـدا. گـۆزە گـۆزەی وی لـە نێـوان پێناسـەكردن و نامۆييەكەيدا سـەرتاپای گەشـتنامەكەی دەتەنێتـەوە، دەكـرێ وێنـەی ئـەو جموجـوڵی شــەپۆلانە بكێشێتەوە كە خودی ميشۆ بەو پرنسيپە شێوە بەخشـانە لـە نێـو كولتـووری مالايسـيادا – ئـەو بنميچـە پێچـاو پـێچ، ئـەو كەشــتييە ســوورخواردوو، ئــەو خەنجــەرە بــە "قــەيران" ناودێركراوانەی كە بەرگەكەی وەک كڵپەی ئاگر شەپۆلاوين، شـــەيدايان بـــوو. هـــەروەک شـــەپۆل بـــە بزوانـــە بەردەوامەكانييـــەوە دەناســـرێنەوە، ليناگـــەرێ روانگـــەی درزبردووی داستانەكە، واتای يەكێتی، بەرهەمەكە، بە سـرِی كۆتـايی پێبێت. لـە راسـتيدا "بـەربارێک لـە ئاسـيا"دا قۆنـاخێكی زوو لـە ژيـانێكی دوورو درێـژی نووسـەرو هونەرمەنـد لـە گەڕان بە دوای خودی خۆی و مرۆڤی ديكە دەهۆنێتەوە.

-----------------------

**سەرچاوە: گۆڤاری "Karavan"، ژمارە٣، ساڵی ١٩٩٩ ، "Vågens kärlek till rörelse"**

# ئازادی ئازاد [1]

**نووسینی: ئالان ژۆڤروا**
**وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە**

رامبۆ لە تەمەنی شانزە ساڵیدا لە یەک لە نامەکانیدا کە بۆ مامۆستاکەی ئیزامار ناردوویەتی، ئەم دەربڕینەی "ئازادی ئازاد" ئەفراندووە. پاشان رامبۆ هەرگیز ئەم دەربڕینەی بەکارنەهێناوە. رەنگە ئەم دەربڕینە دەربڕینێکی وروژێنەرانە بووبێ. گەلۆ دەبێ رامبۆ چ شوورەییەکی لە مامۆستاکەی گرتبێ؟ لە راستیدا ئەمەی دواوە هیچ تشتێکی نەدەکرد، لە خۆڕا نەبوو کە ئەو بە هەڵچوونەوە هوتافی کۆماریی، دیموکراسی، مرۆڤایەتیانەی دەدا، بێ ئەوەی درێژە بەهیچ پوختەکردنەوەیەکی بدات. لەو ساتەی کە

---

(1) ئەم دەقە چاوپێکەوتنێکی راستەوخۆی درێژی کازم جیهادە لەگەڵ ئالان ژۆفرۆوادا. لێرەدا من دووبارە، وەک وتار، تەنیا بەشێک، نەک هەموو، ئاخاوتنەکانی ژۆفروام داڕشتۆتەوە. راستییەکەی ئەو گفتوگۆیەی کازم جیهاد لەگەل ژۆفرۆوادا، دەقێکی بە سوودە لەمەڕ وێناندنی شیعری فەرەنسی بەگشتیی و، بە تایبەتیش مشتومڕەکانی نووسەرە رامبۆناسەکان. ئەم دەقە لە گۆڤاری ""الکرمل"،١٩٩١ ژمارە ٤١/٤٠" بڵاوکراوەتەوە.

لەوێدا کرێکاران لە سێدارەدەدران. ئەوەمان لە زەیین ناچێتەوە کە لەمێژنەبوو سەردانی کۆمۆنەی کردبوو، بۆ ماوەیەکی کەمیش لەگەڵ شۆڕشگێڕاندا مایەوە. بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێ ئەوی لەکەدار کردبێ، هەروەک هەندێک ئەوە دەکەن. بەڵی واتا، کرێکاران لە سێدارەدەدران یان لەلایەن لایەنگرانی فرسای ((دەست و پێوەندی پاشایەتی)) هەڕەشەی لە سێدارەدانیان لێدەکرا.

رامبۆ بەوە مامۆستاکەی خەوشدار دەکرد کە هیچ تشتێک ناکا، هەر پێگەی مەنزڵگە کۆمەڵایەتییەکەشی. ئێمە بە بوونمان کۆمەڵ ریسوا دەکەین، ئەی وانییە؟ رامبۆ گاڵتەجاڕانە وای بە مامۆستاکەی دەگوت و درێژەی بە قسەکانی دەدا، منیش وەک تۆ بە بوونم کۆمەڵ ریسوا دەکەم، بەڵام نەک وەکو تۆ. تۆ تشتێک ناکەی، کەچی من تشتێک دەکەم. هەڵبەت ئەوە تشتێکی رەمەکییە، وشەی هەرزەکار بەرتەکدانەوەی هەموو تشتێکە، خاووخێزان، کاسۆلیکییەت، کەڵچەری نەتەوەیی، نیشتمانپەروەری فەرەنسی، یان ئەوەی کە بە Partouillotisme ناودێر دەکرێ، کە "هاوردە"کەی نیشتمانپەروەری دەگەیەنێ، Trouilleکە خاسڵەتی ترس و تۆقینە. رامبۆ دەیویست بەم دەربڕینە، باشتر بڵێین وتنەوە، لە رێگەی مامۆستاکەیەوە ریسواکاری بکا. ئەو وایدەبینی کە ئەوە ترسنۆکی ئەو هزرە رەوشتایەتی و مرۆڤایەتیانەیە کە سیمای هەرزانی بەخۆوە

دەگـرن، کـەچی بـۆ پراکتیـک کردنیـان ئامرازێـک بـەرچاو ناکەوێ، بۆ خاوەنەکانیشیان نابێتە ئاکامێکی خراپ.

بۆیە هەر لەو کاتەی کە رامبۆ یەکەمجار بەرەو پاریس هـەڵات، ئیزامبـار بـۆ کڕینـی بلیتـی شـەمەندەفەرەکەی خـۆی دەستەپاچە دەبینی، ئەوەبوو رامبۆ لە ئاکامدا زیندانی کرا، بەشـێوەی فەرمانـدان بـۆ مامۆسـتاکەی نووسـی، کـە دەبـێ نرخی بلیتەکەی بۆ بدا. ئەو کارە وای لـە ئێزامبـار کـرد لـە قوتابییەکەی هەست بە ترس بکاو بەتەواویش ئەوە دەرک بکا کە بـە وریاکردنـەوە هانیبدا، یانیش زاڵ بـێ بەسـەریدا. ئازادی ئازاد بۆ خۆی داخوازییەکی دووانەییە. ئازادییـەکی یەکسـانە بۆ ئازادی مامۆستایەکەی، هـەروا ئـازادی خـودی خۆشـی، دروسـتکەری ئازادییـەکانی تـرە، ئـازادی شـاعیر. بەمجۆرە داوا لە مامۆستاکەی دەکا ئەو شتانە راپەڕێنێ کە دەزانێ نەیکردووە.

رامبـۆ لـە دووتـۆی بەرنامەکەیـدا، لـە نامـەکانی (روانینوان)یکدا پێی دەڵێ، کـە خـۆی هـەتا دوا مـەودا کـە بکرێ، هەتا سەرلێشێواندنی هـەموو هەستەکان دەڕوا. وێجا ئێمـە دەزانـین چـۆن مامۆسـتا گوناهەکـەی قوتابخانـە بـۆ قاوەخانـە دەبـاو تێیدەگەیـەنێ کـە دەتـوانێ هـەموو تاوانێـک ئەنجامبدا. واتا مامۆستایەکەی دێوانە دەکا. بـەمجۆرە بـەلای منـەوە ئـەو دەربڕینـە وێنانـدنێکی سـەرەتاییە لـە تـەواوی بوونیـدا، بێئـەوەی لـە بـواری تیۆریـدا بـەلای ئـەو دەربڕینـە

چووبێ، بەڵکو بە ئاماژەو گەیاندن دەپەیڤێ.

بەپێچەوانەی ئەوەی کە مەزەندە دەکرێ، گوایە رامبۆ پیاوی بەرنامە نییە. بەڵام بۆ هەر خولگەیەک لە ژیانیدا ژمارەیەک لە پرەنسیپ دادەنێ و دەستیان لێ هەڵناگرێ، لە خولگەکانی داهاتوودا بەکار بەسەریاندا دەچێتەوە. رامبۆ هەمیشە رەخنەگری خودە. ئازادی ئازاد بۆ خۆی واتا ئازادی ئازاد لە تەک ئازادیدا دەتوانین دەستەبەری بکەین، بە نووسینەکان یان بە کردار. خودی ئازادی ئامانج نییە، بەڵکو خودی پیشەکەی برینی سنووری ئەم ئازادییەیە. جا ئەو سنوورە هەرچییەک بێ. ئەم تشتەش کارتێکردنێکی فرە زۆرە، بەتایبەتی کە رامبۆ دەخوێندرێتەوە. لە تەمەنی شانزە یان پانزەساڵیدا کە رامبۆ وەردەچەرخێ، یاخود کە شاعیر بۆ گوت و بێژی نەبینراو دەخوێنێتەوە، ئەو هاورێیەی گوت و بێژی لەگەڵدا دەکەین بێ پچڕان هەردەڵێ ئەو خۆی کاکڵەی ناختەو بەخۆیەتی گوت و بێژت لەگەڵدا دەکا.

دوو لایەن ئەو گوت و بێژە نەبینراوەی بۆ پێکهێنام کە لە هەموو ئەو ساتە تاریکانە لەگەڵیان ژیام، ئەویش ململانێیەک بوو ویدەچوو چارەسەرکردنی مەحاڵ بێ. لەگەڵ ئەم جۆرە ململانێیانە ژیام، بۆ نموونە کە کوڕی یەکەمی خوشکم، لە نیویۆرک بەدەستی رەشپێستێک کوژرا، یاخود کە ژان پییر دۆبریەی شاعیری برادەرم لە هەمان وەختدا ((١٩٦٠-١٩٥٩) خۆی کوشت. رۆژگارێکی دژوار بوو، دوو

کـەس هـەبوو دەمتـوانی گـوت و بیژییـان لەگەڵـدا بکـەم، لـە رێگـەی ئەوانـەوە بتـوانم ئەمـە لـە خـۆم دووربکەمـەوە، گـەر وای نـاوبنێین، ئـەوانیش ئـارتۆر رامبـۆ و ئەنـدرێ بریتـۆن بوون. ئەو دووانەش نەک لەبەرئەوەی دوو نموونـە یا دوو تاقانـە بـوون، بـەڵکو چونکـو دوو نموونـە-دژ، دوو شـێوەی هزربـــوون کـــە بـــە ئاســـتێکی بـــەرز لـــە ئارەزوویـــەکی دوورەدەست بوون و تێربوونیان نەبوو.

تشـتێک کـە دەکـرێ کەسـێک لـە نـاو ئـازادی خەمـەکانی خـودی خۆیـدا بـوونی هـەبێ کـە هەسـت بـە بـوونی ئازادیی گەردوون دەکا، ئەوەش مرۆڤ لـە خـودی خۆیدا دیاریکراو دەکا بەر لەوەی لەمپەرە کۆمەڵایەتییەکان بێن، کە ناوەڕۆکی خـــودی کۆمەڵگـــە پێکـــدێنن، ئەمـــەش بناغـــەی گەمـــەی کۆمەڵایەتی و مەرجی بوونەکەیەتی.

ئەو رچەشکێنییەی کە ئازادی ئازاد رەفتاری دەکا، هـەر رچەشـــکێنی چوارچێوەکـــانی کۆمەڵایـــەتی نییـــە، بـــەڵکو رچەشـکێنی ئـەو چوارچێـوەو رێسـا بەخۆگرتووانەشـە کـە مرۆڤ بـە حـەزو بۆچوونـە تایبەتییـەکانی خۆیـەوە بـەدوایان دەکەوێ. کەواتە رامبۆ دڵی روانگە دووانەییەکانە. ئەمەش لە دواییدا لە دژایەتی و لەکەدارییەکانی تێگەیشتن تێکەڵاو دەبێ. کۆمەڵ یان ئەوانی تر بە داوێنگیرییەوە چاوەدێری دەکـەن و بەدوای چارەنووس دەگەڕێن. گەر لـە قۆنـاغێکی دیـاریکراودا بەدژ یاسا بوویت، کـە یاسـای حـەزەکانت بـوو، کەسـێک نییـە

تشتێکت بۆ بکا، کە رامبۆ بە تەواوی رق و بێزی لەوە دەبۆوە. نە گوێی بە سەرنجی کۆمەڵ دەداو نە بەو کەسانەش کە لەمەڕ ئەوەدا بیریان دەکردەوە. تاکە تشتێک کە ئەو بەخۆی لۆمەی لەخۆی دەکرد ئەویش لە شوێنێک یان لە ساتێکی هزریدا کە دەیبینی ئەو هزرە لەمێژە بەسەرچووە. ئەمەیە ئازادی ئازاد. ئەمەش، وەک بزانم پرینسیپی ئەفراندنی شیعرە، نەک هەر بەلای منەوە، بەڵکو بەلای هەمووانەوە.

رامبۆ دوو پرنسیپی پێڕەوکرد، یەکەمیان، کۆمۆنەیی بەمانای سیاسی وشەکە، بە مانای تێکدانی شۆڕشگێڕانە، چونکو جۆرێک لە دەستووری کۆمۆنیستانەی نووسی و نەیپاراست، بەڵام لەو ماوەیەدا برادەرەکەی ئارنست دیلاهی شاعیر لە بیرەوەرییەکانی باسی دەکاو بە گێڕانەوەکەی ئەو رۆژانەی رامبۆ دەخاتە بەرچاو. بە رای من ئەو دەستوورە لە برۆدۆنەوە نزیکترە تاوەکو لە مارکس. دووەمیشیان، لێرەدا پرنسیپێکی هەتاوی رامبۆیانە هەیە، هەموو ئەوانەی شیعری رامبۆ دەخوێننەوە ئەوە دەزانن، کە ئەو ئارەزووی سپێدە، گزینگ، وریایی دەکرد، لەو ئارەزووە خۆرییانەدا هەوڵدەدا براکەی بگەڕێنێتەوە، کە رامبۆ بە برای بەستەزمان ناوی دەبا، ڤێرلین، مەرجەکەی ئەوەیە وەک منداڵی خۆر، بە هەڵاتن لە باکوور را بگاتە باشوور، نەک لەبەر رق لێبوونەوە، بەڵکو لە ترسی شەوانی باکوورو ساردییەکەی:

دەیەوێ لەودیوی خەندەکەکانی ئەوروپایی ساتمە لە راستینە بکات، کە لە لەدایکبوونی مەسیحییەت لە ئەوروپا بڕاندییەوە، دایبڕاند، ئەمەش وایکرد کە رۆژئاوا لەگەڵ رەسەنییەتی گریکی یان زەردەشتی دوو لەت بێت. هەرچەندە وانابینم کە رامبۆ زەردەشتی ناسیبێ، بەڵام ئەوە گرنگە سەرنجی ئەوە بدەین کە نیتشە تەواو کتومت لە هەمان وەخت بەدوای ئەو ئاقارەدا دەگەڕا.

به بڕوای من رامبۆ هەر لەو وەختەوە، بەڵکو هەر لە سەرەتاوە، بە باشووری عەرەبی دڵگیر بوو. ئاشکرایە کە دایکی هەوڵیدا بەلای کەمییەوە قورئان وەرگەڕێنێتە سەر فەرەنسی، لە ئیزابێل، خوشکی رامبۆوە، دەزانین کە ئەوەی دوایی هەر لە منداڵییەوە لە تەک کتێبی پیرۆزدا، قورئانی دەخوێندەوە. هەرچەندە بۆنفوا، بە پشتیوانی ئیڤلاس لیڤی لەسەر ئەوە جەختدەکاتەوە، کە رامبۆ کابالی یەهودی دەزانی، بەسەیری نازانم، هەرچەندە بەڵگەی تەواو لە ناو بەرهەمەکانی رامبۆ بەدەست ناکەوێ. بەڵام ئەوە دەبینین کە رامبۆ بەرلەوەی شیعر بە فەرەنسی بنووسێ بە لاتینی نووسییوە. رامبۆ لەمەڕ ژۆگۆرتا دەئاخڤێ و بە کوڕی ئەمیر عەبدولقادر بەراوردی دەکا، کە باوکی رامبۆ باسیدەکاو وەک شەڕکەرێک ئازایەتی و تاکتیکەکانی پەسن دەدا. دوای ئەوە، لە یەمەن و حەبەشەدا، دەبینین رامبۆ لە مەهانەکانی لەگەڵ سەرقافڵەکان و دەستەی حوشترەوانەکان، پشت بە

قورئان دەبەستێ، هەروا لە یەکێک لە راڕەوەکاندا خۆی وا نیشـاندەدا کـە لـە یـەکێک لـەو موسـڵمانانە بـدات کـە بـە لادەرییـــەک یـــان تـــەئویلێکی بێـــڕادە سەربەســـتی لـــە شرۆڤەکردنی گوتەی خواوەندی ئیسلام کردبوو.

دەڵـێن بـاوکی رامبـۆ لـە کۆمۆنـەدا ئامـادەبووە، بـەڵام لەسـەر ئـەوە بەڵگەیـەک دەسـت ناکـەوێ، کـەچی بێگومـان زانسـتییانەو لـە پشـتگیرانی کۆمـاری بـوو، بەپێچەوانـەوەی دایکی، وەک ئاشکرایە، پرۆڤنسالی کاسۆلیکی بوو، بەوانەوە بەسترابۆوە، یان میراتگری هـەرچی فەرەنسییە بوو. بـەڵام رامبـۆ ئەوانـەی هـەموو بـە رق و بێـز دەبینـی: هـەرچی فەرەنسـییە نـەفرەتی لـێ هەیـە، رامبـۆ دەیگـوت. هـەر لـە سـەرەتاوە، پـاریس و بەشـەکانی دیکـەی فەرەنسـای جیادەکردەوە. بەو واتایەی کە پاریس لە لۆژیکی فەرەنسی دەردەچێ، ئەوەش لە یەک کاتدا راستەو هەڵەشە.

لێرەدا ئاخاوتنێکی رامبۆم بەیادهاتەوە کە لەگەڵ دیلاهی برادەری کردوویەتی، دیلاهیش تۆماریکردوەو لە دووتوێی بەرهـەم و نامەکانی رامبۆدا بڵاوکراوەتـەوە. لە ئاخاوتنەکەی لەسەر تیڕامانی دروستکەری شۆڕشگێڕانە سوور دەبێ کە بە یەکسـانی نێوان هـەموو ئـادەمیزاد پشـت دەبەسـتێ، بـە جۆرێک کە پێویستیمان بە هیچ لایەک نابێ، چونکو لایەنێک لـە شـێوە بێگەردەکەیدا لـە سروشـتدا دەبینین. لـەم سـاتەدا گوڵێک دەقرتێنێ، خونچە گوڵێک لە چەشنێکی جوان کە لە

هەموو جێگایەکدا هەیە، بە برادەرەکەی نیشاندەداو پێی دەڵێ هەموو هونەرەکان بە کارامەییان ناتوانن تشتێک بەو ناسکییە هاوئاوازە دەستەبەر بکەن. یەکسانی و خولْقاندن، وەک دەیبینین نموونەکەیان لە سروشتدایە نەک لە دەست خاوەن هونەردا، ئەو خاوەن هونەریانەی کە رامبۆ بە بێزوقێز، بە زیک زیکە ناوەزدەیان دەکا، بۆیە چەمکی خودی هونەر لە دیدی رامبۆوە داوای بەفرەکردنی دەخوازی، خودی شیعریش لە دیدی ئەودا بە ئەدەبەوە بەند نییە. بەمجۆرە بەلای رامبۆوە گشت بە هەق گشتی پێکدێنێ، گشت دەچێتە ناو تێرامانێکی بەربلاوی گەردوونییەوە، جوگرافیای شیعرییەت لە هەمان کاتدا جوگرافیای سیاسییە. هەموو ئەوانە، تۆوی هزرێکی جیاوازی ئەم دەسەلاتەی رۆژئاوایە، کە رامبۆ هەر لە سەرەتاوە هەستی پێکردبوو.

رامبۆ چەمکی رۆژ، چەمکی شۆڕشی کۆمەلایەتی بەکارهێنا، بەلام هەردوو چەمکەکە وەک تاکێک بۆ دەستەبەرکردنی چارەنووسەکەی بەس نەبوو، رامبۆ ئەوانەی هەریەکە و لە قۆناغەکانی هزریدا بەجێهێشت. لە شۆڕشی کۆمەلایەتی خۆی وەدەرنا، چونکە لە جەستەکەیدا ژیا، کت و مت بەمانای ئەم وشەیە، کۆمۆنەش نووشستی هێنا، کە ئەو یەکەم کەس بوو دەرکی کرد، کە ئەو رێگە شۆڕشگێڕانە بوو وایکرد شۆڕشەکە بەرەو نووشستی ببات. بەم تەرزە، پێچەوانەکەی هەندێ کەس، رامبۆ

لێکۆڵینەوەرەوە نووشست نەبوو، بەڵکو هانایەک بوو. وەک ئەوەی کە خۆی دەیویست.

ئەوەی ئەم کتێبەی من دەیخاتە سەر ئەوانی تر، کە لەسەر رامبۆ نووسران، ئەوەیە کە بەتەواوی تێڕامانی ئەکادیمییانە لەسەر ئەزموونی رامبۆ رەتدەکاتەوە، کە بە ئانقەست ئەو ئەزموونە بۆ دوو بەشی تەواو لێکدژ دابەشدەکەن. ئەوانە لە سەرەتادا وتیان وەرزێک لە دۆزەخ دوا بەرهەمە کە رامبۆ نووسیوویەتی، واتا دوای "خۆرهەڵاتنامە"، کە لەم بەرهەمەشداماڵئاوایی لە شیعر دەکا. وێجا چەندان لێکۆڵەرەوەی دیکە هاتن، پێچەوانەکەی ئەو رایە بسەپێنن، وتیان بەر لە "وەرزێک لە دۆزەخ "دا بەشێک لە "خۆرهەڵاتنامە"ی نووسی، بەشە گەورەکەشی پاشان نووسی. دوور لەمەش هەرگیز ناتوانین لە چامەی دیموکراسی لە خۆرهەڵاتنامەدا بگەین، کە رامبۆ لەو چامەیەدا بە ئاشکرا ئاماژە بۆ کۆچەکەی بەرەو سوماترا دەکا، لەو کاتەی کە لە دەریاوانی هۆڵەندی بوو بە سەربازو لەو رێگەیەشەوە چوو بۆ جاوە، تاکو بەخێرایی لەو سەربازییە رابکا. لە شیعری "دیمۆکراسی"دا هەستکردنی بەخەتەرناکییەکانی داگیرکەرو مەزەندە زووەکەی خۆی لەو ئەفسانە دیموکراسییەی رۆژئاوا دەردەکاتەوە، لەوێدا رامبۆ رادەگەیەنێ، کە ئەوەی رۆژئاوا دەیەوێ لێی باربکەن ئەو جیهانەیە، کە ئەمڕۆ جیهانی سێیەمی پێدەڵێن. ئەم چامەیە

"دیموکراسی" هێرشێکی شیعرییە، یاخود بەهەق سیاسییە بەپێی بارتەقای هەموو توانایەکی شیعری، رامبۆ بە واتای بەهێزی وشە شیعری سیاسی نووسی، وەک ئەو شیعرانەی لە کۆمۆنەدا، هەروا لە شیعرە سەرەتاییەکانی وەک "ئاسنگەر"و "کوژراوەکان"دا، رامبۆ هەموو ئەو تشتانەی کە لە ولاتانی بینی و هەموو ئەزموونە بەرچاوەکانی و ئەو سەرنجانەی کە بەخۆی لەگەڵیاندا ژیا، ویڕای ئەوەی کە من بە سەرگەردانی ئیرادەگەریی ناوی دەبەم، لەناو هەموو جۆرە پێودانگێکدا ئەو ئەزموونانەی تاوتویێ کردن. ئەو لەناو پێودانگەکان مەزنە، ئەو مەزنە، هەرچۆن رێککەوێ یان لە هەر جێگایەک کە رێککەوێ راناکا، بەڵکو ئەو کاتەی هەموو تشتێک رووبدا: لە زەوییەکی بەرهەڵدراو، یان هاوبەش، لەناو جیهاندا رادەکا، نەک لەناو هەورەکان. ئەم خوازیارییەش لە خودی خۆیدا ئامانج نییە، بەڵکو ئەوە یەکێکە لە ئامرازەکانی سەرلێشێواندن، رێبازێکی مەعریفییە بۆ واقعێکی جیاواز. دەکرێ لەم پەیوەندییەی شیعرەکانی رامبۆدا ئەو شوێنانەی کە رامبۆ شیعرەکانی تێدا نووسیووەو ئەوانەی لەگەڵیدا ژیاوە، ئەو سەرچاوانە بەدەستبێنین، بەوە ئەو شێوەیەی کە پێی دەردەبڕێ، بێئەوەی بەخۆی ئەوە رابگەیەنێ و بپشکنێتەوە. ئەو ئەزموونە تایبەتییانە دەردەبڕێت کە لەگەڵیان ژیا بوو، نەک بە شیکردنەوەو درێژەدانیان، بەڵکو بەشێوە

رۆشندانەوەکەی خۆی هەموو تشتێکی تێدا کۆدەکاتەوە، وشە بە وشە بە هەموو مانایەکانیانەوە. کاتێ رامبۆ بڕیاری دەرچوونی کۆتایی دەدا، کەس لەگەڵ خۆیدا نابا، بگرە هەتا ڤێرلینیش، کە ئەو کات بڕوای بە کاسۆلیکییەت هێنا، رامبۆ بۆ گاڵتەجاڕی بەناوی "ناسکی ناسراو" ناوی دەبرد، ئەو مەودایەی کە بەرانبەر کەسانی تر دەگرێتەبەر، لە پێشەوەیان ڤێرلین ((مەودایەکە تێیدا خیانەتیان لێ ناکا- مادام دانەیەکی لە "وەرزێک لە دۆزەخ" بۆ ڤێرلین دەنێرێ، کە بەهۆی تەقە لێکردنە ناودارەکەی کە رامبۆی برینداركرد، زیندانیكرا - بەڵکو لەو مەودایە لەوان دووردەکەوێتەوەو بەس))، دەڵێم ئەم مەودایە، بەلام رامبۆ لە بەراپڕا ئەو مەودایە بەرانبەر خودی خۆشی دەگرێتە بەر.

لە دوا وەرچەرخاندا کە بە چوونە رێزی خۆی کۆتایی هات، ئیتر رامبۆ پێویستی بە شیعر نەمایەوە، بەلام، ئەمە خۆی لە خۆیدا تێراماندن دەخوازێ، تەنیا سەرنج نووسین بەس نییە، ئەوە خاڵی چەقگیری کەسایەتییە، رامبۆ هەتا بە قاچ بڕاوەیی و لەسەر عارەبانەش بوو، لە شیعر دانەبڕا.

من ئەوانە بە نووسینی دادەنێم، لە ماوەی ئەو هەموو سالانە، هەزاران تێبینی نووسی، پەرت و بلاوی دەکرنەوە یان بزردەبوون، بەلام مرۆیەک بەشێوە تاگرتووەکەی لە ناوەڕاستی ئەو تەپ و تۆزە خنکێنەرەدا، یا سەرما تیژەدا، بگرە هەتا لەسەر عارەبانەی مەرگیشدا لەسەر نووسین

سوور دەبێ، ناکرێ بڵێین لە نووسین ماڵئاوایی کردووە.

لەوەش زیاتر کە بە ئیزابێلی خوشکی دەڵێ، بەگوێرەی ئەوەی کە ئیزابێل دەیگێڕێتەوە، رامبۆ دەیویست حیکایەتی کۆچەکەی یاخود ئۆدیسەکەی بنووسێ. دابەزینی لەسەر عارەبانەکەی لە هەرەرەوە تا دەریا، ئێمە باش ئەوە دەبینین کە رامبۆ هێشتا دەیەوێ کەسانی تر لە دابەشکردنی ئەزموونەکەی دڵنیا بکا. بەڵام نە بەشێوەی شیعریانە وەک ئێمە بۆی دەچین، بەڵکو لە نووسینی ناسکدا، من بە نووسینی پراگماتیکی ناوی دەبەم، نووسین خۆی رێگەی دڵنیاکردنە لەم دابەشکارییە یان بەشداریکردنە بە ئاسانترین شێوەی زمان کە بکرێ، نەک بەو مانایەی کە ئەوە دانراوەیەکە. ئێمە دەزانین هەر لە سەرەتاوە، بەتایبەتی لە نامەی (روانینوان)یکدا رامبۆ چەندە گاڵتەی بە چەمکی دانەر دەهات، هەروا چەند ئەوەی بە بێهوودەیی دەبینی کە یەکێک خۆی بە دانەر بژمێرێ، بەڵام هەر لە سەرەتاشەوە لەوە گەیشت هەر شاعیرێک نوێنەری ئەو هێزەیە کە دەیکێشێ، ئەو ئەویترەش لە هەموو بارێکدا ئەوەیە، کە کێ بەڕاستی گۆڵئەستێرە هەڵدەگرێ. هێزی هەق، خود نییە، بەڵکو ئەوەی کە لە خود جێنشینە ئەوە هەقە، ئەو هاندەریانەی کە لە هەموو سەرچاوەکانەوە، لە ژیان، لە رۆشنبیریی، رۆشنبیرییەکەمان و رۆشنبیرییەکانی دیکە، جۆشدانی بۆ هەموو حەزێکی ئەفراندنە.

منی ئەویتر خۆی ئەوەیە: گوتە – کلیل بۆ گەیشتنی هەموو تشتێک، من خۆی لە خۆیدا ئەویترە، ئەم ئەویترە هەموو جارێ هەر هەمان خودی ئەو ئەویترە نییە، بەڵکو خۆی ئەو ئەویترەیە لە بەردەوامبوونی ئەوانی تردایە. خودی من سەرەتای کۆیە: من، ئەو، ئێوە، ئەوان... گشت ئەوان. هەموویان بە من لە ڕێگەی ئەویتر بەیەکەوە گرێدراون. رامبۆ لەگەڵ هەموو ئەو رسکانانە ژیا، بەوپەڕی رەمەکییەوە لە راناوی کەسێک بۆ ئەویتر دەیگواستەوە، لە گفتوگۆیەکەی لەگەڵ ڤێرلیندا ((شووی دۆزەخی"، پاکیزە هەڵەشە"ش، کە ئەو شیعرانە لە "وەرزێک لە دۆزەخ"دایە، بەوردی نازانین کێهە رامبۆیە، کێهەش ڤێرلینە، ڤێجا لە شووی دۆزەخیدا ئەملا رامبۆیە، ئەولایەکەی تریش ڤێرلینە، سەبارەت بە "پاکیزەی هەڵەشە"ش هەمان تشتە، کە تێیدا جارێک ئەوە دەناسین و لە بەشێکی تردا ئەویهێ دەناسینەوە. رامبۆ ئەوەی دەرک کرد کە لەو نزیکبوونەوەی نێوان دوو بوونەوەردا، کە تیایدا لە دۆستایەتی یان لە خۆشەویستی دەژین، ئەوە بۆ ئێمە بەرەو تراژیدیای جیابوونەوەی کۆتایی و هەلاهەلا بوون تەواو دەبێ، ئەمەش لە بێئومێدبوون و هەست بە خیانەتکردن هەڵقولاوە، ئەو هەستە پابەندە بە نەمری، بەسەهووچوونی ئەو هاوژیانییەی خۆشەویستی، ئەوەی دەرککرد کە مرۆ لە یەک کاتدا دەبێ بە ئەوو ئەویتر.

هەندێک وادەبینن ئەو گفتوگۆیە خۆی خەیاڵگیرییەکی ئەدەبی پەتی بوو، بەڵام بەڕای من ئەوە جێی بڕواکردن نییە بەلای پیاوێک کە بەوا رایهێنابن هەموو ئەوانەی دەینووسێ بە کردارێکی واقیعییەوە بەستراونەتەوە، پیاوێک کە هیچ نووسراوێکی لە خۆڕایی لەلا هەڵناقوولێ. بەڵکو لەلای ئەو هەموو تشتێک نموونەیەک لە بەرچاو دیتنن و هەستەکان دەنوێنێ. لە پاشەکەوتکردنی دەربڕینی شیعرییانەی رامبۆ، دەستهەڵگرتنی لە وێناندن و وێنە و هاوردە، شێوازکاری ئەدەبییەوە بۆ ئاستی بناغەی نموونەی بڕناکات. هەروا بۆ سیاسەتیش. ئەو پیاوە کە بە منداڵێک خەونی دەبینی، کە خۆی چۆن لە پەروەردەکردن دەگا وای پەروەردە بکاو بیکات بە ئەندازیارێک، لە زانست و وردەکاریدا وەدەرکەوتنی رۆشنبیرییەکی دەبینی، کە ئەو بە مردووی دەژمارد. هەمان بڕوابوو کە دیدەکانی بۆ شیعری بابەتەکی ئاراستەدەکرد. بەڕاست یان بە هەڵە، بڕوای بەمە هەبوو، هەر لە منداڵییەوە خوێنەرێکی – رەنگە هەندێ جار ساوێلکەی – چیرۆکە زانستییەکانی ژۆل ڤێرلین بوو، کە بڕوای بە توانای پێشکەوتنی مرۆڤایەتی هەبوو لە رێگەی زانستەوە، هەوڵی داهێنانی نووسینی زانستی دەدا گەر وای ناوبنێین.

شاعیر هەر بەخۆی دەتوانێ نموونەی بڕیارێکی لەم شێوە ریشەییە وەربگرێ. شاعیر هەر بەخۆی دەتوانێ بڵێ دەبێ نووسین بگۆڕدرێ. هەتا ببێ بە غەفڵەتی نادیاربوونی

نووسـەر. ئـەم جـۆرە نووسـینە لـەو راپۆرتانـە دەبینـین کـە رامبـۆ لەمـەڕ ولاتـانی ئۆگـادین بـۆ کۆمەڵـەی جوگرافیـایی فەرەنسـی رەوانـە کـرد، هەنـدێکیان لـە گۆڤارەکـەیان چـاپکرا، ئــەوانی تــریش فرێدرانــە نــاو ســەتڵی زبــڵ – ئــای لــەم گەمژەییە.!

بـەبڕوای مـن پێویسـتە بەرانبـەر ئـەم جیاوازکارییـەی خوارەوە هەڵوەستەیەک بکەین: زۆرێک وا لـە نەخۆشـەکەی رامبـۆ دەفکـرن، کـە وایلێکـرا یـەکێک لـە قاچـەکانی ببڕێتـەوە پاشـانیش ژیـانی لەسـەر دانـا، ئەوانـە بـەجۆرێک دەفکـرن هـــەروەک ئـــەوە قـــەدەرێکی شـــاردراوەبێ لـــە رەوتـــە شیعرییەکەیدا. بەهەمەحاڵ، ئەوە رووداوێک بوو، رووداوێک بـوو کـە رەوتێکـی پچڕانـد، رامبـۆ تووشـی دەردێک بـوو لـە وەختێکی گونجاودا نەهات چارەسەری بکات، چونکـە لەسـەر هـەموو تشـتێک بۆیەیـەکی کارەسـاتاوی هەڵدەسـووی ((هـەر خۆی بە پاڕانەوە بۆ دایکی نووسـی کـە ئـەو نێچیری هـزرە رەشبگیرەکانە)). ئەم پیاوە رق ئەستوورە، کە گشتی بە گێل دادەتاشی، لە واقیعدا بەخۆی خاوەن دڵپاکییەکی بەفراوانبوو، کۆتـایی بـوو. رامبـۆ نەیـدەخوازی لـە دەڤـەرێکی ئـاوابوودا دابەزێ، کەچی کتوپڕ ئاوسانی یەکێک لە ئەژنۆکانی بۆهـات، بەرەو شار دایبەزاند، بـەلام بەرلـەوەی حیسـاباتەکانی لەگـەڵ ئەوانیتر جێبەجێ بکا، هەموو ئەرکەکانی راپەڕاند. با ئەوە یاد بکەینـەوە کـە هەسـتە پیاوچاکییەکـەی وایلێکـرد لـەجیاتی

هاوکارە کۆچکردووەکەی: لاباتۆی هاوکاری، قەرزەکەی بۆ بداتەوە، داوای گۆڕەوی بۆ ئەستووربوونی ئەژنۆکەی لە دایکی کرد، هەستی بەوە نەدەکرد، جوڵانەوەکەی لەکاردەخات، نەخۆشی ئەستووربوون نەبوو، بەڵکو نەخۆشییەکی بەڕاستییە. هەندێک لەمەڕ خۆکوشتنە ئیرادەگەرییەکەی دەپەیڤن، یاخود دەڵێن کارێکی نائاگایانە بوو هۆی مردنەکەی. من بڕوام بەم قسانە نییە، بەڵکو بەئاساییەوە وادەبینم، کە رامبۆ خۆشبینییەکەی بوو بەزاندی. هەرچەندە خۆشی لە کاتێکی گونجاو چارەسەرکرد، کە ئەمەش گرنگە بزانین، ئاخۆ لە پرۆژەکەی بەردەوام دەبوو؟ ئێمە دەزانین کە قاچیان بڕییەوە چۆن بە پەیداکردنی دارشەقێک گەڕایەوە بۆ عەدەن، ئەوە بەرلەوە بوو کە ئیفلیجی قاچەکەی تریشی بگرێتەوە. بۆ هەموو تشتێ خۆی ئامادەکردبوو. پرۆژەکەی بێڕادە ئاڵۆزبوو: دەیویست بەرەو زنجبار، مەدەغەشقەر، تویێکان، هیندستان، چین، یابان و پەنەما بڕوات. لەم دۆخەدا چی دەدۆزێتەوە، بەمانایەکی تر ئاخۆ ئەم پیاوە لێکۆڵەرە چی دەدۆزییەوە، خەونی بە گرنگدانی ئەندازەو سەرکێشیکردن لە وردەکاریی دەبینی. لەهەمان کاتدا بێئەوەش لە سەوداسەرییە رۆحانییەکەی وازبێنێ؟ هیندۆیزم و شەڕانگێزانەتر کولتورەکانی دیکە یاخود سەیرو سەمەرەیەکی دەدۆزییەوە کە تا ئەو کات دەیزانی. وەک چۆن بە ناسینی راهاتووین،

هـزرو پرۆژەكـانی، ڕێكوپێـك دەكـرد، بگـرە نـاتوانین ئـەوە مەزەندە بكەین كە دەیویست چی بكا. ئەو پیاوەی كە لەمەڕ هــەموو تشــتێكی دەنووســی، بگــرە هــەتا عارەبانــەی گواستنەوەی نەخۆشیش، چەندان تێبینی نووسی كە كەس نەیپاراست و ناشزانین كە چیان بەخۆوە گرتبوو، ڕەنگە بۆ ئێمـە سـەفەرە شـیعرییەكی بۆ چـین بەجێهێشـتبا كـە دەبـوو ئێمە تا پەیدای بكەین لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا چاوەڕوانی سیگمالینمان بكردبووایـە، سـیگمالین شـاعیری رامبۆییانـە كـە خۆیەتی، لە هاوزەمانی رامبۆدا، بە عـەدەن تێپـەڕی، لـەوێوە رووی لـە چـین كـرد. هەڵبـەت مەحاڵـە بـە خـەملێوی لەمـەڕ بەرهەمـە نـا ئامادەكـانی رامبـۆوە بپـەیڤین، بـەڵام گـەر بڵێـین ئەگەر وا زوو كۆچی نەكردبا ئەوە ئەو كارانەی دەكرد، ئـەم قســەیە لــە راســتی بــەدوور نییــە. زۆر كــەس – بــە سـوریالییەكان و خـودی برێتۆنیشـەوە- لەسـەر ئـەو بڕوایـە سەقامگیرن كە دوابەرهەمی رامبۆ "وەرزێک لـە دۆزەخ" بـوو كـە تێیـدا لـە شـیعر ماڵئـاوایی دەكا. بەهەمـەحاڵ، وێـڕای ئـەو ماڵئاواییـەش، ئـەوەی كـە سـەقامگیرە ئەوەیـە، دوا بەرهــەم "خۆرهەڵاتنامـە"یـە، چەنـد لاپەڕەیـەكی كـەمی ئـەم بەرهـەمەی بەر لە "وەرزێک دۆزەخ" نووسیووەو پاشان ماوەكـەی تـری تـەواوكردووە. هـەموو دەیانویسـت ئـەوە جـەخت بكـەن – بەخۆشـحاڵییەوە- كـە رامبـۆ بڕیاریـدا لـە شـیعر كـۆچ بكـا. بەهەمــەحاڵ، رامبــۆ هــەرگیز تشــتێكی لــەم تــەرزە قســەیە

نەنووسیوە. گاڵتەی بە شیعر، شیعری خۆشی، بە هونەرمەندان، بە هەموو خولقێنەران کرد، بەڵام هەرگیز بە ئاشکرا لەمەڕ کۆچ لە شیعرکردن نەدەپەیڤی، ئێمە دەستەپاچە نابین، گەر نەبین بە پابەندی ئەم بڕوایە.

بە تێگەیشتن لە چەندان شیعری "خۆرهەڵاتنامە-ILLUMINATION هەروا ئەو پێڕاگەیاندنە یەک لە دوا یەکانەی کە بۆ دایکی و دیلاهی برادەری دەنارد، باسی ئەو پرۆژەیەی دەکرد کە کتێبێک لەسەر هەرەرو وڵاتی گالا دەنووسێ. هەروا داوای چەندان وێنەی ئەم وڵاتانەی کە گرتبووی و چەندان کەرەسەی دیکەی دەکرد بۆی بنێرن – پێوانە بۆ دوورییەکان و هاوکوفەکانییەتی.-

# "فەیلەسووفە مەزنەكان شاعیریشن"

**وتوێژی: نینا بیۆرك Nina Böjrk لەگەڵ**
**هێلێنا سیكسۆس Hêlène Cixouse**
**وەرگێڕانی لە سوێدییەوە**



**Helene Cixous**

ســـەرچاوەكانی خـۆتم نیشـــانبداو منــیش پێـت دەڵــێم دەتەوێ ببییە چ كەسێك. كاتێك من نزیكەی دە ساڵ پێش لـە ئێستا چوومـە زانستگا بۆ ئەوەی ببمـە رۆنـاكبیر. هاوكـاتیش من ژن بووم. حەلكردنی ئەو هاوكێشـەیە سـەخت بـوو؛ لـەو رۆژگارەدا پسـوولەی وەرگـرتن بۆ ئـەو ئارەزووە پایـەدارە وەك روناكبیر پۆست ستراكچالیزم بوو. روناكبیرە پۆسـت ستراكچالیســـتەكانیش بریتــی بـــوون لـــە: ژاك دێریـــدا، ژان فرانســـوا لیۆتـــارو ژان بۆدلیـــار. ئەمـــەش بـــە جۆرێـــك لـــە جۆرەكان ترسناك بوو. من باش نەمدەزانی ... ؟

نا، من نەمدەزانی. لێ لە لیستی کتێبی کۆرسی خوێندنی ژن لە زانستگا (ئەو کتێبانەی لە خوێندنی زانستگادا تایبەتن بە فێمێنیزم، و. کوردی) ئەلتەرناتیڤێک دەرکەوت. سێ ژنی پەنابەری فەرەنسی هەبوون کە رەنگە دەکرا وەک پۆست ستراکچالیست، بەڵێ بگرە وەک روناکبیریش سەیر بکرێن. من دەوێرام لە نووسینەکانی ئەوانەوە سەرچاوکانی خۆم وەربگرم. هەروا من تەنیا نەبووم: لوسێ ئیریگارای، هێلێنا سیکسۆس و ژولیا کریستیڤا بۆ سەرتاپای نەوەیەکی خوێندکاری ژن بوونە هێما (کانون)ێکی رۆشنبیریی.

ئەوانە روحی بەرەنگارییان بەخشی، نەک هەر لەبەرئەوەی ئەوانە پاشخانێکی قووڵی دەروونشیکاریی و هەڵوەشانەوەگەرییان هەبوو، بەڵکو رەنگە بە تایبەتی چونکە ئەوانە هەندێک گومانی فێمێنیستیان وروژاند. واتا لە کن ئەوانەدا خولیایەک هەبوو کە وشەی پیاوانە و ژنانە بەکار بهێنن – بەمجۆرە ئەو دوو وشە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا پیادەدەکرێ – ئەوان ئەو دوو وشەیان هەر تەنیا بە مەبەستی رەخنەیی بەکار نەدەهێنا، بەڵکو هاوکاتیش بە واتای باش یان کارا، بە شێوازێک کە لە خودی خۆیدا داهێنەرانە بوو ئەو دوو وشەیان بەکاردەهێنا. بۆ نموونە هێلێنا سیکسۆس تیۆرییەکی لەسەر "ئێکریتور فێنێمێ/ نووسینی ژنانە" هەبوو. من پێم وانەبوو کە هێلێنا سیکسۆس ئەو بیرۆکەی خۆی لە ناوکۆییەکی کۆمەڵایەتیدا دارشتبێ؛

ئەو زیاتر لەسەر جەستەی ژن و توانای ئەوان لە بەخشینی ژیاندا دەئاخڤی نەک لەسەر ئەو دۆخە ماتریالیانەی کە ژن لە ژێر سایەیاندا دەینووسن چۆن دەبینرێت. ئاخۆ ئەو هزرڤانە ژنانە چەند جێگەی بڕوا بوون؟



**Nina Böjrk**

هەڵبەت هەر یەکێک لە ئێمە کاتێک پرسیاری لە خۆی دەکرد کە چۆن ئێمە بە کۆمەکی ئەوانەوە دەتوانین ببینە روناکبیر و فێمێنیستیش.

کاتێک من ئێستا دوای چەندان ساڵ بە دیداری یەکێک لە سەرچاوەکانی نەوەی خۆم دەگەم – ئەمیش هێلێنا سیکسۆسە – پەشۆکاوی دامدەگرێ. من لەوە دوو دڵ بووم کە ئەو دەیەوێ لەسەر ئەو دەقە زووانەی خۆی بپەیڤێ کە ئەوی لە جیهانی ئەنگلۆ- ئەمریکایەکاندا ناودارکرد، سوێدیش لە پاڵ ئەو وڵاتەنەوە دەژمێردرێ، ئەو دەقانەش بریتی بوون لە :

"La jeune nèe" و "Le rire de le Mèduse"

کاتێک لە ناوەڕستی حەفتایەکانەوە نووسیبوونی. بۆ

زانین ئەو بەرهەمانە لە هەموو بەرهەمەکانی دیکەی ئەو تیۆریتر بوون (هاوکاتیش دەکرێ ئەو دوو بەرهەمە وەک شیعر بخوێنرێنەوە)و ئەو ژنە لە ساڵەکانی دواییدا گومانی لە توانای تیۆری هەبوو کە بتوانێ بە رێگای چەمکەوە تشتێکی بنەڕەتی لە ژیاندا بەرجەستە بکاتەوە.

ئەو هەر زوو نیشانیدا کە نەک هەر نایەوێ لەسەر ئەو دوو بەرهەمانە بدوێ – بەڵکو لە بنەڕەتدا ئەو نەیدەخواست لەگەڵ مندا بئاخڤێ. ئەو ژنەی کە پەیوەندەی نێوانمان بوو وتی هێلێنا سیکسۆس وتوێژەکەی لەگەڵ مندا رەتکردۆتەوە چونکە من گوێم لەو ئاخاوتنەی ئەو نەگرتووە کە (سیکسۆس) پێشتر هەمان رۆژ لە شاری ئومیۆ (مەبەستی زانستگای شاری ئومیۆیە لە سوێد) پێشکەشی کرد بووو هاوکاتیش چونکە من هەرگیز نمایشی شانۆیەکانی ئەوم لە (Thèatre du Soleil) لە پاریسدا نەبینیووە.

دوای ئەوەی من هەوڵی خۆمدا لەو سکالآیە ئازاد بم کە ببمە رۆژنامەنووسێکی نائامادە خۆم تووشی نووشستێکی خێرا بکەم (من لیستەیەک لە کتێبەکانی خودی هێلێنا سیکسۆس و ئەوانەی لەسەر ئەو نووسراون وەردەگرم) وێڕای ئەمەش دواجار ئەو (هێلێنا) بە تووڕەیییەوە دەڕواو لەسەر قەنەفەیەک دادەنیشێ، قاوەیەک لەگەڵ شیر دەخواتەوەو – راستییەکەی- لەگەڵ مندا دەئاخڤێ.

ئەوجا لە جێگەی خۆیدا نییە من دەستپێکی پرسیارەکەم

بەوە دەستپێبکەم کە ئایا ئەوە لێکناکۆکی نییە ئەو زیاتر ئەو نووسینە دەنرخێنێ کە بە "ژنانە" ناودێری دەکا. بۆ زانین هێلێنا سیکسۆس ئەو تەرزە نووسینە - دەکرێ بۆ پیاو و ژن پراوە بکرێ – وەک هەلقولان، کە هێرارکی/قوچەکی نییە، وەک تشتێک کە هاودژییەکانی بە تایبەتی لە نموونەی پیاوانە و ژنانە تێکدەشکێنێ وێنا دەکا.

- نووسینی ژنانە چەمکێکی گێلانەیە. هیچ مانایەکی نییە. من چیتر باسی ئەوە ناکەم. من لەسەر شیعریەتی جیاوازیی رەگەز دەپەیڤم.

راستییەکەی من دەبێ زیاتر تشت فێر بم، لێ وێڕای ئەمەش من لێی دەپرسم کە ئەو مەبەستی لەوە چییە. ئەو هەناسەیەک هەلدەمژێ و ئاماژە بە ژاک دێریدا دەکا: لەو ساتەی کە چەمکێک فۆرمەلە دەکرێ ئەوە دەمرێ.



Hélène Cixous Jacques Derrida

تیۆرییەکان دەربڕینی بە کۆدکراون، مرۆ دەتوانێ لەگەڵیاندا تشتەکان بفرۆشێ، ئەو تیۆریانە سەر بە بازاڕن. ئەو تیۆریانە چەشنە بیرۆکە - حەبێکن کە مرۆ دەتوانێ لە زانستگادا بەکاریان بهێنێ. من خۆم هەندێک جار ئەوە دەکەم، قسەی تیۆری دەکەم، هەرچەندە رقیشم لەوە دەبێتەوە. من ئێستا ئەوە دەکەم. وەلێ راستییەکەی ئەوە بێمانابییە، ئەگەر مرۆ هەولبدا تشتێک روونبکاتەوە پێویستە لە دەقدا هەڵبقوولێ، تشتێک کە راستییەکەی لە نێوان مەودای ئەو نووسینەدایە کە دەنووسرێ. هەموو فەیلەسووفە مەزنەکان لە هەمان کاتیشدا شاعیریشن.

من لە هۆکاری خەمگینی هێلێنا سیکسۆس تێدەگەم چونکە ئەو ناتوانێ ببێتە شاعیر، کاتێک ئەو لەوکاتەی لەگەڵ مندا دانیشتووە، بۆیە ناچار دەبێ "شیعریەتی جیاوازیی رەگەز" روونبکاتەوە کە بریتییە لەوەی لە بەرهەمی هەموو نووسەرە مەزنەکاندا رووخسارێک لە دوو رەگەزیانە هەیە. نە بەو مانایەی کە دەقەکان رەگەزیان هەیە، لێ ئەو دەقانە بە جۆرە راڤەیەک هەڵگری رووخساری سێکسگەرایی و ئیرۆتیکین و ئەو رووخسارانەش؛ تشتێکن کە تۆ بە چاوی سەری پەنجەکانتەوە هەستیان پێدەکەیت، هێلێنا سیکسۆس بە دەم بەراوردکردنی خوێندنەوەی نابینایی نووسینەوە وا دەڵێ. تۆ هەست بە بزوانێک، گۆڕانێک دەکەی.

- من هەستمکرد لەو کاتەی کە دەنووسم ئەوە ژنێکە لە

ناو مندا دەنووسێ – لێ تەنیا لە نێوان کەسگەلێکی دیکەشدا. چەندان بەش لەو منەی مندا هەیە.

هێلێنا سیکسۆس هەمیشە باسی ئەوەی کردووە کە ئەو بەرهەمە لە ئەدەب و شانۆیانەی کە دەیانووسێ بریتین لەوەی کە خۆی بە رووی نامۆکاندا ئاوەڵا بکاتەوە، کە بوارێک بۆ ئەو کەسە ببەخشێ کە خۆدی خۆی نییە، ئەوەی کە تۆ ناتوانی بیناسیتەوە یان تێیبگەیت. هێلێنا سیکسۆس ئەوە بە رێگەدان بەو **ئەویترەی** کە لە ناو دەقدا شوێنێک وەردەگرێ ناودێر دەکا. ئەو هەندێک جار ئەو چەشنە توانستەی بە توانای لە دایکبوونی منداڵ لە ژناندا گرێدەداتەوە–توانستێک وادەکا ژنان ئاسانتر ئەو لەمپەرە لە خود (من)ە قبووڵ بکەن کە دیدارێک لەگەڵ ئەویتر دەگەیەنێ. ئاخۆ ئەو جۆرە ئاوەڵاییە بۆ خۆی – لەمپەر و بۆ بێگانە زیاتر لە دەقەکانی ژناندا روونترە تا لە دەقەکانی پیاواندا؟

ئەوە پرسیارێکی ریالیستییە. من کەسێکی ریالیستی نیم – من کەسێکی مێتافۆریست/هاوردەییم. هاوکاتیش چونکە ژیان بەخشین لای ژن هاوردەیەکە کەواتە دەکرێ ئەوە لەگەڵ پیاودا دابەشبکرێت. هەرچەندە مرۆ دەکارێ لە کن نووسەرە پیاوەکاندا ئەو هەستە تاقیبکاتەوە کە ئەوان تاقییانکردۆتەوە، لێ پیاویش دەتوانێ منداڵی ببێ/بزێ.

لێ هاوکاتیش ئەزموونی جەستەیی لە منداڵ لە دایکبوون

هەیەو ئەمەش ئەزموونێکی دیکەیە. ئەمەش وەک ئەوە وایە کە مرۆ پەنجەی خۆی ببڕێ، یان چاوێکی خۆی لە دەستبدا؛ ئەزموونی جەستەیی کە مرۆ دەتوانێ بۆ ئەو تشتەی کە دەینووسێ بیگوازێتەوە. هەرچەندە ئەمەش زۆر سەختە. دەشێ ئەوە ئاسانتر بێ ئەگەر مرۆ لە جیاتی وشە موزیک ساز بکا.

لە بواری تیۆری فێمێنیستیدا هێلێنا سیکسۆس، ئیریگارای و ژولیا کریستیڤا چەشنە وەرچەرخانێکن بە رووی زماندا. ئەگەرچی پێشتر توێژینەوەی ژن ئاکامگیری زانینی نووسەر بوو کەچی ئێستا زۆرتر بۆتە تێگەیشتن لە دەق. بە لای کەمییەوە ئەو سێ رەگەزگەراییە فەرەنسییە (کە رەنگە راستییەکەی جۆرە سێ رەگەزییەک نەبێ، سیکسۆس قسەکردن لەسەر ئەو سێ رەگەزییەی کە دەبێتە تاکە رەگەزێک رەتدەکاتەوە - ئەو سێ رەگەزە مێینەیە، هەموویان یەکجار جیاوازن" بڕوابوونێکی تۆکمەی بە توانستی ئاکامگیریی زمان – تەنانەت لە ئاستی جڤاکیشدا دروستکرد. سیکسۆس لە کتێبی "لە ریرێ دە لە مێدوس/جەستەی رەگەز"دا گۆڕانی نووسین و مێژوویی پێکەوە چڕدەکاتەوە؛ نووسینی ژنانە لەناو خاکی نەزۆکی پیاوسالاریدا دەتەقێنێتەوە تاکو هەمیشە ئەوە بپشکنێتەوە. چونکە تیۆرییەکان لە ٧٠ یەکانی سیاسەتی فەرەنسادا شەکەت بوون، لێ دە ساڵ دوای ئەوە هاتە ناو جیهانی

ئەنگلۆ- ئەمریکییەوە بڕواکردن بە زمان بوو بە توانایەکی شۆڕشگێڕیی و ئەوسا لێرەدا (فەرەنسا) کەمێک کپ بۆوە. ئەمڕۆ تەنانەت هێلێنا سیکسۆسیش گەشبین نییە:

من کەسێکی زۆر ئیدیالی نیم کە پێم وابێ نووسین جیهان بگۆڕێت. بەڵام نووسین بۆ ئازادی دیموکراسیترین ئامرازە کە ئێمە لەسەر زەویدا هەمانە. ئێمەش بێ ئەوە (نووسین) ناژین.

بە پێچەوانەی ئەمەشەوە ئەمڕۆ هێلێنا سیکسۆس بێ بوونی هزرڤانە فێمێنیستە نوێیەکان هیچ گرفتێکی نییە. کاتێک من لێم پرسی کە ئەو سەیری (توریل مۆی، ژنە نووسەرێکی نەرویجییە و پرۆفیسۆرە لە ئەدەبناسیدا، و. کوردی) دەکا ئەو لە وەڵامدا وتی من نازانم کە (مۆی) باسی چی دەکا، ئەو هەموو نووسینەکان و نووسەرانی نەخوێندۆتەوە. بە هاتنی ناوی یودیت بۆلتەر (ژنە فێمێنیستێکی ناوداری ئێستای ئەمریکییە، و. کوردی) سەری دادەنەوێنێتەوە، ئەو بە هەموو تشتەکان راناگات و خوێندنەوەی ئەدەب بە باشتر دەزانێ. هێلێنا سیکسۆس لەوە دڵنیا نییە کە ئاخۆ تیۆریەکانی خودی خۆی سەبارەت بە زمانی تایبەتی ژن کاریگەرییەکی باشی هەیە یان نا.

ئەو چەشنە چەمکانە وەک گڕ وان. ئەو چەمکانە بریقەدارن بۆ سەرنجڕاکێشان. چەند کەسێک یەکسەر

رووبەڕووی ئەو چەمکانە دەبنەوە - ئەوانیتر دەست بە بیرکردنەوە دەکەن. لێ کارەکەی من زۆر گەورەیە. بۆچی ئەو چەمکە بۆ دوو وشەی بچووک کورتدەکرێتەوە؟

بەڵێ، ئەو چەمکە تەنیا دەبێتە دوو وشەی بچووک، ئێستا وشەیەکی وەک سیکسۆس لەو چەمکە دوور دەکەوێتەوە. لێ ئەو چەشنە چەمکانە بەشێک بوون لە شەپۆلی فێمێنیزم کە هێدی هێدی هاتنە ناو بەشێکی بچووکی زانستگاو – راستییەکەی – پاڵاوگەیەک لە دوا یەکەکانی کردەوە. "توێژینەوەی/خوێندنی ژن" بوو بە "تیۆری فێمێنیستی" و قورساییەکی نوێی وەرگرت. ئێمە هەتا ئێستاش بە شوێنپێی ئەو شەپۆلەوە دەژین.

ئاخۆ هێلێنا سیکسۆس لای ئێمە تەنانەت وەک ئەدیبێکیش دەبێتە ناوێکی ناودار، ئەوەی بڕیار لەسەر ئەوە دەدا، سیاسەتی وەرگێڕانی چاپخانەو ئاییندەیە.

ستێنهال، یەکێک لەو نووسەرە مەزنانەیە، کە لە ١٨٣٠-یەکاندا بە ئاگایانە لە روانگەی پرسیارێکەوە نووسی: کێ دەیەوێ بێتە ئێرەو دوای پانزە ساڵ جارێکی تر بخوێنێتەوە؟ دوای سەت و پەنجا ساڵ؟ ئەو مەسەلەیە هەمیشە پەیوەندی بەو جۆرە لەمپەرانەی کاتەوە هەیە. کاتێک تشتێک لە دایک دەبێ و کاتێکیش ئەوە دەگاتە ناو جەماوەر

– ئەو کارە هەمیشە لە کاتی خۆیدا روونادا.

**ژێدەر:**
**بەشی كولتووری ڕۆژنامەی Dagens nyheter ٦.١، ٢٠٠٠**

## تێبینی وەرگێڕی كوردیی!

دەكرێ وەرگێڕانی ئەو وتوویژەی نینا بیۆركی ئەدەبناس و فێمێنستی نرخداری سوێدی لەگەڵ هێلێنا سیكسۆس، ئەدیب و فێمێنیستە فەرەنسییە هێژایە، هەم دیاریی بێ بۆ ئەو ژن و پیاوە نووسەرانەی كە گوایە پێیان وایە ناودێركردنی "ئەدەبی ژن و پیاو" لەكەداركردنی گەوهەری ئەدەب و مافی ژن و كەمكردنەوەیە لە پایەی ژن، هەمیش هاوكاتیش دەكرێ ئەو دەقە وەك میوانداریك بێ بۆ ئەو نووسەرە ژن و پیاوانەی كە خوویان بە ڕوانینە باو و چەند نووسەری دیاریكراو گرتووە و لەبەر ترسی ناسینی خەم، ڕامان و ئاسۆیە جیاوازەكان زەندەقیان لە بەهای خودی جیاوازی دەچێ؛ ئەو تەرزە نووسەر، شاعیر، بەناو خەباتكارە ژن و پیاوە باونووسانەی كورد، كە دەرهاوێشتەی ڕۆشنبیرییەكی باون، وەك ترسی جیابوونەوە لە نەریت، سەیری گۆڕینی سەرچاوەكانی ڕۆشنبیریی خۆیان دەكەن. تاكو ڕۆشنتر بدوێین، كێشەی نووسەری كورد ئەوەیە كە

بە نووسەرێک ئاوێزان بوو ئیتر ئاسان نییە دەستبەرداری بێ. بۆ نموونە، ئیستا وتارە کورتیلەو چاوپێکەوتنەکانی، نەک کتێبەکانی نووسەرگەلێکی وەک هاشم سالّح، ئەدۆنیس، فۆکۆیاما، بوونەتە سەرچاوەی رۆژنامەوان و نووسەرانی کورد، هەروەک تەنیا ئەو نووسەرانە خاوەنی ئەو راستیی و بەهایە رۆشنبیریانەن کە کورد پێوسیتی پێیانە. هاوکاتیش هەتا هەنووکەش سەرچاوەی رۆشنبیریی فێمێنیزم ژنی کورد بریتین لە وتارگەل و چەند کتێبێکی باوی ئەو ژن و پیاوە عەرەب و فارسانەی کە باسی تیۆرییەکانی فێمێنیزم دەکەن، کەچی وێڕای ئەو هەموو ژن و کیژانەشمان لە رۆژئاوادا، کتێبێکی گرنگ و چەند وتاری بەهادارمان لەسەر تیۆرییەکانی فێمێنیزم بە کوردی نییە. ئەمەش یەکێکە لەو لەمپەرانەی کە وادەکا کایەکانی نوێگەریی و پرسی ژن لە پانتایی رۆشنبیریی کوردیدا شوێن پێیان لاواز بێ. لێرەدا ئەم وتارە مانای پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانە نییە کە من ئاماژەیان پێدەکەم، بەڵکو تەنیا ئاماژەکردنێکە بۆ بەهای فرەکردنی سەرچاوەی رۆشنبیریمان.

ماوەتەوە بێژین، وێڕای کتێبە ناودارەکەی هێلێنا سیکسۆس "کە مندالّت بێ" خاوەن چەندان کتێبی تیۆری فێمێنیستی و ئەدەبییە. هاوکاتیش لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ژن لە زانستگاکانی رۆژئاواو لەوانەش سوێددا چەندان لێکۆڵینەوە لەسەر بەرهەمە تیۆرییە

فێمینستگەرایەکانی کراوە. ئەمڕۆ خوێنەری کارا ئەگەر حەز بکا ئەو نووسەرە سەرنجکێشانە بناسێ، دەتوانێ بە ڕێگای ئاسانکاری ئینتەرنێتەوە نووسینەکانی هێلێنا سیکسۆس و نینا بیۆرک و نموونەگەلێکی لەو تەرزە نووسەرە سەرنجکێشانە بدۆزێتەوە.

شایەنی باسە هەتا ئەمڕۆش کتێبە تیۆرییە فێمێنیستییەکەی نینا بیۆرک "لە ژێر ئەو پەتۆیە پەمەییەدا" کە لە نەوەدەکاندا نووسیویەتی یەکێکە لەو کتێبە بەهادارانەی کە بە سویدی لەسەر پرسی فێمێنیزم نووسرابێ. (هەندرێن ٢/ ٢٠٠٧ سوێد)

# کامیو

## لەناو خەیاڵاندنی ئەدەبیدا ئازادی دۆزییەوە [١]

کای فالکمان Kaj Falkman [٢]

وەرگێڕانی لە سوێدییەوە



ئەندرێ ماڵرۆ      کامیو      سارتەر

کاتێک ئەلبێرت کامیو (Albert Camus لە ١٩٥٧دا خەڵاتی نۆبێلی وەرگرت بۆ باسێکی کورت و ساتێکش بۆ گوێگرتن لە پرسیار هات بۆ زانستگای ستۆکهۆڵم. لە ریزی پێشەوەی ناو هۆڵە تژییەکەدا کۆمەڵێک عەرەب دانیشتبوون. یەکێک

---

[١] خەیاڵاندنی ئەدەبیی، وەک هاومانەیەک بۆ "فیکشن"م داناوە.

[٢] کای فالکمان دیپلۆمات و نووسەرێکی سوێدییە.

لەوان یەکسەر هەستایەوە تاکو یەکەم پرسیاری ئاراستەی کامیو بکات، کە پەلاماردانێکی سەرچیغ و گەرمی بۆ سەر کامیو بە دوای خۆیەوە هێنا، چونکە گوایە ئەو بۆ سەربەخۆیی خەباتی نەکردووە. من وەک خوێندکارێکی ئامادەبوو لەو کۆڕەدا لە یادمە کە چۆن ئەلبێرت کامیو بە هێوری وەک بەڵگە چەندین نموونەی هێنایەوە کە ئەو سەرسەختانە داکۆکی لە مافی دیمۆکراتی لە جەزائیردا کردووە، تاکو جەزایریی و فەرەنسییەکان بتوانن پێکەوە لە ژیانێکی ئازادو ئاشتییەوانیدا بژین. "بەڵام من تیرۆریزم، تیرۆریزمێکی کوێر مەحکوم دەکەم کە لە شەقامەکانی جەزائیردا بڵاودەکرێتەوە کە دەکرێ ئەو تیرۆیزمە رۆژێک دایکم و خانەوادەکەم بگرێتەوە! ئەگەر ئێوە ئەو کارە بە دادپەروەریی دەبینن، ئەوکاتە من لە بەرانبەر دادپەروەریدا داکۆکی لە دایکم دەکەم." ئاخاوتنەکەی کامیو ئاراستەی بەرەی رزگاریخوازی نەتەوەیی جەزائیر بوو، کە دەمڕاستەکەی لەسەر کورسییەکەی پێشەوە دانیشتبوو. رۆژنامە فەرەنسییەکان بایەخێکی زۆریان بەو ئاخاوتنەی کامیو دا، کە وەک پێچەوانەیەک لە هەمبەر هەڵوێستی ژان پۆل سارتەر نمایشکرا، کە پێی وابوو دەبێ دادپەروەریی سیاسی بکەوێتە پێش رێزگرتن لە بۆچوونی تاکەکەسیدا.

پرسیارێکی تر ئەوەبوو کە ئاخۆ ئەلبێرت کامیو بوونگەرا (ئێکزتێنسیالیستە). ئەو بە جەختکردنەوە بە نەخێر

وەڵامی دایەوە، کە ئەو بوونگەرا نەبوو: "من یەکەم تێگەیشتنی فەلسەفیم لە گریکییەکانەوە وەرگرت، نەک لە ١٨٠٠ەکانی ئەڵمانییەکان، کە فەلسەفەکەیان بناغەی بوونگەرایی ئەمڕۆیە."

ئەمەش دیسان نیشانەی رەتکردنەوەی سارتەر بوو، کە کامیو ناخوازێ سەر بە مێگەلەکەی ئەو بێت، هەرچەند هەردووکیان لە قۆناغێکدا پێکەوە بوون و وەک هاوڕێش سەیری یەکتریان دەکرد. هاوکاتیش ئەمە رەخنەیەکی ئەندەرش ئۆستەرلینگ (Anders Österlig) بوو کە لە کاتی پێشکەشکردنی ئەلبێرت کامیو لە سێرمۆنی خەڵاتی نۆبێلدا دەریبڕی: هەروا کامیوش بە شێوازی خۆی دەمڕاستی ئەو ئاراستە فەلسەفییە دەکا کە لە ژێر ناوی بوونگەرایی ناودێر دەکرێت...

کامیو لەوە تووڕە بوو کە رۆژنامەنووسە سوێدییەکان زیاتر ئەو وەک وێنەیەکی سیاسی سەیردەکەن تا وێنەی نووسەرێک. ئەو وێنەیەش لە بیۆگرافییە گەورەکەی " Albert Camus. Une vie " (١٩٩٦)ی ئۆلیڤەر تود بە روونی دیارە. لە دیدی ئۆلیڤەر تودەوە، رۆژنامەی ناسراوی سوێدیی، داگنس نیوهێتەر نووسیبووی کە هەڵبژاردنی کامیو تێگەیشتنێکی سەخت بوو، هزرەکانی ئەو بەشێکی بچووک و بڕێکی کەمی جێگەی سەرنجن، ئەو وەک نووسەر قووڵایی و خەیاڵی نەبوو و بێجگە لە "بێگانە" تەنیا کتێبگەلێکی لە بەهای

دەستی دووەم نووسیوە.

ئەلبێرت کامیو هەمیشە ئەوەی دووپات دەکردەوە کە ئەو زیاتر حەزدەکا ئەدەب بنووسی نەک وزەکانی بە سیاسەتەوە پەرتەوازە بکات. "ئەگەر من خۆم بە باوەڕی سیاسی ببەستمەوە (پارتی کۆمونیست، بخوێنەوە)، ئەوکات من هەموو وزەکانم، وزەی ژیان و زرینگیم بۆ ئەوە تەرخان دەکەم. رەنگە هەموو بەهرەو روحم بۆ ئەوە تەرخان بکەم، بەڵام نەک هەموو دڵم." کامیو لە جەزائیردا بە پێچەوانەی هاوڕێیە چالاکەکانی لە سیاسەتدا سیاسەتی وەک کارێک نەدەبینی بەڵکو وەک ئەرکێک دەیبینی کە لە پێناو یەکسانی لە نێوان خەڵکی فەرەنسیی و عەرەبە جەزائیرییەکاندا خەبات بکا. چونکە کۆمونیزم پەیمانی یەکسانی دابوو، ئەویش دواجار بۆ یەکگرتن چووە ریزی ئەو پارتی کۆمۆنیستییە. ئەمەش لە ١٩٣٥ دا لە جەزائیر روویدا، کە ئەوکات تەمەنی ٢٢ساڵ بوو. ئەو دەیویست وەک رۆژنامەنووس خزمەتی ئەو پارتە بکات، کە ئەو ئەرکەشی لە بڵاوکراوە جەزائیریی و فەرەنسییەکاندا ئەنجامدا.

لە کن ئەلبێرت کامیو دوو نووسەری فەرەنسیی گرنگ بوون، ئەوانیش ئەندرێ جیدو ئەندرێ مالڕۆ بوون. کاتێک جید دوای سەفەرێکی بۆ یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٣٦دا بە نووسین بێ ئومێدی تەواوی خۆی بەرانبەر کۆمۆنیزمی سۆڤیەت راگەیاند، کامیو بە قووڵی بەو وێناکردنە لە

چەوساندنەوە بە کۆمەڵیی و هەژارییە نەگبەتییە دڵگیر بوو. ئەو حەزی دەکرد مشتومڕێک لەمەڕ ئەزموونەکانی جید بسازێنێت، لێ لە لایەن پارتی کۆمونیستی فەرەنسییەوە قەدەغەکرا. پاشان کامیو رەخنەی لە سەرکردایەتی پارتی کۆمونیست گرت و لە ١٩٣٧دا بە تۆمەتی "یاخیبوونی ترۆتسکیی"یانە لەو پارتییەدا دەرکرا.

کامیو دوای ئەوە هەستی بە خۆشی کرد کە لەبەر ئەدەب وازی لە سیاسەت هێنا. لەوێدا ئەو ئازادییەی دۆزییەوە کە سیاسەت نەیتوانی پێی ببەخشێت. بەمجۆرە کامیو بۆ ئەو رۆمانەی کە دوایی ئەوی بەناوبانگ کرد، "بێگانە" دەستی بە یادداشت نووسینەوە کرد، کە لە ١٩٤٢دا چاپکرا. سارتەر بۆ ئەو سەرکەوتنە لە ئاستێکی بالآدا بە نووسینی رانانێکی ئەرێنییەوە بە ناودێرکردنی ئەو کتێبەی وەک "رۆمانی هاوسەردەم، نوێنەرایییەک بۆ بوونگەرایی" ستاییشی کرد. هەرچەند کامیو زوو خۆی لەو ناودێرکردنە دوورخستەوە، کەچی بە هۆی دەستپێوەگرتنی سارتەرەوە ئەو ناودێرکردنەی پێوە نووسا. بە لای سارتەرەوە بوونگەرایی بە جەختکردنەوە لە دژی سیستەمێکی داخراوی هزرییدا فەلسەفەیەکی بێ ئایین (ئاتێیست) بوو.

سارتەر بە دژی تێگەیشتنی ئایینی کە پێی وایە جەوهەر (خواوەندی) بەر لە بوون (ئێکسیستانس)ە دەیگووت بوون بەر لە جەوهەرە. دەبێ خودی مرۆڤ بە رێگای کردارەوە

جەوهــەری خــۆی هــەڵبژێرێت. ئەگــەر مــرۆڤ بــە هــۆی گوناهبــارکردنی میــرات یــان ژینگــە، نەریتــەکان، یــان وەک ئــەوەی کــە زۆرینــە "وەک ئــەوەی کــە زۆرینــەی خــەڵک دەیکــەن" داوای لێبــووردن لــەو ژیانــەی خــۆی بکــا، خــۆی تووشی درۆی مۆراڵی دەکات.

کامیو خۆی بێ ئایین بوو، لێ ئەو دانی بەوەدا نا کە مەسیحایەتی شوێنێکی پڕ گرنگی لە مێژوودا هەبووە. کامیو نووسی، هەرچەند ئەگەر مرۆڤ بڕواشی بە ئایین نەبێت، لێ "راســتییەک لــە ئــەزموونی ئایینیــدا هەیــە". ســارتەر بــە گرماندنەوە دەیگوت، کتومت لە کاتی خولقاندندا، ئەو راستییە هەیە.

چەمکێک کە بەسەر "بێگانە"وە زاڵبوو، "نامەعقوڵ" بوو. ئەو چەمکە وەک نائامادەییەکی هەژەندهێنەر یان برینێکی روحی لە مرۆڤ وێنەدەکرا. کامیو لە کتێبی دوای "بێگانە"، "ئەفســانەی ســیزیف"دا (١٩٤٢)، ســیزیف وەک وێنەیــەک دەناسێنێت کە بە شێوەیەکی بێهوودە (ئەبسورد) و بێمانا دەژیــت وەلــێ خــۆی بەســەر چارەنووســەکەیدا زاڵــدەکا. ســارتەر لەســەر ئــەو تێڕوانینــە بێهوودەییــەی کــامیو بــە پێداگرتنەوە رایگەیاند کە نە مرۆڤ یان نە جیهان بێهوودە نین، بەڵکو هۆکردی ئەو بێهوودەییە ئاوێتەکردنی مرۆڤ-جیهانە.

کامیو کتێبەکانی بۆ ئیدۆلە ئەدەبییەکەی ئەندرێ مالڕۆ

نارد، کە یەکسەر بە دەربڕینی ئەرێنی وەرامی دایەوە: "ئێوە بەو کتێبانەوە شوێنێک لە نێو ئەوانە داگیردەکەن کە لە ئەدەبی فەرەنسیدا دەنگییان هەیە، ئێوە بەم زووانە خوێنەری خۆتان و ئامادەییتان دەبێت. ئەوەش بۆ هەموو کەس مەیسەر نابێت." مالڕۆ سەبارەت بەو بێهوودەییەوە بە دیدێکی وردبینەوە نووسی: "ئێوە چەشنە مۆڕاڵێک لەو چەمکە دروستدەکەن؛ ئێستا ئەوەی ماوەتەوە کە مۆڕاڵێکی دەروونی لەو چەمکە بسازێنن."

کامیو حەزی لە راڤەی دەروونی (پسیکۆلۆگی) نەبوو، بەڵکو ئەوە واقیع بوو کە هات ئەوی لە بێهوودەیی فڕاند، واتا داگیرکردنی فەرەنسا لە لایەن نازییەکان و ئەرکی ئەخلاقی بوو کە وای لە کامۆ کرد بەرگریی بکات. کامۆ لە رۆژنامەی ناقانوونی Combat سیاسییانە بەشداریکرد، کە خۆشی بەرە بەرە بوو بە سەرنووسەری.

کامیو بە شێوەیەکی ئەدەبیی لە رۆمانی "تاعوون"دا (١٩٤٧) خەباتی بەرەنگاریی دەربڕی، کە لە هەمبەر نازیزمەوە بوو بە چیرۆکێکی هێما (ئالیگۆری). لە کن کامیو یاخیبوون ئایدیال (خواستێکی نموونەیی) بوو، کە دلێریی، هاریکاریی و گیانبەختکردنی گەرەکە. ئەو کتێبەی باشترین کڕیاری هەبوو کە لە ماوەی سێ مانگدا ٢٥٠٠٠ دانەی لێ فرۆشرا. بە گشتی رەخنەکان بە باشی لەسەری نووسران، هەروەک سارتەریش بەهرەی کامیوی پەسندا، وەلێ سارتەر

بــەرەو رووی دەرگــا کلۆمدراوەکانــدا رایگەیانــد کــە کــامۆ کەسـێکی بلیمـەت نـەبوو (سـارتەر ئـەو تایبەتمەندییـەی بـۆ خۆی هێشتەوە.)

ئۆرگـــانی کۆمونیســـتی Libèration کـــامیوی وەک "روناکبیرێـک کـە سیاسـەتی بەجێهێشـت لـە مۆراڵدا بـە دوای پەنا گەڕا وێناکرد." کامیو بـە هـۆی ئـەو کرداره مەترسـیداره ئوتـۆپیی و توتالیتاریزمانـەوە رەخنـەی لـە مارکسـیزم گـرت. کاتێـک مارکسیســتەکان کامیویــان بــەوە تاوانبــار کــرد کــە زانیـاری لەسـەر تیۆرییـەکانی مـارکس نییـە، وەڵامـی ئـەویش ئـەوە بـوو کـە ئـەو "لـە تاقیکردنـەوەی هـەژاریی نـەک لـە دەقەکانەوە وەک زۆرێک لە ئێوە" فێری ئەو تیۆریانە بووم.

کـامیو پیشـتر لـە سـاڵی ١٩٤٨دا نووسـیبووی کـە مـرۆڤ دەیتوانی بێ هیچ مەرجێک ئۆردوگای زۆرەملێیەکان قەبووڵ بکات. ئەو نەیدەتوانی لە کوێربوونی روناکبیرانی فەرەنسـیی (سارتەر، بخوێنەوە) بەرانبەر توندو تیژی یەکێتی سۆڤیەت بـە دژی هاووڵاتیـانی خـۆی تێبگـات. کـامیو لـە "یـاخیبوونی مرۆڤ"دا (١٩٥١) هێرشی کردە سـەر کۆمونیسـتی سـتالینی و بــەمجۆرە ئــەو یەکــەم نووســەری بــەرەی چــەپڕەوی فەرەنسیش بـوو کـە هەڵوێسـت وەربگرێت. ئەو کتێبـە وەک هاوبەهایـەک لەگـەڵ کتێبەکـەی مـالڕۆ "قـەدەری مـرۆڤ"دا (١٩٣٣) لـە Figaro Littèraire دا خـەڵاتی وەرگـرت، هاوکـات بڵاڤۆکی کۆمونیستیش کامیوی بـەوە تاوانبـار کـرد کـە رۆڵـی

راستڕەویی دەگێڕێت. رەخنەگرێک لە گۆڤارەکەی سارتەرModern Les Tempsدا بە ٢٠ لاپەڕە کتێبەکەی، بە تایبەتیش ئەو بەشەی کە گوایە کامیو خراپ تێگەیشتووە لە مێژووو رۆڵی سەرمایە لە شۆڕش و "بە خواوەندکردنی تاکەکەس"، سووک کردبوو. کامیو وەرامی ئەو رەخنەگرەی دایەوە کە ئەو چیتر گوێ لەو جۆرە رەخنەگرانە ناگرێت کە "هەرگیز بێجگە لە قەنەفەی یەکتای خۆیان هیچ تشتێکی تریان لە رەوتی مێژوودا دانەناوە." لێرەدا کامیو مەبەستی رووداوێکە لە کاتی رزگارکردنی پاریسدا، کە ئەوکات کامۆ سارتەری بینیوە کە لە Comèdie-Francaise لە یەکەم پارکی دابنیشێت و بخەوێت، لەوێدا فەلسەفە بە فەرمی بەرپرسیاربوو کە شانۆ "رزگار بکات".

سارتەر بەوە تووڕە بووو کامیوی سەرکۆنەکرد چونکە لە فەلسەفەدا دەستکورتە وەلێ تژییە لە بە مۆرالیکردنێکی خۆ بە گەورەزان. ئەو دابڕانە بوو بە کۆتایی هێنانی پەیوەندی نێوانیان. کامیو بە هاوڕێیاتییەک کە هەرچەندە لە دە ساڵیش زیاتر بوو بە ململانێیەکی کراوە تلایەوە. ئەو بەدەست گومانکردن لە توانا دروستەکەیەوە لە پەلاماردانەکەی بۆ سەر سارتەر خەمی دەخوارد، لێ خۆی بە دادپەروەرانە دەزانی بەوەی کە هەقیقەت گرنگترە لەو شەرە گوللە لاملییەی نێوان ڕاسترۆ- چەپرۆیە کە سەنگەریان لەو گرتووە، کەچی هەردوو بەرەش

هەوڵدەدەن کە ئەو بۆ ئامانجەکانیان وەک ڕێبەرێکی خۆیان بەکاربێنن.

ژەنەڕاڵ de Gaulle وەک هێمای بزاڤی بەرهەڵستکاریی بۆ ڕۆژنامەی Combat بوو بە ئەستێرەیەکی پێشەنگ. لێ دوای ڕزگاربوون کێشەکە قووتبووەوە، چونکە Combat نەیدەویست پشتیوانی سیاسی لە گاولیزم (gaullism ) دا بکات کە ئەوکات وەک شێوەی پارتییەکانی تر، بە تایبەتیش وەک پارتی سۆسیالیستی بوو بە پارتێکی سیاسی. ئەو ڕۆژنامەیە وەک ئۆرگانێکی سەربەخۆ بە بێ وەرگرتنی هەڵوێستی سیاسیی خوێنەرەکانی دۆڕاندو زووش شکستی هێنا.

ئەندرێ مالڕۆ، کە لە ڕێبەرانی بالآی بزاڤی بەرهەڵستکاریی بوو، ئامادەیی خۆی نیشاندا کە لە رووی ئابوورییەوە لە ئۆرگانی "گاولیست"ەکانەوە کۆمەکی ڕۆژنامەکە بکا، لێ کامیو نەیتوانی ئەوە قەبووڵبکات. ئەو لە Combatدا ڕایەگەیاند: "ئێمە بڕیارمانداوە کە ڕێگا لە سیاسەت بگرین و ئەوەش بە مۆڕاڵ قەرەبۆ بکەینەوە". کەمی فرۆشتن کامیوی ناچارکرد کە واز لە ڕۆژنامەکە بهێنێت.

مالڕۆ وەک هاوڕێیەک سەیری کامیوی نەدەکرد بەڵکو وەک کەسێک کە دەبێ دەستیپێوەبگیرێت سەیری دەکرد. جیاوازی تەمەن لە نێوانیاندا زۆر بوو، ١٢ ساڵ بوو. وێڕای ئەمەش ئەوان لەناو بازنەی گرووپی جیاوازدا دەجووڵانەوە.

کامیو وەک پاڵەوانێکی ئازادیخوازی کۆسمۆپۆلیتک بە ماڵڕۆ سەرسام بوو، کە ئەزموونەکانی خۆی لە ئاسیاو ئیسپانیادا لە ئاوازێکی ستاییشی مۆڕاڵییەوە کرد بە ئەدەبێکی جوان.

کاتێک کامیو زانی خەڵاتی نۆبێلیان بەو داوە، یەکەم بەرتەکی ئەوە بوو "دەبوو ماڵڕۆ ئەو خەڵاتە وەربگرێت!" پاشان کامیو ئەو ئاخاوتنەی بە فەرمی دووپاتکردەوە، ماڵڕۆش بۆ ئەوی نووسی: "کامۆی خۆشەویست ئاخاوتنە فەرمییەکانت هەردووکمان شکۆمەند دەکا، من سوپاسی تۆ دەکەم." ئەوە ئاکارێکی جوامێرانەیە، لێ کیژی ماڵڕۆ خانەوادەو هاوڕێیە نزیکەکانی لەوە ئاگادار کردەوە کە لە کاتی ئامادەبوونی باوکییدا ناوی خەڵاتی نۆبێل نەهێنن.

جێگەی سەرنجە کە ئەندامی هەڵبژێردراوی ئەکادیمیای سوێدی داگ هەمەرخۆیلد (Dag Hammarskjöld ) هاوڕای کامیو بوو. داگ هەمەرخۆیلد بە ئەکادیمای راگەیاند کە ئەوە هەڵسەنگاندنێکی هەڵەیە کە لەبەر قازانجی کامیو ماڵڕۆ پەراوێزبکردرێت. دواجار کە ماڵڕۆ لە ١٩٦٩ لە ژێر دەسەڵاتی de Gaulle دا وازی لە پۆستی وەزیریی رۆشنبیرییەکەی هێنا، بە تایبەتیش دوای بڵاوکردنەوەی کتێبی "Antimèmoires " (١٩٦٧)، دیسانەوە وەک هەڵبژێردراوێک لە لیستی خەڵاتی نۆبێلدا کەوتە رۆژەڤێەوە. نزیکترین کێبەرکێکارەکانی ئەو ساموێل بێکێت و H A Auden

بوون- بێکێت لە ١٩٦٩ دا خەلاتەکەی پێبەخشرا.

کامیو لە رۆمانی ژیاننامە ناتەواوەکەی " یەکەمین مرۆڤ" دا رۆشناییەکی شیکراوە لە مەڕ خۆیدا بە ئێمە دەبەخشێت، کە لە ١٩٩٤دا، پاش ماوەیەکی زۆر لە دوای مردنی بە رووداوێکی ئۆتۆمبیل لە ١٩٦٠دا، کە ٤٦ ساڵ بوو، چاپکراوە. ئەو کوڕە لە جەزائیر لە ژیانێکی هەژاردا لەگەڵ دایکێکی کەڕ وەلێ تژی لە ئەڤین و داپیرێکی زاڵم گەورە بوو. کامیو لەو کتێبەدا بە وێکچوونێک لەگەڵ کتێبەکەی لێ کلێزیۆ( Le Clèzio) لە "ئەفریکا"دا بە دوای سۆراغی باوکە نادیارییەکەوە دەگەڕێت، کە ، لە ساڵی١٩١٤ لە شەڕگەی مارن(Marne)دا، کەمتر لە یەک ساڵ دوای لە دایکبوونی کوڕەکەی، کوژرا. دایکی پێی وتبوو کە ئەو بە باوکی دەچێت، لێ ئەلبێرت لە خۆی پرسیبوو کە تۆ بڵێی ئەو وەک باوکی سەرسەخت، بێباک و دلێر بێت.

گێڕانەوەکەی کامیو لە منداڵییەتی خۆی لە گێڕانەوەکەی لێ کلێزیۆ(Le Clèzio) ناوەکیی، هیدڵیی ترە، لێ هاوکاتیش ئەو کتێبە لە لایەن پیاوێکەوە نووسراوە، کە "خوێنی گەنجی لەگەڵ برسێتیی و حەسرەتی ژیان، شەرم و تامەزرۆی زرینگیی، شادییەکی شەپۆلدار، پچڕاو بە ویستی جۆشدار وەک جیهانێکی نائاشنای سەپێنراو، لەناویدا مەست بوون." کامیو لە کتێبەکەیدا ستاییشی مامۆستاکەی، مۆنیسیۆر بێرنارد دەکا، کە بۆ یەکەم جار وای لەو کرد هەست بەوە

بکا کە ئەو بوونی هەیەو بابەتێکە بۆ باڵاترین ڕێز: ئەو پێی وابوو کامیو "شایستەی ئەوەیە کە جیهان بدۆزێتەوە." ئەلبێرت کامیو خۆی فێرکرد ژیانی خۆشبوێت. بێڕادە ناچاری ئەوەبوو چونکە ئەو بڕوای بە هیچی تر نەبوو.

**ژێدەر:**

**www.svd.se/kulturnoje/understrecket**

**بەشی کولتووری، ٨ی جولی، ٢٠٠٩**

## سەرنجێکی کورت:

خوێنەری ئەزیز، دەکرا من دوای خوێندنەوەی ئەم وتارە بە سویدیی وازی لێبینم، لێ حەزم کرد تۆش، بۆ تێگەیشتن لە رووناکبیری ئێتیکدارو بە شکۆ لە کاتە بەرهەستەکاندا، ئەگەر خەمخۆری ئەم بابەتە بیت، هەوڵبدەیت هێورانە بەراوردێکی راماوانەو ئاوەڵا لە نێوان ئەو قۆناغەی فەرەنساو هەڵوێستی مۆڕاڵیی و پەیوەندیی نووسەرگەلێکی وەک کامیو، ماڵڕۆو وێنە باوەکانی نووسەری دوێنێ و ئەمڕۆی کورد بکەیت. هەروەک هەڵوەستەیەکیش لەو خەڵاتی نۆبێلە بکەیت کە چۆن پێودانگی سیاسیی لە بەخشینی بە نووسەراندا باڵادەستە

(هەندرێن) ٠٩.٧.٨

# گەڕان بە دوای رووناکبیرە نائامادەکان

## وەرگێڕان و ئامادەکردن

راستییەکەی هێشتا هیچ کەسێک نازانێ کە واتای "روناکبیر" چی دەگەیەنێ. ئەگەر ئەو چەمکە وەک ناونیشانی شکۆمەندییەک یان لاتاویێک یان حەقیقەتێک سەیر بکرێ، کە هەرچەندە گەلێ جار دەڵێن ئەو روناکبیرە بەم زووانە کۆتایی پێدێ، یان ئەو شکۆیەی جارانی نەماوە؛ ئەو وێنەیەی روناکبیریی ئەمڕۆ، لە باریدا نییە شوێنی ئەو شوێنە چۆڵە پڕبکاتەوە، کەچی وێڕای ئەمەش ئەو واتاگەلە لەو چەمکە هەمیشە سەرنجمان رادەکێشێ.

لە زمانی کوردیشدا پەیڤین لەسەر ئەو چەمکە هێشتا باڵکێشە، لێ تا ئەمڕۆش ئاخێوەرانی زمانی کوردیی، وێڕای بەهای ئەو چەمکەو کردە "فۆنکسیۆن"ەکەی، نەیتوانیووە پێناسەیەکی خۆیەکی بۆ ئەو چەمکە بکا. رەنگە ئەمەش نەبوونی ئەو پێوانانە بێت لە کرۆکی ئەو "روناکبیر"ەی کوردیدا، کە ئەو چەمکە هەڵگریەتی. هەر بۆیە نووسەری کورد بۆ تێگەیشتن لەو چەمکەدا هەردەم پشتی بە نووسەرانی بیانیی و بە تایبەتیش رۆژئاوایی بەستووە. کەواتە دەکرێ لەم دۆخەدا ئاشنابوونی نووسەری کورد بە خوێندنەوە نوێیەکانی نووسەرانی رۆژئاوایی لەو چەمکەدا، کارێکی بێ بەها نەبێت.

لـەو روانگەیـەوە لـەو ماوەیـەدا بـە دەم خوێندنـەوەی وتــاریێکی رەخنــەگرو رۆژنامــەوانی ســـویێدی میکایـــل لۆفگرێنـەوە لەمـەڕ کتێبـە نوێیەکـەی پڕۆفیسۆری مێژووی رونـاکبیری،Collini Stefan بـە نـاوی "هزرڤانـە نائامادەکـان یان شوێن چۆڵەکان--Absent minds"دا، کە خوێندنەوەیـەکی مێـژووی کولتووریانەیــە بــۆ چــەمکی رونــاکبیر، پرســی رونـاکبیری کـوردم بـە یادهاتـەوە. هەرچەنـدە مـن خـودی کتێبی ناوبراوم نەخوێندۆتـەوە، لێ دوای تـەواوکردنی ئـەو وتـارە هەسـتم کـرد لـۆفگرێن لـە خوێندنەوەکەیـدا، کـرۆک، خاڵـە گرینگـەکانی ئـەو کتێبـەی کـۆلینی چڕکردۆتـەوە، بۆیـە حەزمکرد خوێنەری ئەم بـوارەی کـورد، بـە لای کەمییـەوە، بـەو کتێبـەوە ئاشـنا بـن. لێرەدا مـن کـۆی خوێندنەوەکـەی لۆفگرێنم بە کوردی نەکردووە، بەڵکو ئەو بەشانەی کـە بـۆ زمـــانی کـــوردیم بـــە هەنـــد زانیـــووە بـــۆ کـــوردیم گواسـتوونەتەوە؛ بـە کـورتی ئـەم وتـارە دەسـکەنەکردن و ئامادەکردنەوەی خوێندنەوەکەی لۆفگرێنە لەو کتێبەدا.

هەڵبەتە، لە لای من، وەرگێڕانی دەقێکی بیانی بۆ زمـانی کوردی هەمیشـە مانـای تـەواو هـاوڕابوون لەگـەڵ بیرۆکـەی ئـەو نووسـەرەدا ناگەیـەنێ، بـەڵکو زۆر جـار دەکـرێ ئـەو کـارە وەک بـە ئاگـابوون یـان تـەرزە وروژانـدنێک یـان چێژێک لە دەقی ئەوانی دیکە فامبکرێ. هـەر چۆنێک بێت، ئـەمڕۆ بـە هـۆی تەڵـەی مێدیا باڵادەسـتەکانەوە، یـەکێک لـە

کلۆڵییەکانی خوێنەری سەرگەردانی جیهانی بە گشتیی و بە تایبەتیش خوێنەری سافیلکەی کوردی، کۆیلەبوونیەتی بە چەند نووسەرەوە. لەو روانگەیەوە، لە ئاستی کوردیدا ئەو دیاردەیە، کە بە واتای کۆلینی، رەنگە پەیوەندی بەو کولتوورەوە بێت، کە ئەمرۆ میدیا ئازادە نیوەچڵ و حیزبییەکانی کوردی چەند نووسەرێکی کوردییان، وەک گۆرانیبێژەکان، کردۆتە ئەستێرە.

هەرچۆنێک بێت، دەکرێ ئەو وێناندنەی کۆلینی لە وێنەی روناکبیری دوێنێ و ئەمڕۆی رۆژئاوایی، تەکانێک بە خوێنەری سەرگەردانی ئەمڕۆی کوردی بدا.

دیارە کەم کۆمەڵگە هەیە کە هێندەی بەریتانیا پەیوەندی لەگەڵ "روناکبیر"دا ئاڵۆز بێت. کەچی کۆمەڵگەی فەرەنسی بە پێچەوانەی کۆمەڵگەی بەریتانیا، پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ "روناکبیر"دا هەیە. چونکە روناکبیری فەرەنسی لە ماوەی هەزار ساڵدا رۆڵێکی سەرەکیی لە چێکردنی ناسنامەی نەتەوایەتیی فەرەنسیدا بینیووە. روناکبیر لە کن بەریتانییەکاندا مانایەکی نییە. یان وەک شاعیری ئەنگلۆ ئەمریکی:

Wystan Hugh Auden 1907 –1973

لە شیعرێکدا دەڵێ:

To the man in the street who, I'm sorry to say,
Is a keen observer of life,
Away, The word intellectual suggests right
A man who's untrue to his wife.

دەکرێ کوردییەکەی بەمجۆرە بێت:

**بۆ ئەو پیاوەی لە شەقامدا، مخابن کە من دەڵێم،**
**پیاوێکی کونجکاوەو لە ژیاندا دەڕوانێ،**
**وشەکە راستەوخۆ رۆشنبیرییانە دەنوێنێ،**
**پیاوێک کە لەگەڵ ژنەکەیدا خیانەت دەکا.**

هەر بۆیە گرێدانی ئەو چەمکە بە وێنای روناکبیری فەرەنسییەوە کارێکی رەوایە. چونکە ناسنامەی ناسراوی روناکبیری فەرەنسی، پەیوەندی بە پێشهاتێکەوە هەیە کە بە رووداوی "Dreyfus"ەوە ناودرێر دەکرێ. درێفوس Dreyfus کە لە سوپای فەرەنسیدا ئەفسەرێکی ناسرا بوو. بە تۆمەتی ئەوەی کە نهێنی سەربازیی بە ئەڵمانیا داوە ، رووبەڕووی دادگای سەربازیی کرایەوەو دواجاریش بە تاوانی خیانەتکردن لە نیشتمان، لە "دوورگەی شەیتان" لە کاریبیادا زیندانی ئەبەدی بەسەردا سەپێنرا. لێ هەر زوو پرۆسەی ئەو دادگاییکردنە وەک ئەنتی سێمنتیکی بڕیاردراو، دژی رەگەزی جوولەکە وێناکرا.

ئەوکات نووسەری ناسراوی فەرەنسی، ئەمیل زۆلا، وەک دەنگ هەڵبڕینێک بە دژی ئەو دادگاییکردنە، نامەیەکی

کراوەی لە ژێر ناوی "من دژی ئەو تاوانەم- J'accuse" بۆ سەرۆک کۆمار نارد. دوای چەند هەفتەیەک، رۆژنامەی "I'Aurore" لە ١ی فێبریوەریی ١٨٩٨دا بانگەوازێکی بۆ پشتگیریکردن لە درێفوس بڵاوکردەوە، کە نزیکەی ١٢٠٠ نووسەر، توێژەر، مامۆستا واژۆیان کردبوو. هەرچەندە ئەوانەی کە ئەو بانگەوازەیان واژۆ کردبوو خۆیان بە روناکبیر ناودێر نەکردبوو، کەچی هەر زوو ئەو بانگەوازە وەک "مانفێستی روناکبیران" دەنگیدایەوە.

لە روانگەی مێژووناس، کریستۆف چارلی ( Christophe Charle) ئەو مانفێستە نوێیە بریتییە لە گرووپێک کە ئەکتۆریتێت، پایەی هێزەکەیان لە ناونیشانی پیشەکانیانەوە وەرگرت تاکو لە ناوکۆییەکی تەواو جیاوازەوە بەڵگەکانیان لە هەمبەر دەسەڵاتدارانی قانوونی و سیاسیدا قورستر بکەن. بەمجۆرە روودواوی_Dreyfus لەم سەردەمەدا وەک دەربڕینێکی ناکۆک لە جڤاکی فەرەنسیدا خۆی دەنوێنێ. داکۆکیکارانی درێفوس کەسانێک بوون کە لایەنگیری سێکولارە کۆماریی، لیبرال و سۆسیالیستەکان بوون. کەچی ئەوانەی کە دژی درێفوس بوون کۆنپارێز، شاپەرست و بڕوادارانی کاسۆلیک بوون.

ستێفان کۆلینی (Stefan Collini)، کە پرۆفیسۆری مێژووی روناکبیرییە لە زانستگای کامبریگ، لە کتێبە بە نرخەکەیدا سەبارەت بە مێژووی روناکبیریی بەریتانی دەڵێ،

سەرەتا چەمکی "روناکبیر" لە زمانی فەرەنسیدا نێوەڕۆکێکی نێگەتیڤی هەبوو، پاشان ئەو چەمکە لە زمانی ئینگلیزیی و زۆرێک لە زمانەکانی باکووری ئەورووپادا هەمان نێوەڕۆکی نێگەتیڤی دەگەیاند.

بەمجۆرە ستێفان کۆلینی کتێبەکەی بە "هزرڤانە نائامادەکان -Absent minds" ناودێر دەکا. بە دیویێکەوە دەکرێ بڵێین، کە ستێفان کۆلینی باس لە داب و نەریتی نائامادەیی روناکبیر دەکا. ئەو لە کتێبەکەیدا باسی ئەوە دەکا کە چەمکی رووناکیبر نەیتوانی بە ئاسانی لە زمانی ئینگلیزیدا رەگ داکوتێت، ئەمەش بەو مانایە نییە کە کەسانی روناکبیر لە بەریتانیادا نەبن. لێ لە بەریتانیادا ئەو بابەتە بە ئەفسانەو تۆمەتەکانەوە دزێو کرا، بۆیە جوانکردنی ئەو بابەتە پیاوی خۆی دەوێ.

لە بەریتانیادا ئەو کتێبەی ستێفان کۆلینی، کە هەرچەندە بە زمانێکی وشک و رامانی وردەوە نووسراوە، وەک کتێبێکی سەرنجکێش و سوودبەخش دەناسێنرێت. هاوکاتیش کۆلینی بە رێگای پۆلێنکردنی قۆناغەکانی روناکبیرییەوە ئاسۆیەکی هەمەرەنگ بۆ خوێنەر ئاوەڵا دەکاتەوە کە چۆن لە مێژوو بڕوانێ. کۆلینی لە کتێبەکەیدا باسی ئەوە دەکا، کە ئینگلیزەکان ئیرەیی بە Dreyfus دەبەن. بە واتایەکی دیکە، لە ئینگلستان بیرۆکەکان لە مشتومڕ و گفتوگۆیەکاندا بە بەراورد لەگەڵ شوێنەکانی دیکەدا رۆڵێکی بە هێزیان نییە. کۆلینی

لـەو بـارەوە ئامـاژە بـەوە دەكـا، كـە تـەنیا ئینگلیزەكـان نـین تایبەتی خۆیان هـەبێت، بـەڵكو هـەر كۆمەڵگەیـە و تایبەتمەنـدی خۆی هەیە. "تایبەتمەندی لە كن مرۆی ئینگلیزی" بـۆ نموونـە، هاومانـای دەسـەتەواژەی ئـەڵمـانی "Deutsche sonderweg"ە، دەسـتەواژەی ئەمریكی"پسـپۆڕی ئـەمریكی–American exceptionalism". هـەروا هاومانـای دەسـتەواژەی "سینگولارایتیتی فەرەنسی–francaise singularitè la"ە. خودی چـەمكی "رونـاكبیر" چەمگگـەلێكی زۆری دیكـەی هەیـە. بـۆ نموونـە، چەمكی"ئینتیلگێنتسـیا"بە رووسـیی و پۆڵـۆنی، "ئینتێلیگێنـز" بـە ئـەڵمانی و "high brow" ( low brow, middle brow) بە ئەمریكی، كە هەر یەكە لەو زمانانە هەوڵیانداوە لـە بـواری زمانەكەیانـدا هـەمان گـۆڕان و نـاكۆكیی كولتوورییـە كۆمەلایەتییەكەیان بەرجەستە بكەنەوە.

هەر لە بەراییەوە لـە هـەموو سـەردەمەكاندا لـە رونـاكبیر چاوەڕوانكراوە كە لە بەرانبەر كێشـە جڤاكیی و سیاسییەكاندا هەڵوێسـتی خـۆی بنـوێنێ. بـۆ نموونـە لـە ١ی ئۆكتۆبـەری ١٩١٤ دا ٩٣ پرۆفیسۆری ئەڵمانی لە مانیفێستێكدا لە قووڵایی دڵیانـەوە پشتگیریان لـە خولیـای ئـەڵمانیا بـۆ شـەڕ كرد. ئـەو بانگەوازە بە "بانگەوازی روناكبیرانی ئـەڵمانیا" نەناسـرا، وەلـێ دوای سـاڵێك بێرتانـد راسـل لــە وەڵامێكـی كورتـدا ئـەو بانگـەوازەی بـە دژە شـۆڤینی، "داخوازییـەك بـۆ رونـاكبیرانی ئەوروپا" ناودێر كرد.

ئەگەر مەترسی نازیزی نەبووایە، راسلیش حەزی لەو بەناوکردنەی "ئێنتلێکتوێل/روناکبیر" نەدەکرد. هەر بۆیە راسل لە سەدەی بیستەمدا نزیکەی پەنجاساڵ لە دەرەوەی وڵاتەکەیدا وەک یەکێک لەو روناکبیرە ناسراوانەی ئینگلیز وێنا دەکرێ، هەرچەندە خودی خۆشی بەو ناودێرکردنەوە رازی نەبوو. راسل وەک سەلماندنێک بۆ ئەو ناڕازیبوونەی بەرانبەر بە ناودێرکردنی روناکبیر ئەو وتە ناودارەی نووسی:

"من هەرگیز خۆم بە روناکبیر ناودێر نەکردووەو هیچ کەسی دیکەش لە بەرانبەر خۆمدا نەیوێراوە ئەوە بکات. بە بڕوای من دەکرێ کەسێک وەک روناکبیر پێناسە بکرێت، کە هەوڵدەدا وا نیشانبدا کە ئاستی رۆشنبیرییەکەی زیاترە لەو ئاستە رۆشنبیرییەی کە هەیەتی، ئومێدەوارم کە ئەو وێنەیە منیش نەگرێتەوە."

ستێفان کۆلینی، کە حەز دەکا لە بن هەمبانەکە بدا، لەبۆیە دەکرێ ئەو وتەیەی سەرەوەی راسل وەک وەڵامێکی گاڵتەئامێز بۆ پرسنامەیەکی وروژێنەرو دەمارگر ببینرێت. بێرتراند راسلی فەیلەسووف و چالاکڤانی ئاشتی یەکێکە لەو چوار چەشنە روناکبیرە بەریتانیانەی کە کۆلۆینی جەختیان لەسەر دەکاتەوە. ئەوانی دیکەش بریتین لە شاعیرو رەخنەگر ت.س ئێلیۆت، رۆژنامەنووس، وتارنووس و رۆماننووس جۆرج ئۆروێل و ج. م مێژوونás

تریڤێلیان . ئەو تایبەتمەندیانەی کە کۆلینی بە شێوەی جوودا پۆلێنیـان دەکـاو وێنایـان دەکـا، کۆڵەکەگـەلێکی بنـەڕەتین بـۆ وێنـەی رونـاکبیر. هاوکـاتیش ئـەو روانگەیـەی کـە سـتێفان کـۆلینی پێـڕەوی دەکـا، نـە کۆمەڵناسـییەو نـە خودگـەرایی (سۆبێکتیڤ)شـە. کـۆلینی رونـاکبیر لـە چەمکگـەلێکی وەک چینایـەتی یـان رەوتـار پـۆلێن ناکا. راستییەکەی کـۆلینی لـە روانگـەی کولتوورییـەوە پێناسـەی رونـاکبیر دەکـا، ئـەو پێناسـەیەش بریتییـە لـە چـوار پێوانـە، کریتێریـا. خەسـڵەتی روناکبیرێک لەوەدا بەرجەستە دەبێتەوە کە: (١) بەرهـەمێکی هونـەریی، راڤـەکاریی یـان کولتـووری بـەهاداری بەرهـەمهێنا بێت. (٢) دەستی بە چاوگەیەکی راگەیاندن رابگا کە توانستی جەماوەرێک لە پێڕی پسپۆڕەکان فروانترە. (٣) چەشـنە بیـرو بۆچوون و بابەتێکی سەلماندبێت کە پەیوەندی بـە راو پرسـی گشـتییەوە هـەبێت. (٤) بـەوە ناسـراو بێـت کـە لـە میدیایـەکی راسـت و دروسـتدا بـە شـێوازێکی کاریگـەر شـتگەلێکی سەرنجکێش و گرینگی راگەیاندبێت.

کۆلینی باسـی ئـەوە دەکا، کـە رۆژگـاری نێوان هـەردوو شـەڕی جیهـانی، راشـکاوترین کـات بـوو بـۆ رونـاکبیرانی بـەریتانی، هەرچەنـدە ئـەوکات ئـەو روناکبیرانـە خۆیـان بـە روناکبیریش ناوزەد نەدەکرد. ئەو روناکبیرانـە بە گشتی لـە چەپەکانـەوە نزیـک بـوون. ئـەو روناکبیرانـە، بـە واتـای وتـە تەنزئامێزەکـەی جـۆرج ئۆروێل، "رێنماییـەکانیان لـە پـاریس و

تێڕوانینەکانیشیان لە مۆسکۆوە" وەردەگرت. ئەو روناکبیرانە بــە شــێوەیەکی کلاســیکی، "یگــرووپ-Bloomsbury" یـــان پێکهێنــا، بــەردەوامیش گفتوگــۆی رای گشــتییان کــۆنترۆل کردبــوو. کاتێــک رادیــۆ لــە کۆتــایی ١٩٢٠ەکانــدا مشــتومڕی دیبــاتێکی لــە ژێــر نــاوی "کتێبگــەلێکی زۆر دەنووســرێ؟" ســازکرد، بەشــداربووانی ئــەو مشــتومڕە لیۆنــاردو ڤیرگینیــە وۆلف بوون.

ستێڤان کۆلینی لە کتێبەکەیدا باسی ئەوە دەکا، کە ئەگــەر مــرۆ لــە نێوەڕاســتی ١٩٥٠کانــدا پرســیاری لــە نیــوە خوێندەوارێکی بەریتانی بکردبا، کە گەلۆ وێنەی روناکبیرێک چۆنــە، ئــەو کەســە بــە گریمانەیــەکی زۆرەوە وا وەڵامــی دەدایەوە: "بۆقێکی چاوبا ئاسا". ژان پۆل سارتەر، لە هەندێ کێبــەرکێی تایبــەتی لەگــەڵ ســیمۆن دێ بۆڤــوارددا، وێنــەی روناکبیر بۆ ئەو ئەوروپیانە بەرجەستەدەکاتەوە کە لە نێوان شــەڕی جیهــانی دووەمو کۆتــایی شــەڕی ســارددا هــەراش بوون.

وێـڕای سیاســەتاندنی ١٩٦٠ەکانــەوە نەوەیــەکی نــوێ بــە هۆی گۆڤای "New Left Review" هوە دەرکــەوت. بــە واتــای رەخنــەگری ئــەمریکی ئیرڤینــگ هــۆویس دیڤیســەوە، کاتێــک روناکبیر ناتوانێ هیچ شتێکی تر بکا ئیتر یەکســەر گۆڤارێک دەردەکا. (ئەرێ ئەو وێنەیە لــە روناکبیری ئەمڕۆی کــورد ناچێ؟). تێـری ئیگلیتـۆن، تـوم نـایرنسو چەنـدانی دیکـە لـە

پێناوی وەرگرتنی بەهرەی تیۆریی و سیاسی پەنایان بۆ کیشوەرەکانی دیکە برد، حەزیشیان دەکرد بە روناکبیر ناودێر بکرێن.

بەمجۆرە دابڕانێک دەستیپێکرد، ئەو دابڕانەش لە ژێر کاریگەریی رەخنە لە ئاوەزو پۆستمۆدێرنیزم، پۆستکۆلۆنیالیزم و تیۆری ژەندەرەوە پەرەی سەند. ئیتر لە سەرەتای ٢٠٠٠ەکانەوە "روناکبیر" چ لە زمانی ئینگلیزی و چ لە زمانی سوێدیشدا وەک چەمکێکی دانسقە بەهای نەمایەوە. لێ خۆدی چەمکی روناکبیر هەڵگری ناڕوونییەکی زۆرە. لەم ناوکۆییەوە کاتێک باس لە روناکبیر دەکرێت، مرۆ بە دوای ئەو روناکبیرە دەگەڕێ، کەچی هەمیشەش باس لە مەرگی ئەو روناکبیرە دەکرێ (ئەو روناکبیرەش هەمیشە وەک کەسێکی نێر، پیاو ناودێر دەکرێ) .

بەمجۆرە ستێفان کۆلینی بە پۆلێنکردنی سێ هۆکار مەرگی روناکبیر رووندەکاتەوە: (١) بە تایبەتیکردنی ئەکادیمی. (٢) کولتووری ناوبانگی مێدیاکان. (٣) لاوازکردنی ناسنامەی سیاسی بە کولتووری ئەوکتۆریتێتەوە. ئەو شتەی کە سندووقی دەبەنگییە تێگەیشتنی بۆ خەڵکی ئاسایی ئاسان نییە. ئەو روناکبیرانەی کە دەبیسرێن و دەبینرێن ناسراوەکانن، تاکە هۆیەکیش بۆ ئەمە، لەبەرئەوەی تەنیا ناسراون. ئەو بۆچوونانەی کە ئەو روناکبیرە ناسراوانە بە حەماسەوە داکۆکی لێ دەکەن حەزی گرووپی بچووک_

کەمایەتییەکانە. لەو دۆخەدا ئەوەی کە قاچی روناکبیر بەهێز دەکا، بەهای ئاوەز، ژیانی جڤاکی، رای گشتی، تێکڕای خەڵک، ئاوەڵایی و گەردوونییە. بە واتایەکی دیکە: گەڕانەوەی روناکبیرە بۆ ئەو زەخیرەیەی کە ئەو روناکبیرە رۆژێک لە رۆژان لە تاریکی مێژووەوە نمایشی کرد.

لێرەوە ئەو چاکەیە بۆ کتێبە سوودبەخشەکەی ستێفان کۆلینی دەگەڕێتەوە، کە ئەو مێژووە دژە ئایینددەیە دەخاتە ژێر پرسیارو هاوکاتیش وەک ئەلتەرناتیڤێک وێنەیەکمان پێدەبەخشێ کە زیاتر قورسایی دەخاتە سەر کێبەرکێ و جێگرتنەوەی یەکتری دەستە (ئیلیت)ە روناکبیرەکانەوە.

دواجار کاتێک مرۆ وردتر لەو بابەتە دەهزرێ، ئەوکات بەو پرسیارە دەگا: گەلۆ لەو چرکە ساتەدا ئەوە کێیە کە دەتوانێ بڕیار بەسەر مەرگی روناکبیر بدا، بێ ئەوەش خۆی وەک روناکبیرێکی دەمڕاست نەزانێ؟

**سەرچاوە:**

**رەخنەگرو رۆژنامەوان، Mikael Löfgren**

**بەشی کولتووری، Dagens nyheter، ٢٤ی ئۆکتۆبەر**

# ڤانکۆخ دوایین نامە دەنووسێت



**وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە**

**ئازیزەکەم تیۆ ....**

ژیان بەرەو کوێمان دەبا؟ ئاوەز جیمان لێ دروستدەکا؟ ئەوە تشتەکانە کە شادییەکانیان وندەکەن و بەرەو خەمۆکیمان خاوکێشدەکەن. ئەگەر من ئەو پەڕەموچەو رەنگانەم نەبێ لە یەکئەنوایی و دووپاتبوونەوە بۆگەن دەبم، بەوانە دووبارە لە نۆژەنەوە تشتەکان دروستدەکەمەوە. هەموو تشتەکان دوای ئەوەی کە رۆژگار دەیان گەچرێنێ سارد و کاڵ دەگوزەرێن...

چی دروستبکەم؟ دەمەوێ جیا لەو رەنگانەی کە هەموو رۆژێ بیناییمان ساتمەی لێدەکەن، چەند هێڵ و رەنگێکی نوێ دابهێنم. هەموو رەنگەکان لە دڵمدا پرشنگێکی غەمگینیان هەیە، ئاخۆ دەبێ هەر خۆیان لە سروشتدا ئەوها بن یان

چاوەکانی من نەخۆشن؟ ها ئەوە من سەرلەنوێ وێنەکەیان دەکێشمەوە وەک ئەوەی ئاگرە خەفەکەی ناوەوەیان جۆشبدەم.

لە رەنگەکانم دەخوازم لەناو جەرگەی مەرگەساتەکانەوە، هێڵە شادەکان لە کێڵگەکاندا "قەلەرەشەکان" و فەریکە گەنمەکان بە گەردەنە چەمیوەکانیان، نیشانبدەن. نامەوێ بە هۆی رەنگ و بزوانەوە هەتا "پێڵاوی جوتیار"یش، کە کڵۆڵی دڵخۆشییەکەی دەچۆڕێنێتەوە، دەستەبەر بکەم... تشتە ناشیرینەکان تایبەتمەندی خۆیان هەیە کە رەنگە لە تشتە جوانکیلەکاندا نەیان بینین، لەوەدا چاوی هونەرمەندیش هەڵە ناکات.

ئەمڕۆ وێنەکەی خۆم کێشایەوە

هەموو سپێدەیەک کە سەیری خۆم دەکەم، بەخۆم ئێژم: تۆ ئەی روخسارە دووپاتەکەم، ئەی روخسار کە مرۆڤ ناشیرینە، بۆچی تازە نابیەوە؟

ئاوێنەکان تفرێژ دەکەم و دەچمەدەرێ...

ئەمڕۆ هەستام لە بەرایيڕا روخساری خۆم کێشایەوە، نەک وەک ئەوەی کە سروشت دەیخوازێ، بەڵکو وەک ئەوەی کە خۆم دەمویست: دوو چاوی هەراسانی گورگانی. روخسارێکی سەوزو ریشێکی ئاگرینی ددانەدار. لە تابلۆیەکەدا گوێچکەیەک ناهەموار دیاربوو، پێویستم پێی نەبوو، پەڕەموچەکەم گرتە دەست، مەبەستم گوێزانی ریش

تاشـینە، داممـاڵی... لـە نێـوان سـەرمدا لـە دەرەوەو نـاوەوەی تابلۆیەکـەدا وێـدەچێ کارەکـەم لـێ تێکـەڵاو بووبێـت...ئێ دەباشە چی لەو بارستاییە گۆشتە بکەم؟ بۆ ئەو ژنەم نارد کە نرخی نەدەزانیم و بە مەزەندەش وێدەچوو خۆشمدەوێ... هـەروا دەبێ دەبا زیادەکان لەگەڵ یەکتردا کۆببنەوە...ئەی ژنە چەنەبازەکە ها ئەوەش گوێچکەکەم بۆ تۆ بێ، دە بۆی بپەیڤە... ئێستا دەتوانم گوێم لێی بێ و بە پەنجەکانیشم بیبینم، هـەتا شەشـەمین پەنجەکـەم "پەڕەموچەکـەم" لـەوەش زیـاتر کـارابێ: ئـەوە کـە سـەما دەکـاو دەگـری و پێسـتی تابلۆیەکـە ختۆکە دەدا...

بە تێڕامانەوە روودەنیشم:

جیهان کەنەفت بوو و تا دێ لۆچەکانیشی زیاتر دەبێ و هـەتا دێ روخسـاری تابلۆیەکـە زیـاتر خاودەبێتـەوە... ئـای خوایەکەم بەر لەوەی شەو دابێ و لەسەر گومەزی روحم دابەزێ، من چیم لە توانایە بیکەم؟

فلچـەکان، رەنگـەکان و ... زوو ئامادەیـان دەکـەم: ترپەیەکی رێک و خێرایە، تیژ و ژیکەڵەیە...

رەنگـەکانم روون و سـەرەتایین. زەرد، شـین، سـوور... دەمـەوێ تشـتەکان بـۆ وادە رەمەکییـەکانی بـەرایی خۆیـان بگەڕێنمەوە، وەک ئەوەی کە جیهان تازە لە یەکەمین هێلکە گەردوونییەکەیدا چاوی پشکوتووبێت.

هێشتا لە یادمە:

کات زەردەپەڕ یان دوای زەردەپەڕو پێش کازیوە بوو... رەنگی سووری سورمەیی هێڵی ئاسۆی خوێنپژێن دەکرد... ئاە لە موچڕکەی سورمەیی! ئەوکاتانەی کە ئێمە بۆ دزینی "توو"ی کێویلکەیی دەچوینە ناو بێستانەکان، لە خەنی خۆشی درەختەکە ئۆقرەم دەگرت و چاوەدێری کرمە سەوزو زەردەکانم دەکرد. کەچی "ئورسولا" (خوشکی ڤانگۆگە، و.کوردی) بە زێدە لاساریی و شادییەوە لە نێوان لقەکاندا هەڵدەبەزیی و لە نکاو هاوسەنگی تێکچوو و خزایە خوارەوە. بەر لەوەی لە سەرەتاوە ئاوێزانی گەردەنم بێ، موچڕکم بە سنگدا هات. لە ئامێزم گرت و ئەویش وەک ئاسکۆڵەیەکی سەر لە دوونراو هەناسەی دەدا... کاتێک لەمپەرم لێکرد، بینیم دەنکە تووێک بوو کە شیلە سورمەییەکەی لەسەر کراسە سپییەکەم بەجێهێشتبوو... من لەوێ رۆژێوە، کە دوانزە ساڵی بووم، هەست دەکەم کە ئەگەر لە سینەمدا درزێکی سورمەیی بکرێتەوە، هەتا لە سەرەوەی سپیاتییەکەوە شیلەکەی بزنێ، بەختەوەری بەخۆم دەگرێ...

ئای لە موچڕکەی سورمەیی...

هزرێک زۆر جەختم لەسەر دەکا، ئاخۆ دەتوانم پیادەی بکەم؟ لە گوڵەبەڕۆژەدا خەفەیە، تۆ ئەی رەنگە زەردەکە، ئەی من، لە تیشکی ئەم گەردوونە شادەدا شیلەکەم هەڵدەمژم... تێڕوانین بە دوای تێڕوانین لە چاوی خۆر

دەڕوانم هەتا روحی گەردوون چاوەكانم دەسووتێنێت.

دوو تشت روحم بە سەرەتاتكێ دەخەن: ڕوانین لە خۆر، ڕوانین لە مەرگ... دەمەوێ بەرەو ئەستێرەكان گەشت بكەم، ئەو جەستە كلۆڵەم پێشم دەگرێ؟

-بەڵام بەرەو كوێ؟

- هەڵبەتە بەرەو خەونەكان.

دوێنێ بە رەنگی قوڕ وێنەی گوڵێكم كێشا

دوای ئەوەی خۆم لەناو خاكدا چاند، فەریكە سەوزو زەردەكان لەسەر پانتایی سەرمدا دەفراژان و قەلەڕەشەكانی یادەوەریش بەبێ هەوا هەڵدەفڕین. فەریكە گەنم و قەلەڕەشەكان، قەلەڕەشەكان و گەنمەكان... قەلەڕەشەكان دەنووكیان لە مۆخم دەژەنی... قاژ ... قاژ... هەموو تشتێك خەونە. خەونە خاكەسارەكان، پەڕەموچەكانی خاك هەموو ساتێك دەستخەڕۆمان دەدەن. بەم زووانە راسپاردەكەی خاك دەگەڕێنمەوەو چۆلەكەكانی سینگم بەرەو وڵاتی خۆر هەڵدەفڕێنم... ئای ئەی پەڕەسێلكەكە بەم دەمانچەیە قەفەزەكەت بۆ ئاوەڵا دەكەم:

سوورە تۆخەكە پەرش دەبێ. خوێنە یان ئاگر؟

سپیلەكەم (پایپەكەم) دادەگیرسێ

رەش و سپی رەنگی ژیان بە خۆڵەمێشی دەكەن. بۆ خۆڵەمێشی چەند گریمانە هەیە كۆتاییان نایێ: خۆڵەمێشی

سـوور، خۆڵەمێشی شـین، خۆڵەمێشی سـەوز... تـوتن دەسووتێ و ژیانیش گەشە دەسێنێت. خۆڵەمێش تامێکی تاڵی هەیە بە ئاسایی هـۆگری دەبـین، دواجـاریش خـووی پێوەدەگرین، کتومت وەک ژیان: هەرچەندە تەمەنمان بەرەو پێش بڕوات، زیاتر بە رۆیشتنمان ئاوێزان دەبین... لە پێناوی ئەوەدا لە کڵپەی داگیرسانمدا، دەستبەرداری ئەوە دەبم... بەڵام بۆچی؟!

جارێکی تریش ئەمە کەمتەرخەمییە... نەگبەتی هەرگیز کۆتایی نایێ...

هۆ "تیۆ" ماڵئاوا، ئەوا بەرەو بەهار بەڕێدەکەوم.



**تێبینی: گۆڤاری "الف"، ساڵی ١٩٩٨، ئەم نامەیەی بە یادی سەد ساڵەی مەرگی ڤانگۆگ کردبوو بە عەرەبی بڵاویکردۆتەوە، منیش حەزمکرد بە وەرگێڕانی بۆ کوردی، ستایشی رۆحی ئەو هونەرمەندە دڵگیرە بکەم.**

# بەشی چوارەم

## روانگەی ئەنسرۆپۆلۆژیی

# ژن لەناو گەلە جیاوازەکاندا

## ژیانی کۆچەریی کورد

نووسینی: Amand v. Schweiger-Lerchenfeld

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە بۆ سوێدیی: Egerius (1881)



## لە بری هەڵوەستەی هەڵوێستێک

لە زستانێکی بەفرپۆشی کۆڵانە کۆنەکانی ستۆکهۆڵمدا، لەمدیوی شووشەی پەنجەرەکەوە دیمەنی کتێبە بەرگ زەردو کۆنینەکاندا، بۆ ژووری کتێبفرۆشە کۆن-Antikvariaەکە پەلکێشیانکردم. بەدەم ونبوون لەناو خەیاڵی

نارنجی تابلۆ و کتێبەکانەوە، کە گیرفانی تەنکی من دەرەقەتی نرخەکانیان نەدەهات، ژنە کتێبفرۆشەکە بە پرسیارێک بێداری کردمەوە: "گەر یارمەتیت ویست پێم بڵێ." پاش وێستێک، لەبەر ئاویزان بوونی من بە کتێبەکان، دیار بوو حەزی کرد بزانێ کوێندەریم. بە دەم وەرامی منەوە، کتێبێکی زلی بەرگ قاوەیی پەڕ کۆنی گرتەدەست و دەستیکردە قسەکردن لەسەر تایبەتمەندی ژنی کوردەوە. بەلای ئەوەوە سەیر بوو، کە چۆن بە بەراورد لەگەڵ ژنی عەرەب، فارس و تورک، مێژووی ژنی کورد خاوەنی زۆر خاڵی پرشنگدارە، کەچی ئەمڕۆ لە سوێد بابەتی "شەرەف" بە کوردەوە ناوبانگی پەیداکرد. دواجار باسی کەسایەتی ژنانی دونیای ئیسلامی کرد و دیسان بەلایەوە پرسیار بوو، کە دەبوو لە سوێد ژنی کورد، بەو مێژووە تایبەتەی کە هەیەتی، بیتوانیبایە ئەو تایبەتییە مێژووییەی خۆی نمایش بکات. لێرەدا، جێگەی پرسیارە کە ئەمڕۆ، بە بەراورد لەگەڵ سەدەی نۆزدەدا، ناتەباییەکی سەرنجکێش لە دیدی رۆشنبیرییانەی سوێد قووتدەبێتەوە: لەم ساڵانەی دواییدا ، دوای کوشتنی "فاتیمە"، چەمکی "شەرەف" لە میدیایەکانی سوێد هاووڵاتای وێنەی کوردی بەرجەستە کردەوە، کەچی لە دەورانی سەدەی نۆزدەهەم، وێنەی ژنی کورد ، هەروەک لە وتاری ناوبراودا دەیبینین، هاووڵاتای نموونەی ژنی هە ڵکەوتووی وێناندووە .

بەهەمە حاڵ، نرخی کتێبەکە بە من قەرەبۆ نەدەبوو. بەلاّم ئەو ژنە بە ڕەچەڵەک "لیتوانییە"، گوتی گەر ئەو وتارەی لەسەر ژنی کوردە، وریبگێڕی، بۆت کۆپی دەکەم، منیش وادەی ئەوەم پێدا. جێگەی سەرنجە کتێبی، "ژن لە ناو گەلە جیاوازەکاندا"، کە چە ند نووسەری ئەڵمانی نووسیویانە، وێڕای ولاّتانی ئیسلامی، هەروا ژنی چەندان گەلی تری بەخۆیەوە گرتووە .

لێرەدا گرنگە بڵێم، ئەو کتێبە لە ساڵی ١٨٨١ کراوەتە سوێدیی، کە لەگەڵ زمانی ئەمڕۆی سویدیدا زۆر جیاوازە، بۆیە وەرگێڕانەکەی هەم دواکەوتو هەمیش مایەی سەر ئێشەیەکی زۆر بوو. هاوکاتیش ئەو دوو دەقە شیعرەی کە سەرچاوەی نووسەرە، لە وتارەکەیدا، من ئازادانە بە کوردی شرۆڤەم کردوون، کە بوارم نەبوو بە دوای خودی دەقە کوردییەکاندا بگەڕێم.

گرنگە ئاماژە بەوە بدەین، کە ئەمڕۆ ژنگەلێک بەناوی دەمڕاستی داکۆکی کەرانی ژنی کوردەوە، بە خۆپیشاندانە بێتامەکانیان لە شەقامەکانی ستۆکهۆلم، دیاردەی "شەرەف" ئازاری ژنی کوردیان کردۆتە بازاڕی ماددی و ئیقامە وەرگرتنی خزم و حیزبە خێڵ ئاساییەکەیان. بۆیە ئەمڕۆ دەبێ کورد ئەوە بزانێ، کە لیستی پۆلیس و دائیرەی پەنابەران لە ولاّتی سوێددا، پڕە لە ناوی ئەو ژنانەی کە گوایە لە کوردستان و سوێد، قوربانی هەڕەشەی کوشتنی

"شـەرەف"ن. دواجار، ئەو تـەرزە بـەناو فیمێنیسـتە تـووتیی و کەمزانەی کورد لێرە سـەرقاڵە بـەوەی کـە بـە رۆژئاوا بڵێ،" کولتـوری شـەرەف"، بەرهـەمی مێژووی کـوردە. ئـەوە نـابێ مانای ئەوەبێ کە من لێرە بەشێک لەو جیهانبینییە سـەقەتەی کـورد بـە دژی ژن فـەرامۆش بکـەم. بـەڵام بـەو شـێوازە ساختەیە، ژنی کورد، وەک پیاوە رووناکبیرە هاورێکـەی، بـە خۆ نامۆبوون و خنکانی لەناو دەسەڵاتی کولتوری باڵادەسـتی "نێوەند" center- بە بەرجەستە کراوی پیادە دەکات.

ماوەتـەوە بێـژم، کـورد لـە رێگـای بێگانـەوە ئاشـنای مێژووەکـەی خـۆی بـووە، کـەچی کوردگـەلێک لـە دیـوە پرشنگدارەکانی مێژووەکەمان بێ بەرییە. ئەمڕۆ وەک چۆن رووناکبیری پیـاوی کـورد کـە سـەرقاڵـە بـە گواسـتنەوەو ونبوون لەناو هزری دەرەکیدا، کە بانگەشەو خودی بونیاتی کەسایەتیەکەی لەگەل یەکتردا لێکدژن ، وەلێ ژنی ئـەمڕۆی کورد، زۆرینەیان، لێرەدا ناکرێ چەند نموونـەی ژنـی کـورد، کـە بـە بـەراورد لەگـەڵ زۆرینـەی ژنـە بەرژەوەنـدخوازو گەمـەبازەکان لـە کـردەو نووسـیندا لـە یـاد بکـەین، وەک رونـاکبیرانی پیـاو سـەرقاڵن بـە قسـەی زلـەوە، بازرگـانی رۆشـنبیریی و لاسـایی و گواسـتنەوەی هـزری فیمێنیزمـی رۆژئاوایی، بەشێکە لەو ژنە بەناو خەباتکارانـەی ژنـی کـورد، وەک وێنەی نووسـەرە پیاوەکان، لەبـەر مۆدەی زاراوەبـازی رۆژگار، بێ ئاگان لـە مێژووی ژنـی کـورد. من ئـەو چەشـنە

رونـاکبیره نێـرو مێیـه مۆدەخـوازو بـازاڕخوازه بـه "مـەلای خوتبـەکار"و "مـەلا ژن"ی ئاوقـات نـاودێر دەکـەم. ( بـه داوای لێبووردنەوه، که بۆ ساتێک سـەرم گـەرم دەکـەم بـەو پرسـه ئاڵۆزەوه) . ئـەوەی پێویسـته بگـوترێ، تـا ژنـی کـورد، لـەو پـەتای لاسـایی و گواسـتنەوەیه بـه دووربێت، هـەروەک ئـەم وتـاره وەرگێـڕدراوه بەرجەسـتەی دەکاتـەوه، دەکـرێ بگەڕێتـەوه نـاو جەسـتەی مێـژووی ژنـی کـورد، کـه هـەم بـەردەوامی رۆحـی خۆمـاڵی خۆیـەتی و هـەمیش تژییـه لـه ئاسۆی پرشنگدارو پۆزەتیڤانه بۆ بنەمایەکی رەسـەنی بزاڤی ژنی کورد. لێرەدا، بەرانبەر ئـەو وێنـه نالـەبارەی کـه ئاماژەم پێکـرد، دەکـرێ ئامـاژه بـه "لـەیلا زانـا"، بکـەین، کـه وەک میراتگرێـک یـان دیـاردەی کۆنتێکسـتێکی کـوردی ، وێنـەی دەسـته خوشـکانی خـۆی؛ مێـژووی رونـاکی ژنـی کـورد، بەرجەسته دەکاتەوه. لەیلا له ساتەوەختێکی پێویست، وەک ژنه کوردێک، پیاوه دەسەڵاتدارەکانی ئەمڕۆی ناچارکرد، که گوێی لێبگرن. بۆیه دەبێ بڵێین، لەیلا نەک هەر جەربەزانه له هەوڵی ئەوەدایه که رێزو جۆره مافێک بۆ کورد بەرجەسته بکاتـەوه، بـەڵکو تەنانـەت دەکـرێ کۆمەکییـەک بـێ بـۆ رزگـارکردنی تورکیـاش لـەو تـەنگژی و داتەپینـەی کـه سەدەیەکه ناخی سیخناخ کردووه.

هەڵبـەت، وەک ئاشـکرایه بزاڤـی فێمێنیسـتی رۆژئـاوا، بەرهـەمی کۆنتێکسـتی مێژووی فره دیوی خۆیـەتی: لـەپاڵ

شۆڕشـــی فەرەنسـی، "ژان دارك" و دواجـار "مـاری ویلسـتۆنكرافت"و ویـڕای كایـەكانی "رۆشـنگەریی" لـە سـەرەتایەكانی سـەدەی نۆزدەهـەم، كـە ئـەم وتـارە وەرگێـڕدراوەی ئێـرە، لەوكاتـەدا نووسـراوە، كـە بزاڤـی فێمینیزمـی رۆژئـاوا هێشـتا لـە گاگۆلكێدا بـووە. دواجـاریش كتێبـی، "رەگەزەكـەی ئـەویتر"ی "سـیمۆن دێ بۆڤـوار"، وەك ئاوێنە بوونەوەیەكی ئەو كۆنتێكستە، دەبێتە ئینجیلی بزاڤی نوێگەریی فێمینیزمی ئێستای ژنی رۆژئاوا.

لـەم روانگەیـەوە، لـە بەرجەسـتەكردنەوەیەكی سـەدەدا گەرەكمە بێژم، گەر ژنی كورد ماڵی ئاوەدان، مێژووی ژن و ژیـانی كـورد فەرامۆشـبكا، دواجـار، وەك وێنـەی زۆرینـەی سیاسەت مەدار و رووناكبیرە سـەرقاڵەكانی ئـەمڕۆی پیـاوانی كـورد، ئایینـدەی كیـژە تازەكـان و پرسـی ژن بـە كولتـوری بێژۆكی گواستنەوە و لاسایی سیخناخ دەكەن.

گەلێكی موحەمەدیانی بەشێكی زۆر لە ئازادی ژیانی ژنانی موحەمـەدیانی - كوردان بە تێكڕایی - پاڵەوانـە كوردانەییـەكان و سـترانە ئەڤینـدارەكان - ژن و زارۆكـان، كـە لـە لای توركانـەوە دەڕفێنـران،. رۆمانسـییەتێك - ژنـە ئەفسـانەیەكی جـەنگاوەری وەك كـارا فەتیمـە، ژنـە شـەیتان پەرسـتەكان و ئاهەنگـە ئایینییـە شـەوانەییەكان ـــ "چـۆپی" یـان هەڵپـەڕكێی نەتـەوەیی بەخۆوەگرتووە.

كـورد، وەك شـوێن لـە توركـە ئەناتۆلیـەكان نـزیكن. لـە

رۆژگاری ئەمڕۆماندا تێزکە پێویستی بە بەڵگەیەکی تر هەبوو، پاش بڕوایەکی دڵنییا تاکو ژیانێکی ئایینی و کۆمەڵایەتی بخەملێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە ژێر کاریگەری ئاوهەوا، پەیوەندی سروشتی، دابونەریت و هاوسەفەری ئەمانە لە خودی خۆیدا کە هەمیشە شێوەی تازە وەردەگرن. بەمجۆرە سەفەر دەبێتە مایەی ژیان ، کە ئێمە ئێستا بە ڕێگای خەڵکانی دەڤەرە ئیسلامییەکان، خۆمان تەرخان دەکەین تاکو تیشکێک بخەینە سەر نموونەی ئەو راستییە. لە جەم تیرە ئیسلامییەکانی قەوقاس، ئێمە دەزانین لە جەم عوسمانییەکان و هاوکاتیش ئەرمەنییە مەسیحییەکان کە خانووبەرەو نەریتی کشتوکاڵی هەیە، ئەوان لە سەرەتاوە تا کۆتایی و ئاستی توانا ئازادی کەسایەتی ژنانیان پێشێلدەکرد؛ لە جەم ئەو تیرانەدا، بەر لە بە کۆچەریی بوونیان، بە هۆی سەختی یان نەبوونی توانای جێگەیەک بۆ جێنشین بوونیان، کە ژیان نەکاتە وابەستەبوون، بەڵام دواجار ئەو پەیوەندییە بێ بەهایە ناچار کەوتە بەردەم گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی.

تا بە باشی تشتێک لەمەڕ پەیوەندی کوردان بەدەستبێنین، لە بەرایڕا گرینگە تشتێک لەسەر ئەو وڵاتە بزانن، کە ئەو گەلە سەرنجکێشە تێیدا دەژی. لەوێ لە باشوور سنوورە سروشتییەکەی وڵاتی باڵای ئەرمەنییەکانە، هەروا لەناو ئەو خەڵکەدا بەرە بەرە رەگەزەکانی ئەرمەنی بزربوون. تۆرۆس پشتی کێوێکە و چەندان دیمەنی هەڵەتی هەیە، کە کوردان

دەکەونــە پشــتی ئــەو کێــوەوە. سیلیســیا دەکەوێتــە نزیــک رووباری فوراتەوەو بە بیست میلی جوگرافی یان پانتایی لە نێوان مالاتیاو سامۆساتا کەوانەیی دەبێتەوە. لەو زنجیرە شـــاخانەوە، لــــە کانییەکانـــەوە رووبـــاری تیگـــریس سـەرهەڵدەگرێ و سـنووری نێـوان ئـەرمێنیاو کوردسـتان دیاریدەکات. هاوئاهەنگییەک لە ئاپۆڕەی ئەو دیمەنانە هەموو دۆڵە گەورەو لێکترازاوەکان بە خۆیەوە ناگرێت ، بەڵام لە دەشتایی قووڵی پان و پۆڕو گەورەی سەرگێژکەرەکانی ئەوێدا، لە دارستان و کەڤر پێکهاتووەو لە دۆڵەکاندا رووەکی کێویی تێدا گەشە دەکا، ئەو وێنە دلڕاکێشانە هەموویان سەروەتێکی زۆریان هەیە. کاتێ داگیرکەرانی عوسمانی بێڕێزانە بە دژی سەربەخۆییان وەستا، ئەو تیرە سەرفرازانە لە پشت ئەو تەرزە سروشتە خۆیان پاراست، جووتێرە ئازادیخوازەکانیش لەو مێرگە پان و بڵاوانە، کە بەهەشتێکە بۆ کۆچەرییە شاخاوییەکان، بەروبووم بەرهەمدێنن. ئاوا کوردان ئاشقە چیاییە تەنیاییەکانیان خۆشدەوێت، خەونی ئەو گەلە سادەیە ناوەخنی سترانەکانیان ئەوە دەسەلمێنن، کە بەمجۆرەیە:

**ئەڤین و جوانی بەسەر هەموو تشت رازاوەتەوە**
**بارانی بەرەکەت هەردەم بە گەرمی دەبارێ**
**هەموو قانێک، لەسەر چیایە سەرکەشەکان، رەحمەت و کەسکاییە**
**، لەوێ هەموو پارچەی خاکمان بەرەکەتە.**
**"لەوێ بەفر لوتکەی شاخەکانی داپۆشیووە**

**لەوێ کوردە رەشە لە رەشماڵەکەی دوورِدۆنگە،**
**لەوێ مێگەلە مەڕەکەی دوای کەوتووە،**
**کیژە جوانەکان، بە نازو خێرا رادەگوزەرێن.**
**"ئەڤین و جوانی بەسەر هەموو تشت رازاوەتەوە**
**بارانی بەرەکەت هەردەم بە گەرمی دەبارێ**
**هەموو کانێک، لەسەر چیایە سەرکەشەکان، رەحمەت و کەسکاییە**
**لەوێ هەموو پارچەی خاکمان بەرەکەتە".**



Nestorianska från Hakiari.

کوردان مافی خۆیانە تا رادەی جادوو زێدە چیاییەکەی خۆشبوویێت، چونکە هەر لە دێر زەمانەوە خودانی ئەو ماڵە بوون. رەسەنی و کێویەتی کورد، بەدەم تاقیکردنەوەی شەڕە دژوارەکان خۆی نمایشدەکا، کە ئەمەش رەگێکی بۆ

خۆ نواندنەکانی خۆی دەگەڕێتەوە، هاوکاتیش نکوڵی لەوە ناکرێ، کە ئەو هەستی شانازیکارییەی کە لە رۆحی جەنگاوەریاندا هەیە، لە یەک بەدوای یەکی خێزانە لێهاتووەکانەوە بۆی بەجێماوە، ئەمەش بارێکی کۆمەڵایەتییەو خەڵکەکە پێیەوە حەسرەت دەکێشن. ئەو دۆخ و تایبەتمەندییە بەسەر خۆ داخراویە "kast, assiretti" کە دلڕفێنە، واتا لە بەرایڕا مەرجی پێویستییەکە، بۆ خۆپاراستنیان لەو هەموو جیرانە نەیارانە یان جوتیارانە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا وا دەکا بتوانین شوێن پێی نموونەی وێکچووانەی کورد، لە رووی دەرەکی یان ناوەکی، لەو نەیارانەدا بدۆزینەوە.

خەسڵەتی ئازادو سەرفرازانە، کە لە شێوازی ئەو گەلە کوردە موحەمەدییەدا هەیە، هەروەک ئێمە ئاماژەمان پێکرد، کە ئەمەش لەسەر ژناندا بێ کاریگەری نەبوو. ئەو کەژە فرە رەنگینە سروشتییەی کورد، سەوزایی مێرگەکان بە چەندان مانگ، دەرفەتی بۆ ڤاڵا دەکاتەوە تا بتوانێ لەسەر کۆنە شاخێک ژیانی ئارامی بۆ مەیسەر ببێ، ئەمەش دواجار هەمیشە لەناو ئەو تیرە رەچەڵەکدارە خەملێوەدا، زەمینە بۆ ژنی بەتوانای دەسەڵاتدار خۆشدەکات. ژنی کوردان بێ بەرین لە هەموو ئەو ریزبەندییەی کە پیاوە باڵادەستەکانی تورک بە هۆدەی جیاواز بۆ ژنەکانیانی دروستدەکەن. بەڵام لە جیاتی ئەوە، بەختی ژنی کوردان لە کاروباری ناوماڵدا

وێنا دەبێتەوە، لە هەموو بەشەکانی وڵات، رەوشتی پاکی، دڵشادی گوراح و حەوسەڵە و ئاکاری بەخشندەیی باشترین پایەیە، ژن لە سەرەتای بەیانییەوە تا درەنگانێ لە دەرەوە و ناوەوەی رەشماڵدا گەلێک کار رادەپەڕێنێ؛ ئاگای لە زارۆکان دەبێ، چێشت لێدەنێ و هەروا تفەنگی پیاو خاوێن و چەور دەکات یان ئەسپە جوانەکەی بەخێو دەکا، وێڕای ئەمانەش، هەرچەند پیاوەکەی لە راو یان شەڕ بێت، ئەو کەزیە رەنگین و رازاوەکانی دەهۆنێتەوە. ژن هەر کارێک بکات خۆی هەست بە بەختەوەری دەکات؛ هەر چۆنێ بێ، ئەو تێڵە ئاسنەکەی لوولدەکات یان نیمدەرە و کورسی دەچنێتەوە، گەر ئاوازی زایەڵەیەک بەسەر ئەو سروشتە سازگارەی دەرەوە نەچڕێ، ئەو کاروبارانەش هەرگیز ئەنجام نادات.

ئەمە شتێکی سروشتییە، کە ئەو هەڵبەستانە بەندن بە هەمان بازنەوە، ئەو هەڵبەستانەش یادەوەری شەڕەکانی دژە دوژمنەکان یان ناکۆکی نێوان تیرەکان دەردەبڕن. وەک هەموو خەڵکانی چیانشین، کوردان بە سەرسەختی تۆڵەی خوێن دەکەنەوە، کە ئەمەش هەمیشە هۆکاری مەحف بوونەوەی تیرەکان بووە، بە سەر شاری رێگە داخراوەکان، دەتوانین بڵێین لە هەموو شوێنێک کە ژنی گرتۆتەوە. هەڵبەستەکانی شەڕ بەشی زۆرینەیان لە بیرهاتنەوەکانی قۆناغی شەڕکردن لەگەڵ تورکان دەپەیڤن، کە بابەتەکانی

ئەو هەڵبەستانە رقی ریشاژۆی کوردانە لە تورک، بناغەی ئەمەش بۆ ئەو تالانکاریی و دەستدرێژیانەی سەر ژن و کیژان دەگەڕێنەوە، کە تورکان دژی چیانشینەکان ئەنجامیانداوە. زۆر لە میرە سەر بڵندەکانی کوردان لەگەڵ ئەو ئەزموونانە ژیاون. کاتێ پاشا) " bozuker"-؟)، لە لایەن پاشایەکانی موسڵ یان دیاربەکرەوە رەوانە دەکران، هێرش دەکرایە سەر قەلایەکەی و ژنە هاوولاتییەکان- کە پێویست بەوە ناکات بڵێین-، بۆ بازاڕی کۆیلە سووڕگووم دەکران، دوای ئەوە کچانی هاوولاتییە کوردە چیا ئازادنشینەکان کاتێ بە دەست بەسەر یان لە شوێنێکی وەک " Bospren" یان لەوەش قوولتر لەو باڵەخانانەی ژنان دایان دەنان، کە بۆ دەسەلاتدارانی تورکان دورستکرابوون. بەمجۆرە مرۆڤ ئەوە دەزانێ، هۆمەر پاشا، ئەو چەوساوە بە دەمارەیە کە لە ناو کوردانـدا بە رابوونێکی خوێناویی ناسراوە ، بۆیە زەماوەندی لەگەڵ کچێکی هەڵگیراو کرد. چونکە ساڵەکان بە دوای خوێناویترین باڵکێشیدا تێدەپەڕن، هەندێ سات ئاپۆڕەیەکی جەنگاوەر لەگەڵ خانەوادەکانیان دێن، کە لە نزیک قەلایەکی قەلاچۆکراوی هاوچەشنەکانیان بارگە لێدەخەن، وێجا وا روودەدات لە نێو ئەو هەموو خەڵکە زرینگەدا سترانبێژێک هەڵدەکەوێت، وەک" rapsoden " ی جەم هێلینە دێرینەکان، کاتێ هەست بە حەماسەت دەکا، وایلێدەکات شاعیرانە یادەوەری شوێنەکە وێنا بکات. لەسەر

زەویەکــەی دەوروبــەری ســترانبێژەکە گــوێگران لەســەر رایەخــە خــەت خەتــەکانیان (نووســەر وشــەی"abajer" ی بەکارهێناوە، وەرگێڕ)، رودەنیشن و بە قەڵغانی تیژ یان بە دەسەسرێکی پولەکەدار؛ مۆسیقاژەنێک بە ئاوازێک "دوزەلە bitvar "، کە جۆرە فلۆتێکی لوولەیی سادەیە دەستپێدەکا، بەدەم ئەمەوە پۆلی ژنان پێکەوە بە چرپەوە دێنەپێشەوە، بەمجۆرە سترانبێژ دەخرۆشێ و تا کۆتایی واز لە نمایشەکەی ناهێنێت. لە سەرەتادا ئەوە تەنیا بە گیانێکی خەمین دەستپێدەکا؛ بەشێک لەو ژانانەی کە دەبێ، سترانبێژ خۆی، تازە چەشتبیتی، جا هێدی هێدی دەنگی سترانبێژ بەرەو گوورِو هێز دەڕوات تا تەواوی ئاوازی ساتە سروشتییەکانی ژیانی دەچڕێت، دواجار بە کێوییانە ئاوازەکەی دەتەقێنێتەوە، کە گوێگرانی گڕ لە گوێگران بەردەدات و بەمەش کێوییانە تر پێکڤە وەک کۆڕ دەستپێدەکەن:

**"لەناو ئاژەڵان شێر پاداشتی پاڵەوانە:**
**بەفێڵ و فڕ، وەک پیاوکوژ شەڕ ناکا؛**
**هەرکە نەیارەکەی بینێ. دەنەڕێنێ.**
**لێ قەت ترسنۆکان بە ئەرزیدا نادا،**
**شێر خەباتگێڕی لە خۆی دێ؛**
**روویکردە خەتەری، کەوتە جەنگ،**
**بە خورتی چاوی بڕییە چاوی دوژمن،**
**خوێنی دڵی رشت.**
**"لێ تورکان لە خانووی نەیاران رازاوەن،**
**وەک دەعبای خوێنمژ، بەناو مژی شەو خۆ دەشارنەوە؛**

مێرک، گەنجە کوڕان دامەچەمێنەوە،
ئەو لە ژیانی دایک لە هیچ زارۆیان خۆش نابێ.
دارستانێکی کەڕ، بە چڵوپۆی چڕەوە،
بە گمەی نەوا و نەرمی تەیرەکان،
بە دەنوکەوە خۆراک هڵدەگرن بۆ جوجەڵەکان
وەفادارانە دەکەونە دوای نێرەکان

"ئەو کۆترە بۆ خۆی خانمە،
بە پرچییەوە ئەگریجەی تەڕ دەکا،
هەنووکە ئەو لێقەوماوە لە دەست زەبری تورک ئاخ هەڵدەکێشێ،
خودان ماڵیش، وەک قارەمانێ لە خوێندا گەوزی،
نەبەزێک لە خاک گۆڕ بۆ خۆی هەڵدەکەنێ؛
حەژمەت دەکێشێ لە خوێنی رژاوی گەرمی،
لاوێک و جگەرگۆشەیەک بەجێدێڵی.

"پاشای تورکان. تالآنکارێکی کرێتە،
وەک داڵەخۆرێک، خاش خاش، گۆشتی پیس دەخوا.
زاڕۆک. بەرێ خۆت بدە، لاشەی خلتاوت بابی!
ئەی جەوان، هیڤی ئەڤینت لێ تالآنکراوە!
بمرێ ئەوەی، کە دوو ئەڤیندار لێکدەکا!
بمرێ پیاوکوژ، رەحمێک ناکا بە قوربانی گریاو!
کە ناشێ مردووان لەناو گۆڕ ببا،
مەلەک تاوسی تووڕەمان گوێی لەوە دەبێ"!

تشتێک، کە وێڕای ئەمانە، خزمەکانی پێش خۆیان شایەتی لەسەر ئەو خەڵکە جەنگئامێزە دەدەن، کە ژنانیش دەیانتوانی خۆیان بۆ پیشەی شەڕکردن تەرخان بکەن. بۆ نموونە سەرچڵێکی وەک "کارا-فاتیمە" (فاتیمە رەش) کە مێژوویەکی پڕ لەسەربەرزی بردەوە. فاتیمە لە یەکێک لە عاسیێترین ریزە شاخ دەژیا، واتا لە رەواندوز، کە لە دەستپێکی شەڕی بەناو "کریم" بە ئومێدێکەوە پۆلێک لە عاشقانی سەرکێشی لە کوردان کۆکردەوە، بە خەیاڵی ئەوەی پشتی داخوازییەکانی پاشا بگرن. نوێنەرایەتی فاتیمە لە کۆستەنتینۆپیل - (Kostantinopel ئەوە بە گوێرەی ئینجیل وڵاتێکە لە ئەفریکا؟وەگێڕ)، بەوە فاتیمە دەنگدانەوەیەکی زۆری دایەوە، فاتیمە تەواو جلی پیاوانی دەپۆشی و وەک سەرۆک خێڵێکی کۆنی سەربڵند بە جلەو شیر ئاسایەکەی ئەسپەکەی لغاو دەکرد. فاتیمە هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە فێری چەک بەکار هێنان بوو، روخسارە هەتاو گەزیوەکەی رەنگی پیاوانەی گرتبوو، لە دوا ساڵەکانی تەمەنی کەس مەزەندەی نەدەکرد کە ژنە. بە هیچ تەرزێک کاریگەری شێوازی شەڕی "حجاج"ی عەرەبان بەسەر خەسڵەتی فاتیمەوە نییە، (کتێبی ناوبراو، وتارێکی دوای ئەم وتارە، تەرخانە لەسەر ژنی عەرەب، وەرگێڕ). دواجار وەک چۆن کەسایەتی فاتیمەڕەش بە تەرزە رۆمانتیکییەکی جوان وێنەدەکرێ، هەروەک گوتمان، لەبەر توانای خۆنواندنەکەیەوە بوو، کە ژنایەتی پێوە دیار نەبوو.

ئەو ژنە ئامانجی ئەوە بوو کە لە شەڕی دژی رووسەکان بەشداری بکا، کە لەوەدا سەرنەکەوت، لەو ساتە وەختەی، کە جارێکی تر هەنگاوەکانی بەرەو ماڵ هەڵێنایەوە، شوێن پێی هەموو ئیشەکانی بووە ئاردی نێو دڕکان. رەنگە لە گەوەڕو هەڵەتی رێچکەکانی چیای رەواندز، بە یادی ئەو لە کێڵە وشە هەلکۆلڕاوەکانی سەر کێڵەکەی تفەنگێک، تەورێکی شەڕ، شیرێکی کەوانەیی شەڕکەران سەردەربێنێ، کە ئەو جۆرە کێلانە هی کوردە رەسەنە جەگاوەرەکانن.

ئێستا بۆ ئەوەی بچینە سەر رووی دەرەکی ژنی کورد، کە ئەمەش بۆ خۆی رامانێکی تایبەت بەرجەستە دەکا. لە ڕاستیدا بەشێکیان، وەک نەریتی هەر ئاسیاییەک، لەشیان بەکوتان دەڕازێننەوە، دوگمەو گوارە لە لووت دەکەن، بەڵام رووخساریان خواوەندییانەو ناخیشیان لە خۆڕازیبوون دەنوێنێ. لە بنەڕەتدا ئەو شێوە لەشەی کە هەیانە مانای ئازارخواردن نییە ، بەڵکو خڕوخەپەییان دەلالەتی نەشونمای تەواوی جەستەیانە، شێوەی خەپەییان، هەموو جۆرە جولانەوەیەکیان ئاوەلایی و خۆش بەزییان دەنوێنێ. بەهەرحاڵ، لەم روانگەیە، تەنانەت لە رووی بەدەن ساغیشیانەوە کە هەر دەبوو بە گوێرەی هەوەس وا بە ئاسانی هەڵسوکەوت بکەن.

کوردان دڵپاک و سروشتین، هەروا سەختگیر و بە دیسپلین و رێزدارن، هەمیشە لەبەرانبەر بێگانانددا زۆر جاران

بە گومانەوە مامەڵە دەکەن و بە شێوەیەکی مەیلەو تەواو لاتەریکن، وەلێ هەمیشە جدی و میوان دۆستن. دەکرێ دوو جۆرە تیپی لێکجودای ژنی کورد جێگەی سەرنجدان بن: شێوەی ژنە جەنگاوەرەکانیان سەریان خڕترەو روخسارێکی پان و خۆنواندنێکی تۆکمەیان هەیەو هەروا چاو و پرچییان بە زۆری قاوەییەکی تۆخە؛ ژنە جوتیارەکان بە گشتی نازدار و جوانن، کەچی بەشێکیان قژیان کاڵ و نەرمە، هەروەک پێکهاتی رووخساریان ژیکەڵەو جوانی هەمە چەشنن. بە گشتی پرچییان بە تشتێک یان بە دەسماڵی پلێپڵەدار و خشڵ و تشتی لەم جۆرە دەڕازێننەوە؛ پرچ و سەرکراوەیی تەنیا لای ژنی کوردە ئەناتۆلییەکان دەبینرێت. ئاکار و سیمای ژنی کورد رەنگین گەرم و رێکەو لە سوور بەرجەست دەبێتەوە، کراسیان چین لەسەر چین تا گۆزینگی پێیان شۆڕدەبێتەوە ( دامێنی کراسەکانیان بە زێڕ، زیو، خشڵ، پولەکەدار یان چنین، دەڕازێننەوە)، کە کەواش دایدەپۆشێ. بە گشتی حیجاب و سەرپۆش بەکارناهێنن؛ تەنیا ژنی سەرۆک تیرەکان نەبێ کە بەکاریدێنن، ئەمەش بۆ رووکەشی لەبەر خاتری قورئان، لە دەرەوە بێ حیجاب و سەرپۆش خۆیان پیشان نادەن .

ئێمە لەسەرەوە لە دەستپێکدا باسی ئەو بابەتە بڵکێشەمان کرد، کە چۆن ژنی کورد لە ماڵەکەی خۆیدا پەروەردە دەبێت. ئەو ماڵە پێکهاتووە لە ماڵێکی گەڕۆکی کوردانە، کە بە مووی رەش دروستدەکرێت، (نووسەر لە

جیاتی رەشماڵ وشەی " kara-tschadyr" ی بەکارهێناوە. وەرگێڕ)، شوێننشینەکان دیواری خانوو لە بەرد دروست دەکەن و سەربانەکەش تەختاییە. هەروەک هەندێکیان گەرمیان و کوێستان دەکەن، بە بەهاران دەچنە بناری چیاکان و بە زستانانیش لە خانووبەرە ریز بە دوای ریز دروستکراوەکانیان لە نێو دۆڵەکاندا، ژیان بەسەر دەبەن. لای ئاغاکان خواردنی دەستی ژنە خۆشەویتەکانیان گرنگە، کە کفتە و پڵاو و لەناو سینی یان قاپدا، بەدانیشتنەوە لەسەر زەوی دەیخۆن. تا پیاوەکان تەواو نەبن، ژن نان ناخوات. وەک دەبینین، لەو دیدەوە تەنانەت کوردان لە نێوان نەژادە ئاسیاییەکان بێوەی و هۆگرترین خەڵکن. کورد لە نێو رەگەزە بێهێزەکاندا بە جۆرێک لە جۆرەکان، بە بەراورد لەگەڵ موحەمەدیی مەسیحییەکان رەفتاریان نەرمترە.

ئێمە پێشتر باسی تایبەتمەندی نەریتی ئەرمەنییەکانمان کرد، هاوکات هاوڵاتییەکان لە باشووری کوردستان ( جێگەی سەرنجە سەد ساڵ زیاتر پێش هەنووکە، ئەو نووسەرە ناوی باشووری کوردستانیش دەبا، کەچی دەمراستانی ژن و پیاوی کورد ئەمڕۆ لە دەممیان نایێ وا بڵێن. وەگێڕ)، جیرانی مەسیحییان هەیە، کە لە ژیانی ماڵنشینیدا بە هەمان چەشن وەک ئاسیاییەکی رەسەن خۆیان نواندووە. بۆ نموونە ژنانی "کلدو ئاشووری؟"nostoriansk- سەرسوورمانی خۆیان بەرانبەر بە باوکانی رۆژئاوا دەردەبڕن، کە پارەی نەختینە

لەو پیاوە وەرناگرێت، کە کچەکەی دەخوازێت، سەرباری ئەمەش لەوێ (ئەوروپا) کیژەکان بە مەرجی خۆیان مەیلی دڵیان رازیدەکەن. بۆ مەسیحییەکانیش رەوا نییە ژنان پێکەوە لەگەڵ پیاوان نان بخۆن. ویڕای ئەمەش لە جەم هەموو گەلە چیانشینەکان ئاکاری جوانکیلە هەیە؛ ئەوان زرینگ و سوورن لەسەر ئیش و کارەکانیان کە دەیکەن. جلوبەرگیان قوماشی خوری سپی یان سووری قەڵەمی و خەتدار، شەرمنن (واتا شەرمنێکی ساختە نین: مرۆ بە زۆری دەبینێ خێزانەکان پێکەوە لە ژێر ئاسمانی ساماڵدا خۆیان دەشۆرن)، هەروا بۆ ژن سەخت نییە لەگەل رەگەزی پیاو بخەوێ و ژنان بە چەشنێکی ناسک بۆ ئەو تشتانە خۆیان دەنووێنن.

لە نێوان کوردانـدا دەستەیەک " sekt" هەیە، کە بە "شەیتان پەرست" ناودێر دەکرێن، کە دواجار پێویستە چەند پەیڤێک لەسەر ئەوانە بێژین. ئەوان بەخۆیان دەڵێن ئێزیدی (واتا ئێزیدیزا، ناوێکی کۆنە بۆ خوا) و لە راستیدا بڕوای ئەوان جۆرێکە لە شیعەگەرایەتی، ئەوان بڕوایان بە تاکە خوایەکی مرۆڤ ئاسا هەیە، کە لە پێغەمبەرێکدا بەرجەستە دەبێتەوە، بەو مانایە، شێخ ئادی، بالاترین فریشتەی پیرۆزی نەتەوەیی بە شکۆیانە. ئێزیدییەکان بڕوایان بە "هاتنەخوارەوەی فریشتە" هەیە، کە رۆژێ لە رۆژان ئەو فریشتەیە زیندوو دەبێتەوە، کە ئەمەشە ئەوانی بەدناو کردووە، هاوکاتیش ، بە هۆی ئەمەوە، بڕوادارە جوداکان، وەک موحەمەدییەکان، کە

بە رق و کینە هەمیشە بە دوایان کەوتوون، لەو پەیوەندییەدا، هەڵبەت ژنانی ئێزیدی زیاترین ئازاریان چێشتووە. لە ماوەیەکی دوورو درێژدا دیسانەوە تورکەکان بە شێوەیەکی فراوان کەوتونەتە دوای ژنانی ئێزیدی، بەڵام هەر لەو کاتەوە ئەوە ئاشکرا بووە، کە ئەو "ژنە شەیتان پەرستانە" لە بازاڕی قوستەنتینیەدا بە هەرمێن کران، ئەو کارە تا بۆیان کرا پەرەیان پێدا.

هەروەها ئێزیدییەکان جەژنی نیشتمانی خۆیان هەیە، کە بۆ شێخ ئادی گرینگییەکی زۆری هەیە. ئەو جەژنە لە دۆڵێک بەڕێوەدەچێت، کە شێخی پیرۆزیان لەو دۆڵەدا شاردۆتەوە. بەمجۆرە، پیاو و ژن بە جلی سپی و شەدەی سەریانەوە بە دڵی پڕ خورپەیانەوە بە دەوری گۆڕو گۆمەزی ئەو مەرقەدە پیرۆزەیاندا دەسووڕێنەوە، سێرمۆنی- سرووتەکەیان نمایش دەکەن، کە ئەوان چۆپی "tschopi " یان گۆڤەندی بازنەیی پێدەبێژن. هەموو بەشدارن بە دەم ئەمەوە پێکڕا دەست لەناو دەستی یەکتر دەکەن، لەشیان بەملا و بەولادا بادەدەن و پێ لە خاک دەکوتن، بە خۆ بادانەوە بە جۆش هاوار دەکەن، کە هەڵپەرکێکە تەواو بوو، جا ژنان لە دوایانەوە دەیلێنەوە. هەموویان جلی باق و بریقی رازاوەیان لەبەردایە. مرۆ بەدیار ئەو نمایشەوە ئەوەی بە زەینداديێت، وەک داب و نەریتێکی چەسپیو هەر بەردەوامی هەبێ، کە ژنان سەربەرزانە لە ژێر باڵای چەماوەی دارگوێز و شۆڕەبی، بە چراخانی دەستییانەوە

سـەرچۆپی شـایی دەگـرن، جـا هـاواری: "هەڵهەلـە" بـەناو سەرتاپای دۆڵەکە دەنگدەداتەوە. بەمجۆرە دەبێ ئەم روانینە شایەتییەکی راست بدات بە دەستەوە، کە دەبێت کاریگەریی ئەو شانۆیە سروتەکەی سەرمەستانە وێنا بکات. هاوکاتیش جارێک لە جاران دەبێ رووداوێکی ناچاوەڕوان بکرێت، کە گارانێک لە تورک یان لە کوردە موحەمەدیی – موسڵمانەکان- وەک رەوە گورگ بخزێنە ناو سەرمۆنیەکەی ئەوان، ئاهەنگی جەژنەکەیان بکەن بە رۆندک و شین و واوەیلا.

هـەروەها تورکـەکان چەنـد سـاڵێک بـەر لـە ئێسـتا، بـە رێکەوتێکی رەسمی کەوتنە ناویان، ئەمەش بەو بیانوەی کە خۆیان بە رەوا دەزانی، کەگوایە خودی ئێزیدییەکان هێرشیان بردۆتە کاروانی بازرگانی تورکەکان، بۆیە تورکەکان ئەوەیان بڵاوکـردەوە کـە ئێزیدییـەکان وڵات تاڵانکـەرن، کـە دەبـێ تەفروتونا بکرێن، هاوکاتیش بەگوێرەی تورکان ئەوان کورد نەبوون، بەڵکو لە خەڵکی مێزوپۆتامیاییەکان بوون. هەڵبەت لە ماوەی ١٨٣٠، هێزەکانی حافیز پاشا زێدی ئێزیدییەکان، چیای شەنگاریان، قەڵاچۆکرد، کە هێزەکەی بە شێوەیەکی دڕندانە پیاوەکانیان ئەنجن ئەنجن کرد و هاوکاتیش سەدان لە ژن و منداڵەکانیان برد بۆ بازاڕی کۆیلەکانیان.

## سەرچاوە:

**Amand v. Schweiger-Lerchenfeld. Qvinnan bland skilda folk, friösversättning af Egerius (188 1), C.E. Gernandts boktryckeri, Stockholm**

# قەدەغەکردنی وێنە لە قورئاندا هیچ پشتیوانییەکی نییە

نووسینی: لەیف ستێنباری Leif Stenberg
وەرگێڕانی بۆ سوێدی
تۆرستێن یانسۆن [1] Torsten Janson
وەرگێڕانی لە سوێدییەوە



ڕەنگە سەبارەت بەو نیگەرانیانەی کە لەسەر وێنەکانی پێغەمبەری ئیسلام موحەمەد کە "ییلاندس_پۆست" بڵاویکردنەوە، سەرنجدان بە مێژووی قەدەغەکردنی وێنەو هەتا دەگاتە ئەو ڕاڤەکردنانەی ئەمڕۆ بایەخی خۆی هەبێت. زۆر کەس پێیان وایە کە لەناو ئیسلامدا دیاردەیەک هەیە کە لە ڕوانگەی ئاییناسی ئیسلامیدا کێشەیەک نەبێت.

(١) Leif Stenberg و Torsten Janson لە سەنتەری تیۆلۆگیو زانستی ئایین، زانکۆی لوند دۆسێنت/دکتۆرایان لە ئیسلامناسیدا هەیە.

موسڵمانەکان بە گشتی وا دەبینن کە قەدەغەکردنی وێنە لە پەیوەندی بە شوینکات، یان بە نەریتی راڤەکردنە جیاوازەکانی موسڵمانەکان، هیچ تێفکرینێک لەسەر قەدەغەکردنی وێنە نییە. ئەو دەربڕینە لێکچوووێنراوانەی کە "ئیسلام دەیبێژێ" بەسەر زۆرینەی شیکردنەوەکاندا زاڵە. هەڵبەتە لە گۆشەنیگای ئاسۆی ئیسلامناسییەوە ئەو مەسەلەیە هێندە ئاسان نییە، وەک ئەوەی کە لە لایەن ئەو موسڵمانە بڕوادارە ئیسلامناسانەی پێشکەشدەکرێ. ئەگەر مرۆ لە روانگەی زانستی ئایینەوە بەمجۆرە ئەو هاودژیانە، هەڕەشە و سەرلێشێوانانەی سەبارەت بە وێنەکانی موحەمەد، راڤە بکا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەوەی دوای بڵاوکردنەوەی وێنەکان روویدا دەکرێ لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئەو پرۆسەیەدا گرێیبدەینەوە کە جیهانگیرانە پەیوەندی لەگەڵ ئایین و کۆمەڵگەیەکاندا هەیە.

ئێمە لە مارسی ٢٠٠٥ دا لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا لە شاری قومی پیرۆزدا وێنەیەکی موحەمەدمان کڕی. وێنەکە موحەمەدێکی لاو بە هەمان خەرمانەی پیرۆزی سەر جەستەیەوە نیشاندەدا، کە هەندێک جار لە وێنەکاندا دەکرێ جۆرێک لە مەسیح ببینرێ. لە وێنەکەدا نووسراوە "موحەمەد پەیامنێری خوایە". ئەو وێنەیە لە هەموو شوێنێکدا هەیە و لە هەمبەر خەڵکیدا هیچ بەرپەرچدانەوەیەکی دروست نەکردووە. یەکێک لە روونکردنەوەکان ئەوەیە کە ئەو

وێنەیە موحەمەدێکی لاو وێنا دەکا، واتا بەر لەوەی کە وەحی بۆ هاتبێ و ببێتە پێغەمبەر. روونکردنەوەیەکی دیکە بۆ ئەو وێنەیە ئەوەیە کە لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا راڤەیەکی ئیسلامی_ شیعی بۆ ئیسلام هەیە. لە راستیدا سونی_و شیعە موسڵمانەکان هەمان قورئان بە هی خۆیان دەزانن، بەڵام نووسراوەکانی تر لە زۆر خاڵدا جیاوازییان هەیە. هەروا لە رووی شیکردنەوەوە جیاوازکاری هەیە، واتا ئەو جۆرە تشتانە پەیوەندی بە لاساییکردنەوەی بوونەوەرە زیندووەکانەوە هەیە. شیعە ئەو وێنانە قەدەغەدەکا کە بابەتی عەقیدەن، بەڵام مەبەست لەوە بە کۆیلەبوونی وێنە نییەو دەکرێ وێنەکێشانی موحەمەد زۆر بە باشی بکێشرێتەوە. مەبەست دەبێتە سەرەتایەک. ئەوە وادەکات کە وێنەکە رێگەی پێبدرێ یان نا.

ئەو بانگەشەیەی کە دەڵێ لە قورئاندا قەدەغەکردنی وێنە هەیە بە گشتی چەواشەکارانەیە. لە راستیدا هەندێک جار دەکرێ موسڵمانە بڕوادارەکان بڕوا بەوە بکەن کە مەسەلەکە بەمجۆرەیە، بەڵام راڤەکارانی ئیسلام و زۆرینەی شەریعەکانی ئیسلام لەسەر ئەوە هاوڕان کە وتەکانی قورئان لەسەر خوا کە تاکە خالقێکە، ئەم دەربڕینەش مانای وێنە قەدەغەکردن ناگەیەنێت. لە راستیدا بیرۆکەی قەدەغەکردنی وێنە یەکەمجار لە چەند حەدیسی کۆکراوەی جیاوازدا، واتا لەو حیکایەتانەی کە موحەمەدو کەسە

نزیکەکانی چییان وتووەو چۆن رەفتاریان کردووە، گەشەی سەند. دەکرێ ئەو حیکایەتانە وەک لێکچوونێک سەیر بکرێن و هەندێ جاریش وەک لێزیادکردنێک لە فرە سەختی تێگەیشتنی قورئان سەیر بکرێن. لە یەکێک لە چاپەکانی قورئاندا باسی ئەوە دەکا کە چۆن موحەمەد نایەوێ بچێتە ماڵی یەکێک لە ژنەکانی، عائشە، بەڵکو لەبەر دەرگا رادەوەستێ، چونکە لە ماڵەکەیدا لەسەر سەریندا وێنەی دروستکراو هەبووە. لە حیکایەتەکەدا موحەمەد ئەوە جەختدەکاتەوە کە ئەوەی وێنە دروستدەکا لە رۆژی حەشردا سزا دەدرێت. لە وێناکردنێکی تردا موحەمەد باسی ئەوەی کردووە کە هیچ فریشتەیەک سەردانی ئەو ماڵانە ناکات کە وێنەی تێدابێت.

وێڕای ئەمەش زۆر لەو ئیسلامناسانەی کە تایبەتمەندن بە مێژوو، دەتوانین بڵێین هەروەک موسڵمان و غەیرە موسڵمانەکانیش، گومانیان لە راستی مێژوویی ئەو حیکایەتانە هەیە کە باسی موحەمەد دەکەن. هەڵبەتە چەندان لە موسڵمانە بڕوادارەکان ئەو حیکایەتانە وەک بەڵگەیەکی مێژوویی تێدەگەن. لە پەیوەندی لەگەڵ قەدەغەکردنی وێنە ئەرکۆلۆژە هەڵکۆڵێنەر و سەرچاوە مێژووییەکان ئەوەیان نیشانداوە کە وێنەی مرۆڤ و ئاژەڵەکان لە شوێندا، رەنگە لە مزگەوتەکان، لە ماوەی قۆناغی هەرە زووی ئیسلامدا، رەنگە هەتا کۆتایی ٧٠٠، هەبووبن. هەروا بەشێک لە

لێکۆڵەرەوەکان بە بەڵگە ئەوەیان پشتڕاستکردۆتەوە کە لە موزایکێک لە مزگەوتی گەورەی دیمەشقدا، پێشتریش لە کڵێسەیەکی بیزەنتیدا، وێناکردنی بەهەشت لە خۆی دەگرێت.

بیرۆکەکان لەسەر ئەوەی کە چۆن قەدەغەکردنی وێنە شێوەی دەکێشرێ، دەکرێ وەک بەشێک لەو گفتوگۆیانە، کە لە ماوەی سەدەکانەوە لە دوای کۆچی دوایی موحەمەد لەساڵی ٦٣٢دا سەرەنجامەکەی گەیشتە ئەوەی کە شەریعەت گەشەی سەند، سەیر بکرێت. لێرەدا ئاکامگیرییەک هەیە کە بڕوای ئیسلام لە یەکەمجاردا لە ماوەی ئەو سەدانەوە دەخەمڵێت. دەقەکان بە پیرۆز دەکرێن، سرووت و پیادەکردنەکەی شێوەی خۆی وەردەگرێت، دامەزراوەکان دادەمەزرێن، نێوەڕۆکی فەلسەفی و تیۆلۆگی ئیسلام مشتومڕی لەسەر دەکرێ. سەبارەت بە پرسی قەدەغەکردنی وێنە لە گۆشەنیگای مشتومڕی بۆچوونی قورئانییەوە ئەوە خوایە کە خاڵقی خۆی دروستدەکا. وێڕای ئەوەش دەگێڕنەوە، کە موحەمەد ڕووبەڕووی ئەوە بۆتەوە کە دروستکردنی وێنەکان شەهادەکانی قورئان و حیکایەتەکانی سەر ئیسلام بەس نییە بۆ ئەوەی لە بنەمایەکی مێژووی باشەوە بانگەشەی ئەوە بکرێت کە لە سەرەتایە هەرە زووەکانی مێژووی ئیسلامدا قەدەغەکردن هەبووە. سەرەتا لە ماوەی گفتوگۆی سەدەکانەوە لەمەڕ شێوەگرتنی ئیسلامدا شەریعەی_قەدەغەکردن گەشەدەسێنێ. تشتێک کە لە

سەرەتایەکانی ۸۰۰و ۹۰۰ ەکاندا جەختی لەسەر کرایەوە کە نابێ موسڵمانەکان بە رێگەی دروستکردنی وێنە لە مرۆڤ ئەوەی کە خوا خوڵقاندوویەتی زیندوو بکرێت. ئەوەی کە ئەو جۆرە کارە نزم دەکاتەوە ئەوەیە کە بەو مانایە، "نیگارکێش"، دەبێتە خوڵقێنەرو خۆی لە تەنیشت خوا دادەنێ. ئەمەش وەک تاوانێک دژی یەکەمین دەستپێکی ئایەتی "خوا یەکەو نابێ بە دوو". دەبینرێ.

بە پێچەوانەی ئەمە شەریعەی سونی بە وردی قەدەغەکردن دیاریدەکا، کە وێنەی بوونەوەرە زیندووەکان، ئەو بوونەوەرانەی کە رووحیان هەیە، بگرێتەوە. بەڵام قەدەغەکردن لەناو نەریتی سونیشدا روون و دیار نییە. لەو حەدیسانەدا گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکرا کە چۆن وێنەی بوونەوەرە رووحدارەکان بکێشرێنەوە، بۆ نموونە لەسەر مافوورو سەرینەکان، واتا بەکارهێنانی تشتەکان. هەندێک دەڵێن کە هەموو جۆرە کێشانەوەی وێنەیەک قەدەغەیە، هاوکات هەندێکی تر ئاماژە بەوە دەکەن کە تەنیا وێنەی ئەو بوونەوەرانە قەدەغەن کە سێبەریان هەیە. لەم دواییانەدا لەناو خەتی ناوەندی شەریعەی سونییدا لەسەر ئەوە پێکهاتوون کە وێنەی هەموو ئەو بوونەوەرانەی کە رۆحیان هەیە قەدەغەیە لاسایبکرێنەوە. لەناو موسڵمانەکاندا حیکایەتێکی ناودار هەیە کە لەسەر حەدیس دورستکراوە، باسی ئەوە دەکا کە چۆن لە رۆژی حەشردا وێنەکێش

چاوەڕێی ئەوە دەکا ژیان بدا بە وێنەکانی و ئەگەر لەوەدا سەرکەوتوو نەبوو فڕێ دەدرێتە ناو ئاگری دۆزەخ. رایەک هەیە، کە تەنانەت ئەمڕۆش لە لایەن هەندێک لە بیریارانی ئیسلامدا دەپارێزرێت، ئەویش ئەوەیە کە گوایە هونەر وێنەیەک لە واقیع دەبەخشێت، کە راست نییە. بۆیە نۆرمەکانی وێنە لە ئیسلامدا لە پێش هەموو تشتێک لەسەر کێشانەوەی وێنە تێڕوانینێک دەگەیەنێت کە بێمانایە، هەوڵێکی بێهوودەیە، لەوەش زیاتر تشتێکی فەندەمێنتاڵە. مرۆڤ ناتوانێ ئەو واقیعە نالۆگیک/تراسندێنتە بەرجەستە بکاتەوە.

سەرباری ئەو هزربەندییەی بڕوامەندو قانوونناسەکان کە لەسەر قەدەغەکردنێکی گشتی لە رەسمکردنی وێنەی مرۆڤ هەیانە کە لە زۆر باردا هاتۆتە پێش. رەنگە بە تایبەتیش لەناو سۆفیزمی ئیسلامدا. لە میناتۆرەکانی فارسیدا، کە جۆرە نەریتێکی هونەرییە کە لە ١٢٠٠ ەکاندا وا دروستکراوە کە تشتی واقیعی بنەخشێنێت، بۆیە لاساییکردنەوەی وێنە ئاسایی بوو. لە ئیمپراتۆری ئیسلامیدا هونەرو ئەدەب چەشنی ئیمپراتۆری موگۆل لە هیندستاندا شیوەی دەق و تابلۆی لەگەڵ وێنەی ئاسمانەکان، خەلیفەکان، فریشتەکان، بەهەشت و پێغەمبەرەکان_ هەندێ جاریش موحەمەدی نماییشدەکرد. بەڵام وێڕای ئەمەش کاری هونەرو پەیکەرەکان کە وێنەی مرۆڤەکان دەکێشنەوە بەڵگەیەکن لە زۆر وڵاتانی ئیسلامیدا، بە تایبەتیش لە

رۆژهـــەڵاتی ناوەڕاســـتدا، نائاســـاییە. هاوکـــاتیش کتێبـــی نیگارکیشـی هـەرگیز نەبۆتـە تشـتێکی گشـتی. وێنـەکان " لـە حەشارگەکانی کتێبخانەی تەلاری پاشادا لە ژێرەوەدا حەشار دەدران". وێدەچێ لەگەڵ مێژوودا بڕێک وێنە لـەناو چوون، هـــەروا ئەگـــەر ئـــەوەش روویـــدابێ کـــە داکۆکیکـــارە بـــە حەماسەکانی ئایین لە ژێر ناوی ئایینەوە کاری هونـەریان بـە مەبەسـت تێکـدابێت. نموونەیـەکی وردەکـاری بزوێنەرانـەی نزیـک ئەمـە، "لـە سـێدارەدان"ی سـومبولەکانی ئـەو فیگیـورە کێشراوانە بوو کە بە رێگای سووریکی جوان، هێڵێکی خشت سـەر قوورگیـان دیاریـدەکرد. بەمجۆرە وێنـەکان چیتـر وەک وێنایـــەکی "رووحـــدار" ســـەیر نـــەدەکران. هەڵبەتـــە ئـــەو تێکشـکاندنە لـە رۆژگـاری مۆدێرنیتیـدا بەشـی زۆری گـۆڕانی بەسـەردا هـاتووە. نموونەیـەکی ناسـراو شـکاندنی پەیکـەری بـوودا بـوو بـە دەسـتی تالیبانـەکـان لـە دۆڵـی_بامیـان لـە ئەفغانستاندا.

رۆژگاری کۆلۆنیالی خاڵێکی وەرچـەرخانی دروسـتکرد لەسـەر پرسـی ئـەوەی کـە بـە گشـتی ئیسـلام چـۆن راڤـە دەکـرێ. لــە مــاوەی ١٨٠٠ــو ١٩٠٠ــەکانـدا پێکگەیشـتنی سیاسـی، ئـابووری و سـەربازی لەگـەڵ وڵاتـانی باڵادەسـتی وەک ئینگلیستان و فەرەنسا هەڵبەت گفتوگۆی تیۆلۆگی وەک موسڵمانی پراکتیکی. بڵاوبوونـەوەی مۆدێرنیتـە و دواجاریش لەســـەر بـــەها، نۆرمـــەکانی ئـــایین و هـــەروا شـــێوەگرتنی

شــەریعەدا، کاریگــەریی خــۆی بەجێهێشــت. وێنــە بــوو بــە بەشێکی سروشتی کۆمەڵگەو بە گشتی قەدەغەکردنی وێنە بـواری پاراسـتنی نەمایـەوە. کاتێک مـرۆڤ لەسـەر یەکـەمین پول و فۆتۆگرافییەکان وێنەی کێشایەوە هەروەک کە رادیۆو تیڤی دەستی بـەکارکردن کـرد بـە دژی ئەوانـە وەسـتانەوە. سەرباری ئەمەش ئەمڕۆ رەسم و تیڤی بوونەتـە دیاردەیـەکی رۆژانــە. هــەروا بــە زۆریــش لــە پڕوپاگەنــدەی ئیسلامیسـتە هەرە رادیکاڵەکاندا وێنەی راگەیاندنە مۆدێرنەکان کەرەسـەی گرنگن. (بۆ نموونە سـەرنجبدەن لـەو کاسـێتە ڤیدیۆیانـەی کـە ئەلقاعیدە لە کەناڵی تیڤی ئەلجەزیرە بڵاودەکرێنەوە.)

گریمانەکانی بڕوای ئیسلام، چەشنی هەموو ئایینەکان، بە کایەی دوو لایەنی لەگەڵ تەواوی کۆمەڵگەدا، گەشەی سەند، گــۆڕانی بەســەر هــات و راڤــەی نــوێی بــۆکرا. رەنگــە مــرۆ سەرەڕای هەموو تشتێک دەتوانێ وا ببینێ کە بەر لە هـەموو تشـتێک سـەرکردە ئایینیـەکان وەک بەرپەرچدانەوەیـەک لـە گۆڕانەکانی دەرکی کۆمەڵگە پرینسیپەکانی ئایین دابڕێژنـەوە. پێشوەچوونی تیۆلۆگی مەکینەیەک نییە بەخۆی بڕوات. ئەو هەڵچوونـەی ئـەمڕۆ بەرانبـەر وێنـەکان لـە رابـەرێکی وەک خومێنی، ریکلام و وێنەی ئەشیعەییەکان ئەوە نیشـاندەدا کـە ئـەو قەدەغەکردنـە گشـتییە هەڵوەشـایەوە. قەدەغـەکردن کـە ناتوانێ لە ژیان بەردەوام بێ و راڤە بکرێتـەوە یان ون بێت. ئـەمڕۆ بـە گشـتی قەدەغـەکردنی وێنـە وەک تشـتێک هـەموو

بوونەوەرێک ناگرێتەوە، بەڵکو بە جۆرێک تەنیا کێشانەوەی وێنەی موحەمەد یان نوێنەرە ئایینییەکان دەگرێتەوە. قەدەغەکردنی وێنە تەنیا یەکێکە لەو یاسایانەی شەریعە کە لە ژێر گۆڕاندایە. نموونەیەکی تر ئەو راڤەکردنەیە کە پەیوەندی بە ژن و پیاو هەیە، کە ئاخۆ مەرجی سەرپۆشی چۆنە، چۆن ژن خۆی لە پیاو نزیک بکاتەوەو ... هتد. ئەمڕۆ لە زۆر بواردا لە رێگای راڤەکاندا گۆڕانکاری لە ئارادایە. لە پەیوەندی بە قەدەغەکردنی وێنەدا زانا ئاینییەکان ئەوەیان پشتڕاستکردۆتەوە کە مرۆڤ وێنەی خوایە لەسەر زەویداو لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانێ وێنە دروستبکات. ئەوە ئەرکێکە لەسەر مرۆڤ کە لەسەر زەویدا دەمڕاستی خوا بکات.

هەروا مرۆ دەبێ بیر لەوە بکاتەوە کە قەدەغەکردنی وێنە هەتا چ رادەیەک هێزێکی کولتووریانەی تۆڵەکردنەوە بووە. لە گوتارەکانی رۆژئاوادا سەبارەت بە نۆرمی وێنە لە ئیسلامدا پێیان خۆشە ئاماژە بەوە بکەن کە نۆرمەکان دەربڕین هونەرییەکانی موسڵمانانی سنووردارکردووە. لە گۆشەنیگای مێژووی هونەرییەوە، ئەو دیدە تەواو بە پێچەوانەیە. دوودڵی لە کێشانەوەی وێنەی بوونەوەری زیندوو، کە لە بری ئەوەدا دەربڕینی تر، هەروەک زەخرەفەو کەلیگراف/خەتاتی، شوێنی ئەوەی گرتەوە. بەمجۆرە لە قەدەغەکردنی وێنەوە بە جۆرێک دەستڕەنگینییەک لە کاری قوماش، ئاسن و سیرامیک، لە پاڵ

ئەوەشدا رازانکاری مزگەوت و گۆڕە پیرۆزەکان، گەشەیان سەند. بەمجۆرە ئەو میراتە ئیستێتیکی/رازانکارییە جۆرە کۆمەکییەکی تالارسازی و هەروا کاری هونەری رۆژئاوای کرد. بۆیە ئێمە، لە بری قەدەغەکردن. دەبێ زیاتر وەک رازانکارییەکی ئیدیالی، بیر لە نۆرمەکانی وێنە بکەینەوە. ئەمڕۆ چاپخانەی ئیسلامی هەم کتێبی مندالّ کە خۆی لە کێشانەوەی وێنەی بوونەوەرە رووحدارەکان بە دووردەگرێت، هەمیش ئەو کتێبانەی کە تا دامێنی پڕە لە مرۆڤ و ئاژەڵ، چاپدەکا. واتا ئەو روانگەیە لەسەر ملکەچکردنێکی کوێرانە بەرانبەر پرینسیپە تیۆلۆگییەکان، مانای نەمایەوە. ئەم قەدەغەکردنە بەندە بەوەی کە موسڵمانەکان، کتومت وەک خەڵک، دەتوانن لە یەک کاتدا چەندان ئیدیال و نۆرمگەل بە خۆوە بگرێ و جێبەجێ بکات.

هەڵبەت هەندێک لە بزاڤە ئامادەباشە ئیسلامییەکان بە دژی گۆڕان دەوەستنەوە. ئەوانە وادەبینن کە نێوەڕۆکی ئیسلام بە شێوەیەکی گشتی نەگۆڕو گەردوونییە. ئەو بەرتەکانەی لە هەمبەر بزاڤە جودایەکانی موسڵمانەکان لە وێنەکانی (ییلاندس_پۆست) دروستکرد، لە پێشڕا پەیوەندی بە واقیعی کۆمەلایەتی ئەو بزاڤانە هەیە و سەرەنجامێک نییە لە نۆرمە تیۆلۆگییەکانی وێنە. نارەزاییەکان لە دژی بلاوکردنەوەی وێنەکانی موحەمەد لە (ییلاندس_پۆست) ئەو بۆچوونە *سیاسییە* کەنالیزە دەکەن کە پەیوەستە بە

پەیوەندیی ناوچەو هەرێمەکان. بۆ نموونە ئەوە مایەی حەپەسانە کە ئەوە حەماسی ئیسلامی نەبوو، بەڵکو ئەوە بزاڤی فەتحی عیلمانی بوو کە دوای فەشەلی خۆیان لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا، فەلەستینییەکانی بۆ ئەو پرۆتێستە بەدژی "پیلان پۆستدا" هاندا. هەروا دەبێ ئەوەش یادداشت بکەین کە کۆماری ئیسلامی ئێران سەرەتا لە دواجاردا ناچارە کە بەو پرۆتێستە ئومێدەوار بێت. واتا ئەوە، خۆی لە خۆیدا، پەیوەندی بە نۆرمە تیۆلۆگیەکانی وێنە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەو پێویستییە سیاسییە هەیە کە بچێتە ریزی ئەو داکۆکیکردنە بە کۆمەڵییە بێژمارەی لە موحەمەدی پێغەمبەردا. بەڵام ئەگەر پرۆتێستەکان لە غەزە، سوریا، لوبنان، ئێران، ئیندۆنۆسیاو میسر وەک کاردانەوەیەک لە هەمان کێشەی تیۆلۆگی شرۆڤە بکەین، کە بێ پشتگوێخستن ئاکامەکەی دەبێتە دووبارەکردنەوەی هەمان وێنە لە ئیسلام و موسڵمانەکان.

**سەرچاوە: لاپەڕەی کولتوری Svenska dagbladet چوارشەممە ٨ی فێبریوەری، ساڵی ٢٠٠٩.**

## سەرنجێکی پێویست:

بڵاوکردنـــەوەی وێنـــەکانی موحەمـــەدی پێغەمبـــەری موســـڵمانەکان لـــە رۆژنامـــەی راســـترۆی لیبرالـــی دانمـــارکی یلاندس_پۆست گفتوگۆیەکی رۆشنبیریی گەرمی لە نێوەندی رونـــاکبیریی و سیاســـیدا بەرهـــەمهێناوە. هـــەتا ئێســـتاش لـــە روانگـــەی هەمەرەنگـــدا، بـــە تایبـــەتی مێژوویـــی، تیۆلـــۆگیی، کۆمەڵناسیی و ... هتد، بە سەدان وتارو ئاخاوتنی جوداواز لـە کەناڵە جودایەکانی راگەیاندن بڵاودەکرێنەوە. لێرەدا پرسی ئازادی دەربڕین و جیاکردنەوەی ئازادی نووسین و نووسەر لـە دەســـەڵاتی سیاسی، کـە بەنـدێکی گرنگە لـە کۆمەڵگـەی مـــەدەنی رۆژئـــاوا، بەشـــێکی گرنگـــی ئـــەو گفتوگۆیانـــەی بەخۆیـەوە گرتـووە. هەڵبـەتـە ئـەو پرسـەش بـە شـێوەیەکی راســـتەوخۆ پەیوەنـــدی بـــە کێشـــەی ئیفلیجکردنـــی ئـــازادی دەربـــڕین و قوتبوونـــەوەی هێـــزی ئیســـلامی سیاســـیی لـــە کۆمەڵگـەی کوردییـەوە هەیـە. ئـەو نووسـینە لـە روانگـەی "پـۆلێنکردنی گوتـار"ی مێشـێل فۆکـۆ وە هەوڵـدەدا رەوتـی گۆڕانەکان لە جیهانبینی ئیسلامی و کایەی وێنەکێشانەوە لەو پرۆسەدا راڤە بکا.

**هەندرێن**

# فەنتازیای دەسەڵاتی پیاوانە

## خۆرهەڵات دەجمێ، بێدەنگ و دەستبەسەر دەکرێ

نووسینی: لێنا گێمزۆی Lena Gemzoe
وەرگێڕانی لە سوێدییەوە

ئـەنترۆپۆلۆژی ( کـە لـە سـوێددا هـەم بـە سۆسـیال ئەنترۆپۆلۆژیی و هەمیش بە کولتوور ئەنترۆپۆلۆژی ناودێر دەکرێ) وەک زانستێک لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ ترادیسـیۆنی بواری راڤەکاریدا جیاوازی تایبەتی خۆی پێکهێنا: لەگەڵ ئەو بوارانـەی کـە کولتـووری رۆژئـاوایی نـین، جیهـانبینی خـۆی فۆرمۆڵـە کـرد. ئـەو ئەنترۆپۆلۆژییـە هـەر لـەو راڤەکردنـە سەرەتاییانەی سەبارەت بە کولتووره نامۆکانەوە، "وەک راڤە بەناوبانگەکەیMalinowskis لەمەڕ Trobriander"ەکانـەوە، تـا ئـەو دونیایـەی کـە ئـەمڕۆ بـە جیهـانی سـێیەم و چـوارەم ناودەبرێـت، پەلیکێشـا. هاوکـات ئـەو ئەنترۆپۆلۆژییـە نوێیـە کولتـووری رۆژئـاواو ئـەوروپاش راڤـەدەکات، هەنـدێک جـاریش بڕەوتـرین دەربڕینێکـی وەک "Subkultur " ەکـانی شـاره گـەورەکان، وزەی کـاری ئـەتۆمی و کۆمپانیـای کۆمپیوتـەری نێودەوڵـەتانیش راڤـە دەکـات. وێـڕای ئەمـەش، میتۆدو تیۆریی ئەنترۆپۆلۆژی لـە راڤەکردنی رۆژئاوادا، لـە

گەیشتن بە بیانییەکان، نارۆژئاواییەکانەوە گەشەی کرد. قورسایی ئەو میتۆدە بۆ ئەو کەمە لێکگرێدانەوەی سەبارەت بە تێگەیشتن لە خودی مرۆڤەکان، پەیوەندی بە واقیعەوە هەیە. ئامانجی ئەنترۆپۆلۆژی لە پرۆسەی هاوژیانیکردن لەگەڵ مرۆڤەکانی ئەو کولتوورانەی کە راڤەیان دەکات ئەوەیە، تاکو بتوانێت "دیدگەی Perspectiv – ەکی ناوەکی" دەستەبەربکات.

بەهەمان شێوە ئەنترۆپۆلۆژی فێمینیزمیش لەمەڕ فرە جیاوازی مەرجە زیندووەکانی ژن، جیهانی زانیاری خۆی ئەفراند.

ئەو کۆمەکییەی کە ئەنترۆپۆلۆژی فێمێنیزمی بە فێمێنیزمی رۆژئاواو زانستی ژن بەخشی، ئەو زانیارییانە بوون کە چۆن ژیانی ژنانی کولتوورە بیانیەکان لەکن ئێمەدا فۆرمی خۆی وەردەگرێت. ئەو بەرەوڕووبوونەوە تیۆرییانەی ئەنترۆپۆلۆژی ژن، فێمێنیزمی رۆژئاوای رووبەڕووی کارێک دەکاتەوە، کە بە مانایەک دەبێ ئەوە شیبکاتەوە کە چۆن زانیاری ئەنترۆپۆلۆژیانە دەکارێ سەبارەت بە "ژنانە" و "پیاوانە" پەرە بە تێگەیشتنمان بدات. ئەنترۆپۆلۆژی ژن بەبڕوایەکی فێمێنیزمانە دەتوانێ بە ڕێگەی پرسیار ئەفراندن یان ئاوەڵاکردنی رێگە تازەکانەوە بۆ تێگەیشتن، بەهۆی ئەوەوە کە خۆی لە جەم رۆژئاوادا بهێڵێتەوە، خۆی ئامادە بکات.

# سرووت و ئایین

ئـەنترۆپۆلۆژی فیمێنیزمیـی، هاوچەشـنی زانسـتی ژنـان لەسـەر پەیوەندییـەکی رەخنـەیی لەگـەڵ ئەنترۆپۆلۆژیـدا وەسـتاوە. کاتێـک لەسـەرەتای حەفتاکانـدا ئـەنترۆپۆلۆژی ژن گەشـەی کرد، بـە رەخنـەگرتن لـە Androcentralism (1)، لـە ئەنترۆپۆلۆژی ترادیسیۆنییەوە هەنگاوی یەکەمی دەستپێکرد. بـەم کـارەوە تـوانی دیدگەیـەکی پیاوانـە بـەدیبکات، واتـا ئـەوە پیـاوە ئـەو پرسـیارە تیۆریانـەی فۆرمۆلـەکردووەو لـە راڤەکردنیشدا خولیای ئەوەبووە کە تەنیا جەخت لەسەر پیاو و چالاکی پیاو بکاتەوە.

سەرتاسـەری ئـەو بوارانـەی کـە ئـەنترۆپۆلۆژی راڤـەی کـردوون– خزمایـەتی –، سیسـتەمی بەرهـەمهێنان، سـرووت وئایینە. بەشی ژنان تەنیا تیکە تیکە باسکراون یان بەتـەواوی پشتگوێ خراون. لە بەشـەکانی تـری زانسـتە مرۆڤایەتییەکاندا بەهـەمان شـێواز ئـەنترۆپۆلۆژی ژن دەسـتیکرد بـە "دیارخستن"ی ژنـان. ئـەوان بـوون کـاری ژنانیـان شـیکردەوە، کایـەی ژنـان لـە سیسـتەمی خزمایـەتی، پەیوەنـدییان بـە سـرووت و ئـایین و تـاد، راڤـەکرد. ئـەنترۆپۆلۆژی ژن پرسـیارگەلێکیان کـرد لەوانـە: ئـاخۆ دەکـرێ کـام زانـین بـۆ تیۆرییـەکانی ئـەنترۆپۆلۆژی مانـا بەخشـبێ. ئـەم کـارە ئەنترۆپۆلۆژییە بە پێداویستی بزاڤی ژنانەوە بەسترابۆوە، کە

دەبــوو ســـەرەڕای کولتـــووری رۆژئـــاوا، زانیـــاری لەســـەر مێـــژووی ژنـــان و مەرجـــەکانی ژن لـــە کولتورەکـــانی تریشـــدا هەبێت.

ئـەنترۆپۆلۆژیی لـەو سـاڵانەی دواییـدا خـۆی بەرانبـەر بەرەخنە لە خۆگرتن بینییـەوەو لـەوە ورد بۆوە کە خودی چەمکەکانی خۆشیان تەواوکەری جیهانبینییـەکانی رۆژئاوایـە. لە ئەمێریکادا رەشپێستەکان و ئەو ژنانـەی کە حـەز لـە ژنـان دەکـەن ( Lesbisk ) رەخنـەیان لـە سپیپێسـتەکان گـرت، هاوکـاتیش رەخنـەیان لـەو فێمێنیسـتە هاوجنسـخوازانەی کـە سـەر بە چینی نێوەڕست بوون گرت کە دەست باڵان لـە بزاڤـــی ژنـــان و لێکۆڵینەوەکانـــدا. فێمێنیســـتەکانی جیهـــانی سێیەمیش دەنگیان بەرزکردەوەو داوایان کرد لـە گفتوگۆیـە نێونەتـەوەیی و کۆنفرانسـەکانی ژنانـدا دەنگ و پایـەی خۆیـان هەبێت. لەهەمان کاتدا ئەنترۆپۆلۆژی لەو ساڵانەی دواییدا بـە شێوەیەک لە شێوەکان تەواوکەری راڤەکردنەکانی خۆیەتی.

ئایـــا ئـــەنترۆپۆلۆژی بەشـــێوازی خـــۆی دەخـــوازێ پەیوەنـدی باڵادەسـتی کولتوورەکـانی تـر لـەنێوان رۆژئـاواو جیهـــانی ســـێیەم یـــان جیهـــانی چوارەمـــدا وێنـــە بکـــات؟ ئەنترۆپۆلۆژی بە کام شێوازی تازەوە دەتوانی پەرەبسێنێ، تـاکو ئازادانـە دەنـگ بدا بـە مرۆڤـەکانی ئـەو کولتـوورەی کـە راڤەی دەکات ؟

# ئاوێنەیەکی نێگەتیڤ

ئەو مشتومڕەی نێوان ئەنترۆپۆلۆژەکان، وێرای چەندان نووسەر، بەهرەی لە کتێبە ناودارەکەی ئەدوارد سەعید، "Orientalism" وەرگرت. سەعید تێزەکەی بەوە ئاراستە دەکات کە سەیرکردنی زانست و ئەدەبی رۆژئاوا لە ئەوانیتر، لەم دۆخەدا لە "خۆرهەلاتییەکان" دا وێنەی خۆی لە ئاوێنەیەکی نێگەتیڤ پیشانداوە، بۆئەوەی رووی باشتری رۆژئاواو، بڕیاری رەوایەتی ئیمپیریالیزمی رۆژئاوا سەقامگیر بکات. دەقەکان لە کۆلۆنیالییەوە مێژووی خۆرهەلات وەک روخانی بەربەریی لە ریزو بەخشندەیی کولتووره کۆنەکان نمایشدەکەن، کە پێکهاتوون لە یۆنانی کۆن، فیرعەونەکانی میسر یان ئیسلامی :کلاسیک"، کەچی لەو کولتووره هاوچەرخانەدا هیچ بەهایەک سەریانهەڵنەدایەوە.

ئەوان لەبری ئەوە بڕوایان وایە کە "پیاوە سپیە رەچەڵەک رەسەنەکان" لە سەدەکانی روخان، سیاسەتی باج، زۆرەملێ و بێتوانایی‌دا رزگاریان بووە. هەروەها سەعید هێرش دەکاتە سەر شێوازی رەفتاری رەوانبێژی، کە چالاکانە نووسەرانی رۆژئاوای پیشانداوەو ئەوانەی کە ئەوان لەسەریان دەنووسن بە کڵۆڵ نیشاندەدرێت. رەوانبێژی ((Retorik)) خۆی لەخۆیدا دەبێتە رەفتارکردنی دەسەلات، چونکە ئەوە لە خوێنەر دەشارێتەوە، وەک چۆن

بۆ نووسەرەکە رەوایە، بە هەمان شێوە بۆ ئەوانی تریش رەوایە لە مەڕ کولتووری خۆیانەوە، راو بۆچوونی تریان هەبێت.

ئەو رەخنەی کە سەعید لە ئەنترۆپۆلۆژیەکاندا دەیگرێ ئەوەیە، ئەو لە خۆرهەڵاتناسیی((Orientalism)) دا رێگای هیچ ئەڵتەرناتیڤێک پێشنیاز ناکات، کە دەنگەکانی تر دەرببڕێت، هیچ ئومێدێک بەدیناکات بۆ شیانی ئەو کارە. لە دیدی سەعیدەوە، لە کن رۆژئاواییەکان هیچ موتیڤێکی تر نییە بێجگە لە باڵادەستی نەبێت، هیچ مشتومڕێکی ناوەکی نییە لەمەڕ ئەڵتەرناتیڤی وێناندنێکی تر، لە سەردەمی کۆلۆنیالییەوە تا ئەم دۆخەی ئێستا هیچ گۆڕانێک لە ئارادا نییە ( لە کوێوە ئەو هەموو دەقە راڤەکراوانە هێنراون.)

وێرای ئەمەش ئەگەر پێویست بێت ئەوە بەوردی راڤە بکەین، کە چۆن ئەنترۆپۆلۆژەکان سەبارەت بەم کارانەی ئەنجامیانداوە، یارمەتی خۆرئاوایان داوە دەسەڵات پیادە بکەن، لێ لە پاڵ ئەوەشدا، دەبێ دەقەکانی ئەنترۆپۆلۆژی ئیمڕۆ لەگەڵ ئەو دەقانەی کە لە ماوەی کۆلۆنیالە ئیمپریالیستەکاندا بەرهەمهاتوون، بەراورد بکەین.

# پشتگیریکردنی پەیوەندی دەسەڵات

سەبارەت بەوەی کە چۆن دەکرێ پرسیاری "Etnocentrism"(٢) ، واتا ئەو دیدگەی کە تەواوکەری خودی کولتوورو هەڵسەنگاندنی رۆژئاوایە، پشتگوێبخرێت، خۆی لە خۆیدا هەر لە دەستپێکی سەدەکانەوە کاکڵەی پرسیاری ئەنترۆپۆلۆژییە. بەلای ئەنترۆپۆلۆژیە مۆدێرنەکانەوە، فامکردنی بیانیەکان، لە دەرەوەی سنوورە کولتوورییەکاندا، رەخساندنی زەمینەیەک بوو بۆ تێگەیشتن لە بیانیەکان و بۆ ئاڵوگۆڕکردن (Kommunikation) ، کە ئەمەش خولیایەکی زیندووە.

دیارە ئەنترۆپۆلۆژی ناتوانێ خۆی بخاتە دەرەوەی پەیوەندی باڵادەستییەوە، بەڵام رەنگە ئەوە سەخت بێت بڵێین کە تاکە ئەڵتەرناتیڤێک کە هەبێت، "پشتگیریکردنی" پەیوەندی دەسەڵاتە.

ئەنترۆپۆلۆژی لە شەست و حەفتاکاندا روویکردەوە ئەفریقاو ئاسیاو ئەمێریکای لاتین، بەنیازی ئەوەی کە دەنگێک بداتە ئەو گەلانە – لە رێگەی ئەوەی بە دیدگەیەکی – ناوەکی ئەنترۆپۆلۆژیانەوە لەسەر کولتورەکانیان بنووسێت، تاکو مرۆ بتوانێ وێنەیەکی پێچەوانە بە وێنەی رۆژئاوای داگیرکەر ببەخشێت. هەندێجار لە رۆژگاری رابردووی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیدا بوون بە هاووڵاتییەکی دووانەیی لەو دونیایە زەنگینەدا، هەروا هەوڵبدەی دەنگێک

بە گرووپی هەڕەشەلێکراوی گەلان ببەخشی، خەڵکانێکی زۆر بەگەرمی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا ژیان.

دەکرێ بڵێین ئەمڕۆ مشتومڕی شەستەکان گەیشتە چڵەپۆپەی ئەزموونکاری – ئەو ئەزموونکارییە نوێیەی کە بە ناوی خولیای پۆستمۆدێرن – دەستنیشاندەکرێ – مرۆ بەو چەمکە کۆنە ئاساییە لەسەر رەنگدانەوەی بکەری قسەکەرو "بنەماشکێنی dekonstruktion و "reflexivitet دەدوێت. زۆر لە فێمێنیستەکان ئەنترۆپۆلۆژەکان * لە ((Androcentrism))ئەوەیان روونکردەوە، کە چۆن پەیوەندی دەسەڵات لە نێوان پیاو و ژن لە نووسراوەی ئەنترۆپۆلۆژییەکاندا، خۆی لە شێوەی وێناکردن یان تەواو بەلانراو دەنوێنێ. هەروا خاڵی دەستپێکردنی هاوبەشانەی ئەنترۆپۆلۆژییە پۆستمۆدێرن و فێمینستەکان، سەبارەت بەدەنگی بالادەستی "پیاوانە"ی مەیلی پۆستمۆدێرنەکان، دەرفەتی بۆ بەرزکردنەوەی ئاگایی رەخساند.

ئەو ئەنترۆپۆلۆژەی کە بیەوێت جۆرە ئەنترۆپۆلۆژییەک بخولقێنی، کە رێگە نەدات ئەو پەیوەندییەی دەسەڵاتە کۆلۆنیالییە بنیاتکراوەیە خۆی دووبارە بکاتەوە، هەڵبەتە ناتوانێت پرۆژەی فێمێنیزم بەهەمان شێوە ببینێت. لەبری ئەوەدا وەک گرێدراو بە کولتوورێکی ئیدۆلۆژیدا سەرنجدەدا، کە لە مەودایەکی رەخنەییدا دەمێنێتەوە.

# ژن وەک "ئەویتر"

بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە داڕشتنی "ئەویتر"و پەیوەندی دەسەڵات، هەر لە سەرەتای دەستپێکردنەوە بەسەر گفتوگۆ فێمێنیستییەکاندا باڵادەست بوو. یەکێک لەوانەی کە لە ١٩٠٠ کاندا کە بۆ یەکەمجار بە جۆرکردنی "ئەویتر"ی فۆرموڵەکردو بە پەیوەندی دەسەڵاتی بەستەوە، سیمۆن دیبۆڤواری سازێنەری فێمێنیزم بوو.

سیمۆن دیبۆڤوار لە کتێبی "رەگەزی ئەویتر"دا ئەوە نیشاندەدات کە چۆن پیاوی کولتووری رۆژئاوا خودی خۆی وەک سۆبژێکت(Subject) پێکدێنێ، بە رێگەی ئەوەشەوە ژن وەک "ئەویتر" دەسازێنێ.

ژن وەک هەموو نێگەتیڤە تایبەتیەکان وێنە دەکێشرێت، بەمەش ژن دەبێتە بیانی. سۆبژێکتی پیاوانە نایەوێ ئەو بناسێت:

وەک بێ ئاوەز، گیانەوەرانە، سێکسوالیتیتێکی بێ کۆنترۆڵ، تەماشای دەکات. بەمجۆرە چۆن پیاوی رۆژئاوا وەک پاتریارکێک ترادیسیۆنی ژنی سازکردووە، بەهەمان پێودانگیش لە راڤەکردنە خۆرهەڵاتیانەکەی ئەدوارد سەعیددا، ئەو وێنە کێشانەی رۆژئاوا دەبیندرێت. لەهەردوو باردا ئەو پەیوەندییە ملکەچکراوانەیە کە بە دژی "ئەویتر"دا جێگیرکراون.

هێشتا ئەو هاوتەریب، پەرەلێلەی نێوان "ئۆریێنتالیزم"و سێکسیزم بەردەوامە، چونکە ژن و کولتوورەکانی تر ملکەچکراون، وەک دوو دۆست لە ژووری پراکتیکی و مێنتالیتیێتدا لەگەڵ یەکتردا یەکخراون.

لە نووسراوەکانی رۆژگاری کۆلۆنیالیدا میتافۆرە سێکسییەکان لە خزمەتی باڵادەستی پیاوی سپییە و بە باشتر لە سەرووی کولتوورەکانی تر دانراوە. کێشوەرەکان بە جەستەی ژن دەچن، کە پیاوانی کۆلۆنیالیست دەیاندۆزنەوە، ئەو کیشوەرانە دەخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە و سوودی لێوەردەگرن. سەعید ئۆریێنتالیزم وەک فەنتازییەکی "پیاوانە" وێنە دەکا، کە لەوێوە خۆرهەڵات، بێدەنگ و بە چەق کراوە، پێشکەشدەکرێ. سەعید لە بەردەوامی نووسینەکەیدا دەڵێ پیاوە سێکسوالەکانی ئەوروپا بۆ بە سیمبوولکردنی پیاو لە پەیوەندی دەسەڵاتدا لە نێوان خۆرئاوا و خۆرهەڵاتدا، سوود لە ژنانی خۆرهەڵات وەردەگرن.

# پیتاندنی دوو رەگەز

رەخنەی فیمێنیستەکان لە ئەنترۆپۆلۆژیی و نموونەی رەخنەی سەعید لە زانست و ئەدەبی رۆژئاوادا هاوتەریبە. فیمێنیستەکان وایان راگەیاند، کە دەنگی ژن لە ئەنترۆپۆلۆژیدا بێدەنگە، ژیانیان نەبینراوە، ئەمەش تەواو ئاشکرایە. ئەوان سەبارەت بە تێکستەکانی سەدەی پێشوو نەپەیڤین، بەڵکو سەبارەت ئەو تێکستانەی کە هاوکارە زانستییەکانیان نووسیویانە پەیڤین. بەمجۆرە ژنە ئەنترۆپۆلۆژیەکان ئەو تێکستە باڵادەست و بڕواپێکراوانەیان خستە ژێر پرسیار. ئەو ژنە ئەنترۆپۆلۆژیانە بە هەڵوەشاندنەوەی دەنگی باڵادەستی پیاوانە لە بواری ئەنترۆپۆلۆژیدا دەستیان بە کارکردن کرد. پرۆژەکەیان ئەوە بوو کە دەنگێک بە ژن بدەن تاکو بێنە پێشەوە و ئەنترۆپۆلۆژی (Androcentrism), واتا دیدگەی سەردەستانەی پیاوانە رەتبکەنەوە. ئەوە ئاشکرایە کە چۆن ئەنترۆپۆلۆژی پرۆژەیەکی گرنگی ژیانە، کە رزگار بوون لە ((Etnocentrism))بە واتای فیمێنیستانە، مانای وایە بێتە پێشەوەی ((Androcentrism)) . لێرەوە ئەنترۆپۆلۆژی و فیمێنیزم دەبوو یەکتریان بپیتاندبووایە، زاو و زێیان بکردبا.

زۆر لە فیمێنیستە ئەنترۆپۆلۆژەکان پیتاندنی ئەو دوو رەگەزە دەجۆشێنن. بەگشتی ئەنترۆپۆلۆژی دەخوازێ

سەبارەت بەوپرسیارانەی رەخنە لەخۆگرتن، کە بۆ نموونە: پەیوەندی دەسەلاّت لە تێکستەکاندا چۆن رەنگیداوەتەوە، ئەزموونی فێمێنیستەکان بەکاربهێنێت.

ئەنترۆپۆلۆژیی ئەزموونــدار چــۆن دەتــوانێ خــۆی نیشـانبدات، گفتوگۆ کە نەیتوانی خۆی بەیان بکات، رەنگە بتوانێ لە جیاوازی نێوان فێمێنیزم و ئەنترۆپۆلۆژیدا، نێوان رەخنە لە((Androcentrism)) و ((Etnocentrism))دا خۆی نیشـانبدات. ئەنترۆپۆلۆژەکان کە دەخوازن دوور لەباری کۆلۆنیالیدا سەبارەت بە رەخنە لەخۆگرتنیان بنووسن، لەسەر پەیوەندی خۆیان لەگەلّ "ئەویتر"دا گفتوگۆ بکەن. فێمێنیستەکان بۆ خۆیان وەک ژن "ئەویترن" و لەو رەوشەدا لەخوارەوە دەنووسن. ئەو پەیوەندییە خۆسەپێنەرانەی نێوان پیاو و ژن لە رۆژئاواو لە دنیای ئەکادیمیشدا ئەوە رادەگەیەنێ، کە ژن لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، بوارێکی بۆخۆی رەخساند. مەبەست لەوە، واتا ژن بۆ جۆرایەتییەکی وەک "ئەویتر"ی بەکاریهێنا، بیانیبوون هەر تەنیا نەبوو بە پرسیاری دیدگەیەکی تیۆریانە، بەلّکو لە ژێرەوە لە پێناوی دەسەلاّتدا بوو بە یارییەکی بەڕاستی. لەو رەوشەی ئێستاشدا لە نێوان رەگەزەکاندا خۆی لە رۆژێکی ئاوالّەدا رادەگەیەنێ.

**سەرچاوە: گۆڤاری Bang ژمارە ٤، سالّی ١٩٩٣ /١٩٩٤**

## سەرنج

گۆڤـاری Ba، گۆڤـاری یـەکێک لـە بزاڤـی فێمێنیسـتەکانی سویدە کە ئاوڕ لە کولتوورەکانی تـر دەداتـەوە. ئەو گۆڤارە تـا ئێسـتا ویـڕای (( ژمـارەی تایبـەت)) لەسـەر ((ژنـانی دنیـای ئیسـلام))، وتارگـەلێکیان لەمـەڕ ژن لـە دنیـای ئیسـلامیدا هـەم لەلایەن خودی فێمێنیستەکانی سویدو هەمیش لەلایەک ژنانی عەرەب و فارس، بڵاوکردۆتەوە. بەڵام تاکە وشـەیەکیش، نەک تەنیا لەلای فێمێنیستەکانی سوید، بگرە لە لای ژنی کوردیش، لەمەڕ وێنەی ژنی کورد، لەو گۆڤارەدا نییە.

١ – Androcentrism: باڵادەستی پیاوانە وەک دیدگە.

٢ – Etnocentrism: خولیای بڕیاردان لەسـەر کولتووری "ئەویتر" لە روانگەی خۆتەوە.

# بەرهەمەکانی خانەی وەرگێڕان

| ژ | ناوی کتێب | نووسەر | وەرگێڕ |
|---|---|---|---|
| ١ | کورتە مێژووی زەمان | ستیڤن و. هاوکینگ | سامان عەبدوڵڵا |
| ٢ | شەوکوتەکان | ئیبتسام نەعیم | جەلال دەباغ |
| ٣ | دەسەڵاتو نەخۆشی | دیڤید ئەوین | شیرزاد هەینی |
| ٤ | هاتا یۆگا | سڤان ماراما | هاوبیر کامەران |
| ٥ | شۆڕشی خوێندکارانی ٦٨ | کۆمەڵێك نووسەر | شوان ئەحمەد |
| ٦ | فاوست (بەرگی یەکەم) | گۆتێ | دلێر میرزا |
| ٧ | فاوست (بەرگی دووەم) | گۆتێ | دلێر میرزا |
| ٨ | منداڵو ئالوودەبوون بەتەلەڤزیۆن | ماری وین | کەمال فاروق |
| ٩ | مێژووی ئەدەبیاتی ڕوسی | سەعیدی نەفیسی | حەمە کەریم عارف |
| ١٠ | بزووتنەوەی خوێندکاری ئەمەریکا | نادر فتوورەچی | بەیان عەزیز |
| ١١ | نەفرەتی نانی ڕووت | محەمەد شوکری | شوان ئەحمەد |
| ١٢ | شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران | فەوزی شێخ سەعید | سەردار محمد |
| ١٣ | مێشەکان | ژان پۆل سارتەر | نەجات عەبدوڵڵا |
| ١٤ | کوردەکانی عێراق | رەجائی فاید | عەلی میرزا عارف |
| ١٥ | کۆماری کەمینەکان | د. حسین دەهشیار | مەجید ساڵح |
| ١٦ | A Year in Hell | Mahabad Qaradaghi | Moslih Aowni Saeid |
| ١٧ | ئەفسانەی کوردان | ئۆردیخانی جەلیلو جەلیلەی جەلیل | عەزیز گەردی |
| ١٨ | وەرگێڕانو میتۆد | کۆمەڵێ نووسەر | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٩ | حیکایەتەکانی غەدرو خوێن | سەلاح ئەلئیمام | شێرزاد هەینی |
| ٢٠ | پاپیۆنگ | هینری شاغیێغ | نوری کەریم |
| ٢١ | ترۆپکی نائومێدی | ئەمیل سیوران | شوان ئەحمەد |
| ٢٢ | مانگ ڕوخسار | داستان | ئەبوبەکر خۆشناو |
| ٢٣ | ڕۆژووی تەندروست | د. هێربێرت م. شیلتۆن | ناسری سەلاحی |
| ٢٤ | گێڕانەوە (ریوایەت) | بزورگی عەلەوی | حەمە کەریم عارف |
| ٢٥ | مانا و تووڕەیی | حەمید زەناز | کامیل محەمەد قەرەداغی |
| ٢٦ | ئەبستراکت ئێکسپرێشنیزم | وەهبی ڕەسوڵ | وەهبی ڕەسوڵ |
| ٢٧ | حەمەدۆك (بەرگی پێنجەم) | یەشار کەمال | عوسمان ئیسماعیلی |
| ٢٨ | هیگڵ و فەلسەفەی تازەگەری | د. محەمەد شێخ | دلێر میرزا |
| ٢٩ | دەربارەی توندوتیژی | هانا ئارێنت | حەمە ڕەشید |
| ٣٠ | جاز | تۆنی مۆریسۆن | مەنسوری تەیفوری |
| ٣١ | ئافرەتی نامەکە | ڕەجا بەکرییە | ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل |
| ٣٢ | شتی سەیرو هەژێنەری کەسایەتییەکانی مێژوو | تاهیر محەمەد قەساب | شێخ عەلی شێخ محەمەدی بەنا |
| ٣٣ | ئایندەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لەسایەی جیهانگیریدا | میلود بن غربی | جەمیل محەمەد |
| ٣٤ | زانستە سیاسییەکان | ڕایمۆند گارفیل گیتیل | ڕێبین ڕەسول و موحسین ئەدیب |
| ٣٥ | وەرگێڕانی رووخساری ئەوانیتر | کۆمەڵێك نووسەر | هەندرێن |
| ٣٦ | بەلــــزاك | د. ئەنوەر لۆقا | محەمەد کەساس |